لە ساڵی 1999-2000 دەڕواتە باشووری کوردستان،بۆ ناو ڕیزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان،کە پێش کۆنگرەی یەکەم بە یەکیتی شۆڕشگێران ناسرابوو. لەم پارتە دا چەندین بابەت و شیعری نووسیوە وپاشان دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ئیجرایی و لە خەبات کردن بەردەوام دەبێت تا لە ڕێکەوتی 2005/10/23 بە هۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات و لە شاری هەولێر بە خاک دەسپێر درێت.
لای هەڵۆی بەرزە فڕی بەرزە مژی چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی ڕۆحی شاد و یادی زیندوو بێت
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ئەدیب ئەحمەد)
سەبارەت بە (ئەحمەد خالدیان) لە: 2014-9-4 12:33:56

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 311

## ئەحمەد خواجە

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126163348542



ئەحمەد خواجە کوڕی عەزیز کوڕی عوسمان ئاغای ئەردەڵانیە، ڕۆژی 6/ 7/ 1903 لەدایک بووە، سەرەتا لە حوجرەکەی خواجە ئەفەندی باوکی و دوایی لەقوتابخانە میرییەکاندا خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، ساڵی 1922 کە شێخ مەحمودی نەمر لە هیندستانەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی و حکومەتی پێکهێنا ئەحمەد خواجەی کردووەبە گەنجینەوانی خۆی، لە شۆڕشەکەی شێخی نەمردا بەشداری کردووە، چەندەها جار شێخ مەحمودی نەمر نامەی پیادا ناردووە بۆ کاربەدەستانی (ئێران) و قونسوڵی روس لەوێ. کە ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) دەرکرا بوو بەسەرنووسەری، لەو کاتەدا هەر ئەم پیاوە بیری لە دەرکردنی پولێک بۆ حکومەتی کوردستان کردۆتەوە کە شێخ لەتیفی دانساز نەخشەی کێشاوە، لەپاش خۆی ئەم بەرهەمانەی بەچاپ گەیاندووە: چیم دی (3)بەرگ، 101 پیاوی کورد، مامۆستای پەری، فەرهەنگی کوردی، بلانجۆ(وەرگێران) جگە لە وتارو هەندێ بەرهەمی تر کە لەگۆڤاری گەلاوێژ و بڵاوکراوەکانی تردا بڵاوی کردۆتەوە، ڕۆژی 1997/3/4 لەبەغدا کۆچی دوایی کردووەو لەسلێمانی لەگردی سەیوان نێژراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | 📰ڕۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | مێژوونووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 312

## ئەحمەد خەلیل

http://www.kurdipedia.org/?q=20110503142536572244

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 313

## ئەحمەد دڵزار

http://www.kurdipedia.org/?q=200911152104532584



لە زمانی خۆیەوە:
من لە ئێوارەی ڕۆژی (8)ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1920 لە شاری کۆیە لە دایک بووم، لە بنەماڵەیەکی ناسراو بەڵام دەستکورت هاتمە سەر دونیا، ئەو کات تازە شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێ هاتبوو گرانیەکی سەیر رووی لە کوردستان کرد ڕۆژانە بە دەیان کەس دەمردن من لەو ڕۆژانە دا لە دایک بووم، کە چاوم بە دونیا هەڵێنا گوێم لە دەنگی شیعر و ئاواز و مۆسیقا و دەنگی بولبول و جوانییەکانی سروشت بوو، بەرلەوەی بچمە قوتابخانە، باوکم شیعری فارسی بۆ دەکردینە کوردی، داستانی جوانی بۆ دەخوێندینەوە لەوانە (شانامەی فیردۆسی) کاریگەری زۆر کردە سەرمن، لەتەمەنی (7)ساڵی دا باوکم منی دایە دەستی (مەلا ئەسعەد) و لەوێ فێری نووسین و خوێندن بووم، قورئانم خەتم کرد ساڵی 1929 چوومە قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە، مامۆستاکانم هەر هەموویان کوردبوون، عەبدوڵلا سامی، عومەر جەلال، سەبری ئیسماعیل و هتد. ئەو کات ناوەندی لە کۆیە نەبوو، لە ساڵی 1937 بۆ یەکەم جار قوتابخانەی ناوەندی لە کۆیە کرایەوە و منیش چوومە قوتابخانەی ناوەندی ئیتر دەستم لە خوێندن هەڵگرت لە شوباتی 1943 چوومەناو عەسکەری بۆ تەواو کردنی خزمەتی سەربازی، ساڵی 1943 لە بەغدا بووم و 1944 چوومە بەسرە، دواتر گەڕامەوە کۆیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 314

## ئەحمەد دەشتی

http://www.kurdipedia.org/?q=200911081629432516



لەساڵی 1945 لە خانەوادەیەکی ئاینی لە گوندی دارەبەن کە 15 کیلۆ مەتر لە هەولێرەوە دوورە لە ناوچەی بەڕانەتی هاتۆتە جیهانەوە،باوکێ ئەحمەد دەشتی واتە مەلا خدر دەشتی یەکێک بووە لە زانایانی ئاینی کە ماوەی 18 ساڵان لە گوندی دارەبەن خەریکی قوتابخانەی ئاینی بووە گەلی فەقی و مەلا لە حوجرەی مەلاخدری دەشتی کە بە مەلاخدری دارەبەنیش ناوبانگی دەرکردووە پێ گەییون و ئیجازەیان لە مامۆستا مەلا خدر دەشتی باوکی ئەحمەد دەشتی وەر گرتوو،باوکی ئەحمەد دەشتی زاناو هۆزانوان و مرۆیەکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆز بە گەل و نیشتمانی خۆیەوە بووە،گەلێ شیعری نیشتمانی هۆنیوەتەوەو لە سەر دەمی خۆی دا خزمەتێکی زۆری بە هەستی نیشتمانی و کوردو کوردستانەوە کردووە، زۆربەی شیعرەکانی دەشتی لە سەردەمی خۆی دا لە حوجرەو مزگەوت و موناسەبەتەکان خوێندراوەتەوە کە ئێستاش هەر باون،دیوانێکی شعر و مەولود نامەیەک و باوەڕ نامەیکی بە زمانی کوردی نوسیوە لە دوای بەجێماوە،ئیستعارەیەکی بە زمانی عارەبی و لە سەر وەزنی ئەلفیەی ئیبن و لمالیک نوسیوەوەو لەم دواییە مامۆستا مەلا قادر بەحرکەیی کە یەکێک بووە لە فەقێکانی دەشتی شەرحی لەسەر نوسیوەوە بە چاپ گەیشتووە، ئەحمەد دەشتی هەر لە حوجرەی باوکی دەستی لە ئاوایی دارەبەن دەستی بە خوێندن کردووە و خوێندنی مەلایەتی تا دوا مادەکان خوێندووە و،بەڵام بە هۆی پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستانەوە نەیتوانیوە کە ئیجازەی مەلایەتی وەر بگرێت و هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و لە چاپخانەو ئێزگەی دەنگی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستاب لە ئەشکەوتە رەشە کاری کردووە لە ناو شۆڕشی ئەیلولدا تا هەرەسی شۆڕش ماوەتەوە و پاشان ئاوارە بووە،کە تا ئەمڕۆش لە هەندەران بە ئاوارەیی ماوەتەوە، هەروەها پەیوەندی بە شۆڕشی گولانەوە کردووە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان کاری کردووەو لێپرسراوی یەکەمی دەنگی کوردستان بووە لە هەشتاکانا، ئاوارەی ئێران و ئەوڕوپا بووە، گەلێ بەرپرسایەتی لە ناو شۆڕش وەرگرتووە، وەک نوێنەرایەتی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسیارەتی گومرگ لە ناوچەی کۆیە لە ساڵی 1967 و ئەندامەتی رێکخراوو ناوچە و بەرپرسیارەتی ئێزگەی دەنگی کوردستان و ئەندامەتی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامەتی دەزگای کومەلایەتی لە شۆڕشی ئەیلول و بەرپرسیارەتی ریکخستنی پارتی لە ئەوڕوپاو نوسینی گەلی بەرهەمی وتارو هۆزان کە لە رۆژنامەکان و زایتە ئەلەکترۆنیەکان بڵاو کراوەتەوە، پەرتوکێکی هەشت سەد لاپەڕەیەیی لە وتارەکانی ئامادەیە کە هێشتان چاپ نەکراوە،چوار دیوانی هۆزان بە ناوی خوێنی خاک و پێشمەرگەی ون و ئاوازی خەم و دیوانێکی تری کە چاپ نەکراون ئامادەن. پەرتوکێکی نەزیک سێسەد لاپەڕەیی بە ناوی پەندەکانی ژیان کە لە چاپخانەی ئاراس بە چاپ گەیشتووە،هەروەها گۆڕینی رۆمانی قەڵای ئاژەلان کە لە ساڵی 1980 بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوەو تەواو کردووە کە بە چاپ نەگەیشتووە، هەروەها پەیڤە بڵندەکان کە بریتیە لە پەرتوکێکی سێسەد لاپەڕەیی و چاپ نەکراوە،بیرەوەری وەفاتی بارزانی نەمر کە بە چاپ گەیشتووە،هەروەها ئاژەلانی پەیڤگۆ کە لە زایتە ئەلەکترۆنیەکان بڵاو کراوەتەوە،ب پەرتوکێک بە ناوی ۆ پێکەنین کە کۆمەلێکی زۆر لە نکتەو قسەی خۆش لە خۆوە دەگرێت و ئەوەش لە لاپەرە ئەلەکترۆنیەکانەوە بڵاو کراوەتەوە، هەتا ئەمڕۆش لە نوسینی وتارو هۆزان بەردەوامە و لە گۆڤارەکانی کوردستان رۆژنامەکانی ئەلەکترۆنی لە سەر لاپەڕەکانی ئەنتەر نێتەوە بڵاو دەکاتەوە،ئێستاش ماوەیەک ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلولە و هەر لە ژیان داماوە.

سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (هەلێر دەشتی)
سەبارەت بە (ئەحمەد دەشتی) لە: 19-10-2011 20:29:30
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (هەلێر دەشتی)
سەبارەت بە (ئەحمەد دەشتی) لە: 27-10-2011 20:38:20

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 315

## ئەحمەد رۆرۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=201201222442264002



ئەحمەد لەتیف خورشید ناسراو بە (ئەحمەد رۆرۆ)، لەساڵی 1942 لە هەریر لەدایک بووە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای شیعر و چیرۆکنووسی لە مێشکیدا چەکەرەی کردووە، هەستێکی کوردانەی بەرزی هەبوو بەردەوام بە شیعرەکانی ئەو هەستەی دەریوە.
لەبواری کۆمەڵایەتیشدا ئەگەرچی قەدەری وابوو خێزان پێکنەهێنیت بەڵام پاکی و سیفەتە خاکییەکەی وای لێکردبوو هەمیشە وەکو براو باوک و کەسوکاری تەواوی گەنجانی شارۆچکەکە بناسرێت و، لەهەموو لایەک جێگەی رێز وستاییشی خەڵک بێت. ئەحمەد رۆرۆ بەهۆی بلیمەتی و شارەزایی لە ئەدەبی کوردیدا هەر زوو دەبێتە چیرۆکنووسێکی بە ئاوەز و خاوەن سەلیقەیەکی ئەدەبی تایبەت بەخۆیەوە بۆیە هەر لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە دەبێتە ئەندامێکی کارای یەکێتی نووسەرانی کورد و ئیتر لەو رۆژە بەدواوە بەردەوام لە کاروانی ئەدەبی کوردیدا وەکو شۆرە سوارێکی لێهاتوو تەکانی بە توانا ئەدەبییەکانی خۆی داوە. ئەوە بوو هەرزوو لە ناوەندە هونەری و ئەدەبیەکاندا ناسراو ناوبانگی دەرکرد، لەو رۆژگارە بەدواوە لە هەموو بۆنە و یادەوەرییەکدا لەلایەن یەکێتی نوسەرانەوە خەلاتی رێزلێنانی پێشکەش دەکرا. لەئەنجامی ململانێ لەگەڵ نەخۆشیەکی درێژخایەندا لە بەرەبەیانی 20-1-2012 ماڵئاوایی لە هەمووان کرد.

سەرچاوە: سەکۆکانی شەقڵاوە پۆست

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: ♖هەولێر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 316
## ئەحمەد رەجەب
http://www.kurdipedia.org/?q=20101016162214101222



وەرزشوان و سیاسەت مەدار و نقیسکار
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: 💪وەرزشەوان
جۆری کەس: چالاکی سیاسی
جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
رەگەزی کەس: 👨پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 317
## ئەحمەد رەزا
http://www.kurdipedia.org/?q=20141220100442118366



لە 8/5/ 1963 لەدایکبووە.
دەرچووی کۆلیژی یاسا
سەرەتا بە شیعر، دواتر دەقی شانۆیی و لێکۆڵینەوەو درامای تەلەفزیۆنیی.
لە 1991 ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد.
دامەزرێنەری یانەی قەڵەم .
2008-2011بەڕێوەبەری هونەری شێوەکاری، ڕاگەیاندن.
ئێستا: ئەندامی دەستەی کارگێریی لقی سلێمانی/ یەکێتی نوسەرانی کورد
فەرمانبەر لە سەرۆکایەتی دادگای گومرگی سلێمانی.
بەرهەمی چاپکراو:
سۆراخ/ شیعر/ 1991
داستانی مەسیح/ داستانی شیعریی/ 1992

ئۆڤیلیای سپی/ شانۆیی شیعریی/ نوسینی: شەهید ئەریوانی عومەر دەوڵەت، ئامادەکردنی شیعریی: ئەحمەد ڕەزا. 1994
پەندی ئاوێنە/ چیرۆک بۆ مێردمناڵان/ 2006
هونەری شیعر نوسین/ لێکۆڵینەوە/ 2007
لە دەرونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە/ لێکۆڵینەوە/ 2007
پۆل ڕیکۆر/ وەرگێران و ئامادەکردن/ 2008
بڵاوکردنەوەی وتارو بابەتی رەخنەیی بە زمانی کوردی و عەرەبی.
دراماکان:
شمشێرەکانی مێژوو: 2000
ئاریا: تەنها چوار ئەڵقەی نیشان درا. 2006
گورگەزێ، بانەجن.. ئامادەن بۆ کار.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 318

## ئەحمەد رەسوڵ ژاژڵەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110413104847195O5



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 319

## ئەحمەد رەفیق تۆفیق

http://www.kurdipedia.org/?q=20110917141857617ll



لەدایکبووی 1978/1/1 لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک، پسپۆر: دبلۆم لە سیاسەت، ڕاگەیاندنکارو ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامە سیاسیەکانی سەتەلایتی کەرکوک، وەک ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وتاری ڕۆژنامەنووسی دەنووسێت، ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری وەرز، کە گۆڤارێکی وەرزی ڕۆشنبیریە ناوەندی محەمەد ئەمین عەسری بۆ لێکۆلینەوە دەری دەکات.
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز (نیهاد جامی) سەبارەت بە (ئەحمەد ڕەفیق تۆفیق) بۆ کوردیپیدیا لە 17-09-2011

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕاگەیاندکار |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 320

## ئەحمەد زرنگ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011091815274561957



حاجی تۆفیق بەگی مەحموودئاغای هەمزاغای مەسرەف "پیرەمێرد"، لە "غەزالە"خانمی عەبدوڵلا ئەفەندیی عەزیزاغای هەووەڵ هاوسەری، کوڕێکی "مەهدی" ناو و دوو کچی "ئامینە" و "ڕەحمە" ناوانی خستووەتەوە. ڕەحمەخانم، لە "مستەفا ئەفەندیی ئەحمەد ئەفەندی" کە 26ی مارتی 1942 کۆچی دوایی کردووە؛ (فایەق هۆشیار، ئەحمەد زرنگ، فاتمەو پەروین)ی هەبوون.
ئەحمەد، کە "پیرەمێرد" خۆی ناسناوی "زرنگ"ی بۆ هەڵبژاردووە، ئێوارەی شەممەی ڕێکەوتی 14ی حوزەیرانی 1930 لە سلێمانی لەدایک بووە. قوتابخانەی سەرەتایی (فەیسەڵییە)ی لە سلێمانی، سێی ناوەندیو سانەویی- ساڵی 1949- لە کەرکووک و کۆلێجی حقووقی – ساڵی 1954- لە بەغدا تەواو کردووە.
هەر لە ساڵی 1950 بەدواوە بووەتە هاوکارێکی ڕۆژنانەی "ژین" بووە؛ لە بەغداوە، بە یارمەتیی بەهەشتی عەلادین سەجادی مەرەکەب و کاغەزو پیتی بۆ چاپخانەکەی دابین کردووە. ئەو ماوەیە ناوبەناو کاروباری ئیدارەخانە یا نووسینی "ژین"ی ڕاپەڕاندووە، تا لە ژمارە 1214ی ڕۆژی 9ی ئەیلوولی 1954ەوە ئیدی بووەتە بەڕێوەبەری ئیدارەخانەو نووسینو "نووری ئەمین مەحموود"یش بەڕێوەبەری بەرپرسی بووە. ئەگەرچی ئەو ساڵە کە زانکۆی پڕیوە، هەڵێکی مسۆگەری خوێندنی بەرزی لە فەرەنسە بۆ ڕەخساوە، بەڵام لەبەر بێخاوەنیی ڕۆژنامەکەو گیرانی مامۆستا گۆران"ی سەرنووسەری، نەچوە. لەو ساڵەیشەوە، بەدەم ڕۆژنامەوانییەوە، پارێزەریی کردووە تا 1964.

رۆژی 18ی کانوونی یەکەمی 1957 بە ئەندامی مەجلیسی بەلەدییەی سلێمانی هەڵبژێردراوە. پاش 14ی تەمووزی 1958 چووەتە بەغداو خانووەکەیی بە بارمتە (رهن) داناوەو دوو پارچە زەویی فرۆشتووە، پارەی پاشەکەوتکراوی دیکەیشی هەبوە، دوو مەکینەی نوێی چاپی پێ کڕیون؛ یەکەمیان قەوارە بەتاڵ بۆ دەرکردنی رۆژنامەی قەوارە گەورە، دووەمیان بچووک بۆ چاپی کتێب. تا وای لێ هاتووە رۆژنامەکەی – لەبریی هەفتەی جارێک- هەفتەی دووجار دەر کردووە.
ئەو ماوەیە کە "ئەحمەد زرنگ" سەرۆکی نووسینو ئیدارەخانەی "ژین" بووە، چەند جارێک رووبەڕووی لێپرسینەوەو تەنگ پێهەڵچنینی حکوومەت بووەتەوە، تا رۆژنامەکە لەدوای دەرچوونی ژمارە (1714)ەوە رۆژی 7ی شوباتی 1963، وەک هەموو رۆژنامەیەکی دیکەی عیراق، بە هاتنە سەر کاری عەبدوسسەلام عارفو بەعسیەکان، بەتەواوی راگیراوە.
9ی حوزەیرانی 1963 یەکێک بووە لە گیراوەکانی سلێمانی. پاش بەربوونی، هەوڵی تازەکردنەوەی مۆڵەتی رۆژنامەکەی داوە، بەڵام رێی پێ نەدراوەتەوە. ئەمجا رووی کردووەتە وەزیفەو ساڵی 1964 بە دادوەری دادگای هەڵەبجە دامەزرێنراوە، پاشان براوەتە شارەکانی (دیوانییە) و (کەرکووک). 1972 بووە بە ئەندامی دەستەی تەمییزی چاککردنی کشتوکاڵ،1990یش بووە بە سەرۆکی هەمان دەستە. 1993 خانەنشین کراوە، بەڵام 1996 خراوەتەوە سەرهەمان وەزیفەی پێشوو. کە ئەو ساڵانەی دوایی بە ماڵەوە هاتەوە بۆ کوردستان، کرایە سەرۆکی ئەنجومەنی راژە.
ئەم دواییە، پاش ئەوەی –بەداخەوە- جەڵتەی مێشک لێی داو چەند حەفتەیەک خستی، رۆژی 27ی شوباتی 2011 (یەکشەممە) کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لە گردی (مامەیارە) بەخاک سپێردرا .
ئەحمەد زرنگ، هاوکارو پشتیوانێکی خۆبەخشی (بنکەی ژین) بوو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی بنکەی ژین

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 321
**ئەحمەد سالار**
http://www.kurdipedia.org/?q=20081126134455527



ساڵی 1947 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەسلێمانی تەواو کردووە، دواتر چۆتەکۆلێژی هونەرەجوانەکان لەشاری بەغدا و لەبەشی سانۆ درێژەی بەخوێندن داوە.
دامەزرێنەری کۆمەڵیک تیپی هونەری بووەلەوانەپێشرەو وسالار.
ساالی 1977 لەفیستیوالی هونەری عیراق خەڵاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرتووە. تا ئێستا 24 کتێبی لەسەر هونەری شانۆ نووسیوەو خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری شانۆیە. سەرپەرەشتی گۆڤاری شاکارە، هونەرمەند ئەحمەد سالارتا ئێستا خاوەنی 103 بەرهەمی هونەرییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| جۆری کەس: | 🎭شانۆکار |
| جۆری کەس: | )ئەکادیمی( |
| جۆری کەس: | پەڕلەمانتار |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 322

## ئەحمەد سەلام

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031821514782585

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 323

## ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110208150559331176



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 324

## ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130801225616893444

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 325

## ئەحمەد شادی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130331111619826511

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 326

## ئەحمەد شێواو

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121919572974396



ساڵی 1927 لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، روویکردۆتە سنووری قەزای پشدەر، شێواو شاعیرێکی بوێر و نەتەوەیی بوو. لە راپەرینی خەڵکیدا دژ بە رژێمی بەعس هەمیشە لە ریزی پێشەوەی راپەرین بووەو بە شیعرە کوردپەروەریەکانی رۆڵێکی گەورەی هەبووەو وەک خەباتگێرێک گەنجانی هانداوە تا لەدژی دیکتاتۆریەت و ناعەدالەتی بجەنگن بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە، لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، چەندینجار دوچاری دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان بووەتەوە، تا لە رۆژی 29ی تەمموزی 1999 لە رانیە کۆچی دوایی کردووە، شێواو بۆ کوردایەتی ژیاو بە کوردینیەوە گیانی پاکی سپارد .

وەک تەنیا محەمەد – شاعیر باسی لێوەدەکات ئەحمەد شێواو یەکێک بووە لەو کەسانەی کەرۆڵی سەرەکی هەبووە لە سەر خستنی راپەرینە مەزنەکەی رانیەو چەندین جار لەسەر کوردایەتی و هەڵوێستە نیشتمان پەروەرییەکانی دووچاری ئەشکەنجەو لێدان بۆتەوە. لەکاتی راپەرینیش ئەم شاعیرە بە هەڵوێستە بە حەماسەوە هەر لەگەڵ یەکەم تەقەی راپەرین لە ریزی پێشەوەی خەڵکەکەوە بووەو بەردەوام شیعری راپەرین و بەرخودانی دەخوێندنەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر، لە لایەن نووسەرو رۆژنامەنوس نیازی حەمە عەزیز – ە وە شیعرەکانی کۆکرانەوەو لە دووتوێی دیوانێکدا بەناونیشانی (خەونی شاد) چاپ و بڵاوکرایەوە.

سەرچاوە: کۆمێنتێکی توانا تەها

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 327

## ئەحمەد شەریفی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150814113902125185



ئەحمەد شەریفی ماوەیەکی زۆر لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی مەهابادو سنە و کرماشان لە بەشی کوردی کاری کردووە و چەند ساڵێکیش دەستەی نووسەری گۆڤاری مەهاباد بووە.
شەریفی خاوەنی چەندین نامیلکە و کتێبی مێژووییە و بە سەدان بابەتی لە رۆژنامەکان و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە.
لە10 ی حوزەیران 2015 ڕۆژنامەنووس و نووسەرو مێژوونووسی لەتەمەنی 70 ساڵیدا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە دنیای نووسین کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەهاباد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 328

## ئەحمەد عارف

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092211385877590

1927 - 1991



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | ئامەد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 329

## ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر

http://www.kurdipedia.org/?q=20150613112934124479

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 330

## ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=200907241310561885



ساڵی لەدایکبوون:1944
دەرچووی: کۆلیژی زمان زانکۆی بەغدا
دانیشتووی: دهۆک
کار: بەرپرسی ڕێخستنەکانی YNDK لەدهۆک، نووسەر و رۆژنامەنووس
کاندیدی لیستی یەکێتیی نەتەوەییی دیموکراتی کوردستانYNDK ، ژمارە 51 بوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1991دا.
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز کاک شاخەوان خالید سەبارەت بە ژیان و کارنامەی کاندیدەکانی لیستی 51 بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2009-07-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: چالاکی سیاسی
جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 331

## ئەحمەد عەلی ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051709571676343



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 332

## ئەحمەد قادر سەعید

http://www.kurdipedia.org/?q=20140912132456115695

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 333

## ئەحمەد قەسیمی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150624181205124564



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 334

## ئەحمەد محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20091207205933290

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 335

## ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140507115032760

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 336

## ئەحمەد محەمەد کاک ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150415102902671



سـاڵی 1984 لە زەڕایەن لەدایکبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشـوور - سـۆرانی

شـارەکان: سـلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشـووری کوردسـتان

کویک ریسـپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 337

## ئەحمەد موختار بەگی جاف

http://www.kurdipedia.org/?q=20081119100702384



ناوی ئەحمەدی کوری وەسـمان پاشـای گەورەی جافە. سـاڵی 1896 لە هەڵەبجە لەدایکبووە. ئەحمەد موختار بەگ بە لێکدانەوەی ئەبجەدی دەکاتە 1316ی کۆچی کەبریتییە لە مێژووی لەدایکبوونی و بۆیە ئەو ناوە نراوە.

هەرچەندە دەرچووی قوتابخانەو خوێندنگا باڵاکان نەبووە، بەڵام مرۆڤێکی زیرەک و وردبین بووە. بێجگەلەزمانی کوردی، فارسـی و تورکی و عەرەبی و کەمێکیش ئینگلیزی زانیوە. تەنانەت بەزمانی فارسـی چەند هەوڵێکی شـیعریی هەیە، خۆی و تایەر بەگی برای بەدوو شـاعیری گەورەی کورد دەژمێردرێن. ئەم شـاعیرە بەتوانایە لە هەموو بوارەکاندا شـیعری وتووە و هەڵبەسـتە نیشـتمانییەکانی لەریزی پێشـەوەی هەڵبەسـتە نیشـتمانییەکانی سـەرەتای سـەدەی ڕابردوو دادەنرێن. ئەحمەد موختار بەگ لەبەرئەوەی لەبنەماڵەیەکی دەسـەڵاتدار و بەناوبانگی جافە، تێکەڵی ڕامیاری و کاروباری دەوڵەتیش بووە. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسـایەتییەکی خۆشـەویسـت و خێرەومەند بووە و ماوەیەک قائیمقامی هەڵەبجە بووە، دواتر لەئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق و لەئەنجومەنی نوێنەراندا ئەندام بووە. مانگی شـوباتی سـاڵی 1935 لەڕووداوێکی دڵتەزێندا تیرۆرکرا و لەگوندی "عەبابەیلێ"ی نزیکی هەڵەبجە بە خاک سـپێردرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

جۆری کەس: تیرۆرکراو

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشـوور - سـۆرانی

شـارەکان: هەڵەبجە

نەتەوە: کورد

وڵات: باشـووری کوردسـتان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 338

# ئەحمەد موفتی زادە

http://www.kurdipedia.org/?q=20091208225232292



ئەحمەدی موفتی زادە کوری مەلا مەحمودی موفتی کوری عەللامە مەلا عەبدوڵڵای دشەییە
لە ساڵی 1933 لە شاری سنە لە دایک بووە، خوێندنی لە حوجرە بووە و سەرەتای خوێندنی بە فەقێیایەتی دەست پێکردووە شارەزایی لە زۆربەی زانستەکانی ئایین دا هەبووە،
دوو ژنی هێناوە و یەک منداڵی هەیە کە لە ژنی دووهەمیانە بەناوی محەمەد ژیان
زیاتر لە 10 ساڵ زیندانی کراوە پاش ئەشکەنجەو ئازاردانێکی زۆر لە زینداندا لە کۆتایی تەمەنی لاشەی زۆر لاوازو بێ هێز دەبێت توشی کۆمەڵێک نەخۆشی دەبێت لەوانە شکانی ئێسکی پشت ملی کە تا رۆژگاری مردنی هەر چاک نەبویەوە دوای ئەوەش توشی نەخۆشی شێرپەنجە (سرگان) بوو لە کتاییدا لە ساڵی 1993ز لە نەخۆشخانەی ئاسیا لە تاران کۆچی دوای کرد، لە گۆرستانی (شێخ حەمە باقر) لە شاری سنە بە خاک سپێردراوە
چەند شیعرو پەیامیکی گرنگی ئایینی نووسیوە
وەکو پەیامی دۆستایەتی
پەیام و پەیامداری
پەیامی هەژار لاوێنی
پەیامی بانگەوازکاری
پەیامی ناسینی دوژمنی راستەقینەی مرۆڤ
پەیامی داننان بە هەڵە
پەیامی تەساموح لێبوردەیی و گەردن ئازادی لە دڵدا
پەیامی فەرموودەناسی
پەیامی ئیمان و کوفر و جەنگی ئیسلام لەگەڵ ناموسڵمانانا
ریسالەتی (کبری) و ریسالەتی (صغری)
2925
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (نەوزاد کەلاری)
سەبارەت بە (ئەحمەد موفتی زادە) لە: 13-4-2011 16:23:37

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | زیندانی سیاسی |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | ئایینی |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 339

# ئەحمەد میراودەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090305140804154



لە زمانی خۆیەوە:
لەساڵی 1946 دا لەگوندی 'دۆڵبێشک'ی سەر بەشارۆکە' ناحیە'ی ماوەت لەدایک بووە. پۆلی دووهەم و پێنجهەمی سەرەتاییشی لەو شارۆکەیەدا خۆێندووە. پۆلەکانی دیکەی سەرەتایی و نێوەندی و ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە .
لەساڵی 1960 وەچووەتەناو ریزەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە، لە پایزی ساڵی 1962 دا لەگەڵ حەوت ئەحمەد ناوی دیکەدا کەئەوانیش هەموویان خوێندکار بوون، بەتۆمەتی کوشتنی سیخوڕێک گیراوە و ماوەی سێ حەوتە لە" ئیزیباتخانە' ی سلێمانی کەئەوکاتەبە' قەسسابخانە' ناوبراوەلەژێر لێپرسینەوەدا بووە. دوای سێ حەوتە لەگەڵ ئەحمەد ناوەکانی دیکەدا، رەوانەی بەندیخانەی سلێمانی کراوەو لەدوای یەکەم کوودەتای بەعسییەکان ساڵی1963 و لەسەردەمی ئاخاوتنەکانی نێوان رژێمی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستاندا، ئازاد کراوە، وەلێ بەهۆی ئەو دەستگیرکردنەیەوەساڵێک خوێندنی لەدەست داوە.
دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی 1967 دا، لەزانکۆی بەغدا، لەکۆلێجی کشتوکاڵی وەرگیراوەو لەساڵی 1971 دا بەکالۆریۆسی لەزانستی کشتوکاڵدا وەرگرتووە. لەسەردەمی دانیشگاشدا لەنێو ریزەکانی پارتیدا چالاک بووەو دوای رێککەوتنی یازدەی ئازار، بووەتەئەندامی ناوچەی بەغدای پارتی دیمۆکراتی کوردستان و لەهەمان کاتیشدا وەک نوێنەری پارتی' ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی تەعاونیاتی زراعی غێراق' بووەهەتا کۆتایی ساڵی 1973. لەکۆتایی ساڵی 1973 دا لەرێگای پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوەزەمالەی خوێندنی دکتۆرای لەوڵاتی رۆمانیا وەرگرتووە.
لەڕۆمانیاش بەرپرسی رێکخراوی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بووەهەتا ساڵی 1975 و نووچهێنانی شۆڕشی کوردستان. لەوێ بەدواوەپەیوەندی لەگەڵ پارتیدا پچڕاوە.
لەمانگی ئابی ساڵی 1975 دا بەشداری لەکۆنفڕانسی 'خوێندکارانی کورد' لەئەوروپا کردووە. لەسەروبەندی ئەو کۆنفڕانسەداو لەکۆبوونەوەیەکی سەربەخۆی دەستەی رۆمانیا کەبریتیی بوون لە 'جەببار سابیر و ئیبراهیم شێخ ئەحمەد- ناسراو بەبلەڕەش و ئەحمەد میراودەلی' لەگەڵ بەڕێزان ' جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا' دا، ئەحمەد میراودەلی بەچەند مەرجێک، بڕیار دەدات لەگەڵ یەکێتیدا کار بکات و هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا بەرپرسیارێتی رێکخراوی یەکێتی لە رۆمانیا وەردەگرێ. وەلێ دوای ئەوەی یەکێتی مەرجەکان ناباتەسەر و بەتایبەتیش دوای روداوەکەی هەکاری واز لەیەکێتی دەهێنێ و بێ لایەن دادەنیشێ.
لەمانگی مارتی ساڵی 1978 دا بەرگری لەتێزەی دکتۆراکەی دەکات و تیایدا سەرکەوتوو دەبێت. دوای تەواوکردنی خوێندن وەک پەناهیندەیەکی سیاسی خۆی دەگەیەنێتەوڵاتی ' نەمسا' و لەکامپی' ترایسکرخن' ی نزیک شاری 'ڤیێننا' خۆی دەگرێتەوە. لەوێشەوەدواوای کۆچکردن بۆ وڵاتی '

کەنەدا' دەکات و خۆشبەختانەبەئاسانی پرۆسەی کۆچکردنەکەی بەڕێوەدەچێت و لە25/7/ 1979 دا، دەگاتەکەنەدا.
لەسەرەتاوەلەکارگەیەکی شیرەمەنی' تاوتوێکردنی شیر' کارێکی نزیک لەبواری زانستەکەی خۆیدا دەدۆزێتەوەو تیایدا دەمێنێتەوەهەتا داخستی کارگەکە. دوای داخستنی کارگەکەلەدەزگای پەروەردەی شارەکەی تیایدا دەژی" کیتچنەر" دەستبەکار دەبێ هەتا خانەنشێنکردنی لەرۆژی 21/8/ 2009. دا.
ئەحمەد میراودەلی لەساڵی 1977 دا، هاوسەرگیری لەگەڵ کیژێکی رۆمانی بەناوی' ئانا' دەبەستێ و سێ کچیان هەیە.
سۆزان: ساڵی 1981 لەدایک بووەو بەکالۆریۆسی لەرۆژنامەگەریدا بەدەست هێناوە، بۆ چەند رۆژنامەو گۆڤاری کەندایی کاری کردووەو چەند بابەتێکیشی لەسەر کورد و ئەنفال و ژنی کورد لەگۆڤار و رۆژنامەکانی کەنەدایی و ئەمەریکاد بڵاوکردۆتەوە. هەندێک لەنووسینەکانیشی وەرگێڕاونەتەسەر زمانی کوردی و لەهەفتەنامەی میدیا و رووداودا بڵاوکراونەتەوە.
سەیران: ساڵی 1982 لەدایک بووەو ئێستا نەخۆشەوان 'nurse ' ەلەخەستەخانەیەکی شاری تۆرۆنتۆ و لەهەمان کاتیشدا خوێندکاری ماستەرەلەنەخۆشەوانیدا.
پەیمان: ساڵی 1985 لەدایک بووەو دیپلۆمی بەڕێوەبردنی شانۆی هەیەو ئیستاش خوێندکارەلەدانیشتگای ' ولفرێد لۆرییَر' لە شاری کیتچنەر بۆ بەدەستهێنانی بەکالۆریۆس لەسینەماتۆگرافیدا.
ئەحمەد میراودەلی؛ ناو بەناو لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان و سایتەئەلێکترۆنییەکاندا، لەسەر بابەتی جیاواز دەنووسێ.
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز ئەحمەد میراودەلی سەبارەت بە ژیان و کارنامەی خۆی لە 03-09-2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 340
## ئەحمەد میرزا رۆستەمی ژێرو
http://www.kurdipedia.org/?q=20130425224222382735
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |

نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 341

## ئەحمەد میرە

http://www.kurdipedia.org/?q=200911021325302203



سەرنووسەری گۆڤاری لڤین

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 342

## ئەحمەد مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=2011051409561557916

ساڵی 1941 لە شاری ئەهواز لە دایک بووە و لە ماوەی ساڵانی کار و خزمەتی ئەدەبیی خۆیدا چەندین رۆمانی بە ناوەکانی "دراوسێکان"، "چیرۆکی شارێک"، "زایرێک لە ژێر باران" و "زەوی سووتاو" هێنایە بەرهەم.
ئەو نووسەرە دوای ساڵانێک کار و چالاکی ئەدەبی و فەرهەنگی لە ساڵی 2002 بە هۆی نەخۆشی سییەکانی، لە تەمەنی 71 ساڵیدا لە ماڵی خۆی لە شاری تارانی پایتەخت کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەری پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 343

**ئەحمەد مەحمود عەبدوڵڵا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140901224011115572

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 344

**ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن)**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140907082359115646

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | پێنجوێن |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 345

**ئەحمەد هاوری**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150208031328119289

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 346

## ئەحمەد هەردی

http://www.kurdipedia.org/?q=200811051158268



شاعیر و نووسەری پایەبەرزی کورد، ساڵی 1922 لە سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی 1941 بووە بە مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، لە کۆتایی چلەکاندا لەسەر هەڵوێستی سیاسی لە وەزیفە دەرکراوەو چەند جارێک تووشی زیندان و دوورخستنەوە بووە. ساڵی 1957 کۆمەڵێک شیعری بەناوی (رازی تەنیایی)یەوە بەچاپ گەیاندووە، ساڵی 1959 لەگەڵ کۆمەڵێک هاورێی تردا "کۆمەڵەی ئازادی ژیانەوەی یەکێتیی کورد-کاژیک"یان دامەزراندووەو هەر خۆیشی بووە بە بەرپرسی یەکەمی، سەردەمێک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەندی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووەو سەردەمێکیش سەرۆکی لقی سلێمانی بووە، ساڵی 1963 پەیوەندیی کردووە بەشۆڕشی کوردستانەوە، ساڵی 1966 لە سەردەشت لەلایەن دەزگای موخابەراتی ئێران (ساواک)ەوە دەستگیر کراوەو لەگەڵ بەربوونیدا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی عێراق، پاش رێکەوتننامەی 11ی ئازاری 1970، ساڵی 1973-1974 لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی سلێمانی مامۆستای موحازیر بووە. لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕدا، ساڵی 1974 دیسانەوە پەیوەندیی کردووە بەشۆڕشەوە، پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، لەئێران ئاوارە بووە تا ساڵی 1979، ساڵی 1979 شەڕی نێوخۆ نائومێدیی دەکات و بڕیاردەدات بۆ پاراستنی هەڵوێستی سەربەخۆی خۆی، بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، لەگەڵ باڵاگرتنی دڕندەیی بەعسدا، جارێکی تر لەساڵی 1988دا پەیوەندی کردۆتەوە بە شۆڕشی کوردستانەوەو بۆ ماوەیەک بووە بە سکرتێری گشتیی پارتی سوشیالیستی کورد (پاسۆک). ساڵی 1989 وازی لە پاسۆک هێناوەو وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە ریزی شۆڕشدا ماوەتەوە تا راپەڕینی 1991، ساڵی 1992 لە لەندەن نیشتەجی بووەو هەر لەوێش لێکۆڵینەوەکەی لەسەر (کێشی عەرووز لەشیعری کوردیدا)، تەواوکردووە. پاش رووخانی رژێمی بەعس گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ساڵی 2004 لێکۆڵینەوە عەرووزییەکەی بەچاپ گەیاندووە. بەهۆی ژیانی پڕ لەئاوارەیی و دەربەدەرییەوە، گەلێک لێکۆڵینەوەو دەقی ئەدەبی و هونەریی فەوتاون و رووناکییان نەدیوە. رۆژی 29\10\2006 لەماڵەکەی خۆیدا لەسلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەحمەد هەردی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک |
| پارت / لایەن: | کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد - کاژیک |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |

| | |
|---|---|
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 347

## ئەحمەد کاکە مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=200907241136071873



ساڵی (1950) لە گوندی یاڵانپێ لەدایک بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە خراوەتە بەر خوێندنی زانستە شەرعییەکان لە گوندی یاڵانپێ لای مامۆستا سەید حسێن، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چۆتە کورستانی ئێران و لای چەند مامۆستاو لە چەندین ناوچەی کوردستان درێژەی بە خوێندنداوە، دواتر دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراقو لەسەردەستی مامۆستا مەلا عوسمان ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە، دوای کرانەوەی پەیمانگای ئیسلامیی لە هەڵەبجە، دەبێتە قوتابی ئەو پەیمانگایەو ساڵی (1971) خوێندنی پەیمانگای تەواو کردووە، دواتر دەبێتە ئیمام و وتاربێژو لە چەند مزگەوتی ناوچەی پێنجوێنو خورماڵو سیروان بە وتارەکانی خەڵکی وشیار دەکاتەوە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە (1987)، چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە: (خوا لەڕوانگەی زانیاریەوە، وتەی زاناکان و باوەڕ بە خوا، خواپەرستی لە ئیسلامدا، سەربەستی لە ئیسلامدا، ئاشتی لە ئیسلامدا، پەروەردە لەئیسلامدا، جیهاد لە ئیسلامدا، تەفسیری رامان،...هتد)، لە 2007/1/25 کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە: ئیدریس سیوەیلی: رەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان، چاپی دووەم، 2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئیسلامی سیاسی |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 348

**ئەحمەد کیکی**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050616304413120



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 349

**ئەحمەد یاسین**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120109180474071

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 350

**ئەحمەد یاسین بەندی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150414201751120892



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 351

## ئەحمەدی قازی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081121154938448



کوری خوالێخۆشبوو قازی عەبدولکەریم لەبنەماڵەی قازییەکانم. ساڵی 1936ی زایینی (1315ی هەتاوی) لەدایکبووم. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لەمەهاباد و تەورێز تەواوکردووەو پاشان لەزانستگای تاران بەشی دەبیری لەڕشتەی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بەدەرەجەی لیسانس کۆتاییم بەخوێندن هێناوەو بوومەتەمامۆستای زمانی ئینگلیزی لەدەبیرستانەکانی بۆکان و مەهاباد. سەرەتای دەستبەکاربوونم لەکاری دەرسگوتنەوەدا دەگەڕێتەوەبۆ ساڵی 1960 (1338).

ساڵی 1342ی هەتاوی (1964) بەهۆی هەڵسوورانی سیاسی لەحیزبی دێموکراتی کوردستان دا کەوتمەزیندان و بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو لەبەندیخانەدا راگیرکرام. کاری وەرگێرانی رۆمان و بابەتی ترم لەزینداندا دەستپێکرد و یەکەم کارم لەم بەستێنەدا وەرگێرانی رۆمانی Deep is the night (شەو بێ پایانە) بەقەڵەمی جەیمز وێلارد James Welard نووسەری ئەمریکایی، بوو کەزۆر زوو بەیارمەتی خوالێخۆشبوو محەمەدی قازی لەچاپ دەرچوو.

نێوبراو کاری گەورەی وەرگێرانی کتێبێ بەناوبانگی "دانکی شووت"ە کە زۆر بە شێوەیەکی زانستیانە و لێهاتوویانە کردوویە بە کوردی و ئێستا لە کوردستانی ئازاددا کەوتووەتە بەردەستی خوێنەران.

رۆژی 07-06-2015 کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: بەرنامەی رامان لە تەلەڤزیۆنی تیشک

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | زیندانی سیاسی |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەهاباد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 352

## ئەحمەدی مەلا

http://www.kurdipedia.org/?q=20091103160816232



لە ساڵی 1957 لە گوندی تۆماری ناوچەی شوان هاتۆتە دونیاوە.
قوتابخانەی سەرەتایی و ناوندیی لە شاری کەرکووک تەواوکردووە و ئامادەیی لە بەغدا. لە ساڵی 1981 کوردستان بە یەکجاریی جێدەهێڵێت و دەمێک لە شاری ژنێڤ (جنێف) دەژێت و دراما دەخوێنێت و کۆمەڵە شیعری (زەردک) لە ساڵی 1988 بە چاپدەگەیەنێت و بۆ خوێندن دەچێتە فەرەنسا، ماستەر لە زانستەکانی زمان و دکتۆرا لە ئەدەبی بەراوردکاریی لە زانکۆی فرانش کۆنتێ لە ساڵی 1999 وەردەگرێت. ئێستاش
مامۆستای مێژووی زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسییە لە زانکۆی کاستیا لا مانچا، لە ئیسپانیا.
سەرەتاکانی بە شیعر و هونەری تەشکیلی و شانۆ دەست پێدەکات، هەروەها لە پاڵ شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ڕۆمان و کاری وەرگێڕانی ئەدەبیش دەکات.

چاپکراوەکانی شاعیر

شیعر

-1باران، ژنیف، پۆیەزی ڤیڤان، 1983.2
-2زەردک، ژنیف، ئاگرێ، 1988.
-3کتێبی شیعر، پاریس، ئاپکف، 1996.
-4ئاڤیقی زڕ و زستانێکی زۆر، بزەنسۆن، 1998.
-5مانگ و هەڵپەڕین، سیوداد ریال، 2000.
-6ئاسمانمان لە شەقەقەی باڵ بێزار کرد، دەزگای گەڵاوێژ، سلێمانی، 2007.
-7خەونەکانی زولەیخا، کتێبی هەنار، 2009، سلێمانی.
-8هەرمێیەکانی فیرعەون، نووسەرانی کەرکووک، 2011.

ڕۆمان

-1زاکیرەی با، سەردەم، سلێمانی، 2001.
-2بلوژستان، ئاراس، هەولێر، 2004.
-3پەناهەندە، ڕەنج، سلێمانی، 2006.

وەرگێڕان

شیعر:

-1ورزێک لە دۆز و درەوشانەوە، ئارتور رامبۆ، ئاراس، هەولێر، 2001.
-2گوڵی خراپە، شارل بۆدلێر، ئاراس، هەولێر، 2001.
-3بەردی هەتاو، ئۆکتاڤیۆ پاس، ئاراس، هەولێر، 2001.
-4ئەکسیۆن ئێستی، ئیلیتیس ئیستی، ئاراس، هەولێر، 2002.

وەرگێڕان

شانۆ:

-1بورژوای نەجیبزادە، مۆلییەر. ئاراس، هەولێر، 2011
-2وانە و ژنەگۆرانییێژە کەچەڵەکە، ئیۆنیسکۆ، (ئامادەیە بۆ چاپ)

ڕۆمان:

-1سەمەرقەند، ئەمین مەعلووف، ئاراس، هەولێر، 2002.
-2خاتووتT ، میلان کۆندێرا، ئاراس، هەولێر، 2003) La Lenteur) .
-3ڕووبار، فەواز حوسێن (ئامادەیە بۆ چاپ).

لێکۆڵینەوە:

-1مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت دا، وێنەی مەعشووق و

سەرچاوەکانی عەشق، تێزی دکتورا، ئاراس، هەولێر، 2002.
-2بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەس و چەند بابەتێکی دیکە، لە بڵاوکراوەکانی نما، 2012، (لە ژێر چاپدایە)

بە زمانی فەرەنسی:

-1دیوانی مەحوی بە زمانی فەرەنسی، ئارمەتان، پاریس، 2001.
2001. ،Paris ،Harmattan ،De Cette Nuit Naissent des Aubes
-2زەردک، لە وەرگێڕانی ئیسماعیل دەروێش، دەزگار ئارمەتان، پاریس، 1993.
،pomèmes traduits du kurde pqr Ismail Darwish ،Zardik
1993. ،Paris ،Harmattan
3زاکیرە با، (ئامادەیە بۆ چاپ).
La Mémoire duVent.
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز ئەحمەدی مەلا سەبارەت بە کار و ژیاننامەی خۆی لە 11-08-2010
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ئەحمەدی مەلا) سەبارەت بە (ئەحمەدی مەلا) لە: 20-2-2012 20:24:51

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 353

## ئەحمەدی کۆر

http://www.kurdipedia.org/?q=20081215144545750

ئەم شاعیرە پایە بەرزەی کورد ناوی ئەحمەدی کوری شێخ محەمەدی موکریانییەو لەگوندێکی ناوچەی شنۆ لەدایک بووە. بەهەرزەکاری تووشی نەخۆشییەکی چاو بووە کە نابینای کردووە، بۆیە بە ئەحمەدی کۆر ناوبانگی دەرکردووە. هەرچەندە پلەیەکی بەرزی خوێندەواری نەبووە، بەڵام لەهەموو بوارەکانی ژیاندابلیمەت بووە، بەتایبەت لە هۆنینەوەی شیعری ئاییندا. ئەحمەدی کۆر ماوەیەکی زۆر لەسلێمانی ژیاوەو لەوێ لەسەر دەستی شێخێکی ناوداردا بەتەواوی رووی کردۆتە خواناسی و پاشان گەڕاوەتەوە سابڵاخ و خەریکی ڕێنمایکردنی خەڵک بووە. ساڵی 1857 لەتەمەنی 85 ساڵیدا لەدەوروبەری بۆکان کۆچی دوایی کردووەو لەگۆڕستانی (عەنبارە) بەخاک سپێردراوە. شیعرەکانی ئەحمەدی کۆر کە زوربەی هەرە زۆریان شیعری خوا پەرستین، گەلێ پاراو و دلڕفێنن. گرنگترین خەسڵەتی شیعرەکانی ئەم شاعیرە بەرجەستەیەی کورد ئەوەیە کە بەکێشی خۆماڵی نوسراون. هەرچەندە ئەحمەدی کۆر وشەی بێگانەی لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەڵام ئەم دیاردەیە نەبۆتە هۆی لاواز بوونی بەرهەمەکانی. هەندێ لەسەرچاوە

مێژووییە کۆنەکان ئەڵێن ئەحمەدی کۆر بەزمانی (عەرەبی) و (فارسی)یش شیعری وتوە، بەڵام هەموویان فەوتاون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 354

## ئەحە نۆکە

http://www.kurdipedia.org/?q=201007291707424587



ئەحمەد مەحمود عەلی کە بەهۆی "یەک دووساڵ نۆک و سەمون فرۆشتنەوە" نازناوی (ئەحەنۆکە)ی بەسەردا بڕاوە، یەکێکە لەشاعیرە مللییە دەرکەوتووەکانی گەرمیان و بە چەندین شیعری میللی و تەنزاوی و نوکتەی خۆش توانیویەتی زۆرترین جەماوەری هەبێت.
بلۆگی تایبەت بە شیعر و قسەخۆشەکانی ئەحە نۆکە
http://ahanoka.blogfa.com/
شوێنی دانیشتن: باوەنوور
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (عوسمان کەرەمی)
سەبارەت بە (ئەحە نۆکە) لە: 30-10-2010 10:11:38

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 355

## ئەختەر گردعازەبانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201009141019029491



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: خانمان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 356

## ئەخۆل

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090821365988847



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 357

## ئەدهەم ئەمین

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021113535875717

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێر

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: AMئەرمەنستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 358

## ئەدهەم عاسم عەبدولڕەزاق تۆفیق

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165801712O2

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 359

## ئەدیب چەلکی

http://www.kurdipedia.org/?q=201008231423534847



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 360

## ئەدیب عەبدوڵڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120109171274070

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
نەتەوە: کورد
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 361

## ئەدیب نادر

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120915251674260

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 362

## ئەدەب

http://www.kurdipedia.org/?q=200901201558581038

ئەدەبی شاعیر ناوی تەواوی عەبدوڵلا کوڕی ئەحمەد بەگی برایم بەگی ڕۆستەم بەگیسەیفەدینە. ساڵی 1859 لە گوندی ئەرمەنی بلاغی شاری بۆکان لەدایک بووە. لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار، هەر لەمنداڵیەوە خراوەتە بەر خوێندن وماموستای تایبەتی بۆ تەرخان کراوە بۆ خوێندن و فێری خوێندنەوە و نوسین و فارسی و عەرەبی بووە.
ئەدەبی شاعیر لەتەمەنی بیست ساڵیدا باوکی دەینێرێت بۆ شاری تاران بۆ خوێندن، لە تەمەنی 35 ساڵیدا توشی نەخۆشی لەرزۆکی دەبێت و بۆ چارەسەر دەچێتە وڵاتی روسیا پاش چاکبونەوەیەکی کاتی دەگەڕێتەوە، ساڵی 1910 دێنە ناوچەی شارەزور و ماوەیەک دەمێنێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە موکریان و نەخۆشیەکەی سەری لێ هەڵدەداتەوە و تەواو ئیفلیج دەبێت.
ئەم شاعیرە شارەزایی باشی هەبووە لە کاری پزیشکی و وێنەگری و مۆسیقا ی بەباشیزانیوە.
شیعرەکانی ئەدەب تەنها غەرامییە. هیچ خەیاڵ و ئارەزویەکی تری نەبووە جگە لەوەی کە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا هەموو کات پێکەوەبن و گفتوگۆبکەن.
دیوانی شیعرەکانی ئەم شاعیرە ساڵی 1936 لە شاری رەواندز لە چاپخانەی زاری کرمانجی بۆ جاری یەکەم لەچاپ دراوە. دیوانە شیعریەکەی ساڵی 1939 بۆ جاری دووەم لە شاری بەغدا و بۆ جاری سێیەم ساڵی 1966 لە هەولێر لە چاپ دراوە، د. مارف خەزنەدار چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شیعرەکانی ئەدەب کردوە و ساڵی 1970 بلاویکردۆتەوە.
ئەدەبی شاعیر لە تەمەنی 53 ساڵیدا و لە ساڵی 1912 بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردوە و لە گۆرستانی گوندی باخچەی فەیزولابەگی بۆکان بەخاک سپێردراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: بۆکان
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 363

## ئەرخەوان حسێن دزەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020521562775601

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: خانمان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: هەولێر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 364

## ئەرخەوان ڕەسوڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=201010052128209809



هۆزانەوان و چیرۆکنووس
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان
جۆری کەس: چیرۆکنووس
جۆری کەس: وەرگێڕ
ڕەگەزی کەس: خانمان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 365

**ئەرخەوان محەمەد عوبێد**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130322124840825

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 366

**ئەردەشیر پەشەنگ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130904104002889



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 367

**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20111211173945632



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 368

## ئەردەڵان مام وسو دزەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140909204240115678

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێڕ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 369

## ئەردەڵان هەڵەبجەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070113225189717



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 370

## ئەرسەلان بایز

http://www.kurdipedia.org/?q=20130710162589671



لەساڵی 1950 لەگوندی کاریتانی سەر بەناحیەی دیبەگەی پارێزگای هەولێر لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی 1970 دا پەیوەندیکردووە بە کۆمەڵەی مارکسیی لینینی کوردستانەوە، لە ساڵی 1974 بۆ ساڵی 1975 بووە بە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلولدا.

لە ساڵی 1975 دا لەگەڵ خاڵە شیهاب و جەعفەر و چەند سەرکردەیەکی دیکەی کۆمەڵەدا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانیکراوەو تا ساڵی 1978 لە زینداندا بووە، ساڵی 1979 پاش ئەوەی ئازاد دەکرێت، دەچێتەوە بۆ خەباتی شاخ و دەبێتەوە بەپێشمەرگە تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە چەندین دەزگای جیا جیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کاریکردووەو چەندین ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بینیووە، لەوانە (لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن و مەکتەبی ڕێکخستن) و چەندین بەرپرسیارێتی دیکەی بینیوە.

ساڵی 1992 یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە، لەیەکەم کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا لە ساڵی 1992 دا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی 1993 تا ساڵی 1996 لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی هەولێر بووە، پاشان بۆ ماوەی 10 ساڵ لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن بووە، هەر لە ساڵانی نەوەدەکاندا چەند ساڵێک وەزیری پەروەردە بوو.

ساڵی 2000 بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە، ساڵی 2003 ش لە ئەدەبی کوردیدا بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان زانکۆ بەدەستهێناوە، هەروەها ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە، ماوەی 2 ساڵیش جێگری سەرۆکی پەرلەمان بووەو لە دانیشتنی ڕۆژی 2012/2/15 بە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا.

توێژینەوەو بەرهەمەکانی
-1ڕاپەڕینی ئاگری- وەرگێران.
-2فاشیزم- 1988.
-3ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی- 2001.
-4ڕۆژانی سەخت.
-5سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین- 2003.
-6پرۆسترۆیکا- 2005.
-7پێگەی سیاسی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- 2008.
-8دەیان وتارو لێکۆڵینەوە لەڕۆژنامەکان.
-9سەمای دۆلفینەکان- 2011.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |

جۆری کەس: پەڕلەمانتار

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 371

## ئەرسەلان تۆفیق محەمەد عەبدولڕەحمان

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580271221

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 372

## ئەرسەلان چەڵەبی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150119012805118914



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 373

## ئەرسەلان رەحمان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013011715393174894



لەدایکبووی 1981/2/14 سیروان - هەڵەبجە
دەرچووی زانکۆی سلێمانی - بەشی راگەیاندن بۆ ساڵی خوێندنی 2005 - 2006، هەروەها دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر بەشی راگەیاندن - رۆژنامە بۆ ساڵی خوێندنی 2000 - 2001.
ماوەی سێ ساڵ وەک وانەبێژ لە بەشی راگەیاندن - رۆژنامە - پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر وانەی ژانرەکانی نووسینی رۆژنامەوانی (تیۆر و پراکتیک) وتووەتەوە. (2010 - 2013)
لە گۆڤاری ikp ئینتەرناشناڵ کوردش پرێس، رۆژنامەی ئاسۆ، ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر، گۆڤاری ژینگە، گۆڤاری رووداوی منداڵان، رادیۆی هاموون لە سلێمانی، گۆڤاری وارڤین لە هەولێر کاریکردووە و ماوەی نزیکەی 3 ساڵ بەڕێوبەری ماڵپەڕی وارڤین (warvin.g) بووە و لە 20ی 10ی 2011 تا 6 - 1 - 2014، ماڵپەڕەکەی بەڕێوە بردووە.
لە 21ی نیسانی 2013، یەکەم ماڵپەڕی تایبەت بە زانست و هونەری رۆژنامەوانی بە ناوی ماڵپەڕی رۆژنامەوانی (rozhnamawany.com) وەک هەوڵێکی تاکەکەسی و خۆبەخشانە کردووەتەوە.
لە بواری پرسی ژن و میدیادا ژمارەیەک وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاو کردووەتەوە.
بە هاوڕێیەتی عەبدولخالق ئیبراهیم کتێبێکی بە ناونیشانی (کارامەییەکانی نووسین لە رۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا) بە چاپ گەیاندووە.
لە ئێستادا سەرپەرشتیای ماڵپەڕی nrt یە.
رۆژی 7ی کانوونی دووەمی 2014 تاوەکو 31ی کانوونی یەکەمی 2014 لە nrt وەک هەواڵساز و سەرپەرشتیاری ماڵپەڕی nrttv.com کاریکردووە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ئەرسەلان رەحمان) سەبارەت بە (ئەرسەلان رەحمان) لە: 28-8-2014 0:14:35
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ئەرسەلان رەحمان) سەبارەت بە (ئەرسەلان رەحمان) لە: 6-2-2015 20:54:33

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

"تۆفیق وەهبی بەگی کوری مەعرووف" لە 1ی کانوونی دووەمی ساڵی 1891دا لەشاری سلێمانی لەدایکبووە.
هەر منداڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، خوێندنی سەرەتایی لەشارەکەی خۆی تەواو کردووەو لەساڵی 1904دا چۆتە بەغدا و خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی سەرەبازی بەزیرەکی تەواو کردووە.
ئینجا رووی کردۆتە شاری ئەستەمبۆڵی پایتەختی وڵاتی عوسمانی بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵاتری، لە کۆلێژی ئەرکان وەرگیراوەو بۆتە ئەفسەری روکن لە سوپای عوسمانی.
کە جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی 1914دا روویداوە، بەشداری لە شەڕی "چەنە قلعە" لە دەردەنیل دا کردووەو لەدواییدا رەوانەی خوارووی ئێراق کراوە بۆ بەشداریی کردن لەبەرەی جەنگ لەدژی هێزەکانی بەریتانیا لە "شعێبە" و لەکاتی کشانەوەی سوپای عوسمانی بەرامبەر بە هێزەکانی بەریتانیا لە مانگی ئەیلوولی 1917دا بەشداریی کردووە لەبەرەی جەنگی رومادی و کاتێکیش کە ئەو شارە کەوتۆتە چنگ هێزەکانی ئینگلیز ئەم بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بەرەو شاری هیت کشاوەتەوە.
لەساڵی 1918دا گواستراوەتەوە بۆ بەرەی جەنگی فەلستین و پایەی سەرەبازی بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی رائید و مەدالیای قارەمانی لەسەکردەی ئەڵمان وەرگرتووەو ئەوەی شایانی باسە زۆربەی سەرکردەکانی تیپی سوپای عوسمانی ژەنەڕاڵی ئەڵمان بووە، چونکە لەو جەنگەدا عوسمانی و ئەڵمانیا هاوپەیمان بوون لە دژی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەمەریکا شەڕیان دەکرد.
کاتێک کە ئەو جەنگە جیهانییە بەشکانی دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانەکانی لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1918دا کۆتایی هات، تۆفیق وەهبی بەگ گەڕایەوە کوردستان و ئینجا چووە بەغداو بووە یەکێک لە ئەفسەرە دیارەکانی کورد لەدامەزراندنی سوپای ئێراق لە رۆژی 6ی کانوونی دووەمی 1921دا.
کاتێک کە شێخ مەحمودی حەفید لە ساڵی 1922دا لە هیندستان گەڕێنرایەوە سلێمانی و بووەوە پاشای کوردستان، تۆفیق وەهبی بەگ لەمانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەی 1922دا چووە پاڵ بزووتنەوەکەی ئەم سەرکردەیەی کورد و کە ئەم بزووتنەوە و فەرمانڕاوەکەی شێخی حەفیدیش بەدەستی ئینگلیزەکان لەناوبران، تۆفیق وەهبی بەگ بۆ ماوەی 42 رۆژ گیرا و کە ئازادکرا لە دوا دوای ساڵی 1923دا کرا بە کارگێری بزوتنەوەکان لە شالیارێتی بەرگری ئێراق و لەمانگی ئابی 1925یشدا کرا بە بەڕێوبەری قوتابخانەی سەربازی لە بەغدا و پلەی

سەربازی بووە موقەددەم و لەساڵی 1929 دا ناردرا بۆ ئینگلتەرە بۆ بەشداریی کردن لە خولێکی بەرزکردنەوەی شارەزایی سەربازی و لەساڵی 1930دا پلەی عەقیدی پێدار و کرا بە موتەسەریفی پارێزگاری سلێمانی، بەڵام بەر لە قەومانی شەڕەکەی 6ی ئەیلوولی 1930ی بە دەرکی سەرای سلێمانی لە کارەکەی دوورخرایەوە کەچی لەساڵی 1931 لەدوا شەڕی شێخ مەحموود لە ئاوباریک لەدژی دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەوایی ئێراق ماوەیەک گیرا و تاوانی هاندانی خەڵکیان بۆ داواکردنی فەرمانڕەوایەکی کوردی خستەپاڵ و ماوەیەک بێ کارو فرمان مایەوە تاکو لەساڵی 1946 ئەم کەسایەتییە بەناو کورد کرا بە شالیاری ئابووری ئێراق لە شالیارییەکەی حەمدی پاچەچی داو دوای ئەوەش تاکو ساڵی 1958 گەلێک جار بەناوی کورد کراوە بە شالیاری بەرگری و مەعاریف.
لەسەرەتای ساڵی 1958دا کراوە بە ئەندام لە ئەنجوومەنی پیاوماقووڵانی ئێراق "مجلس الاعیان" و لەدوای شۆڕشی 14ی تەممووزی ساڵی 1958 دا ئێراقی جێهێشتووەو چووەتە شاری لەندەن و دوا ساڵەکانی ژیانی لێ بەسەر بردووەو هەر خەریکی نووسینی مێژووی کورد و نووسینی بابەتی زمانەوانی کوردی بووەم تاکو لە رۆژی 1984.01.05دا لەو شارە لە تەمەنی 93 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی و لەسەر راسپاردەی خۆی لەچیای پیرەمەگروون لە تەنیشت گۆڕی پیاوچاکی کورد پیرەمەگروون بەخاک سپێردراوە.
بەرهەمەکانی تۆفیق وەهبی بەگ:
مامۆستا تۆفیق وەهبی گەلێک پەرتووکی بەنرخی لەبارەی زمان و مێژووی کوردستانی کۆن بەزمانانی کوردی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی داناوەو زۆربەیانی چاپکردووە.
یەکەم: بەرهەمە کوردییە چاپکراوەکانی:
-1دەستووری زمانی کوردی - بەغدا 1928، 114 لاپەڕەیە
-2خوێندەواریی باو - بەغدا 1933، 44 لاپەڕەیە
-3قسنێک لە کوردستان - بەغدا 1947، 18 لاپەڕەیە
-4فەرهەنگی کوردی - ئینگلیزی (هاوبەش)، لەندەن 1965، 179 لاپەڕەیە
دووەم: بەرهەمە چاپکراوەکانی بە عەرەبی:
-1رجعیة المانیا و عبادة القوة - بەغدا 1942، 36 لاپەڕەیە
-2الاصل و الاستطراد فی اصل معنی بەغداد - بەغدا 1950، 51 لاپەڕە
-3قواعد اللغة الكردية ج (1) بیروت 1956، 112 لاپەڕە
-4قواعد اللغة الكردية ج (2) بیروت 1956، 55 لاپەڕە
-5التون کوپری - بەغدا 1956، 28 لاپەڕە
-6سخرة من دربند بازیان الی تاسلوجة - بەغدا 1956، 36 لاپەڕە
-7حول مقال مسئوولية الاديب الكردی للاستاذ عبدالمجيد لطفی - بەغدا 1973، 15 لاپەڕە
سێیەم: بەرهەمە چاپکراوەکانی بە ئینگلیزی:
-1ئەشکەوتی گندۆک - بەغدا 1949
-2پاشماوەی میسرازئیەکان (ئێزدییەکان) لەندەن 1962
-3خوێندنی کوردی - بەشی یەکەم لەندەن 1968
ئەوەی شیاوی باسە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ لەدوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی 1971دا بە ئەندامی شانازی هەڵبژێردراو گەلێک لێکۆڵینەوەی گۆڤاری کۆڕدا نووسی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: مێژوونووس

جۆری کەس: پەرلەمانتار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 711

## تیشکە مەرەسەنە

http://www.kurdipedia.org/?q=20110503090917572 18



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 712

## تیناز جاف

http://www.kurdipedia.org/?q=20120222232040642 95



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 713

## تێکۆشەر خالید

http://www.kurdipedia.org/?q=2013041721340882690



تێکۆشەر خالید ئیسماعیل
1989-6-15لە دایکبووە
لە شاری سلێمانی دەژی
لە ساڵی 2004 ـەوە دەستی داوەتە نووسین؛ لێکۆڵینەوە و چیرۆکی نووسیوە، لە ڕۆژنامە و کۆوارە ئەدەبییەکاندا وتار و نووسینی بڵاوکردۆتەوە بەڵێ، هەڵەیەک ڕووی داوە- چیرۆک "لە لایەن یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی هەولێر- چاپکراوە"
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (مریەم ڕەزای)
سەبارەت بە (تێکۆشەر خالید) لە: 31-5-2013 12:50:26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 714

## تێلی ئەمین عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141223123258118450

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 715

## تەحسین حەسەن ساڵح ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165804712922

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 716

## تەحسین حەمە غەریب

http://www.kurdipedia.org/?q=201002072244463409



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 717

## تەرزە بابان

http://www.kurdipedia.org/?q=2012021211392664233



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 718

**تەرزە جاف**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100426104234181



هۆزانەوانە، لە 1972/11/5 لە سلێمانی لە دایکبووە و لەساڵی (1991) وە بۆ خوێندن هاتووە بۆ هەولێر، پاشان هەر لە هەولێر و دوای تەواوبوونی خوێندنی کۆلێژ هاوسەرگیری لەگەڵ شاعیر و نووسەر فەرهاد پیرباڵ پێکەوەناوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووبەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 719

**تەنیا عەزیز**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110114200324327 35

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 720

**تەنیا کوردی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110615125801602 77



نووسەر لە ساڵی 1983 لە دایکبووە و نیشتەجێی شاری هەولێرە بە سەدان بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری هەیە. هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ئەدەبیاتی کوردی و خاوەن چەند بڕوانامەیەکی تایبەت بە ڕاگەیاندنە. لە زۆربەی ماڵپەڕو ڕۆژنامەکانی کوردی وتارو بابەتی هەبووەو لە نێو میدیای ئینگلیزی و عەرەبیشدا وتاری هەیە.
ئیمیلی نووسەرmailto:tanya_kurdy@yahoo.com
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (dahen) سەبارەت بە (تەنیا کوردی) لە: 19-6-2011 13:06:58

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 721

## تەها ئەحمەد ڕەسوڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20121111204703736583



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 722

## تەها ئەحمەد ساڵح (تەها بابان)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141215093900118314



ساڵی 1934 لە سلێمانی لە دایکبووە.
ساڵی 1957 دەستی بەکاری هونەری کردووە.
خاوەنی دەیان بەرهەمە لە بواری شانۆ و دراماداا.
لەساڵی 2013 لەلایەن بەڕێوەبەرێتی هونەرو سینەمای سلێمانی خەلاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 723

## تەها ئەمین هەڵەدنی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100308111513384‎1



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 724

## تەها حەسەنیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100111115930322‎9



لێـکۆڵەر و ڕۆژنامەوانی کوردی بنکە لە کەنەدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 725

## تەها دەروێش نادر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110406083918243 83



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 726

## تەها سلێمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20100907154130941 7



ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی کۆمیتەی محەلی گەرمیان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

جۆری کەس: چالاکی سیاسی

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 727

## تەها عومەر رەشید

http://www.kurdipedia.org/?q=20090209093371261



-لە دایکبوی ساڵی 1974، سیوەیل/ شارباژێر
-ماجستیر لە یاسا و مافی مرۆڤدا ساڵی (2006) زانکۆی سلێمانی
-خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای گشتی دا، زانکۆی سلێمانی
-خاوەنی یەک کتێبی بڵاوکراوە بە ناونیشانی "الظلم القانونی کخرق لحقوق الأنسان"

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ☐مافناس

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 728

## تەها عەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=20130524222821830 17

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 729

## تەها عەلی ئەحمەد - تەها مزوری

http://www.kurdipedia.org/?q=200903021443061515

ل سالا 1934 ل دەڤەرا بارزان ژ دایک بویە، هەر د سالا 1961ێ ڤە پێشمەرگایەتی کریە و هن جارا ژی ئاوارەبون و دەربدەری ژ بەر ڤێ چەندێ دیتیە، پشتی کو ئیرو کوچا داویێ کری، ل گۆرستانا شاخولان هاتە بن ئاخ کرن.
مزوری هن هەلبەستێن ئەڤینی یێ و شورشگیری و نەتەوی هەنە و کاریگەریا مەلایێ جزیری یێ هۆزانڤانێ کورد ب سەر ویدا هەبوو .
لە 09-11-2008 کۆچی دووایی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | پێشمەرگەی دێرین |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 730

## تەها مەحمود رەشید

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818222245125384



دکتۆر تاها مەحمود رەشید

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 731

## تەها وەهاب

http://www.kurdipedia.org/?q=20140705111430101050

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 732

## تەها کەریمی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090101162552973



لە دایکبووی ساڵی 1976ـە، لەشاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتای کاری بەنووسینی چیرۆک دەستی پێ کردووە، ساڵی 2004 لەبەشی سینەما لەزانکۆی هونەری تاران بەکالۆریۆسی لە بواری دەرهێنان وەرگرتووە، تا ئێستا جگە لە چەندین فیلمی دیکۆمێنتی، 4 فیلمی کورتی داستانی "سنوری ژین"، "زریان"، "سەمای مرواریەکان" و "کوێستانی سپی" ساز کردووە و ئێستاش سەرقاڵی مۆنتاژی فیلمی سینەمایی "کوێستانی قەندیل"ـە کە یەکەم فیلمی درێژی دەرهێنەرە . ڕۆژی 29-05-2013 بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: پەسار فایەق - ماڵپەری پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: چیرۆکنووس
جۆری کەس: سینەماکار
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: بانە
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 733

## تەوار شەریفی

http://www.kurdipedia.org/?q=201108211057264564



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 734

## تەڵعەت تاهیر

http://www.kurdipedia.org/?q=2011011613200832795



شاعیر و ڕۆژنامەنووس، لە ساڵی 1971 لە شارۆچکەی مەخمور لە دایک بووە، لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە وە شیعر دەنوسێت، چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەدەبیاتی کوردی و جیهانییەوە بڵاوکردۆتەوە، ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، لە چەندین دەزگای ڕوناکبیری و ئەدەبیی کاری کردووە، چوار کتێبی چاپکراوی هەیە/
لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی / شیعر.
سووری مانا / کۆمەڵە وتاری ڕەخنەیی لەبارەی ئەدەبیاتی کوردی.
بنەچەی سەوسەن / وەرگێرانی شیعری ئەدۆنیس.
ئارام بە هاملێت، شێتی ئۆفیلیا هەڵمژە / وەرگێرانی شیعری ئەدۆنیس.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ڕێباز عەبدوڵڵا)
سەبارەت بە (تەڵعەت تاهیر) لە: 25-7-2011 22:47:45

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 735

## تەڵعەت محەمەد ڕەشید

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030418551082447

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 736

## تەیار عادل گۆران

http://www.kurdipedia.org/?q=201006181723184449



لە دایکبووی ساڵی 1985 لە سەنتەری قەزای بەردەرەشە. ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنیە لە هەرێمی کوردستان. سەرۆکی ڕێکخراوی هەنگاوە بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری

سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (تەیار عادل گۆران)

سەبارەت بە (تەیار عادل گۆران) لە: 14-2-2015 23:03:12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 737

## تەیب جەبار

http://www.kurdipedia.org/?q=201010100952249923



هۆزانەوان

سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 738

**تەیب قادر**

http://www.kurdipedia.org/?q=2010121420511812660



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 739

**جاسم تۆفیق خۆشناو**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013012715084275366

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 740

**جافەر قولی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20081118162702377



شاعیری ناسراوی کوردی خۆراسان وڵاتی تورکمانستانی ئاسیای ناوەڕاست ئەوەندەی لای خەڵکی بەناوبانگ و خۆشەویستە ئەوەندە لەژیان و شیعری نەکۆڵراوەتەوە.
جافەر (جەعفەر) قولی کوری مەلا رەزا قولی لەدەوروبەری ساڵی 1814 لەگوندی شکافکۆی لەبنەماڵەیێکی رەنجبەری دێهاتی لەدایک بووە، ئەم گونەندە کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی ئاوایی قۆچان. باوکی لەئێلی کوردی زەنگەلانلوو بووە. لەناو خەڵکی بەجافەر قولی زەنگلی، جافەر قولی بێچارە، جافەر قولی عەندەلیب، جافەر قولی موختار ناسراوە، هەندێ لەم ناوانەخۆی بۆ خۆی داینابوون و لەناو شیعریدا بڵاوی کردوونەتەوە.
خوێندنی بەرێکوپێکی نەبووە، لەتافی لاویەتیدا گرفتاری جوانی کچێک بووە، ناوی ملواری بووە. لەم لایەنەوەدەڵێ؛ مەلەنینم خود بەندم وەسی جزمێ قورئانێ (مەلا نیم شاعیرم بەسی جزمی قورئان). کوردی خۆراسان لەبابەت جافەر قولییەوە دەڵێن؛ دڵداری جافەر قولی ملواری وەک دڵداری مەولانا جەلادینی رۆمییەبۆ شەمسی تەبریزی. ئەوان ئەم شاعیرەیان بەدڵدار و هونەروەر و جیهانگەرد مۆسیقار داناى دەژمێرن، کەناوی دەبەن مەلیکولشوعەرای کرمانجی پێ دەڵێن.
وا دەگێرنەوە جافەر قولی شاعیرێکی میللی بووە، دوو تاری بەملەوە بووە و بەدەم گۆرانی لەشیعری خۆیەوە دوو تار لێداوە.
شار بەشار و کووچە گەڕاوە، ماوەیێکیش لەسارا و بیابانان لەگەڵ ئاژەڵ و دڕندەو باڵداران ژیاوە. رۆژگارێکیش لەووڵاتی خوارزەمدا ژیاوە لەو خاکانەی ئێستا بەکۆمارە ئیسلامییەکانی ئاسیای ناوەڕاست ناویان دەبەن.
بەشی زۆری ژیانی جافەر قولی پێوەندی بەو کچەوە هەیە کەناوی ملواری بووە، هەمیشە بەدەنگە خۆشەکەی بەدەم ئامێری تارەوەگۆرانی بۆ خەڵکی چڕیوە، زۆربەی گۆرانییەکانی بۆ ملواری خۆشەویست وتووە.
خەڵکی کوردی خۆراسان و تورکمانستان ئەوەندە هۆگری جافەر قولین دەزانن باوکی ملواری ناوی کاروالا گولییە و خەڵکی گوندی زەنگلانە لە ناوچەی دەرەگەزی ئێران.
هەندێ ئەفسانەی میللی ناو خەڵکی کوردی تێکەڵ بەژیانی جافەر قولی بوون، وەکو ئەوەی دەڵێ؛ جافەر قولی لەتافی لاویەتیدا لەخەو کچێکی جوان دەبینێ و حەزی لێ دەکا، کچی خەونەکە ناوی ملواری دەبێ، لەپاشانا بەرێکەوت چاوی بەکچێک دەکەوێ ئەویش ناوی ملواری دەبێ و شێوەو ئەدگای لەکچی خەونەکەدەکا، ئیتر لەگەڵ ئەوەی جافەر قولی تا رادەیێک ئەمەیان بەئەو دەزانێ بەڵام هەمیشەدەڵێ ملواری خەونەکە نەدۆزمەوە لەشێتی رزگاریم نابێ.
هەر چۆنێ بێ ئەم بەسەرهاتە ئەفسانەییانە چێژ و ئەندێشەی شاعیری خەڵکی نەخوێندەوار و ساکاری ناو میللەت دروستیان کردووە.
جافەر قولی لەدوای تەمەنێکی درێژ لەساڵی 1905 لەخوارزەم کۆچی دواییکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: خۆراسان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 741

## جان دمۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=2010101920541610168



هۆزانەوانێکی فەلەی شاری کەرکووکە، بە زمانی عەرەبی هەڵبەستی دەنووسی یەکێک بوو لەو ئەدیب و رووناکبیرانەی کە پێیاندەگووتن (جەماعەت کەرکوک)، ئەمانە تێکەڵە بوون لە کورد و تورکمان و عەرەب و ئاشوری، نووسینەکانیان بە عەرەبی بوو، بەناوبانگترین کۆمەڵەی ئەدەبی بوون لە عێراقدا، ئێستا کەسێکی ئەوتۆیان نەماوە جگە لە زوهدی داودی و فازڵ عەزاوی، دواترینیان لە سلێمانی کۆچی دوای کرد کە محێدین زەنگنە بوو مامی جەلیل زەنگنەی دەرهێنەر..
جان دمۆ لە وڵاتی ئوستراليا کۆچی دوایی کردووە.
سەرچاوە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کوردستانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 742

## جان دۆست

http://www.kurdipedia.org/?q=201003051548243833



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆماننووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 743

## جان کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=200911031224002260



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 744

## جاهت سیتیکی تارانجی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110091816182

لەساڵی 1910 لەشاری دیاربەکر لەدایک بووە و لەساڵی 1956 لەڤییەننای پایتەختی نەمسا کۆچی دوایی کردووە.
بەناوبانگترین هەڵبەستی ئەو هەڵبەستوانە کوردە ناوی "یاش ئوتوز بێشە"یە، واتە"سی و پێنج".
نێوبراو لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا بەخاک سپێردراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | ئامەد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 745

## جگەرخوێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20081119100958385



لە ساڵی 1903 ز لە گوندی حەسار نزیک بە شاری ماردین لەدایکبووە. بەمنداڵی شوانی و گاوانی کردوو، لەبەر ئەوەی نەداربوە و باوکی کۆچی دواییکردوە، خوشکەکەی گرتوویەتییە خۆی و بەخێوی کردووە و دواتر لەبەر هێندە دەردە نەداری و هەژاری بەناچاری گوندی حەسار جێدەهێڵن و لەساڵی 1914 بۆ گوندی عاموودە دەیگوێزنەوە.
جگەرخوێن هەر لە منداڵییەوە زیرەکی و هۆشیاری و تووندوتۆڵی پێوە دیاربووە و حەزی لە خوێندن کردووە، بۆیە بەهەر جۆرێک بێت، ناردوویانە بەر خوێندن لە حوجرەی مزگەوت و سەرجەم خوێندنەکانی زۆر زیرەکانە بەرێکردووە وەک خوێندنی زمانی عەرەبی و زانستەکانی ئایینی ئیسلام، بۆیە بە ئومێدی تەواوکردنی مۆڵەتی دوازدە زانستی باکوور و هەر چوار پارچەی کوردستان گەڕاوە و دواتر لەسەر دەستی مەلا عوبێد وەرگرتووە. لە کوردستانی رۆژئاوا و ماوەیەکیش لە کوردستانی باشوور و رۆژهەڵات مەلایەتی کردووە.
جگەرخوێن لەساڵی 1946 ز روو دەکاتە شاری قامیشلی و دەست بەکاری رامیاری دەکات و دەبێتە ئەندامی پارتی جڤاتا ئازادی و یەکیەتییا کورد .(Civata Azadî û Yekîtiya Kurd) لەساڵی 1948 ز دا دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمنیستی سوری و لەساڵی 1954 ز دا بۆ ئەندامێتی پەڕلەمانی سوریا دەپاڵێورێت. لەساڵی 1957 ز واز لەپارتی کۆمۆنیست دەهێنێت و رێکخراوی ئازادی دادەمەزرێنێت. ئەو رێکخراوەش پاشتر دەچێتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاوە. لەساڵی 1959 ز دا جگەرخوێن روودەکاتە کوردستانی باشوور و تا ساڵی 1963 ز لە زانکۆی بەغدا دەبێتە مامۆستای وانەبێژ لە بەشی زمانی کوردی. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ قامیشلی سەرقاڵی نووسین و کاری رامیاری دەبێت. هەر لەو ساڵەدا و لە شاری دیمەشق دەخرێتە گرتووخانەوە.
بۆ بەشداریکردن لەشۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی جگەرخوێن لەساڵی 1969 ز روو دەکاتە کوردستانی باشوور و چالاکی کوردایەتی خۆی پێشکەشی شۆڕشی کوردی دەکات.
لەساڵی 1973 ز دا بەرەوو لوبنان دەچێت و لەوێش هۆنراوەی کیمە ئەز (Kîme Ez)دەنووسێت.
جگەرخوێن لە ساڵی 1976 ز دا بۆ سوریا دەگەڕێتەوە و لە ساڵی 1979 ز ناچار دەبێت رووبکاتە وڵاتی سوێد و لەوێ وەک پەناهەندەیەک دەگیرسێتەوە و بەنووسینەوە سەرقاڵ دەبێت و لە 1984.10.22 کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی بۆ قامیشلی دەگوێزرێتەوە و لەوێ بەخاکی کوردستان دەسپێدرێت، ئەوەش هەروەک خۆی پێش مردنی داوایکردبوو.
بەرهەمەکان :
دیوانی ئاڤستای جگەرخوێندیوانی یەکەم: پریسک و پەتی (Prîsk û Pêtî)، ساڵی 1945 ز دیمەشق
دیوانی دووەم: سەورا ئازادی(Sewra Azadî) ، ساڵی 1954 ز دیمەشق
دیوانی سێیەم: کیمە ئەز(Kîme Ez) ، ساڵی 1973 ز دیمەشق
دیوانی چوارەم: رۆناک(Ronak) ، ساڵی 1980 ز ستۆکهۆڵم
دیوانی پێنجەم: زەند ئاڤستا(Zend-Avista) ، ساڵی 1981 ز ستۆکهۆڵم
دیوانی شەشەم: شەفەق(Şefeq) ، ساڵی 1982 ز ستۆکهۆڵم
دیوانی حەوتەم: هێڤی(Hêvî) ، ساڵی 1983 ز ستۆکهۆڵم
دیوانی هەشتەم: ئاستی(Astî) ، ساڵی 1985 ز ستۆکهۆڵم
دەستوورا زمانێ کوردی(Destûra Zimanê kurdî) ، ساڵی 1961 ز بەغدا

فەرهەنگ (پەرچێ یەکەم(Ferheng) (، (perçê yekem، ساڵی 1962 ز بەغدا
فەرهەنگ (پەرچێ دووەم(Ferheng) (، (perçê diwem، ساڵی 1962 ز

بەغدا
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی
شارەکان: ماردین
نەتەوە: کورد
وڵات: باکووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 746
## جگەرسۆز پێندرۆیی
http://www.kurdipedia.org/?q=20121223122820744434
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: وەرگێڕ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 747
## جوان عەبدولەتیف یونس
http://www.kurdipedia.org/?q=20150818101344125346
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس
ڕەگەزی کەس: خانمان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 748

## جوان مستەفا

http://www.kurdipedia.org/?q=20130505095445827 68

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 749

## جوانە ئەسود

http://www.kurdipedia.org/?q=20130221832448063 3



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 750

## جوانە ئەسوەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20121210210917742 91



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 751

## جوتیار ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021721185882316

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 752

## جوتیار تۆفیق

http://www.kurdipedia.org/?q=2011082422070519386

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 753

## جومعە کانی لەلەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150604212849121298



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 754

## جووتیار چۆمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2010111415412210720



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 755

## جووتیار دەربەندیخانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201009280951539718



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: دەربەندیخان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 756

## جیهاد ئەحمەد حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818093415125320

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 757

## جیهاد خاوەری

http://www.kurdipedia.org/?q=20141224211547118474



ناوی جیهاد نوری بە جیهاد خاوەری ناسراوە.
لەساڵی 1987 لە هەڵەبجە /تەوێڵە لەدایکبووە.
مامۆستا و پسپۆری مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی.
چەندین لێکۆلینەوەی نووسیوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا و خاوەنی دوو پەرتووکە.
سەرنوسەری گۆڤاری (تێشک) تا ئیستا 10 ژمارەی دەرکردوە گۆڤارەکەیان.
ئەندامی سەنتەری ئەکادیمی ئاتنا کە بۆ بواری مەعریفی و ڕۆشنبیریە بە شێوەی "بینراو،بیستراو، نوسراو"

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 758

## جیهاد عەلی گولی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012061810074170134

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 759

## جیهاد مستەفا

http://www.kurdipedia.org/?q=201009071526499413



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 760

## جیهاد مەولود دەلۆیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100815094107468



نووسەر و رۆژنامەنووس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 761

## جیهان ئارا

http://www.kurdipedia.org/?q=20081119125756394



جیهان ئارا کچی مەلا نەشئەتی پاوەییە، لەبنەماڵەیێکی ئوروستوکراتی لەساڵی 1858 لە پاوە لەدایکبووە، لای باوکی و مامۆستایانی دیکە خوێندوویەتی، بایەخی بەزمانی عەرەبی داوە.
وەک هەموو کچێک ژیانی منداڵی و عازەبی لەماڵی باوکی بردۆتەسەر. سەید تاهیری هاشمی بەرێزەوە ناوی جیهان ئارا دەبات، بەیەکێک لەزانایانی پاوەی دادەنێت، دەڵێت لەجوانیدا شۆخ و شەنگ و بێ وێنە بووە، شیعری جوانی نووسیوە.
جیهان ئارا هێشتا بچووک بووە کە حەمەبەگی وەکیل حەزی لێ کردووە، چووە بۆ خوازبێنی بەڵام شووی پێ نەکردووە. لەپاشانا شووی بەعەلی ئەکبەرخانی ئەردەڵانی کردووە، ئەمەپورزای خۆی بووە لە باوکییەوە. لەدوای ماوەیەکی کەم لەساڵی 1880 عەلی ئەکبەر لەلایەن ناسرەدین شای قاجارەوە بانگ کراوەتە تاران و کراوە بە بەرێوبەری ئازربایجان. ئیتر ئەم کابرایە لەو خۆشییەدا جیهان ئارای لەبیر دەچێتەوە، کچێک لەشازادەکانی قاجار دێنێت و بەم هۆیەوە تەڵاقنامە بۆ جیهان ئارا دەنێرێت. زۆری پێ ناچێت جیهان ئارا مێرد بە حەبیبوڵلاخانی سەرەک عێلی بابەجانیی جاف دەکات. لەمە چەند منداڵی دەبێت و ژیانی وەک خانمی ماڵ دەباتەسەر.
ئەم ژنە شاعیرە لەساڵی 1911 لە جوانرۆ کۆچی دواییکردووە و هەر لەوێش بەخاک سپێرراوە.
سەرچاوە: ماڵپەری خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 762

## جێگر خدر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110808093152605592



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 763

## جەبار ئەحمەد سابر

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165804712 81

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 764

## جەبار تەنیا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150208221046119295

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێر

رەگەزی کەس: 👤پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 765

# جەبار جەمال غەریب

http://www.kurdipedia.org/?q=201006201933154457



لەساڵی 1961ز لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە.
•خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەو شارە تەواو کردووە.
•بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە بەغدا و لەساڵی 1985ز لە زمان وئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب، زانکۆی بەغداد وەرگرتووە.
•لەسەرەتای هەشتەکان وەک چیرۆکنووس دەستی پێکردووە و یەکەم چیرۆکی لە گۆڤاری بەیان بەناوی پاشەڕاو بڵاوکردۆتەوە، لە چیرۆکە ناسراوەکانی
•تەمە پیاو
•شکانی زێ
•گیانی تاشەکان
•پیاوانی مەرمەڕ
•لەگەڵ چەندان چیرۆکی دیکە دواتر لەبەرگێکدا بە ناوی(نامەکانی ژاکۆن) بڵاوکرانەوە.
•لە ساڵانی نەوەدەکان دەستی کردووە بە نووسینی نۆڤلێت وچەندان نۆڤلێتی لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە، بەتایبەتی لە گۆڤاری راماندا.
ناسراوترین نۆڤلێتەکانی.
•ناموسی تۆزوبا
•ژنانی ئاو
•لە ناوەندی نەوەدەکانەوە رووی لەنووسین و بڵاوکردنەوەی رۆمان کردووە وهەر لە ساڵەنەشدا رۆمانی کوردی خوێنێکی تازەی تێگەڕا ئەوەش ناوی بەشێک لە رۆمانەکانی.
•چناری شیر
•شێخی داموس
•دنیا لە کتێبێکدا
•پێنجەمین کتێب
•لەسەر باران دەنووسم
•نەتەوەی زێرابەکان
•ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبلن
•نەتەوەی زێرابەکان
•زێپرا ناوێک بۆسەر کێلەکەم
•رۆمانە کورتەکان
•دەستێک لە بەهەشت
•پەیکەرێک لە تۆزی تەباشیر
•جگە لە رۆمان و نۆڤلێت و چیرۆک جەبار جەمال غەریب چەندان لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی لەسەر چیرۆک و شانۆ رۆمانی کوردی و

بیانی نووسیوە کە دواتر دەزگای سەردەم بە کتێبێکی سەر بەخۆ بڵاوی کردنەوە بەناوی(خوێندنەوەی کتێب)
•لە بواری ئەدەبی منداڵان سێ کتێبی بڵاوکردۆتەوە بە ناوەکانی
•تۆش من دەناسی (چیرۆک)
•هاتنەخوارەوەی فریشتەکان(چیرۆک وەرگێرراو)
•ئەوە جگە لە چەندان لێکۆڵینەوە و بابەتی رەوشنبیری و فیکری کە لە گۆڤارو رۆژنامەکان بڵاوکراونەوە. وەکو
•ئەفسانەی نیشتەخێبوون
•گریان لە مەحمود پاشای بابانەوە تا قالەمەڕە.
•دەنگ لە قەوانی قیرەوە تا رادیۆی نەوا.
•سندوقی رەشی وێنە یان سندوقی رەشی نهێنیەکان
•کوردو کۆچ و مەنفا (هۆکارەکان و جۆرەکانی کۆچ)
•رۆڵی ئایینەکان لە فۆرمەلە بونی کەلتووری کوردیدا(ئسلام،مەسیحی، یەهودی)
•چیرۆکەکانی ناو تەورات. کتێبێکی سەربەخۆیە بۆ لێکۆلینەوەی ورد لە چیرۆکەکانی ناو تەورات.
•ئەو بابەتە بۆ رێز لێنان لە کارەکانی جەبار جەمال غەریب لە کۆتایی ساڵی رابردوو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی رەشنبیری و هونەر ئامادەکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | قەڵادزێ |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 766

## جەبار حەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013010623404074768



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 767

**جەبار ڕەحمان کەریم**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818093120125318

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 768

**جەبار ڕەزا مەحموود محەمەد**

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165801712000

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 769

**جەبار سابیر**

http://www.kurdipedia.org/?q=20090308202023160З



لە زمانی خۆیەوە:
من لەکۆتاییەکانی ساڵی (1975) لەدایک بووم، خویندنم تا قۆناغی یەکەمی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەشی میکانیک بڕیوەو دواتر لەبەر هەندێک هۆکار بۆم تەواونەکراوە.
لەسەرەتای نەوەدەکانەوە شیعرو بابەتی ئەدەبیم نوسیوەو وەک شێوە کارێکیش کارمکردووەو یەکەمین پێشانگای شێوەکاریم لەقۆناغی ناوەندیدا کردۆتەوە، تائێستا بەشداری زیاتر لە (10) پێشانگای هاوبەشم کردووەو بەرگی زیاتر لەپازدە (15) کتێبم نەخشاندووە. لەساڵی (1997)وە بەردەوام بابەتم لەرۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوە و بەگشتی خاوەنی ئەم کتێبانەم (پروشە، شیعری منالان ساڵی 1998، کەڤاڵی وەنەوشە، شیعری منالان ساڵی 2000، گۆرانییەکی قژ زەرد، شیعر ساڵی 2002، ئەو منالەی دوێنێ گریا، ستونی رۆژنامەوانی تەنز ئامێز ساڵی 2004، چرپەچرپی ئەودیو ئازادییەکانی ژن، وتار لەمەڕ پرسی ژن ساڵی 2004، بەهەشتێ لەکاغەز، ستونی رۆژنامەوانی تەنز ئامێز ساڵی 2005، دڵۆپە، شیعر ساڵی 2005، بچوکبوونەوەی ئینسان، ستونی رۆژنامەوانی تەنز ئامێز ساڵی 2006، باویلکە، شیعری منالان ساڵی 2006) ئێستاش سکرتێری (یانەی قەڵەم)م لەسلێمانی و سەرپەرشتیاری پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەمیشم.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 770

## جەبار عەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=2012012013415863912



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 771

## جەبار عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100906155625938 3



رۆژنامەنوس و بێژەر لە دایکبووی گوندی سرێشمەی خەلیفانە، دەرچووی بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێرە و ئێستاش قوتابی یە لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی سۆران یەکیکە لەو رۆژنامەنوسانەی کەگرنگی بە بە بابەتی تەنز دەدات ولە دەڤەری سۆران توانیویەتی جێ پەنجەی خۆی دیاربکات. یەکەم کاری نوسینی لە ساڵی 1998 لە رۆژنامەی برایەتی بڵاوکردۆتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کوردستان ئۆنلاین کاری کردووە، لە زۆر لە رۆژنامەو گۆڤارەکان نوسین و راپۆرت وریپۆرتاژی بڵاو کردۆتەوە، لە رادیۆی زاری کرمانجی کۆمەڵێک بەرنامەی جۆراو جۆری پیشکەش کردووە.
سەرچاوە: یاسین برایم - ماڵپەڕی رواندزی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | راگەیاندکار |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 772

## جەبار قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=20091103123347226 1



نووسەر و مێژوونووس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: مێژوونووس

جۆری کەس: )ئەکادیمی(

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کەرکوک

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 773

# جەرجیس فەتحوڵڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=201209042115333742



جەرجیس فەتحوڵڵا لە ساڵی 1922 لە شاری موسڵ لە خێزانێکی ئاشوری مەسیحی هاتۆتە دنیاوە.
لە ساڵی 1943 بڕوانامەی پارێزەری وەرگرتووە.
وەکو زۆربەی گەنجانی ئەو سەردەمە دەبێتە چەپ و مارکسی، دوای دەبێتە ئەندامی حیزبی شیوعی و حیزبی گەل، خاوەنی چەندین وتارە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا دەنووسێت، دەبێتە مێژوونووسێکی باش. دوایی لە ساڵی 1958 واز دەهێنێت و دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.
ساڵی 1968 لەلایەن حیزبی بەعسەوە دەگیرێت و فەرمانی کوشتنی بۆ دەردەکەن. بەڵام فەرمانەکە جێبەجێ ناکرێت و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە زیندا دەمێنێتەوە، دوایی بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و لە ساڵی 1968دا بەردەدرێت.
هەر لەو ساڵانەدا ئەم دوو کتێبە، کە لەسەر کورد نووسراوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی (مهد البشريه) و(رحله الى رجال شجعان).
هەروەها بۆ خۆشی ئەم کتێبە لەسەر کورد دەنووسێت " سەردانێک بۆ ڕابردووی نزیک."
لە ساڵی 1970دا هاوبەشی کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، یەکێک دەبێت لەوانەی خەریکی ڕەشنوسی یاسای مافی خودموختاریی و ئۆتۆنۆمی دەبێت کە دەیخەنە بەردەم حکومەتی بەعسی ئەو سەردەمە.
دوای ئاشبەتاڵەکە جەرجیس فەتحوڵڵا وەک زۆربەی ئەندامی پارتی ڕوو لە ئێران دەکات و بەدوایدا وەک پەنابەر دەچێتە سوید و لەوێ دەگیرسێتەوە.
ساڵی 2000 بۆ یەکەمجار سەردانی کوردستان دەکاتەوە.
لە ڕۆژی 23 / 7 / 2006 لە کوردستان بە سەکتەی دڵ، گیان لە دەست دەدات و لە (عەینکاوە) بە خاک دەسپێردرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کوردستانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 774
## جەزا تۆفیق تاڵب
http://www.kurdipedia.org/?q=20121126222455573968
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 775
## جەزا چنگیانی
http://www.kurdipedia.org/?q=200911031245572264
...


تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 776

## جەزا سیاگوێزی

http://www.kurdipedia.org/?q=20121125212647739 26

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 777

## جەزا عەلی ئەمین

http://www.kurdipedia.org/?q=20130213210643757 67

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 778

## جەزا عەلی شەریف

http://www.kurdipedia.org/?q=20130329204534826 36

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 779

## جەزا قەرەداغی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110125113741330231

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 780

## جەعفەر حسێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20130520202452830091

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 781

## جەعفەر حەسەنپوور

http://www.kurdipedia.org/?q=20150404003255120786



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: چالاکی سیاسی

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: مەهاباد

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 782

## جەعفەر سەروکانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012070311493371649



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 783

## جەعفەر عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011041022371819478

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 784

## جەعفەر گوانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2010111312331210710

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئیسلامی سیاسی

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 785

## جەعفەر کەریمی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014030121220933382

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 786

**جەفعەر حەسەنپور**

http://www.kurdipedia.org/?q=200908211517231958



لەساڵی (1949)-ی عیسایی لەشاری سابڵاغ (مەهاباد) لەدایک بووە.
لە 1983 را لەسوید دەژی ولە 2006 بەهۆی نەخۆشی خانەنشین کراوە.
لەسابڵاغ خوێندنی سەرەتایی و چوارساڵ لە خوێندنی ئامادەیی و لەتاران لەفێرگەکانی لامعی و خارەزمی، باقی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکا. لە 1973 لە زانستگەی تاران دەبێتە بەکەلۆریا (لیسانس)-ی زانستەکۆمەڵایەتییەکان و لە 1999 لە زانستگەی ئوپسالا لەسوید، دەبێ بە دوکتور لە زمانە ئێرانییەکاندا. نامەی دوکتوراکەی لێکۆڵینەوەیەکە لەو وشانەی کە لەزمانە ئوروپاییەکان و فارسی و عارەویی را هاتوونەتە ناوکوردی خوراوو (سۆرانی).
دوای تەواوکردنی خوێندن، دەگەڕێتەوە سابڵاغ و دەبێتەمامۆستای فێرگە ئامادەییەکان. لەسوید لە زانستگەکانی ئوپسالا و کارلستاد خەریکی کارکردن بووە ولە شارەوانی کارلستاد بەرپرسی پرۆژەی گونجاندنی پەنابەران .
نامەی دوکتوراکەی چاپ و بڵاوبووەتەوە. وتارەکانی جەفعەر حەسەنپور بە کوردی، ئینگلیزی و سویدی لە گۆڤارەکانی سوید و کوردستان بڵاوبوونەوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی دوکتور جەعفەری حەسەنپوور

تایبەتمەندییەکانی بابەتە

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | (ئەکادیمی) |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 787

**جەلادەت عەلی بەدرخان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2008110711164580



جەلادەت عەلی بەدرخان یان میر جەلادەت لە20ی مانگی نیسانی ساڵی 1893 لەئەستەنبول لەدایک بووە. ناو براو کوری سیاسەت مەدار و رۆشەنبیری بەناوبانگی کورد ئەمین عەلی بەدرخانەکەئەویش کوری میر بەدرخانە.میر جەلادەت کەلەدایک دەبێت بنەماڵەیان لەئەستەنبول لەمەنفا بوون. دایکی سەنیحەخانم چەرگەز بووەو باوکیشی ئەمین عەلی موفتی دادگای ئەستەنبول بووە. ناو براو لەو ساتەرۆڵێکی گرنگی هەبوو لەناو بزۆتنەوەی کوردایەتی دا. هێژا میر جەلادەت سیاسەت مەدار و رۆژنامەوان و زمان زانێکی گەورەی کورد بوو.ناو براو کورەگەورەی بنەماڵەی بەدرخانیان بوو.جەلادەت وەک پێشەنگی زمانی کوردی بەپیتی لاتینی ناسراوەو لەسەر زمانی کوردی خەبات و تێکۆشانێکی بەنرخی کردووەو دوور لەووڵات گۆڤاری هاوار و رووناهی دەرخستووە.خەبات و تێکۆشانی ئەدەبی ئەم گەورەپیاوەبووەبەرێبازی هاوچەرخی زمانی کوردی. هێژا لەژیانی سیاسیدا زۆر چالاکانەخەباتی نەتەویی دەکرد و ئەندام و دامەزنێنەری خۆیبوون بوو. دوای شەری بەدرخانیەکان لەدژی سوڵتان عبدالحمید هەموو خانەوادەیان بەرەو یەمەن دوورخرانەوە. دوای سەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی تورکیا بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال ئاتاتورک هەموو مافەکانی گەلی کورد قەدەغەکران و ئەمین عەلی بەدرخان لەگەڵ هەرسێ کورەکانی فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو.ئەمین و کورەکەی سورەیا بەرەو میسر و کامووران و جەلادەت بەرەو ئالمانیا رۆیشتن. ئەوان لەئالمانیا دەستیان کرد بەخوێندنی باڵا و جەلادەت لەحقوق دکتۆرای وەرگرت. ناو براو لەساڵی 1930 گەرایەوەشام و لەوێ دەستی کرد بەتێکوشانی نیشتیمانی و لەناو بزوتنەوەی خۆیبوون ئەندامێکی چالاک بوو. هەروەها جەلادەت یەکێک لەهاوکار و بەشدار بووەکانی سەرهەڵدانی ئاگری بووە. جەلادەت بێجگەلەزمانی کوردی ئەم زمانانەش زۆر بەباشی ئەزانی وەک : ئینگلیزی، فەرەنسی،ئالمانی، تورکی، فارسی، عەرەبی، عێبری، یونانی. بەرەی سێیەمی بنەماڵەی بەدرخانیەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا بەجەلادەت، کامووران و رەوشەن بەدرخان دەستی پێکرد و بەمانەش کۆتایی پێ هات. بێگومان لەبەرەی سێیەم جەلادەت بەدرخان رۆڵی زۆر گرنگی بینیووە.
چونکەعوسمانیەکان قەدەغەیان کرد بوو کەبنەماڵەی بەدرخانیەکان بچنەکوردستان، ئەمین عەلی بۆ ئەوەی منالەکانی دا نەپرێن لەچاند و زمانی کوردی لەکوردستان گۆرانی بێژ و چیرۆک بێژی دەهێنایەلای خۆیان.جەلادەت لەگەڵ خۆشک براکانی لەژێر دەستی ئەماندا گەورەبوون،هەروەها بەدرخانی لەئەستەنبول لەگەڵ بنەماڵەدوورخراوەکان وەک بنەماڵەی(شەمزینی و بابانی و جەمیل پاشا) پەیوەندیان هەبوو. عوسمانیەکان هەمیشەگومانیان لەبنەماڵەی بەدرخانیەکان بوو. هەر لەبەر ئەم هویەش بوو کەلەکاروباری فەرمی دانەئەمەزرا و زوو بەزوو جێگایان پێ ئەگۆری.جەلادەت ژیانی منداڵی لەگەل باوکی لەمەنفا لەئەستەنبول، ئەدرنە، کۆنیای ئاقا، ناهلووس و سەلانکێ بەسەر بردووە. لەتەمەنی 18 ساڵیدا دەستی بەخۆێندن کردووەلەمەدرەسەی حەربیە.لەساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم وەک مامۆستای پێگەیاندنی ئەفسەر کاری کردووەو لەبەرەی قەفقاز دژی رووسەکان شەری کردووە. دوای لەئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم ئیمپراتۆری عوسمانی تێک چوو و لەناو وەلاتپارێزانی کورد پرۆسەیێکی رێکخستنی دەستی پێکرد،جەلادەت لەئەستەنبول دەستی کرد بەکاری سیاسی و بوو بەیەکێک لەچالاکەکانی(کۆمەڵەی رێکخستنی کۆمەڵگای کورد). ئەو لەدوای بەدەست هێنانی هەلێکی لەبار دەگەرا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.دوای تەواو بوونی شەر وڵاتانی سەرکەوتوو وەک بریتانیا لەکوردستان کەوتەجموجوڵ. جەلادەت لەساڵی 1919 لەگەڵ برای

کامووران و ئەرکان جەمیل پاشا و فایق تەوفیقی بەرەو کوردستان ڕۆیشتن. چەند ئەفسەرێکی سیاسی بریتانیشیان لەگەڵ بوو وەک ماژۆر هۆێل. ئامانجیان ئامادەکاری پەیمانی سێڤر بوو. کەمالیستەکان کەلەمەبەستی جەلادەت و هاورێکانی ئاگادار بوون چەکداری ناردەسەریان و مەجبور کران بگەرێنەوە. جەلادەت بەدرخان لەگەشتەکەیدا بەرەو شاری(مالاتیا) ڕۆیشت و بەناو کوردستان دا گەڕا ئاگاداری بارودۆخی هەرێمەکەبوو.هەروەها لەم گەشتەیدا زۆر وشەو مەتەڵ و چیرۆکی کوردی کۆ کردەوە. لەئەنجامی پەیمانی (سێڤر) بەچاودێری نوێنەری کوردەکان شەریف پاشا بەشێک لەمافەکانی نەتەوی گەلی کورد دەست نیشان کران.لەساڵی 1922 هاوکات لەگەڵ هاتنی کەمالیستەکان بۆ سەر حوکم شاری ئەستەنبۆلیان خستەژێر دەست و حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ هەموو سەرکردەکانی کورد دەرکرد بەردخانیش یەکێک بوو لەو سەرکردانە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش جەلادەت و براکەی کامووران، سەفدەر تەوفیق و برازاکەی حەقیلەساڵی 1923 بەرەو ئالمانیا کەوتنەڕێ و لەئالمانیا دەستیان کرد بەخوێندنی باڵا لەزانکو دا و هەروەها باوکی میر جەلادەت ئەمین عەلی لەگەڵ گشت ئەندامانی بنەماڵەکەی بەرەو میسر کۆچیان کرد. لەساڵی 1925 کەبزۆتنەوەی شێخ سەعیدی پیران لەباکووری کردستان دەستی پێ کرد جەلادەت بۆ بەشداربوون لەشۆرشی شێخ سەعید بەنهێنی بەرەو کوردستانی باکوور کەوتەرێ.بەڵام تا ناو براو گەیشتەکوردستان شۆرش هەرەسی هێنا بوو،جەلادەت بەهاوکاری کۆچەرەکانی کوردستان لەووڵات دوور دەکەوێتەوەو جارێکی تر بەرەو ئالمانیا دەگەرێتەوە.هەر لەم بەینەدا برای بچۆکی سەفدەر لەئالمانیا کۆچی دوایی دەکات و تەوفیقی برای بەرەو تورکیا دەگەرێتەوەو لەژێر فشاری کەمالیستەکان پاش ئەوەی ناوی خۆی دەگۆرێت بە(چنار) دەکەوێتەخزمەت کردن بەتورکەکان.ڤەسیف چنار برازای میر بەدرخانی لەلایەن کەمال ئاتاتورکەوەوەک وەزیری پەروەردەدامەزرا بوو. (بۆ زانین ناو براو لەبنەماڵەی بەدرخانیەکان دەرکراوە).کامووران دوای گەڕانەوەی جەلادەت لەئالمانیا مایەوەو دکتۆرای لەحقوق وەرگرت. جەلادەت دوایی کەزانکۆی لەئالمانیا تەواو کرد بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا چووەووڵاتی میسر. ئەو کاتەباوکی جەلادەت لەبەر مردن بوو. دوای مردنی باوکی چووەبەیروت و لەوێ نیشتەجێ بوو. لەو ڕۆژگارەدا لەبەر زوڵم و زۆرداری کەمالیستەکان زۆربەی رووناکبیرانی کورد بەرەو سوریا کۆچیان کردبوو و لەو وڵاتەکۆببوونەوە. کەمالیستەکان دوای شۆرشی شێخ سەعیدی پیران جارێکی تر کەوتبوونەگیانی رۆشنبیرانی کورد بەتایبەت ئەوانەی کەبەرەو هەندەران کۆچیان کرد بوو.جەلادەت دوایی لەبەیروت نیشتەجێ دەبێت ودەکەوێتەناو بزۆتنەوەی وەڵاتپارێزانی کورد. هەر لەم کاتەدا هەوڵدانێک بۆ دامەزراندنی رێکخستنێکی نەتەوی دەست پێ دەکات. دوای بەشدار بوونی جەلادەت لەرێکەوتی 5/ئەیلولی ساڵی 1927 لەلوبنان لەشاری بێحێمدوون کونگرەی دامەزراندنی رێکخستنی خۆیبوون دامەزرا. بێجگەلەجەلادەت بەدرخان رۆناکبیر (د.نوری دێرسمی، قەدری ڤان، د.نورەدین زازا، مەمدوح سەلیم وانلی،حەمزەبەگێ موکسی، ئەکرەم و قەدری جەمیل پاشا و سەرۆک عەشایری وەک حاجۆ ئاغا،ئەمینێ پەریخانێ، مستەفایێ شاهین بەگی بەرازی، بەدرەدین حەبزبنی) و زۆر کەسایەتی تر بەشداری کونگرەی دامەزراندن بوون. یەک لەپریارەکانی خۆیبوون ئەوەبوو کەبۆ پشتگیری لەبزووتنەوەی ئاگری لەسنورەکانی بن خەتێ (سنۆری تورکیا و سوریا) دەست بەتێکۆشانێکی چەکدارانەبکەن. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پریارەجەلادەت بەدرخان بەهاوکاری حاجۆ ئاغا و رەسووڵ ئاغای محەمەلەناوچەی تۆری و بەهاوکاری سواری کورد هێرش بەرنەسەر

قەرەقۆلێکی تورکەکان. چۆنکەئامانجی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا جەلادەت بەرەو شاخی ئارارات کەوتەرێ و لەبزۆتنەوەی سەرحەد بەشداری کرد.لەبەر ئەوەی ئەم بزۆتنەوەیەش سەری نەگرت ناو براو لەگەل ئیحسان پاشا بەرەو ئێران چوون. شای ئێران محەمەد رەزا پاهلەوی بۆ ئەوەی میر جەلادەت لەبزووتنەوەی کوردایەتی دوور بخاتەوەداوای لێ کرد لەیەکێک لەوەڵاتەکانی ئەم جیهانەوەک کونسلوسی ئێران کار بکات. چونکەجەلادەت داواکاری شای ئێرانی رەت کردەوەهەر ئەو کات لەئێران دەرکرا.دوای ئەوەی لەئێران دوورخرایەوەماوەیەک لەکوردستانی باشوور و لەشاری بەغداد پایەختی عێراق مایەوە. بەڵام ئینگلیزەکان پێیان خۆش نەبوو ئەو لەعێراق بمێنێت ودا وایان لێ کرد کەعێراق بەجێ بهێڵێت، بەناچاری گەڕایەوەسوریا و لەکوردستانی خوارو بەردەوامی دا بەخەباتی خۆی. لەوێ بەهاوکاری بنەماڵەی جەمیل پاشا و حەمزەی مکسی و حاجو ئاغا بەناوی کومەڵەی هاوکاری کوردەکانی بەلنگاز کومەڵەیەکیان دامەزراند. ئامانجیان ئەوەبوو کەهاوکاری ئەو کوردانەبکەن کەلەباکووری کوردستان بەرەو سوریا هەڵاتوون. سوریا لەو کاتەدا لەژێر دەسەڵاتی (ئینتداب) داگیرکەری فەرەنسا دا بوو.پەیوەندی فەرەنسا و کەمالیستەکان لەئاستێکی باش دا بوو. لەبەر داواکاری و فشاری تورکەکان بۆ سەر فەرنسیەکان ئەوانیش بەدڵیان نەبوو ئەوان لەکوردستان بمینن. لەساڵی 1930 لەگەل چەند رۆشنبیر و سەرکردەیەکی کورد بەئیجبار لەشام نیشتەجێ کران.بێ ئەنجام بوونی خەباتی سیاسی و ژێردەستی وڵاتانی داگیرکەر و سەردەست جەلادەت بۆ خەبات و تێکۆشان بەدوای رێگەچارەیەکی تردا گەرا.هەروەها بارودۆخی ناوچەکەش بەشێوەیەک بوو کەتوانای راپەڕینی بزۆتنەوەیەکی نەتەوەیی تری نەدەبوو.هەروەها بارودۆخی ناو خۆی کوردیش زۆر لاواز بوو، زۆربەی گەلی کورد نەخوێندەوار بوون هەروەها بواری رۆشنبیری کورد لەئاستێکی زۆر نزم دا بوو. لەکوتایدا گەیشتەئەو ئەنجامەی کەکورد پێویستی بەخولقاندنی بوارێکی رۆشنبیری هەیەو بریادی دا لەم بوارەدا کار و خەباتی خۆی بەردەوام بکات.لەو رۆژانەی کەجەلادەت لەشام بوو دەستی کرد بەکاری زمانەوانی و ئالفابێی لاتینی کوردی بەبەرهەم هێنا. جەلادەت بەهەڵسەنگاندنی زۆر لەزمان و ئالفابێیەکان گەیشتەئەو ئەنجامەی کەئالفابێتی لاتینی باشترین ئالفابێتەبۆ زمانی کوردی و رێگا خۆشکەرەبۆ نووسەرانی کورد. هێژا هەر لەساڵی 1919 باوەری بەم جورەرێبازەهەبوو و کەلەئالمانیا بوو لەسەر ئەتیمۆلۆژی کارێکی بەنرخی ئەنجام دا بوو. بۆ ئەوەی ئەم بووچوونەی بخاتەبواری پراکتیزەکردن پێویستی بەدەرکردنی گۆڤارێک بوو کەلەساڵی 1931مۆڵەتی لەفەرانسا وەرگرت کەلەسوریا گۆڤارێک دەر بکات. دوای خۆ ئامادەکردن لە5ی گووڵانی ساڵی 1932 ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (هاوار) گەیشتەدەستی خوێنەران. هەر لەم ساڵەشدا کتێبێکیبەناوی رێزمانی ئالفابێی کوردی بەچاپ گەیاند. گۆڤاری هاوار مانگی دوو جار دەر دەچوو. لەهەر ژمارەیەک 3-4 لاپەڕەبەزمانی فەرەنسی بوون. تا ژمارە23 بەهەردوو ئالفابێی لاتینی و عەرەبی دەردەچوو.بەڵام دوای ژمارەی 23 هەر هەمووی بەزمانی کوردی ئالفابێی لاتینی چاپ دەکرا.لەژمارەکانی سەرەتایی هاوار زۆربەی بابەتەکان لەلایەن جەلادەت و براکەی کامووران کەئەویش لەلوبنان هاتبوو ئامادەدەکران، بەڵام دووای ژمارەی چوار زۆر نووسەری تر بەشدارییان کرد و زۆرلەو نووسەرانەلەبوارەکانی گوتار و زمانی کوردی بوون بەنووسەری بەناو بانگ.ئەم گۆڤارەبووەبانگێک بۆ وێژەو زمانی کوردی و تا ساڵی 1943 بەردەوام بوو. جەلادەت لەژمارەی یەکەم و رستەی یەکەم وەها دەستی پێکرد : هاوار دەنگی زمانە. زمان خۆ ناسینە– خۆ ناسین بۆ ئێمەی کورد تەنها رێگایەبۆ ئازادی و سەربەخۆ

بوون. جەلادەت لەشام لەبوارێکی زۆر ناخۆش دا دەژیا کەمالیستەکان لەتورکیا هەموو واریداتی بنەماڵەکەیان داگیر کرد بوو. هەر نالەباری باری ئابووری ناچاری کردبوو وەک ماموستای وانەی فەرانسی دەرس بداتەوەو هەروەها کاری پارێزەریش بکات. میر جەلادەت لەشام تەنها ژوورێکی هەبوو کەبنکەی گۆڤاری هەوار و جێگای پێشوازی مێوانەکان و جێگای ژیانی بوو بەڵام هەر بەدوای دەرفەتێک دەگەرا کەجارێکی تر بەگەرێتەوەکوردستان. بەڵام دوای ئەوەی بزوتنەوەی بنەماڵەی علی یونس لەناوبرا جەلادەت تێگەیشت کەئەو دەرفەتەبەم زووانەناپەتەدی. لەبەر ئەم هۆیەش بوو کەناو براو لەساڵی 1935 لەشام لەگەڵ ئامۆزاکەی رەوشەن خانم خێزانی پێک هێنا. لەو کاتەدا رەوشەن خانم ماموستا بوو.بەرهەمی ئەم هاوژینیەسێ منالیان دەبێت بەناوی (جەمشید و سینەمخان و سافدەر) سافدەر هەر لەتەمەنی یەکساڵی ئەمرێت. هەروەها کچی رەوشەن خانم بەناوی ئوسەیما لەمێردی یەکەمی لەلای ئەوان دەژیا. لەمناڵەکانی جەلادەت جەمشید لەئالمانیا دکتورای وەرگرت و لەساڵی 1999 کۆچی دوایی کرد،جەمشید کور و کچێکی بەناوی کوردو و ئەڤین هەبوو ئەوان ئێستا لەئالمانیا نیشتەجێن. هەروەها کچەکەی جەلادەت سینەمخان لەعێراق لەشاری بەغداد نیشتەجێ بوو تا ئیستا چەندین پەرتووکی لەسەر مێژووی کوردستان نووسیوە. ئوسیەم لەگەل خانەوادەی خۆی لەمیسر / قاهێرەنیشتەجێ بووە. لەگەڵ دەست پێکردنی جەنگی جیهانی(دووەم) جارێکی تر فشاری سیاسی لەسەر رۆشنبیرانی کورد لەسوریا زیادی کرد.دەوڵەتی فەرانسا لەساڵی 1943 تا ساڵی 1946 مانەوەی جەلادەت بەدرخانی لەشام فەرز کردو ئەم فەرز کردنەلەلایان دەوڵەتی سوریا تا سالی 1948 بەردەوام بوو. قەدەغەبوو کەجەلادەت بۆ دەرەوەی شام سەفەر بکات. دوای دەست پێکردنی جەنگی جیهانی دووەم جەلادەت لەشام دەستی کرد بەکاری رۆژنامەگەری و گۆڤاری (رۆناهی) دەرکرد.پێنچ ژمارەی یەکەمی رۆناهی لەسەر دەنگوباسی شەری جیهانی بوو.بەڵام دواپی بوو بەگۆڤارێک کەلەهەموو بوارەکانی زمان و وێژەی کوردی بابەتی بڵاو دەکردەوە. (لەساڵی 1943 گۆڤاری هاوار راگیرا)، میر جەلادەت گرنگی دا بەگۆڤاری رۆناهی. هەر لەو کاتەدا برای میر جەلادەت، کامووران لەلوبنان گۆڤارێکی بەزمانی فەرانسی و کوردی بەناوی (رۆژا نوو) دەر دەکرد. ئەو گۆڤارەش تا ساڵی 1945 بەردەوام بوو. میر جەلادەت بەدرخان بێجگەلەدەرکردنی گۆڤار و رۆژنامەگەری چەندین پەرتووکی نووسیووەو هەروەها لەزۆربەی گۆڤار و رۆژنامەی کوردی و زمانەکانی تری ئەو سەردەمەبابەتی بڵاو کردوتەوە.بەهۆی ئالۆزی باری ئابووری میر جەلادەت لەساڵی 1950 لەگوندی حاجانێ نزیک بەشام کاری کشتوکاڵی کردووە. ئەو ناچار بوو ئەم کارەبکات بۆ ئەوەی ژیانی ماڵ و منداڵی خۆی مسۆگەر بکات. هەر چەند زۆر لەبرادەرانی دەوڵەمەند بوون و ویستویانەهاوکاری بکەن بەڵام ناو براو پەسەندی نەکردووە.لەگوندی حاجانێ بۆ ئاو دێری پەمۆ بیرێکی گەورەی هەڵکەندووەلەئەو نامانەی کەبۆ بنەماڵەکەی نووسیوەهاتووەناوی بیرەکەی ناوە(بیرا قەدەرێ). میر جەلادەت لە15 ی مانگی گەلاوێژی ساڵی 1951 لەگوندی حاجانێ وەفاتی کرد و لەتەنیشت باپیری میر بەدرخانی لەگۆرستانی شێخ خالید نەقشبەندی لەشام لەگەرەکی کوردەکان نێژراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 👫کەسایەتی

جۆری کەس: 📰رۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی
نەتەوە: کورد
وڵات: باکووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 788

## جەلال ئەحمەد قادر مەحموود

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165803712 35

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 789

## جەلال بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110105141808220 43



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 790

## جەلال تاڵەبانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090211120228128 6



ناسراو بە مام جەلال، لە 6ی نیسان دوای هەڵبژاردنی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقەوە لە 2005 پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقی پێدرا، بەوەش بوو بە یەکەم سەرۆکی کوردی لە مێژووی سیاسی عێراقدا کە پۆستی سەرۆکی وڵاتی لەئەستۆ گرت، هەروەها یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەوەتەی مێژووی دروستبوونی عێراقەوە لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە.
مام جەلال کوڕی شێخ حیسامەدین کوڕی شێخ نوری کوڕی شێخ غەفوور. هاوینی ساڵی 1933 لە گوندی (کەلکان) ی قەتپاڵی چیای کۆسرەت لە دایکبووە، کە دەڕوانێتە دەریاچەی دوکان .
چەند ساڵێک تەمەنی منداڵی لەو گوندە بەسەر بردووەو دواتر باوکی بووە بەر ێبەری تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە. لەوێ چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی و بە سەرکەوتوویی خوێندنی تەواو کردووە، خوێندکارێکی زیرەک لێهاتوو بووە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە نیشانەکانی سەرکردایەتی بە جۆرێ لێدەرکەوتووە کە پێش هاوڕێکانی دەکەوت بۆ کۆڕی پرسە و ئەو بۆنانەی لەو سەردەمەدا بەڕێوە دەچوون، بەیانیان لە کاتی ریزبوونی قوتابیاندا، مامۆستاکان پێش هەمووان ئەویان هەڵدەبژارد بۆ خوێندنەوەی شیعری نیشتمانیی و نەتەوەیی .
ساڵی 1945: ئاهەنگێکی میللی لە کۆیە بۆ نەورۆز سازکرا، تاڵەبانی کە لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا بوو بەشداری تێدا کرد و وتەی حەماسئامێزی خوێندەوە، بووە مایەی سەرسۆڕمانی مامۆستا و بەشداربووان.
لە ساڵی 1946 دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندکار و بەئامۆژگاری یەکێک لە مامۆستاکانی کۆمەڵەیەکی فێرکاری نهێنی دامەزراندبە ناوی (کۆمەڵەی پێشخستنی خوێندنەوە (K.P.X) (و مام جەلال بە سکرتێری هەڵبژاردرا، ئامانجێکی کۆمەڵەکە هاندانی خوێندکاران بوو بۆ خوێندنەوەی دەرەکی.
لە هەمان ساڵدا و دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە16ی ئابی 1946 کەوتە ژێر کاریگەری بەرنامەی پارتی و لە چوارچێوەی رێکخستنەکانیدا کەوتە چالاکی خوێندکارانە.
دوای چوونە ناو کاری سیاسییەوە، رۆژنامەی (رزگاری) کە پارتی دیموکراتی کورد بە نهێنی دەریدەکرد، کورتە وتاری لەژێر نازناوی (ئاگر) دا بۆ بڵاو دەکردەوە .
ساڵی 1947 بوو بە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کورد و چالاک و لێهاتوو بوو لەو ئەرک و فەرمانە حزبیانەی پێی دەسپێردران.
ساڵی 1948 خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد و لە ناوەندی کۆیە بوو بە خوێندکار، ئەو ساڵە بە ساڵی (وەسبە) (راپەڕین) ناسرابوو، کە گەلی عیراق توانی پەیماننامەی (پۆرتسماوس)هەڵبووەشێنێتەوەو حکومەتی ساڵح جەبر پڕوخێنێ و حکومەتی محەمەد سەدر دابمەزرێنێو لەو کەش و هەوا ئازادیەدا کە لە سایەی ئەم (راپەڕینە) هاتە کایەوە، هەڵبژاردنێکی گشتی خوێ،دکاران ئەنجامدرا بۆ هەڵبژادنی نوێنەرانی کۆنگرەی گشتی.
ئەوە بوو جەلال تاڵەبانی بە نوێنەری خوێندکارانی کۆیە هەڵبژێردرا و بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی خوێندکارانی عیراقدا کرد کە لە نیسانی 1948 لە گۆڕەپانی (السباع) ی شاری بەغداد بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمین جار گوێی لە شاعیری مەزن (محەمەد مەهدی جەواهیری) بوو، کە شیعرە بە ناوبانگەکەی (رۆژی شەهید) ی خوێندەوە، کە بۆ جەع فەری برای و بۆ شەهیدانی وەسبە وتبووی. ئەو ساتانە لە ژیانی تاڵەبانیدا مێژوویی بوون و وای کرد ببێتە یەکێک لە مریدەکانی شیعری ئەو و دواتریش بوو بە ئازیزترین دۆستی و ئەو دۆستایەتیە تا دوا ساتەکانی ژیانی شاعیر بەردەوام بوو.
ساڵی 1949 و لە سایەی حوکمی عور فی و تۆقاندن کە کوردستان و

عیراقی گرتەوە، تاڵەبانی لە حزبدا سەرکەوت و بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە.
لە شوباتی 195 1دا و لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد، بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بەڵام لەبەر پاراستنی ریزەکانی پارتی پلەکەی خۆی بە هەڤاڵێکی خۆی بەخشی کە دوای دەرچوونی لە زیندانی بەشداری لە کۆنگرەدا کردبوو.
لە ساڵی 1951 دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا گیراو بۆ شاری موسڵ دوور خرایەوە، لەوێش لە خەباتی سیاسیدا بەردەوام بوو و دواتر چووە کەرکوک بۆ تەواوکردنی خوێندن و سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی رێکخستنەکانی حزب و بووە بەرپرسی رێکخستنەکانی کەرکوک. لە هەمان ساڵیشدا ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی بە شێوەیەکی نهێنی گرتە ئەستۆ تا ئەو رۆژەی گیرایەوە.
ساڵی 1952 چووە کۆلیژی ماف (حقوق) لە بەغداد کە ئەو دەمە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد پەرتەوازە بوو، بەڵام مام جەلال توانیی رێکخستنەکانی حزب تۆکمە بکاتەوە.
لە کانوونی دووەمی 1953 دا بەشداریی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە مانگی شوباتدا سەرپەرشتی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کرد و لە کۆنگرەیەدا بە سکرتێری گشتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردرا و لە هەمان ساڵیشدا یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان)، هەر لەو کاتانەدا نوێنەری پارتی بوو لای زۆربەی حزبە نهێنیێ و ئاشکراکانی عیراقی.
ساڵی 1954 بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.
ساڵی 1955 سە فەری دەرەوەی عیراقی کرد و لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیهانی لە وارشۆ بەشداری کرد و لەوێوە سەردانی یەکێتی شوورەوی ئەوسا و چینی کرد.
ساڵی 1956 لەبەر چاوان ون بوو، کەوتە خەباتی ژێر زەمینی و ناچار بوو لە پۆلی چوارەمی ما فدا خوێندن بەجێبهێڵێت.
ساڵی 1957 سە فەری سوریا و مۆسکۆی کرد و لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی مۆسکۆ بەشداری کرد و هاتنی بۆ سوریا بە فرسەت زانی بۆ پەیوەندی بە کوردەکانی ئەوێوە و پەیوەندیەکی سیاسی دروستبوو. لە هەمان ساڵیشدا گەڕایەوە عیراق و بەشداری لە کارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو کرد و بوو بە بەرپرسی رۆژنامەی (خەباتی کوردستان) کە لە سلێمانی بە نهێنی دەریان دەکرد.
لە یەکەمین رۆژی سەرکەوتنی شۆرشی 14 / ی گەلاوێژی ساڵی 1958، سەرپەرشتی رێکخستنی خۆپێشاندانی جەماوەری سلێمانی کرد و بە هاوکاری هەڤاڵانی حزب لە نێو شاردا، پاشان چووە بەغداد و بەشداریی لە کاروباری مەکتەبی سیاسی و دەرکردنی گۆڤاری (رزگاری) (التحریر) دا کرد، هەروەها ئەرکی ئەو خەباتەی لە ئەستۆ گرت کە لە نێو ریزەکانی حزبدا فراوان دەبوو، وەک پێویستییەکی بوونی حزبێکی پێشڕەوی کوردستانی و رێکخراوە پێشەییەکان بەرهەڵستکاری کردنی ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنە پاشکۆی حزبێکی عیراقی.
ساڵی 1959 جارێکی تر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتدا ئە فسەری یەدەکی کەتیبەی چوارەمی تانک بوو، هەروەها بەشداری لە دەرکردنی رۆژنامەی (خەبات) دا دەکرد کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، وە بە ناوی (پیرۆت) ەوە وتاری تێدا بڵاودەکردەوە.
ساڵی 1960 بەرپرسی لقی سلێمانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی

بوو کە خولێکی هۆشیاری بۆ کادێرەکان کردەوە.
ساڵی 1961 بووە سەرنووسەری رۆژنامەی (کوردستان) و دوای داخستنی رۆژنامەی خەبات دووچاری راوونان بوو لە بەغداد، بەڵام لە شەوی نەورۆزی هەمان ساڵدا وتارێکی دژی دیکتاتۆریەت خوێندەوەو بەرگری لە بارزانی خواڵێخۆشبوو کرد کە ئەو سەردەمە قاسم کۆمەڵێک تاوانی دابۆوە پاڵ لە ئەنجامی ئەوەدا فەرمانی گرتنی دەرچوو و بە نهێنی گەڕایەوە سلێمانی و خۆی شاردەوە و بەشداری لە رێکخستنی مانگرتنی گشتیدا کرد کە لە شەشەی ئەیلوولدا کرا.
لە ئەیلولی 1961 دا کە شۆرش هەڵگیرسا، بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بوو، یەکەمین بنکەی شۆرشی لە چەمی رێزان کردەوە و سەرپەرشتی کرد و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی لیوای سلێمانی کرد تا وای لێهات زۆر فراوان بوو و بووە هێزێکی گەورە، ئەوە بوو کرا بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
لە نەورۆزی 1962 دا، سەرکردایەتی ئەو هێرشە بەر فراوانەی کرد بۆ سەر ناوچەی شارباژێر و لە ماوەی چەند رۆژێکدا دەست بەسەر هەموو بنکەی پۆلیسی ناحیەی بناوەسووتە و چوارتادا گیرا و هێزەکانی بەرەو قەزای پێنجوێن برد و تەواو ناوچەکەیان ئازاد کرد. بەم شێوەیە هەردوو ناوچەی شارباژێر و پێنجوین بوونە دوو ناوەندی شۆرش و سەرکردایەتی.
لە 1962 1963 زۆربەی ناوچەکانی قەرەداغ و قەڵاسێوکە و گەرمیان و سەنگاو ئازاد کران. ئەو دەمە مام جەلال فەرماندەی هێزی رزگاری بوو، لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی دامەزراندنی ناوەندەکانی بەمۆ و هەڵەبجە و تەوێڵە و بیارەی دەکرد.
ساڵیً 1963 و دوای کودەتا رەشەکەی شوبات، مام جەلال بە سەرۆکی وە فدی کوردی دەستنیشان کرا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی تازەدا کە لە سەرتادا رەزامەندیان لەسەر گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی رەوای کورد نیشاندا، هەروەها سەردانی کۆماری میسری و جەزائیری کرد و چاوی بە عەبدولناسر و بن بێلا کەوت و لە هەمان ساڵیشدا سەردانی ئەوروپای کرد و نوێنەرایەتی شۆرشی کوردستانی کرد و سەرکەوتوو بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد و ئاشکرا کردنی بارودۆخی کوردستان و کۆکردنەوەی یارمەتی و هاوکاری بۆ شۆرش لە وڵاتانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، روسیا، چیکسلۆ فاکیا و نەمسا.
ساڵی 1967 بەشداری لە کۆڕی (ئیشتراکیەکانی عەرەب) کرد لە جەزائیر و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بە پێزی دەربارەی کێشەی کورد و شەرعیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب پێشکەشکرد.
ساڵی 1970 رۆڵی کاریگەری خۆی بینی لە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر بوونە دوو باڵ و ناکۆکیەکی تاڵ و خوێناوی لە نێوانیاندا هەبوو.
ساڵی 1972 سە فەری دەرەوەی عیراقی کرد و ماوەیەک لە لوبنان و میسر و سوریا مایەوە و دوای رووخاندنی شۆرشی کورد کە لە ئەنجامی رێکەوتننامەی نێوان سەدام و شای ئێران لە ئاداری 1975 لە جەزائیر ئیمزا کرا، تاڵەبانی هەر لەو ناوچانەدا مایەوە.
لە 01 / 06 / 1975 لە دیمەشق لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤاڵانیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیی دامەزراند و نەخشەی بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆرشی نوێ دانا کە لە 01 / ی حوزەیرانی 1976 راگەیەنرا و بووە سکرتێری گشتی یەکێتیی.
لە ساڵانی دوای دامەزراندنی یەکێتی لەسەر چالاکی سیاسی و سەرکردایەتی حزب و شۆرش بەردەوام بوو لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە چیا و ئەشکەوتەکانی کوردستاندا دەژیا.

له 06 / نیسانی 2005، مام جەلال 227 دەنگی لە کۆی 248 دەنگی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی بە دەستهێنا و بە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ بە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێراوی عیراق هەڵبژێردرا.
سەرچاوە: پوک سەنتەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | 👫کەسایەتی |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 791

## جەلال تەقی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011082810404558718



نووسەر و وەرگێر
ساڵی 1939 لە سلێمانی لەدایک بووە.
ساڵی 1960 لەبەر زیرەکی و سەرکەوتنی لە خوێندنی ئامادەییدا بۆ تەواو کردنی خوێندن نێردراوە بۆ مۆسکۆ.
ساڵی 1967 کۆلیجی ئەندازەی بیناسازیی لە مۆسکۆ تەواو کردوە.
ئەندامیکی چالاکی کۆمەلی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا.
ساڵی 1967 دەگەڕیتەوە و لەوەزارەتی کاروباری باکوور دادەمەزری پاشان دەگوازریتەوە بۆ فەرمانگەی ئەشغال لە سلێمانی وەک ئەندازیار.
ناوی هەندیک لە کتێب و وەرگیران و نووسینەکانی
1-خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا (لاپەرەیەک لە شۆرشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ و هەستانەکەی رەواندز) ئامادەی کردوە و هێناویەتیە سەر رێنووسی کوردی - ساڵی 1970.
2-خەبات لەرێی کوردستان - ن. ئە. خەڵفین - لە رووسیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 1971.
3-دەربارەی رەخنە - بیلینسکی - لە رووسیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 1972.
4-ئەو پیاوەی وێرای بپرسی - کورامێسن - لە عەرەبیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 1973.
5-شەرەکانی ئەسکەندەری مەکەدۆنی - پلوتارک - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 1973.
6-خانم و سەگەکەی - چیخۆف - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی ساڵی 1979.

-7نهێنی کۆنترین مێژوو - ئەلیکساندەر گەربۆڤیسکی - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 1980.
-8شەوانی گوێ ئاگردان (هەبوو نەبوو) - کۆکردنەوەو ئامادەکردن - ساڵی 1984.
-9پەندی پێشینان و قسەی نەستەق - لەگەڵ خاتوو رەسووڵ رووسیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 1984.
-10شەوە سپییەکان - چیرۆک - ف. دۆستۆڤیسکی - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 1988.
-11زانکۆکانی ژیانم - رۆمان - مەکسیم گۆرگی - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 1989.
-12سێ خوشک - دراما - چیخۆف - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی - ساڵی 41991.
بەرهەمە دەستنووسەکانی-:
-1دوو برا - شانۆ - لێرمەنتۆڤ - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی.
-2کوردی تورکیا - مێژوو کۆمەلایەتی - کیسارۆڤ و رەگۆشین - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی.
-3سەرەتایەک لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن - چەند نووسەرێک - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی.
-4یاداشتەکانی شێتێک - گۆگۆل - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی.
-5گەشتێک بە ئەرزەرۆمدا - پوشکین - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی.
-6کیژۆڵە بەفرینە - کۆمەلە چیرۆکی کۆمەڵیک نووسەری رووس - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی.
-7شەوانی گوی ئاگردان - بەرگی دووەم.
-8بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی - بەرگی دووەم.
-9چوار بلیمەت - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی.
-10خاڵە ساڤا و چەند کەرتە چیرۆکێکی تر - رووسیەوە کردویەتی بەکوردی.
-11بۆچی هاتی - رۆمان - بەسەرهاتی ژیانی نووسەر خۆیەتی.
-12تۆماری رۆژانە - سەربرشتی رووداوەکانی ساڵی 1991 - یاداشتی نووسەر سەبارەت بە رووداوەکانی ئەو سالە.
-13کۆمەڵە شیعر و پەخشانی خۆی.
-14گەردونی تەلیسماوی - زانیاری.
-15فەرهەنگی کوردی / کوردی - بەرگی یەکەم - بە هاوکاری لەگەڵ مامۆستایان عوسمان هەورامی و عەبدوڵلا حەسەن و فاروق محەمەد.
بەداخەوە مامۆستا جەلال تەقی لە رۆژی 1993/9/5 بەنەخۆشی دڵ سەری نایەوە بی ئەوەی ئەو پرۆژەیەی کە پێک هاتبوو لە وەرگێرانی شاکارەکانی زۆربەی نووسەرە گەورەکانی روس بهێنێتە دی.
بۆ ئەم باسە سووودم لە نووسینێکی مامۆستا محەمەد حەمەساڵح تۆفیق وەرگرتوە لە گۆڤاری مامۆستای کورد ژمارە 23ی ساڵی 1994.
سەرچاوە: فەیسبووکی گروپی هەواڵنامەی کتێب

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |

نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 792

## جەلال جۆبار

http://www.kurdipedia.org/?q=20130106230314747 65



جەلال سەعید عەبدوڵلا لەساڵی 1929 لەشاری کۆیە لەدایک بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: کۆیە
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 793

## جەلال جەرجیس شێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20081121121452426

لەساڵی 1951 لەشەقڵاوە لە دایکبووە و لەم گوند و شارۆچکانەش وانەی بە قوتابیان گوتووتەوە : )ڕۆستێ- دار السلام- خرواتان- هەریر- کەلەکینی خەیلانیان- ئاقوبانی سەرەوە -لە قوتابخانەی سۆرک لە شەقڵاوە بۆماوەی 12ساڵ خزمەتی هەیە و هێشتا هەر بەردەوامە.(
بەم دواییە کتێبێکی بەنرخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئاینی بە 388 لاپەڕەی قەبارە گەورەو بە 2 هەزار دانە و چاپەکەی لەسەنتەری ئەکەد بۆ چاپەمەنی ئەنجامدراوە و بەئەرک کێشان و شە ونخوونیەکی زۆرەوە کەوتۆتە بەر دڵ و دیدەی رۆشنبیران، سەرەڕای خەملاندنی بە چەندین وێنەی دەگمەن و کۆن و کەسایەتیە ناودارەکانی ناو شەقڵاوە .کتێبەکەی ناوی (چەپکێک لەکەلەپووری مەسیحیەکانی شەقڵاوا)یە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: شەقڵاوا
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 794

## جەلال جەلالی زادە

http://www.kurdipedia.org/?q=20081209104255582

ساڵی 1960 (1339 هەتاوی) لە دایک بووە. دوکتۆرای فێقە و مافی ئیسلامی لە ساڵی 1376 هەتاوی لە تاران گرتوە و مامۆستای زانکۆی کوردستان (سنە) یە. جەلالیزادە نوێنەری شارەکانی سنە و دیواندەرە لە پەرلەمانی ئێران بوو. جەلالیزادە ئەندامی کارای کۆری زانستی زمانی کوردییە.
بەرهەمی بڵاوکراوە (کتێب) بە فارسی
"کردها نوادگان مادها "
"سفر آخر (تراژدی واقعی یک خانوادەی کرد )"
"گفتگو ەمیشە "
"درر جەلالی "
"آینەی احکام در فقە شافعی"

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | پەرلەمانتار |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 795

## جەلال حاجی زادە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011091708321261708



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 796
## جەلال حسێن وەندی
http://www.kurdipedia.org/?q=20130204131758755576
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 797
## جەلال خۆشکەلام
http://www.kurdipedia.org/?q=20081111135714281



لەدایکبووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی دەشتەتاڵی بانەیە. هەر لەتەمەنی منداڵیدا، باوکی لەڕیزەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دا شەهید دەبێ و ئاوارەی باشووری کوردستان دەبێ. خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانی باشوور تەواو کردوە. هەر لەتەمەنی 15 ساڵیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ دنیایی ئەدەب دا پەیدا دەکاو، پەیڤ و هۆنراوەکانی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبنەوە. پاشان بەهۆی نالەباری باری ئەمنی و کەم گوزەرانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەساڵی 1998ی زاینی دا لەووڵاتی سوید وەک پەنابەری سیاسی وەردەگیرێ. جەلال خۆشکەلام لە بواری ڕۆژنامەوانی دا دەورێکی باڵای هەیە و نووسەر و سیاسەتوانێکی چالاک و دیارە لە ناو بزوتنەوەی کوردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ماوەی چەند ساڵان سەرۆکی لاوانی کورد بووە لە شاری لینشۆپینگ و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کومیتەی ئیجرایی لاوانی کورد بوە لە سوئید .
ساڵی 2004 دیپلۆمی ڕشتەی کۆمەڵناسی لەسوید تەواو دەکات.
ساڵی 2006 چەند هۆنراوەیەکی چاپ دەکرێن و کۆدەکرێنەوە لە نامیلکەیەک دا بەناوی (هەست و جوانی.(
ساڵی 2008 کاندیت ماجستێر لە بەشی توێژەرەوەی کۆمەڵ و کلتورناسی لە زانکۆی لینشۆپینگ تەواو دەکا.
ساڵی 2009 وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی 4دا هەڵدەبژێردرێ.
لەساڵی 2009 وە لە ناو (Kriminalvården) کار دەکات.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (قەڵا) سەبارەت بە (جەلال خۆشکەلام) لە: 15-1-2011 1:04:47

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | چالاکی لاوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | بانە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 798

## جەلال خەڵەف ژاژڵەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130323292882441

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 799

## جەلال دەباغ

http://www.kurdipedia.org/?q=20100227102034374



ساڵی 1939 لە سلێمانی لەدایکبووە. یەکەم جار مانیفێست بەیاننامەی پارتی کۆمونیستی وەرگێڕا بۆ کوردی لە ساڵی 1967،کە لە ساڵی 1996 و 2001 چاپ کرا .
قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواوکردووە. سێ ساڵ لە 1959-1962 مامۆستابووە. دەرچووی پەیمانگەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە لە بوخارست رۆمانیا 1964، دەرچووی پەیمانگەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە لەمۆسکۆ 1976.
لە یەکەمین و دووەمین و سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کوردا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردراوە و سکرتێری بەڕیوەبردنی یەکێتی بووە 1970-1974. نوێنەری یەکێتیی نووسەرانی کوردبوو لەپێنجەمین کۆنگرەی نووسەرانی ئاسیاو ئەفریقیا- ئەلمائاتا – کازاخستان 1975 لە گەڵ حوسێن عارف.
ماوەی 25 ساڵ زیاتر لە بواری رۆژنامەگەریدا کاری کردووە. لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕسی نوێی کوردستاندا و لە راپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری 1991 دا بەشدارییەکی چالاکانەی کردووە.
لە ساڵی 1956-ەوە دەستی بە نووسین کردووە. بەرهەمی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و وەرگێرانی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.
جێگری سەرنووسەری هەفتەنامەی (بیری نوێ الفکر الجدید)و ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەندان گۆڤارو رۆژنامەی پێشکەوتنخوازو سکرتێری نووسینی گۆڤاری (رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم) و بێژەرو ئەندامی دەستەی نووسەران رادیۆی نهێنی دەنگی گەلی عێراق لەدەرەو بەرپرسی بەشی کوردی بووە، لەدوای کودەتا شوومەکەی 8ی شوباتی 1963. ئەندامی سەندیگای رۆژنامەنوسانی کوردستانە.
پتر لە پەنجاساڵ بەشداری تێکۆشانی نهێنی و ئاشکرای بزاڤی رزگاریخوازی گەلی (کوردستانە لە دژی رژێمە دیکتاتۆرەکان و بەشداری هەردوو شۆرشە کەی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان.
ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە.
لەبواری بزوتنەوەی خوێنکاران و لاواندا کاری کردووەو، تێکۆشەرێکی ماندونەناسە لەپێناو مافەکانی ژنان و ئافرەتان و یەکسانییان لەگەڵ پیاواندا. خەبات دەکا لەپێناو مافی پەنابەران و رەوەندی کوردستاندا لە دەرەوەو بۆ پێدانی مافی پەنابەری و نەگێرانەوەی بەزۆری پەنابەران و کۆچکردووان. نووسین و وەرگێری پتر لە بیست کتێب و نامیلکەیەو، بەسەدان وتارو بەرهەمی ئەدەبی و رۆشنبیری و سیاسیی لە رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.
بەرهەمەکانی نووسەر:
دیکتاتۆری دیموکراتی میللی، ماوتسی تۆنگ کراوە بە کوردی.
هەندی زانیاری مارکسی لێنینی دەربارەی شۆرش کراوە بە کوردی 1968.
چیرۆکی تانیا کراوە بە کوردی 1970.
لێکۆڵینەوەکان بۆ سەد ساڵەی لە دایکبوونی لێنین لە گەڵ هۆگر گۆران کراوە بە کوردی 1970.
قۆناغەکانی گۆرانی کۆمەڵ ئامادەکردن و وەرگێران 1972.
دەربارەی کادیر دیمترۆڤ کراوە بە کوردی 1973 پێنج جار چاپکراوەتەوە.
ژیان و تێکۆشانی دیمترۆڤ 1973.
حیزبی مارکسی لێنینی و دەورگێرانی لە تێکۆشانی چینایەتی کارگەراندا کراوە بە کوردی 1968.
کورتە باسێکی ماتیریالیزمی دیالەکتیک کراوە بە کوردی 1970.
لە دەفتەری گەشتێکی رێگای ژیانەوە نووسین 1978.

ڕاپەڕینی کوردان 1925 (ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید) پرۆفێسۆر م.ا.حەسرەتیان کراوە بە کوردی 1985.(8)
بیست و هەشت ئەستێرە لە ئاسمانی ئەمریدا نووسین 1985.
گۆرانی سەرکەوتن شیعر چاپی یەکەم سوید 1998.
حیزبی پیشڕەوی چینی کرێکارو زەحمەتکیشانی کوردستان نووسین 1990.
دەربارەی شێوەی مارکس لە نووسینی سەرمایەدا بە عەرەبی ئامادەکردن.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
جۆری کەس: چالاکی سیاسی
جۆری کەس: 🎭ئەکتەر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 800

## جەلال ڕەئوف

http://www.kurdipedia.org/?q=20110412092359214803



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 801

## جەلال فەتحوڵڵا حەبیب

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818095648125338

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 802

## جەلال قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=2011061516355160283



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 803

## جەلال مستەفا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120109135274067



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: چیرۆکنووس

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 804

## جەلال مەحمود عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021711315082312



مامۆستا جەلال مەحمود عەلی نووسەرو وەرگێر ساڵی 1932 لەگەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە. لەنەوەی سوبحان ئاغای شارەزوورە. قۆناغی سەرەتایی لەهەڵەبجەو سلێمانی و قەرەداغ خوێندووەو ناوەندی لەهەولێر و سلێمانی و ئامادەییشی لەسلێمانی خوێندووەو خولی ئامادەیی مامۆستایی لەکەرکوک تەواوکردووە، ساڵی 1950 بووە بەمامۆستا، وەک مامۆستا خزمەتی کردووە، ساڵی 1970وە بووە بەئەندام لەیەکێتی نووسەرانی کوردو ئەندامی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ بووە، لەبەرهەمەکانی کۆمەڵە چیرۆکی رێبازی ژیان، ئەستێرە ورشەدارەکان، مەهاباد، هەڵۆ بەرزەکان. ئیدیۆم لەزمانی کوردی دا، لەپاڵ چیرۆکنووسیدا کاری وەرگێرانی کردووە، لەوانە وەرگێرانی فەرهەنگی عەرەبی– کوردی (مونجید). ئەم رۆشنبیرە لەبواری پەروەردەو لەبواری چیرۆکنووسی و وەرگێراندا رۆڵی کاریگەری هەبووەو خزمەتی نەتەوەکەی کردووە .

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - 16-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 805

## جەلال مەدحەت خۆشناو

http://www.kurdipedia.org/?q=2012012620413264033



)جەلال مەدحەت خۆشناو)ی شاعیر و ئەندازیار لە چەند دێڕێکدا:
-1ژیانی هۆنەر:
جەلال مەدحەت خۆشناو، لە ساڵی 1934 لە شەقڵاوە لەدایک بووە. باوکی (ئەحمەد مەدحەت) کوری (تەها)ئەفەندی کوری قازی (ئەحمەد). دایکی (حەلیمە) کچی (حەمەدی رسول بەگە) لە بەگزادەکانی شەقڵاوە. لەناو گوڵ و گوڵزارە رەنگینەکانی شەقڵاوە بەپا رۆیشتووە لەگەڵ رووبار و جۆگەلە خورەمە سازگارەکانی ئەو سەردەمی شەقڵاوە یاری کردووە. زۆر شەیدای یارییە فۆلکلۆرییەکان و رەش بەڵەک بووە جا بۆیە دەڵێ(جا لێم مەگرن ئەگەر بووکی شیعرەکانم ئاڵای رۆمانسیان بەسەر خۆیان دادابێ.(
لە ساڵی 1946 خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە لە قۆناغی سەرەتایی هەستی نەتەوایەتی و رێزمانی کوردی لە مامۆستا (خەلیل محەمەد خۆشناو) فێربووە. زانیاری دەربارەی ئاین و زمان و ئەدەبی عەرەبی لە خاڵی (مەلا سادق) وەرگرتووە. لەکاتی منداڵیدا هۆنراوەکانی )حاجی قادری کۆیی)و(شێخ رەزا تاڵەبانی) سەرنجیان راکێشاوە.
لە ساڵی 1952 لە هەولێر قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە.
لە ساڵی 1956 کۆلیژی ئەندازیاری بەغدای تەواو کردووە.
لە ساڵی 1962 کەوتۆتە پشکنینی دیوانی (مەولەوی) زۆربەی هۆنراوەکانی کردووە بە سۆرانی، بەڵام بەداخەوە ئەم بەرهەمە فەوتا.
لە ساڵی 1964 بووە بە بەرپرسی رێگاوبانی هەولێر.
لە ساڵی 1968 بووە بە بەڕێوەبەری ئەشغالی کووت.
لە ساڵی 1969 بووە بە بەڕێوەبەری ئەشغالی ناصریە.
لە ساڵی 1970 بووە بە ئەندامی بزوتنەوەی نووسەرانی کورد.
لە ساڵی 1971 بووە بە بەڕێوەبەری ئەشغالی هەولێر.
لە ساڵی 1975 بووە بە بەڕێوەبەری ئەشغال و ئیسکانی هەولێر.
لە ساڵی 1976 بەجێگری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد هەڵبژێردراوە.
لە ساڵی 1982 بووە بە بەڕێوەبەری نەخشەو پلاندانان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کوردستان.
لە دووای راپەرین بەماوەیەک بووە بە راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران.
لە بەرەبەیانی یەکەم رۆژ ی جەژنی رەمەزان رێکەوتی 1998/1/29 دڵی لەلێدان وەستا لە گردی زەیتوون لەشەقڵاوە نێژراوە.
-2بەر هەمەکانی هۆنەر:
أ -ئەو بەرهەمانەی هۆنەر کە لەچاپ دراون:
-1کاروانی یار،ساڵی 1975.
-2سێ دەنگی تورە، ساڵی 1975.
-3ئاسمان و ئاو خاک، ساڵی 1981.
-4نەوای حەیرانێکی چڕ، ساڵی 1982.
-5گرەو، ساڵی 2003.
ب -ئەو بەرهەمانەی هۆنەر کە لەچاپ نەدراون:
-1کاروانی یاد.
-2ژانی گەڵ.

-3هۆنراوەکانی هۆنەر لە رووی رووخسارەوە:
ئەو رەمزە ئەدەبیانەی کە هۆنەر بەکاری هێناوە زۆربەیان رەمزی روون و سادەن، ئەو کێشانەی بەکاری هێناون کەمتر بەر عەروزی عەرەبی دەکەون. هۆنەر قاڵبی شیعری چوارین و پێنج خشتەکی لە هۆنراوەکانی بەکارهێناوە. هۆنراوەکانی بە زمانی کوردی دیالێکتی خوارووە، هەموو کەس تێیان دەگات و بۆنی رەسەنایەتیان لێدێت.

4-هۆنراوەکانی خۆشناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە:
هۆنراوەکانی خۆشناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە چەند مەبەستێک لە خۆوە دەگرێت:
أ -هۆنراوەی دڵداری: دیمەنە جوانەکانی شەقڵاوە، خورەی ئاو، دەنگی شالوور ئەمانە و چەندین هۆکاری تر کاریگەربوون بۆ ئەوەی هۆنەر لەم بوارەدا هۆنراوە بنوسێت.نمونەش بۆ ئەوە:
چونکە دڵم دڵدارێکە
شەیدای دولبەری خۆشناوە

ب -هۆنراوەی نیشتمانپەروەری: هۆنەر بەردەوام هەستی بە ئازارەکانی گەلەکەی کردووە،خاکی لا پیرۆز بووە خەبات و قوربانی لەپێناوی نیشتمان پێ ی شەرەفێکی گەورە بووە. نمونەش بۆ ئەوە:
منی مرۆڤ،منی ئینسان
فرچکم بەو ئاوە گرتووە
هێزم لەو خاکە بردووە
هەر ئاواتمە لەوێ ژیان
کە دەشمرم لام وا چاکە
گۆرم بخرێتە ئەو خاکە

ج- هۆنراوەی کۆمەلایەتی: ئەوەی لە هۆنراوەکانی بەدیار دەکەوێت لەم بوارەدا خۆی لەچوار تەوەرەدا دەدۆزێتەوە:
1-خوێندن: هۆنەر نەخوێندەواری بە دابوو نەریتێکی چەوتی کۆمەلگە داناوە دەڵێ:
چەرخی ئێستا، چەرخی هەڵمەت بردنە
کـــــــاتی هەوڵی بێوچان و خوێندنە
2-ژیان: لەو سەردەمەی هۆنەر دەژیا خەڵکان لەهەموو دونیا بەدوای بەدەست هێنانی ئەو مافانە بوون کە لێیان زەوت کرابوو، بەتایبەتی ئێمەی کورد،بۆیە هۆنەر دەڵێ:
ئەرێ تاکەی.........
ژیان ئالۆزوو شێواو بێ
خەڵک گیرۆدەی ماف و نان
لەسەرانسەری رووی جیهان
بەرەڵای دەشت و کێوابێ
3-مافی ئافرەت: هۆنەر لەم بوارەشدا درێغی نەکردووە، هەروەک لە یەکێ لە هۆنراوەکانی باسی بەزۆر بەشوودانی ئافرەت دەکات:
بیســـــــتووتـــــانــــــە
کــــــچێ بەزۆر مارەیرکەن
نەگریێتن، قژ نەرنێتن
بادەی بەختی رەشی پرکەن
وەکو لافاو هەڵنەچەنێت

4-ئەدەبی منداڵان: هۆنەر لەم بوارەشدا درێغی نەکردووە، هەروەک لە یەکێ لە هۆنراوەکانی باسی یاری پەلیکانێ دەکات:
لە مناڵیم............
بەحەزوو نازی ساوایم
کاتێ پەلیکانەم دەکرد
بە چەڵەنگی هەڵم دەبرد
کە پەلیکەکەم دەپەستا

قـــــۆز دەوەســــــتا
کەڵێم دەدا
دوورم دەبردە بەر مەودا
هەر بە هەژمار
دەبووە تەغار
هاودژی من
دەکەوتنە بن

سەرچاوە: نامەیەکی تایبەتی ئەلەند سەڵاح (نەوەی هۆنەر) بۆ کوردیپێدیا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | کارگێری |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | شەقڵاوا |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 806

## جەلال مەلەکشا

http://www.kurdipedia.org/?q=200901191627051012



شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە. سالی 1951 لە گوندی مەلەکشا سەربە شاری سنە هاتوەتە دونیاوە. هەر لە شاری سنە خویندوویەتی و پەروەردە کراوە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.
جەلال وەکوو مروڤێکی ئاشتیخواز نەیتوانی لە هەمبەر زوڵم و زۆردا چاو بنووقێنی و ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو داوە و لە سۆنگەی ئەم گەرناسییەوە تووشی دەردیسەر و ئازاری زیندانی زۆر بووە.
لە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆکی دەنووسی و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بە بێ ئەوەی کتێبی چاپکراوەی ببێ، دەبێتە ئەندامی (کانوونی نووسەرانی ئێران).
پاش ساڵی 1357 ک.ه لەغاوی قەڵەمی دەگێرێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و لە کوردیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێ. بۆ ماوەی 14 ساڵ وەکوو نووسەر و رۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی گۆڤاری سروە و بە راستی پەرە بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەدات.
شیعرەکانی جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سوێدی و... وەرگێردراون.
جەلال ئێستا (1387 ک.ه) لە شاری سنەیە و هەرچەند کەوتوەتە بەر تووکەشەقی چارەنووس، بەڵام بێ گومان جەلال لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە قەد قەڵەمی نەبردوەتە قوربانگای نان و ناو و دەسەڵات.

دوو شیعری (هەتا لووتکە چەندی ماوە؟) (داستانی دارە پیرە) لە شیعرە بە ناوبانگەکانی جەلالن کە لە کتێبەکەی زرەی زەنجیری وشە دیلەکان چاپ کراوە.

نمونەیەک لە شیعرەکانی جەلال مەلەکشا:
ئاواتێک
ئاخۆ دەبێ
ئەو ڕۆژە بێ
کاوەی کورم
جانتای سەفەر کاتە شانی
دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە
هاوار بکەن
سلێمانی... سلێمانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 807

## جەلال هۆرینی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101225110619740



سەرۆکی ڕێکخراوی خێرخوازی گەرمیان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چالاکی مافی مرۆڤ |
| جۆری کەس: | 📰ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 808

# جەلالی میرزا کەریم

http://www.kurdipedia.org/?q=20081107154459855



ئەم شاعیرە بەهرەدارە لەساڵی 1935دا لەشاری سلێمانی لە خێزانێکی دیاری ئەو شارە هاتۆتە جیهانەوە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشارەکەی خۆی وەرگرتووە و بووەت لاوێکی هوشیار و رۆشنبیر و سەرەتای خەباتی رامیاری ئەو لاوە دڵسۆزەی گەل و نیشتمانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1955، کە بووەتە ئەندامی یەکێتی گشتی قوتابیان و هەر لەو قۆناغەدا دەستی داوەتە هۆنراوە هۆنینەوە و لەسەرەتادا کەوتبووە ژێر کاریگەری هۆنراوە ناسکە ئاوازە دارەکانی گۆران، بەڵام لەدواییدا کە بازووی شاعیریی بەهێز بووە، بووەتە خاوەن دەنگ و رێبازی خۆی و لەکاروانی خەباتی رامیاریشدا پتر تێ هەڵچووە و لەساڵی 1965دا لەسەر چالاکی رامیاری گیراوە و لەدوای بەرپابوونی شۆرشی 14ی تەمموزی 1958دا ئەم تێکۆشەرە لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا، گۆڤارێکی بەناوی "هیوای کوردستان" وەک ئۆرگانی یەکێتی گشتی قوتابیانی ئێراق- لقی سلێمانی دەرچوواندووە و لە کۆتایی مانگی نیسانی 1970دا یەکێک بووە لە دەستەی "ڕوانگە" و یەکەم بەنیانیان لەگەڵ بەڕێزان حوسێن عارف و شێرکۆ بێ کەس و کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێری ئیمزا کردووە و دواتریش 3 ژمارەی لەبڵاوکراوەی روانگەی لەشێوەی پەڕتووکدا دەرچوواندووە و بەشی هەرە زۆر پێشکەوتنخوازەکان بەرهەمیان تێدا بڵاوکردەوە و وێژەیی کوردییان بەهۆنراوە و چیرۆکەوە بەرەو نوێکاری برد.
لەماوەی ژیانی 58 ساڵیدا ئەم بەرهەمانەی بەچاپ گەیاندووە:
.1کۆمەڵە هۆنراوەیەکی بەزمانی عەرەبی بەناوی "الولادە" لەساڵی 1982دا لە ئەمەریکا بەچاپ گەیاندووە
.2شانۆنامەی "سەنگەر"ی لەهەمان ساڵدا هەر لە ئەمەریکا چاپی کردووە.
.3نامیلکەی "چرپەی ژانێکی نقووم بوو"ی هەر لە ئەمەریکا لەساڵی 1991دا بەچاپ گەیاندووە، کە ئەوسا لەدوای نسکۆی شۆرشی ئەیلوولەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەژیا.
.4دیوانی "ڕێگا دوورەکانی چاومان"ی دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەساڵی 1992دا بەچاپ گەیاندووە.
لەڕۆژی 1993.01.14دا بەنەخۆشی دڵ لەشاری هەولێر کۆچی دواییکرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە
شیعری جەلالی میرزا کەریم لە شیعری نوێی کوردیدا لە قۆناغی دوای (گۆران) و بەتایبەتی لە قۆناغی (روانگە)دا پلەی یەکەم وەدەگرێت و پێش هەموو ئەوانی دیکەی ئەو قۆناغە دەکەوێت، چی بە فراوانیی دیدی سیاسی و فەلسەفی و چی بە زمانی پاراوو وێنەشیعریی و دەرپرینی روون و قووڵ، شیعری ئەم شاعیرە چەندە ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆی بوو، ئەوەندەو زیاتریش لە کات و جێ تێدەپەڕێنێت و بەرەو نەمری و هەمیشە زیندوویی دەچێت.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (سەلاح شوان)
سەبارەت بە (جەلالی میرزا کەریم) لە: 3-1-2012 17:28:20

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |

شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 809
## جەلیل ئازادیخواز
http://www.kurdipedia.org/?q=20081111141324289



_لەدایکبووی ساڵی 1339 هەتاویە
_ئەندامانی دامەزرێنەری ئەنجوومەنی ئەدەبیی مەریوان و بەر پرسی ئەو ئەنجوومەنە لە ساڵی 1368 تا 1374
_ئەندامی دامەزرێنەری ئەنجوومەنی ئەدەبی کوردستان لەشاری سنەو یەکێک لە بەڕێوەبەرانی و بەرپرسانی ئەو ئەنجوومەنەبووە.
_ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی "ئاویەر" لەسنە
_سەرنووسەری هەفتەنامەی "ئاسۆ" تا رۆژی دا خستنی
_ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کاوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران و وتەبێژی ئەو کانوونە
_ئەندامی دەستەی نووسەرانی "سروە"
_سەرنووسەری هەفتەنامەی تەواو کوردی "ڕێژاو" کەلەگەڵ یەکەم ژمارەی دا لەشاری کرماشان بەزۆر و بێ یاسا بەستیان.
بەرهەمەکانی ناوبراو:
_1ناميلكەيەكی شيعری بۆ منداڵان بەناوی "شیوەنی هەڵەبجە" هاو بەش
_2ناميلكەيەكی شيعری بەناوی چەمەری "خاکی سووتاو"
" _3حەماسەی گێلگەمێش" وەرگێراو لەفارسیەوەبۆ کوردی
" 4رئاليزم در ادبيات كردى" لەعەرەبیەوەکراوەبەفارسی
بڵاو کردنەوەی سەدن مەقالەلەبڵا و کراوەکودی و فارسیەکاندا
بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی ناوبراو:
_1چل شیعری شاملو لەگەڵ پێشەکییەکدا بەوردی کەهەندێکی لەئاسۆدا بڵا و کراوەتەوە
_2جوانی ناسی لەروانگەی ئادۆرنۆوە
3ـ كقتو گۆ لەئەندێشەی هابر ماسدا
4ـ بەم بێ ئاپرویەچ لێبوردنێ
_5دەورانی بێ تاوانی شانۆ نامەکەخەڵاتی باشتر ین دەقی کوردی پی درا لەهەو لێر
_6كۆمەڵناسی ئەدەبیات تەئلیف
_7چاوەکانی رۆمان
_8کۆمەڵەچیر ۆکێکی بیانی
_9دوو کتێبی شیعر
_10شیعر و هزر و کۆمەڵگا کەکۆیەکن لەوو تار و خوێندنەوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ئەدیب
رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 810

## جەلیل ئاهەنگەرنژاد

http://www.kurdipedia.org/?q=20100914092907948



لەدایکبوو و دانیشتووی شاری کرماشانە، خوێندنی باڵای لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی دا خوێندووە. یەکێک لە هۆنەرە نوێخوازەکانی سەردەمە لە ناوچەی کرماشان، ئێستا مدیر و بەرپرسی خاوەن ئیمتیازی حەوتوونامەی "سەدای ئازد"ە. ناوبراو خاوەنی چەند نامیلکە و کتێبە بە زمانی کوردی و فارسی، لە نووسین بە زاراوەی کەڵکهوری کوردییەکی زۆر پاراو و ڕەسەن بەکار دەبا و گرینگترین بەرهەمەکانی "نەرمەواران" و "تمتمە لیولان"ن کە هەردووکیان کوردین. ڕێجگە لەمانە دەیان و بگرە زیاتریش وتار و بابەتی بڵاو کردووەتەوە. لە چەندین ماڵپەڕ و بلاگ دا بە شێوەی چالاک دەنووسێ و یەکێکیان بە ناوی "بەلوت" (بەڕوو) بلاگی خۆیەتی.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (حامید درودی)
سەبارەت بە (جەلیل ئاهەنگەرنژاد) لە: 13-9-2010 22:54:18

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 811

## جەلیل حاجی ئەحمەدی - جەلیل گادانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090217161057130



-لەساڵی 1934 لەشاری مەهاباد لەدایکبووە.
-خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەمەهاباد تەواو کردووە .
-یەکەمین قوتابخانەی کوردی شەوانەی نهێنی لە ماڵی ئەوان لەساڵی 1944 دروستبووە.
-لەساڵی 1972 لیسانسی لەزمانی فەرەنسی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە.
-ساڵی 1948بووەتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان .
-لەسەردەمی دەسەڵاتی محەمەد رەزا شادا ماوەی 13ساڵ زیندانی بووەو لەزیندان سێ زمان فێربووەو چەند کتێبێکی وەرگێراوە.
27-ساڵە رۆژهەڵاتی کوردستانی جێهێشتووە.
-دوای جیابوونەوە لە حیزبی دیموکرات بووە سکرتێری حدکا-رێبەرایەتی شۆرشگێر.
-لە لێکترازانی ئەمجارەدا لەگەڵ باڵی عەبدوڵلا حەسەن زادەدا، لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی رێبەرایەتی شۆرشگێردا جیابووەوە.
-ئێستا بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاودێری حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەهاباد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 812

## جەلیل عەباسی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112616132973953



-جەلیل عەباسی، لەدایکبووی 1962، گوندی (کەیمنە)ی سەربە شاری سەوڵاوا لە کوردستانی ئێران.
-فەرمانبەر بە ناونیسانی (شارەزا) لە وەزاڕەتی رۆشنبیری.
-بەرپرسی دۆسیەی (دەق) لە گۆڤاری (کاروان)..
-ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی رۆژنامەنووسان.
-لە دامەزرێنەرانی (کانونی نووسەرانی کوردستانی ئێران/ نەرویج)..
خاوەنی چەندین کتێب لەمەڕ مێژووی کۆنی هەورامان و مەزدیەسنا و فەلسەفەی زەردەشت و دەیان وتار و بابەت هەر لەو بوارەدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |

ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 813

## جەلیل محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052620411483020

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 814

## جەلیل کاکەوەیس

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050420233357288

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 815

## جەلیلی جەلیل

http://www.kurdipedia.org/?q=201003101652033874



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | )ئەکادیمی( |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | RUیەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 816

## جەمال ئەمین عارف شارباژێڕی - جەمال شارباژێڕی

http://www.kurdipedia.org/?q=201002210956443564



هۆزانەوانە، لە گوندی واژە لە ناوچەی شارباژێڕ (چوارتا) لە 1941/10/16 لە دایکبووە.

سەرچاوە: مستەفا رابەر - گۆڤاری مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد - لەندەن ژمارە 101 - 2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 817

## جەمال بابان

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102315465210212



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 818

## جەمال بێدار

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051322544878560



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی هەورامی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 819

## جەمال پیرە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011020608374133138

سەرنووسەری گۆڤاری نما



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰رۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 820

## جەمال حسێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20110406084619324750



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰رۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 821

## جەمال حەمەدەمین

http://www.kurdipedia.org/?q=20110722092457604810




حاکم جەمال محەمەد ئەمین، نووسەر و پێشمەرگە و حاکمی شۆڕش و بەرەی کوردستانی بووە، ئەندامی ی.ن.ک بووە، خاوەنی چەندین پەرتووک و بڵاوکراوەی سیاسی یاساییە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (توانا) سەبارەت بە (1992-08-24) لە: 2015-4-11 0:18:28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: ☐مافناس

جۆری کەس: قوربانیی شەڕی ناوخۆ

ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان

نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 822

## جەمال حەمەلاو مستەفا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818123137125369

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 823

## جەمال خەزنەدار

http://www.kurdipedia.org/?q=201010032310329769



مامۆستاو نووسەرو ڕووناکبیر لەساڵی (1938) لە هەولێر لەدایکبووەو لەمێژووی تەمەنی خۆیدا خزمەتێکی بەرچاوی بەدنیای نووسین و ڕۆشنگەری کوردی کردووەو یەکێکبووە لەکۆکەرەوەو خەمخۆرە دیارەکانی بەئەرشیفکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی و لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا دەستی نووسین و هاوکاری بڵاوکراوەکانی دیاربووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: هەولێر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 824

## جەمال رەحمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110524225512582O2



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

رەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 825

## جەمال رەشید ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20100114204551328 4



مێژوونووس و ئەکادیمی، پسپۆر لە مێژووی کۆنی کوردستاندا، گرنگترین کتێبەکانی:
رحلة الى بلاد سوپارتو
کەرکووک و ناوچەی گەرمیان و مافی کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن کوردەوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: )ئەکادیمی(

جۆری کەس: مێژوونووس

رەگەزی کەس: 👤پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کەرکوک

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 826

## جەمال سەرگەتی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091217023188801

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 827

## جەمال عوسمان عەلی مستەفا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580271210

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 828

## جەمال عیرفان

http://www.kurdipedia.org/?q=201005062305024205



لە 1923/12/23 نووسەری پێشکەوتنخوازی کورد تیرۆرکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | تیرۆرکراو |
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 829

## جەمال عەبدول

http://www.kurdipedia.org/?q=20091127220530269



یەکێکە لە کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی، ساڵانێکی زۆر مامۆستای کیمیا بووە لە ئامادەیی رۆشنبیر، ماوەیەکیش پارێزگاری سلێمانی بووە. چەندین فەرهەنگی داناوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەزیر |
| جۆری کەس: | زیندانی سیاسی |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 830

## جەمال عەبدوڵلا

http://www.kurdipedia.org/?q=20091027212136212



ساڵی 1989 کۆلیژی یاسای لە زانکۆی موسڵ تەواوکردووە. ماوەیەک وتەبێژی حکومەتی هەرێم بووە. خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری بەڵگەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 831

## جەمال غەمبار

http://www.kurdipedia.org/?q=20091027212429213 0



جەمال غەمبار هۆنراوەنووسی باشووری کوردستان ساڵی 1962 لە گەڕەکی مەڵکەندی لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. بە هۆی کاری باوکییەوە خێزانەکەیان بۆ ماوەیەک نیشتەجێی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکووک بوون و تاوەکو پۆلی دووەمی سەرەتایی لە کەرکووک خوێندوویەتی و پاشان گەڕاونەتەوە سلێمانی و قۆناغەکانی تری خوێندن هەتا ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.
لە ساڵی 1984 کۆلێژی یاسای لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە و ساڵی 1989 بووەتە پارێزەر لە سلێمانی. خولیای نووسین و خوێندنەوە لای جەمال غەمبار لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە سەری هەڵداوە و لە ڕێی چالاکی خوێندنگەکانەوە تێکەڵاوی کار شانۆ بووە. دواتر لە بواری هۆنراوەنووسیندا گیرساوەتەوە. یەکەم هۆنراوەی لە ساڵی 1976 لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە.
لە ساڵی 2000 ـەوە کوردستانی بەجێ هێشتووە و ماوەی دوو ساڵ لە دیمەشق ماوەتەوە. پاشان لە ساڵی 2004 ـەوە لە وڵاتی ئوسترالیا لەگەڵ خێزانەکەیدا نیشتەجێن و ڕەگەزنامەی ئوسترالیایان پێ بەخشراوە.
ئەندامی ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵی ئوستراڵی و ئەندامی کۆمەڵەی نووسەرانی فرەگەزی باشوری ئوستراڵیایە
لەپاڵ نووسینی هۆنراوەدا کاری وەرگێڕانی چەندین لێکۆڵینەوەی وێژەیی و رووناکبیری و فیکری ئەنجام داوە. سێ دیوانی کوردی و دیوانێکیشی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە سەرەڕای ئەوەش چوار پەڕتووکی وەرگێڕاوە.
سەرچاوە: ویکیپیدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان
جۆری کەس: ڕاگەیاندکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 832

## جەمال گردەسۆری
http://www.kurdipedia.org/?q=20150412200431120865
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: ♖هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 833
## جەمال محەمەد ئەمین
http://www.kurdipedia.org/?q=20140908214003115670
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 834
## جەمال مۆرتکە
http://www.kurdipedia.org/?q=20130628224450911133
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: پێشمەرگەی دێرین

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

| | |
|---|---|
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 835

## جەمال میرزا عەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=2011020518234133125



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 836

## جەمال نەبەز

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126091932498



-لە ساڵی 1933 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە.
-لەسەرەتای خوێندنیدا جگە لە خوێندنی ئیسلامی، فەلسەفە و سیۆلۆجی و فیزیاو ماتماتکی خوێندووە.
-لە نیوەی یەکەمی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، لە زانکۆی بەغدا، فیزیاو ماتماتیکی خوێندووە.
-لە شارەکانی کەرکوک و هەولێرو بەغداو بەسرە وانەی گوتووەتەوە.
-ساڵی 1962 چووەتە ئەوروپا بۆ تەواوکردنی خوێندن و پاشان لە زانکۆکانی مینوخ و ۆزبورگ خوێندنی ئیسلامیی و ئێرانناسی و شێوازی گوتنەوەی وانەی خوێندووە.
-لەساڵی 1967-1970 لە زانکۆی هامبۆرگ خوێندویەتی و هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد دادەمەزرێنن.
-لەساڵی 1970-1979 لەزانکۆی بەرلینی ئازاد زانستە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسی و یاسای خوێندووە.

سەرچاوە: فازیل نەجیب - ماڵپەڕی سبەی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد - کاژیک |
| جۆری کەس: | )ئەکادیمی( |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | زمانەوان |
| جۆری کەس: | مێژوونووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 837

## جەمال نەجاڕی

http://www.kurdipedia.org/?q=20120128013804640 73



جەمال نەجاڕی، 24-8-1979 لە شاری بۆکان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.
شاعیر و رۆژنامەنووسە، لە چەند دەزگایەکی راگەیاندنی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، کاری رۆژنامەوانی کردووە. ئێستا دەستەی نووسەرانی ماڵپەڕی خۆر نیوزە.
ئێستا لە وڵاتی فەرەنسا دەژیت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | بۆکان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 838

## جەمال کۆشش

http://www.kurdipedia.org/?q=20091100933202525



لە1964 لەدایکبووە. لەگەڵ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان کاری ڕێکخراوەیی دەستپێکرد. لە1984 بەهۆی بەشدارینەکردنی لەجەیش شەعبی لەزانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر لەبەشی پزیشکی فەسڵ دەکرێ. لە1986 پێوەندیی دەکات بەرەوتی کۆمۆنیستەوە. لە1987دا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تردا لەوانە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)، ئەنوەری ڕەشید عەولا، حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دادەمەزرێنن، 12 ژمارە لەگۆڤاری ڕابەر بڵاودەکەنەوە. لە1991 لەکاتی هەڵسانە جەماوەرییەکەدا، بەرپرسی بنکەی ڕەوتی کۆمۆنیست دەبێت لەهەولێرو ڕانیە. لە1993 ئەندامی دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەبێت. لە1993دا کۆمەڵەی ئەدەب وهونەری نینا دادەمەزرێنن و ئەو سەرنووسەری 5 ژمارەی گۆڤاری نینا دەبێت. لە1994دا کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ دادەمەزرێنن وسکرتێری کۆمەڵەی هونەریی شەبەنگ دەبێت. لە1998 لەسویسرایە لە2008ەوە بەرپرسی کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وبەرپرسی ڕاگەیاندنی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقییە .
مامۆستا شێخ حەمەمارف لەگەل مامۆستا سەیید عەلی خالیدی نێ، شێخ ئەحمەدی کانی‌میران، مەلاکەریم بناوەچڵە، مەلاکەریم سەردۆش، مەلا موحەمەد جوانرودی، شێخ عوسمان خالیدی، شێخ لەتیف شێخ‌الاسلامی، شێخ رەشید حەسەینی، شێخ لەتیف خالیدی، سەیید عومەرخالیدی و ... دۆست بووە و بە سەرهاتی خۆشیان پێکەوە هەیە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەریوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1919

**شێخ رەزای تاڵەبانی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20081119130542400



ناوی "ڕەزا" کوری "شێخ عەبدولرەحمان" کوری "شێخ ئەحمەد" کوری
"مەلا مەحمود"ی زەنگنەیەلەساڵی 1831ی لەئاوایی "قرخ" لەناوچەی
چەمچەماڵ هاتۆتەژیانەوە، لەتەمەنی حەوت ساڵیدا لەلای باوکی،
ئەوەی شاعیر و زانایەکی بەناوبانگی ئەوسەردەمەبووە، دەستی
کردووەبەخوێندن و لەگەڵ خوێندنەکەشدا، ئەوەی زۆربەی بەفارسی
بووە، فارسیەکی زۆری خوێندەووەلەپاشان چەند پەڕتووکێکی سەرەتایی
لای شێخ عەبدولغەفووری مامی ئەخوێنی، بەفەقێیەتی چۆتەکەرکووک،
ماوەیەک لەوێ ماوەتەوەو لای مامۆستا سەید محەمەدی بلاغ و حاجی
سەعید ئەفەندی حیلمی زادەوانەی عەرەبی دەخوێنێ و پاشان دەچێت
بۆ کۆیە، لەلای زانای بەناوبانگ جەلی زادەمەلا ئەسعەدی باپیری مەلا
محەمەدی کۆیەدادەمەزرێ، لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵلای کوری مەلا
ئەسعەد و شاعیری بەناوبانگ "کەیفی"دا پێکەوەفەقێ ئەبن لەمزگەوتی
گەورەی کۆیەو هەرسێکیان لەژوورێکدا ئەبن و دەخوێنن، پاشان زوویری و
ناخۆشی ئەکەوێتەنێوان شێخ رەزا و کەیفی یەوەچونکەهەردوولا
هۆنراوەی توانج و پلاری زۆر سەخت بەسەریەکا هەڵئەدەن، لەدواییدا
مەلا ئەسعەد کەیفی دەر دەکا لەسەر شێخ رەزا .
لەدەوری فەقیەتیدا هاتۆتەشاری سلێمانی و لەمزگەورتی گەورە، ئەوەی
بەمزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ بەناوبانگ بووە، خوێندوویەتی، ئەو
کاتەزمانی تورکی باوبووەو دەبوایەبخوێنرایەو "شێخ رەزا" ناچار
کراوەسەربەڕێتەناو وێژەی فارسی و فێربوونی زمانی تورکیشەوە.
شێخ رەزا تا ئەگاتەدەوروبەری 25 ساڵی خۆی بەخوێندنی زمانی
عەرەبی و وێژەی فارسی و تورکیەوەخەریک دەکات. پاش ئەوەی خوێندن
تەواو دەکات بووەبەئیمام لەدێی "رەمەزان مامک" لەناوچەی زەنگنە.
پاشان دەکەوێتەخولیای سەردانی وڵاتان و پایتەختی میری عوسمانی،
لەساڵی 1860ی زایینی دا بەسەر "حەڵەب"دا ئەچێ بۆ ئەستەمبوڵ و
دوو ساڵ لەوێ ئەبێ و دەگەڕێتەوەبۆ کەرکووک لەناو هەولێردا
لەکاروانچیەکان دەبیستێت کەهەر لەو ساڵەدا باوکی کۆچی دوای
کردووە، ئەم مردنەی باوکی زۆر کاری تێدەکا و دڵگران ئەبێ لەگەڵ
ئەوەشدا هەر دێتەوەبۆ کەرکووک بەناچاری، لەپاش شەش مانگێک لەبەر
تێکچوونیان لەگەڵ شێخ عەلی برایا، ئەچێ بۆ کۆیەو دەچێتەلکای شێخ
غەفووری مامی.
شێخ غەفوور ئەیهەڵێتەوەبەو نیازەکەکچەکەی خۆی بداتێ، بەو
هۆیەوەشەش مانگ لەکۆیەئەمێنێتەوەو ئیش و کارێکی زۆری پێ ئەکەن و
بەزوویری دەری دەکەن و کچەکەشی ناداتێ ئەویش گەڕایەوەبۆ
کەرکووک و بەدەردی سەری و پەژارەیەکی زۆرەوەلەکەرکووک ژیان
بەسەر دەبا تا ساڵی 1866دا بۆ جاری دووەم ئەچێتەوەبۆ ئەستەمبوڵ .
لەم کاروانەیدا "ئەرز رۆم" دەبینێ و ماوەیەک لەئەستەمبوڵ ئەمێنێتەوەو
بەهۆی شاعیرێتی خۆیەوەلە"کامیل پاشا" نزیک ئەخاتەوە.
لەوێشەوەئەکەوێتەبەر چاوی پیاوانی "بابی عالی" دەنگ و ئاوازی
هۆنراوەکانی لەو ناوەدا دەنگ ئەداتەوە، هاتوچۆی هەموو دیوەخانێکی
کردووەو لەگەڵ هەموو جۆرەکەسێکدا هەڵسوکەوتی بووەو زۆر چۆتەلای
"ئەحمەد پاشای بابان" و "مستەفا پاشای میسری ."
بەهۆی "کامیل پاشا"وەئەنێردرێ بۆ حەج و لەڕێگەی میسرەوەحەج ئەکا و
ئەگەڕێتەوەبع ئەستەمبوڵ لەساڵی 1874ی زایینی ئەگەڕێتەوەبۆ
کەرکووک و بەتەواوی ئەستەمبوڵ بەجێ دێڵێ. لەلایەن میری
عوسمانییەوەموچەیەکی کەمی بۆدابین دەکرێ، خۆشی
وردەوردەبەریەوەخەریکی کاری کشتوکاڵ دەبێت و ژیانێکی بێباک و
رەندانەو وێژەیانەی رابواردووە .
زۆر جار هاتۆ چۆی وەسمان پاشا و مەحمود پاشای جاف و

پیاوەناسراوەکانی ئەو ناوەی کردووە، تا ساڵی 1898دا بەتەواوەی کەرکووکی بەجێ هێشتووەچۆتەبەغدا.
لەتەکیەی تاڵەبانی دانیشتووە، لەبەغداش ژیانی لەگەڵ پیاوەناودارەکان و وێژەیەکانی سەردەمەکەی بەسەر بردووە.
پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی "سەلیم بەگی بابان" و "سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب"ی بەغدادا زۆر خۆش بووە، تا ساڵی 1910دا لەتەمەنی 79 ساڵیدا بەنەخۆشی زەحیری کۆچی دواییکردووەو لەگۆرستانی گەیلانی لەنزیک "شێخ عەبدولقادری گەیلانی" لەبەغدا نێژراوە.
لەپاش خۆی دوو کوری لەپاش بەجێماوەیەکێکیان "محەمەد خالسی" شاعیرە، ئەوەی دوای باوکی 10 ساڵ ژیاوەو ساڵی 1920 کۆچی دواییکردووە، دووەمیان "شێخ عەبدوڵڵا"، ئەوەی پاش خۆی بوو بەجێنشینی ئەویش لەساڵی 1941دا لەبەغدا کۆچی دواییکردووە، هەردووکیان لەگۆرستانی گەیلانی لەتەنیشت باوکیانەوەنێژراون.
تەنانەت شێخ عەبدوڵڵا سێ کوری لەپاش بەجێماوە، موقەدەم "ڕەحمەتوڵا بەگ" و "حەسەن بەگ"، ئەوەی لەساڵی 1946 پارێزگاری سلێمانی بووەو "شێخ عەلی"، ئەوەی ساڵی 1946 دیوانەکەی شێخ ڕەزای بۆ یەکەمجار چاپ کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: چەمچەماڵ

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1920

## شێخ سدیق ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20101213132255126 18



نووسەر و ڕۆژنامەنوس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1921

## شێخ سەلام

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126163113541



ساڵی 1892 لەدێی عازەبان هاتۆتە ژیانەوە، لەشەش ساڵییەوە هەموو نووسراوێکی فارسی خوێندۆتەوە.
باوکی شێخ سەلام هاوەڵێکی نزیکی مەحمود پاشا بووەتا ساڵی 1915 لەسلێمانی خوێندوویەتی، شێخ سەلام کەمەلایەتی خوێندووە لەساڵی 1924 کراوەتە قازی هەڵەبجە ساڵێک دواتر کراوەتە قازی سلێمانی.
شێخ سەلامی شاعیری نیشتیمانپەروەری کورد لەساڵی 1959 لەدێی دۆلان سەربە ناوچەی قەرەداغ کۆچی دوای کردوە و لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاک سپێردراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1922

## شێخ عەبدولەتیف

http://www.kurdipedia.org/?q=2012012817491364093

ناوی تەواوی (عبدالطيف أحمد مستەفا)یە، لە ساڵی 1969لە دایک بووە، لە پاش تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە بەشی عەرەبی لە زانکۆی موستەنسریە لە شاری بەغداوەرگیراوە، وە سوپاس بۆ خوا هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتووی پریوە.

پاشان لە دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ لە ساڵی 1992 بە پیشەی مامۆستا لە دوا ناوەندی چوارقورنە دادەمەزرێت، پاش ماوەیەک ولات بەجێ دەهێڵێت و سەردانی کۆمەڵێک لە ولاتانی ئیسلامی دەکات بۆ خوێندن و فێربوونی زانستی شەرعی، وە هەر لەو ماوەیەدا لای کۆمەڵێک زاناوشێخی ناودارو بەرێز زانستی شەرعی خوێندووە.
لەو زانا بەرێزانەی کە لایان ماوەتەوەو دەرسی شەرعی لا خوێندوون:
.1زاناو شارەزا بەزانستەکانی قورئان و جۆرەکانی خوێندنی قورئان شێخ حسین عشیش لە سۆدان.
.2زاناو فەقیهو شارەزا شێخ جمیل صبری لە شاری تەعز لە ولاتی یەمەن.
.3زاناو فەرمودە ناس شێخ سامی العربی لە شاری صنعا و لە ولاتی یەمەن.

4.زاناو فەرمودەناسی ولاتی یەمەن شێخ مقبل بن هادی الوادعی ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت کە خاوەن مەرکەزێکی گەورەی زانستی شەرعیە بە ناوی (دار الحدیث)، وە مامۆستای بەڕێزمان نزیکەی دوو ساڵ لای ئەم زانا بەڕێزە ماوەتەوە دەرسی شەرعی لا خوێندووە.
5.زاناو فەقیهو شارەزا شێخ عەبدولڕەحمان العدنی لە ولاتی یەمەن.
6.زاناو شارەزا لە بواری عەقیدەو بیرو باوەڕ شێخ یحیی الحجوری لە ولاتی یەمەن.
وە هەروەها لە دەرسی زۆرێک لە زانایانی تریش بەشداری کردووە، لەوانە:
1.زاناو پێشەوای ئەهلی سوننە شێخ عبدالعزیز بن عەبدوڵڵا بن باز ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت.
2.زاناو پێشەوای پایە بەرز شێخ محەمەد بن ساڵح العثیمین ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت.
3.زاناو پێشەوای پایە بەرز شێخ ساڵح بن فوزان الفوزان خوای گەورە بیپارێزێت.
4.زاناو پێشەوای پایە بەرز شێخ عبدالمحسن بن عباد البدر خوای گەورە بیپارێزێت.
5.زانای پایە بەرز شێخ ساڵح اللحیدان خوای گەورە بیپارێزێت.
6.زاناو فەرمودە ناس و پێشەوا شێخ ربیع بن هادی المدخلی خوای گەورە بیپارێزێت، وە زۆرێکی تریش لە زانایان.
وە هەروەها چەند زانایەکی بەڕێزیش (ئیجازەی عیلمی)یان پێداوەو چەندانی تریش تەزکیەیان کردووە، لەوانە:
یەکەم: ئیجازەی عیلمی:
1.زانای فەرمودە ناس شێخ مقبل بن هادی الوادعی ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت لە ولاتی یەمەن.
2.زاناو فەرمودە ناسی کورد زوبان شێخ حمدی بن عبدالمجید السلفی خوای گەورە بیپارێزێت لە کوردستانی عێراق.
3.زاناو فەرمودەناس شێخ ربیع بن هادی المدخلی خوا بیپارێزێت لە شاری مەککەی پیرۆز.
4.زانای بەڕێز شێخ عبید بن سلیمان الجابری مامۆستای زانکۆی ئیسلامی شاری مەدینەی پیرۆز.
دووەم: تەزکیەکان:
1.لە لایەن موفتی گشتی شێخ عبدالعزیز بن عەبدوڵڵا بن باز ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت تەزکیە کراوە بۆ قەبوڵ بوونی لە زانکۆی (محەمەد بن سعود) بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لەم زانکۆیە، ئەمەش بە کیتابی ژمارە (113708) لە بەرواری (1419/10/20)ی کۆچی.
2.زاناو فەرمودە ناس شێخ مقبل بن هادی الوادعی ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت لە بەرواری (18/ربیعی یەکەمی 1419) تەزکیەی کردووە کەتیایدا دەربارەی مامۆستا دەڵێت: (یەکێکە لە قوتابیانی عیلم لای ئێمە لە دەماج، وە ئەو خاوەنی خو ڕهوشتێکی چاک و ئاکارێکی بەرزە.
3.زاناو فەرمودەناس شێخ ربیع بن هادی المدخلی خوا بیپارێزێت لەئامۆژگاریەکیدا کە ئاڕاستەی قوتابیانی عیلمی دەکات لە عێراقدا بەشێوەیەکی گشتی تەزکیەی مامۆستای بەڕێز دەکات و دەڵێت: (سوپاسی خوای گەورە بکەن لەسەر ئەوەی کەوا بۆی ئاسان کردوون کەقوتابخانەیەکی سەلەفیتان هەبێت لە رووی عەقیدەو مەنهەجەوە، کە ئالیەتی سوننەتی هەڵگرتووە بە مەنهەجە ڕاست و دروستەکەی، پاشان بە هۆی کەسانی دڵسۆزی خۆتان لە ئەهلی عیلم و زانایان، وە لە سەرووی هەموویانەوە شێخ و زانای بەڕێز باوکی عبدالحق الکردی کە من لەزووەوە ناسیومە کە بەڕاستی حەقی خۆش دەوێت و بیر تیژو زیرەکەو شوێن مەنهەج و ڕێبازی پێشینە چاکەکان -السلف السالح- کەوتوە، وەوام ناسیوە کە خاوەن فیقهو شارەزاو چاکەو قیامەتی هەڵبژاردووە بەسەر دنیاو خۆشیەکانیدا، بۆیە قەدرو ڕێزی ئەم پیاوە بزانن، وەئەوو قوتابخانە سەلەفیە پاکەکەتانەوە بە خرێکانتان بگرن.(
وە شێخی بەڕێز لە ئامۆژگاریەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (بەڕاستی پێم ڕاگەیەنراوە کە لەوێ خەڵکانێک هەن تانەو تەشەرلە قوتابخانەکەو شێخی بەڕێز باوکی عبدالحق دەدەن(بە داخەوە لە کوردستانی خۆشمان خەڵکانێک هەن کە نەخۆشی وحەسادەت کەوتۆتە ناویانەوەو چاویان بەو بانگەوازیە حەق و ڕاستەهەڵ نایات کەوا مامۆستای بەڕێز دەیکات، کە درێژە پێدانی بانگەوازی پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت، وە هەروەها دەعوەو بانگەوازی هاوەڵان و شوێن کەوتوانی ئەوانە تا دەگاتە دەعوەو بانگەوازی زانایانی ئەم سەردەمەمان، وە گومانی تیادا نیە کە ئەوانە لەهەر بەرگ و پۆشاکێکدابن ئەوا دوژمنی دەعوەو بانگەوازیە حەق وراستەن کە وتمان درێژە پێدانی دەعوەو بانگەوازی پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت. وە ئەوانەش کەوا ئەم دژایەتیە دەکەن ئەگەر ناویش لە خۆیان بنێن سەلەفی ئەوا با چاک بزانن کە ئەوان درێژە پێدەری ڕێگای

بیدعەچیەکان و ئەهلی بیدەعن، چونکە هەموتان بە چاوی خۆتان بینیتان کەوا زانایان چۆن وەصفی مامۆستای بەڕێزیان کردو بە زاناو بەڕێز ناویان هێناو شاهێدی حەقیان بۆدا، دە ئێوەش ئەی ئەوانەی نەخۆشی حەسادەت و لوت بەرزی هاتۆتە ناوتانەوە پێمان بڵێن و با بزانین چیتان لە هەگبە دایەو بانگەوازی ئێوە بۆچیە؟!!
وەئەوە بانگەوازی مامۆستایە لە دژی بیدعەچی و حزبیەکان خۆ بە چاوی خۆتان دەیبینن کە چۆن وەک مامۆستاو شێخە بەڕێزەکانی کە لێیانەوە فێری چۆنیەتی بانگەوازی و مەنهەجی راست بووە هەر وەک ئەوانیش دەعوەو بانگەوازی بۆ لای قورئان و سوننەت و مەنهەجی هاوەڵان دەکات رەزای خوایان لێ بێت، وە هەروەک مامۆستاکانی خۆی بووە بە چقڵێک وکەوتۆتە ناو چاوی بیدعەچیەکانەوە، وە بووە بە شاخێک و بەرامبەربە ئەهلی بیدەع راوەستاوە.
وە ئەوەش ئێوەن کە هاوکاری و تەعاون لەگەڵا بیدعەچی وحزبیەکاندا دەکەن و داوای کۆمەکیان لێ دەکەن و لە هەموو شتێکدا راوێژ بە کەسانی بیدعەچی و نەخۆش و حزبی دەکەن و تەنانەت لەقوژبنی ماڵەکانیشتاندا جورئەت ناکەن ناویان بە بیدعەچی بهێنن وبەردەوامیش خەریکی پەروەردەکردنی ئەندامەکانیانن!!!
کەواتە پێمان بڵێن: لە پای چی تانەو تەشەر لە مامۆستاوقوتابیەکانی و بانگەوازیکارانی دەعوەو بانگەوازی حەق دەدەن؟!! لەبەر ئەوەی گڵۆڵەتان کەوتۆتە لێژی؟ یان لەبەر ئەوەی نەخۆشن ودڵەکانتان توشی نەخۆشی بووە؟ یان وەک شەمشەمە کوێرە چاوتان لەبەر تیشکی خۆر هەڵنایات؟
وە لێرەوە پێتان دەڵێم: کەوا تەوبە کەن واز لە بڵاو کردنەوەی فیتنە بهێنن، وە چاکیش بزانن کە بەری تیشکی خۆر بە بێژنگ ناگیرێت.
وە کۆتا قسەم بۆتان ئەوەیە: کە باش بزانن هەروەک زانایان وتویانە: (علامة أهل البدع الوقيعة فى أهل الأثر)، کەواتە لە خوابترسن.............)، وە تۆمەتی حزبایەتیان دەدەنە پاڵ، وە ئێمە بەو کەسانە دەڵێین کە تانەو تەشەر دەدەن: تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، وە رێگای دوژمنانی مەنهەجی سەلەفی مەگرن، ئەوانەی کەوا کۆمەڵێکی سەلەفی دەبینن کە دەستیان گرتووە بە قورئان و سوننەتەوە، وەهەروەها رێز لە زانایان دەگرن، ئەوا تانەی حزبایەتی لەو کۆمەڵەپیرۆزە دەدەن، وە بیریان چۆتەوە کە کۆبونەوە لەسەر حەق وهاوکاری کردن لەسەر چاکەو لە خوا ترسان ئەوە ئەو کارەیە کە خوای گەورە بە شەرعی داناوە، وە پێغەمبەران و شوێن کەوتوانیان ویارمەتی دەرانیان لەسەری بوون.(
وە هەروەها شێخی بەڕێز لە تەزکیەیەکی دەنگی تۆمارکراوداو لەڕێگەی تەلەفۆنەوە دەربارەی مامۆستای بەڕێز دەڵێت: (بەڕاستی لەتۆدا راستگۆیی و دڵسۆزی و پاکی و بێگەردیم بەدی کردووەە تا ئەمڕۆژەی کە ئێمە تیادایین، وە دان دەنێم بەوەدا کە بەڕاستی تۆخاوەن عەقڵ و ژیری و زانست و فەزڵێکی زۆریت سوپاس بۆ خوا، وەداواکارم کە خوای گەورە نمونەی تۆ زیاد بکات.(
.4وە هەروەها شێخ أحمد الزهرانی کە یەکێکە لە قوتابیە پێشەنگەکانی شێخ ربیع کە چەند کەسێک لە عێراقەوە تەلەفۆنی بۆدەکەن ئەویش بەم شێوەیە ئامۆژگاریان دەکات و دەڵێت: (دوو کەس هەن کە تێر نابن، ئەوانەی بە دوای عیلم و زانستی شەرعیدا دەگەڕێن،وە ئەوانەش کەوا طالبی دنیان، ئەوەی کە بە دوای دنیادا دەگەڕێت بەردەوام دەیەوێت ماڵێکی زۆر کۆبکاتەوە، وە بۆیە لەسەرقوتابیانی عیلمیش پێویستە کەوا سور بن و بەردەوام بن لەسەروەرگرتنی زانستی شەرعی، وە لە کەسانی جێگای سیقەو متمانەو سەلەفی و راستگۆ وەری بگرن، وە ئێوە کەسێکتان لایە کە زۆر لە من باشتروچاکترە، وە هەروەها زۆر لە من شارەزاترە، من وای دەبینم وەشێخمان شێخ ربیع بن هادى المدخلى خوا بیپارێزێت تەزکیەی کردووە، کەئەویش شێخ ئەبو عبدالحق الكردیە، داواکارم لە خوای گەورە کەشارەزای بکات و سەرکەوتوویی بکات وە هەروەها سەری بخات بەسەردوژمنانیدا.(
پاشان ئەو کەسانە دەیانەوێت کەوا چەند پرسیارێک لە شێخ أحمدالزهرانی بکەن، بەڵام وەڵامیان ناداتەوەو دەڵێت: (والله داوای لێبوردن دەکەم، وە من پێم وتن کە من شێخ نیم بەڵکو خۆشەویست و شوێنکەوتوویی زانایانم، ئێوە شێخ (ئەبو عبدالحق)تان لایە کە شێخ ربیع تەزکیەی کردووەو وتویەتی: زاناو شارەزایە، ئایا ئێوە ئەمەتانبەس نیە؟ کە خێرو بەرەکەتێکی زۆری تیادایە.(
پاشان و لە دوای وەرگرتن و فێربوونی زانستی شەرعی لای زانایان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی ئازیزو وەک پێش نوێژو وتار خوێن لەمزگەوتی گەورەی چوارقورنە دادەمەزرێت، دواتر بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا دەستی کردەوە بە خوێندن و توانی بە سەرکەوتوویی خوێندنی ماجستێر تەواو بکات بە پلەی نایاب پاشان لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیرا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی و ئێستا لە

کۆتاییەکانیدایە.
وە مامۆستای بەڕێز خاوەنی چەندین کتێب و بڵاوکراوەیە بە زمانی کوردی و عەرەبی، لەوانە:
یەکەم: بە زمانی کوردی:
1.خواپەرستی نەک شەخص پەرستی.
2.تێکۆشان لە پێناوی خوادا.
3.چیرۆکی مەسیحی دەججال.
4.نیشانەی ئەهلی بیدعە لەکەدار کردنی مامۆستایانی شوێنکەوتەی سەلەفی ساڵحە.
5.گفتو گۆیەکی ئاشکراو هێمنانە لەگەڵ مامۆستا سەید ئەحمەدی یەکگرتوو.
6.سەلەفیەت درێژ بونەوەیەکی سروشتی ئیسلامە نەک گروپێکی تازە دامەزراو.
7.حەج و عومرە فەزڵ و چۆنیەتی و حوکمەکانی.
8.هەروەها خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری گۆڤاری (ڕێگای راست)ە.
دووەم: بە زمانی عەرەبی:
1-اقتضا و القصر للتوحید فی القرآن المجید، رسالة ماجستیر.

الجهود اللغویة لتقریر العقیدة السلفیة، رسالة دکتوراه.

براءة السلفیة وأتباعها من التفجیرات وأنصارها.

تحذیر أهل السنة من الوقوع فی الفتنة.

الأقوال السنیة فی منع الدراسة عند الجمعیات الحزبیة.

حکم دراسة أهل السنة فی الجامعات.

فضل الصیام وأحکامه.

الترتیبات البتوینیة للمنظومة البیوقونیة.

ترتیب متن العقیدة الطحاویة.

الشرح المهذب لمتن العقیدة الطحاویة المرتب.
11.الإیمان بالله، کە کراوە بە مەنهەجی خوێندن بۆ قۆناغی دووەم لەبەشی (علوم القرآن) لە کۆلێژی پەروەردەی جامیعەی تکریت.
وە هەروەها دامەزرێنەری قوتابخانەی (سوننە)یە بۆ زانستی شەرعی لە شاری (عەلەمی) پارێزگای تکریت.
وە ژمارەیەکی زۆر قوتابی تیایدا خوێندویانەو سودمەند بوون، وە لەوەدەرسانەی کە مامۆستای بەڕێز بە زمانی عەرەبی بۆ قوتابیانی قوتابخانەی سوننەی شەرح کردووەو بە تۆمار کراوی دەست دەکەون:
1کتاب التوحید مع تعلیقات قرة عیون الموحدین.

2-القول السدید علی کتاب التوحید.
3-شرح العقیدة الواسطیة للهراس.
4-شرح العقیدة الطحاویة لابن أبی العز.
5-الشرح والإبانة لابن بطة.
6-شرح السنة للبربهاری.
7-شرح کتاب الإیمان لأبی عبید القاسم بن سلام.
8-قواعد معرفة البدع للجیزانی.
9-تسهیل الوصول الی معرفة الأصول.
10-الدرر البهیة مع شرح الروضة الندیة فی الفقه.

-11منظومة القواعد الفقهية للسعدی.

الترتيبات البتوينية لشرح المنظومة البيقونية.

نزهة النظر شرح نخبة الفكر.

حلية طالب العلم بكر أبو زيد.

قطر الندی وبل الصدی فی النحو.

عنوان الظرف فی فن الصصرف.

الرائد فی علم الفرائض.

تطهير الجنان والأركان عن درن الشرک والكفران.

وه ئەو كتێبانەش كەوا بە زمانی كوردی شەرحی كردوون:
-1كشف الشبهات فی التوحيد.

-2البدعة تعريفها أنواعها أحكامها.
-3لمعة الإعتقاد.
-4القواعد الأربع.
-5كتاب التوحيد(بةشی يةكةم.(
-6العقيدة الإسلامية.
-7شرح العقيدة الواسطية(بةشی يةكةم.(
-8تةفسيری جوزئی عم.

-9متن العقيدة الطحاوية(بەشی دووەم(
10تةفسيری سورةتی الكهف.

تةفسيری سورةتی الزمر.

تەفسیری سورەتی یس.

تەفسیری سورەتی نوح.

تەفسیری سورەتی الفاتحة.

تەفسیری سورەتی العنكبوت.

تەفسیری سورەتی قاف.

تەفسیری سورەتی الصافات.

تەفسیری سورەتی المعارج.

تەفسیری سورەتی القلم.

شرح التحفة السنية.

شرح تطهير الجنان والأركان عن درن الشرک والكفران.

شرح عنوان الظرف فی فن الصرف.

شرح القواعد الفقهية للسعدی.

شرح نزهة النظر.

الأصول من علم الأصول.

-.26شرح شذا العرف فی فن الصرف بۆ (بهمن علی کلاری) شەرح کردووە بەڵام تەسجیل نەکراوە
شوێن و کات: نەزانراو

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ڕێکخراو: | ئایینی |
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1923

## شێخ عەبدوڵڵا بابە عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140809100340115464



لە پەنجاکانی رابردوو لە ناو بزاوتی رووناکبیری کوردی کاری کردوە، یەکێک بووە لە دۆستە نزیکەکانی مام جەلال، پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین بووە، ماوەیەک نوێنەری مام جەلال بووە لەمەڵبەندی کەرکوک و چەندین پۆستی دیکەی حزبی هەبووە.
رۆژی 08-08-2014 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایەوە بۆ گوندی زەرتک لە نزیک کەرکوک و لەوێ بەخاک سپێردرا.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 09-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | پێشمەرگەی دێرین |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1924

## شێخ لەتیف شێخ سادق بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150404010048120788



شیخ له تیف ی شیخ سادق ی هەشەزێنی (به رزنجی(
سالی 1936 له ئاوایی هەشەزێنی له ناوچه ی سه نگاو لەدایکبووه.
له سالانی په نجاکاندا قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی له هه ولیر خوێندوه و له تەکیەی شیخ عەبدولکەریم ی داره خورما ی باپیری له مزگەوتی شیخ مسگفی ی نه قشبه ندی و حوجره ی فه قێ یان کتیبه ئاینیه کانی خویندوه.
سالی 1958_ 1959 قوتابخانه ی ماموستایانی ئاینی له کرکوک ته واو کردوه له به ر کاروباری سیاسی وه زیفه ی میری (حکومی) نه بینیوه،، چه ند جاریک توشی به ندیخانه و ده ست به سه ری و دوورخستنه وه بوه،،
له به یانی رۆژی هه ینی ریکه وتی 5/11/1999 کۆچی دوایی کرد،،
له تیف به رزنجی شاعیر و نوسه ری و پیشمه رگه چه ند به رهه میکی چاپکراوی هه یه.
_1شاخی بارزان سالی 1958
به هۆی ئه م کتیبه وه له سه رده می عبدالکریم قاسم ئه خرێته به ندیخانه ی کرکوک کتیبه که ش قه ده غه ده کرێ.
_2فه رهه نگی هه لبه ست چاپی یه که م سالی 1968
چاپی دووه م سالی 1987.
_3پەڵه هەورێ 1987.
_4شێخ مەحمود له شیعری کوردی دا 1989.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | پێشمەرگەی دێرین |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1925

## شێخ محەمەدی خاڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081118151240348



شێخ محەمەدی خاڵ کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمینی خاڵە، کەبەپێنج پشت دەگاتەوەبەمەلا مستەفای موفتی بابانەکان، مەلا مستەفای باپیرەگەورەی شێخ محەمەدی خاڵ پاش گواستنەوەی میرنیشنی بابان لەقەلاچوالانەوەبۆ سلێمانی، ساڵی 1784 لەگەڵ خۆیدا دەستنووسەکانی هێناوە، ئەو دەستنووسانەلەباپیرەگەورەیەوە، کە"مەلا ئەبوبەکری موسەنیفە" بۆی ماوەتەوە، ئێستا مێژووی بەشێک لەدەستنووسەکانی شێخی خاڵ، کەنزیکەی 636 دەسنووسەدەگەڕێتەوەبۆ چوارسەد ساڵ لەمەوبەر.

مامۆستا خاڵ لەساڵی 1904 لەشاری سلێمانی لەبنەماڵەیەکی ئایینی ناوداری کوردستان لەدایکبووە، لەساڵی 194 باوکی بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، باپیری "حاجی شێخ ئەمینی خاڵ"، کەپیاوێکی ناوداری خواپەرست بووە، خاڵ و هەر چوار براکەی بەخێو کردووە، سەرەتای خوێندنی لای باپیری بووەو لەقوتابخانەی باپیریدا بەڕاستگۆیی و دەستپاکی و خواپەرستی و رازیبوون و دوورکەوتنەوەلەهەڵپەی جیهان پەروەردەبووە.

مامۆستای خاڵ هەر لەمنداڵییەوەئەوینی خوێندن و نووسین و خولیای پەرتووک و دەستنووس بووە، بەشی زۆری خوێندنی لای مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی بووە، کەزانایەکی ئایینی بەناوبانگ بوو، نەک هەر لەکوردستاندا، بەڵکو لەناو زانا ئایینیەعەرەبەکانی ئێراقیشدا، بەشێکیش لەخوێندنی لای مەلا حوسێنی پیسکەندی و شێخ جەلالی قەرەداغی بووە.

لەساڵی 1931 باپیری کۆچی دوای دەکات، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ لەوسەردەمەدا بەڕێکاری سولێمانی بووە، ئاهەنگێکی گەورەلەمزگەوتی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ ساز دەکات، کەزۆربەی پیاو ماقووڵانی سلێمانی بانگهێشت دەکرێن و هەر لەم ئاهەنگەدا بەفەرمانی فەرمیی شێخ خاڵ دەکرێت بەپێشنوێژ و وانەبێژی مزگەوتەکەی باپیری.

لەکۆتایی ساڵی 1931 تا کۆتای ساڵی 1938 بەوانەوتنەوەو پرۆژەی دانانی فەرهەنگی خاڵ و ڕێزمانی کوردی و چەند پەرتووکێکی ئایینی وەک "فەلسەفەی ئایینی ئیسلام و ژیانی پێغەمبەر"ەوەسەرقاڵ دەبێت. هەر لەم ماوەکورتەدا دوو پەرتووک بەچاپ دەگەێنێت، پاشان لەساڵی 1939 لەلایەن شالیارێتی دادەوەبانگەواز دەکرێت بۆ پێویستی چەند قازییەک، ئەویش بەشێوەی تاقیکردنەوە.

شێخ خاڵ یەکێک دەبێت لەوانەی تاقیکردنەوەئەنجامدەدات و پلەی یەکەمی بەدەست دەهێنێت. بەفەرمانی پادشایەتی دەکرێت بەقازی و لەهەڵەبجەدادەمەزرێت، ئیتر ناچار دەبێت دووربکەوێتەلەوانەوتنەوە، لەژیانی فەرمانبەرێتیدا یەکێک بووەلەقازییەناودارەشارەزاکانی ئێراق و لەماوەی 28 ساڵ کار وەک قازی لە"چەمچەماڵ و سولێمانی و کەرکووک و مووسڵ" ئەنجامداوە.

لەساڵی 1962دا لەناو هەموو قازییەکانی ئێراقدا هەڵبژێراوەبەئەندامی دادگای جیاکردنەوەی شەرعی لەبەغدا، لەم ماوەزۆرەدا جێ پەنجەی لەشالیارێتی داددا دیار و ناسراو بووە، بەوەی کەبەهیچ جۆرێک لەیاسا و شەریعەت لاینەداوە، هەرچەندچەند جارێک لەلایەن کاربەدەستانی زۆر گەورەوەفشاریان خستۆتەسەر بۆ ئەوەی لەیاسا لابدات، بەڵام بێ سوود بووە.

شێخی خاڵ لەبەرئەوەی نووسەرێکی خاوەن بیرولێهاتوو بووە، خاوەنی بەرهەمی زۆر و بەکەڵک بووە، بۆیەیەکێکەلەو کوردەزۆردەگمەنانەی کەلەزۆر زووەوەبووەبەئەندام لەکۆڕی زانیاری ئێراقدا، تەنها خوالێخۆشبوو "تۆفیق وەهبی بەگ" لەپێش ئەوەوەیەلەمبوارەدا، شێخی خاڵ لەساڵی 1953وەئەندامی کۆڕی زانیاری ئێراق بووەو لەساڵی 1972وەجێگری

سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردیش بووە، جێ پەنجەی زۆر دیارەلەهەردوو کۆڕەکەدا، بەرهەمەکانی باشترین بەڵگەن لەم رووەوەو توانیوەتی خزمەتی نەتەوەکەی بکات لەبواری رۆشنبیریدا و لەڕێی هەردوو کۆڕی زانیارییەوەناوی گەورەپیاوانی کورد بگەیەنێ بەجیهان، وەک "موفتی زەهاوی"، کەباویکی شاعیری گەورەی بەناوبانگ "جەمیل سدیق زەهاوی"یە، هەروەها "پێتوش"، "شێخ ئەحمەد فائیز بەرزنجی"، "بابەتایەری هەمەدانی"، "مەلا محەمەدی خاکی" و چەندین زانای دیکەی ناودار.
مامۆستای خاڵ کەسایەتیەکی کۆمەڵاتی رەوشت جوان و زمانپاک و دڵفراوان و مێشک کراوەو لەسەرخۆ بووەو تاڕادەی خواپەرستی باوەڕی بەڕاستگۆیی و لێبووردن و رێزگرتن لەماف و دادوەری هەبوو، لەو باوەڕەدا بوو، کەکوردایەتی خواپەرستییە، بۆیەلەناخی دەروونییەوەدژی هەموو جەور و ستەمێک بوو، کەلەنەتەوەکەی دەکرا.
یەکەم وتاری کەگۆڤاری گەلاوێژدا لەکانوونی دووەمی 1940دا لەژێرناونیشانی "خۆشەویستی نیشتمان" دایەکەسانی تر، ئەگەر تەنیا هەستی نەتەوایەتی هاندەربوایەبۆ بەربەرەکانی ئەو رژێمانەی کەبەردەوامبوون لەکاولکردنی کوردستان و زەوتکردنی خاکی کوردستان، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەگەڵ هەستی نەتەوایەتیدا هەستی ئایینیش رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەزیادکردنی گڕ و بڵێسەی تۆڵەسەندن تێیدا بەرامبەر بەدوژمنانی کورد و کوردستان، و لەو باوەڕەدا بوو، کەدەبێت ئایین ئاوێتەی نیشتمانی و نەتەویەتی بێت و خەباتی نیشتمانیش پێویستیەکی ئایینی بێت.
شێخ محەمەد خاڵ رۆژانە10 کاژمێر بەنووسین و خوێندنەوەوەسەرقاڵ دەبوو، لەسەر ئەم پرۆگرامەش تامردن هەر بەردەوام بوو، سەرەتای خوێندنەوەی لەدەمەوبەیانیەکی زووەوەتا نزیکی نیوەڕۆ، کەدەیکردەنزیکەی 6 کاژمێر لەجیهانی پەڕتووک و دەستنووسدا و دوانیوەڕوانیش پێش ئەوەی بروات بۆ مزگەوت 3 کاژمێر لەخوێندنەوەو پێداچوونەوەی ئەو پەرتووکانەی، کەلەژێر چاپدابوون و راستکردنەوەی هەڵەکانیان، شەوانەش پێش نووستن ماوەی کاژمێرێک بەخوێندنەوەوەخەریک دەبوو، لەناوەڕاستی حەفتاکانەوەتەنها یەک چاوی مابوو و بەردەوام زەڕەبینی بەکاردەهێنا بۆ خوێندنەوەو هەندێک جار پێیان دەگوت: "کەوتویتەتەمەنەوەو ئیتر ئەوەندەخۆت ماندوومەکە" لەوڵامدا دەیگوت: "تەندروستیم بەندەبەخوێندنەوەو نووسینەوە، ئەگەر دوورم بخەنەوەلێی، نەک هەر تەندرووستم خراپ دەبێت، بەڵکو لەوانەشەبمرم، من وەک ماسی چۆن، کەلەئاو دەرت هێنا دەمرێت، منیش گەر دوورم بخەنەوەلەپەرتووک و نووسین ئەوا دەبێ ماڵئاواییتان لێبکەم، بۆ نیوەچاوەکەشم، تو خوا چاوێک لەم رێگایەدا کوێر نەبێت بۆچی باشە؟"
مامۆستای خاڵ لەڕۆژی 1989.07.15دا ماڵئاوایی لەجیهانی زانست و زانیاری کرد و بەرەو جیهانی کۆتایی کەوتەڕێ، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەدوای خۆی 40 پەرتووکی لەچاپدراوی بەجێهێشتووە، کەزانستەکانی "لێکدانەوە، زمانەوانی، وێژەیی، بانگخوازی، مێژوویی،....هتد" لەخۆی دەگرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | زمانەوان |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |

شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1926

## شێخ مەحمود شێخ محەمەد کەسنەزانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030909365382511

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1927

## شێخ مەحمودی حەفید

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110144250237



دامەزرێنەری یەکەمین حکومەتی کوردستان و قارەمانی شەڕی دەربەندی بازیان، شێخ مەحمودی حەفید کوری شێخ سەعیدی کوری شێخ محەمەدە بچکۆلەی کوری حاجی کاک ئەحمەدی شێخە.
ساڵی 1881 لە سلێمانی لەو بنەماڵە ئایینییە بەناوبانگە لەدایکبووە، دوای هەرەسهێنانی میرنشینی بابان دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی کەوتە دەست ئەو بنەماڵەیە.
شێخ مەحمود بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندنو مامۆستایانی وەک عەبدوڵا ئەفەندی و عەبدوڵڵا زیوەر دەرسیان پێوتوە.
هێشتا منداڵ بووە کە لەگەڵ باوکیدا سەردانی ئەستەمبوڵی کردووەو لەوێ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێشوازی لێکردوون.
ساڵی 1908 بەپیلانی تاقمی ئیتیحادو تەرەقی لەشاری موسڵ شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برای شەهیدکرانو ئیتر ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵەکە ئەکەوێتە ئەستۆی شێخ مەحمود کە لەو کارەساتەدا زۆر بەزەحمەت رزگاری بووە.
شێخ مەحمودی حەفید وەک شەخسیەتێکی موسڵمان، ساڵی 1915 بەشدارییەکی کاریگەری کرد لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دژ بە

ئینگلیز لە ناوچەکانی کوت و شوعەیبە، بەخۆی و چەند سەد سوارێکی کوردەوە بەرگرییەکی قارەمانانەیان نواند.
ساڵی 1918 کاروباری شاری سلێمانی گرتەدەست.

لە 18ی حوزەیرانی ساڵی 1919 دا ئینگلیز بە تۆپو فڕۆکە و هێزێکی گەورەی بێ شومارەوە بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ فرایزەر لە دەربەندی بازیان پەلاماری هێزەکانی شێخ مەحمودی دا.

لەو شەڕەدا هێزەکانی شێخ مەحمود قارەمانێتییەکی زۆریان نواندو قوربانییەکی گەورەیان بەخشی، بەڵام ئاکامی شەڕەکە بە سەرکەوتنی هێزەکانی ئینگلیز کۆتاییهات.
شێخ مەحمود بەبرینداری لە پاڵ بەردەقارەماندا دەستگیرکراو لە مانگی تەمووزی هەمان ساڵدا بڕیاری لە سێدارەدانی درا، بەڵام لەژێر گوشاری رای گشتی داو لەترسی بەرپابوونی شۆرشێکی گەورەی کورد، ئەو حوکمە گۆڕا بە حوکمی دە ساڵ زیندانی و شێخ مەحمودیان دوور خستەوە بۆ هیندستان.

دوورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ ماوەی سێ ساڵ بارودۆخی کوردستانو ناوچەکەی ئاڵۆزتر کرد، بۆیە ساڵی 1922 رێپێدرا بگەڕێتەوە کوردستانو هەر هەمان ساڵ شێخی نەمر لە سلێمانی حکومەتی کوردستانی دامەزراندو هەموو تواناکانی خۆی تەرخانکرد بۆ پتەوکردنی ئەو حکومەتە، بەڵام سیاسەتی ئەو سەردەمەی گەورە هێزەکانی دنیا دژی ئامانجەکانی گەلی کورد بوونو ئینگلیز بەتەواوی پشتگیریی لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق دەکردو لەشکرکێشییان ئەکردە سەر کوردستان.
شێخ مەحمودی حەفید ماوەی چەند ساڵێک شەڕی پارتیزانی درێژە پێداو دوا جار لە ئاکامی گەلە کۆمەکێی هێزە ناوچەییەکانو هێزە گەورەکانی جیهان، شێخ مەحمود ساڵی 1926 دەستی لە چالاکی سیاسی و عەسکەری هەڵگرت و لە گوندی پیران دانیشت.
بەڵام کە راپەرینەکەی خەڵکی شاری سلێمانی لەرۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی 1930 خڵتانی خوێن کرا، شێخ مەحمود دەستیدایەوە چالاکی دژ بەهێزی ئینگلیزو هێزی حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراقو چەند نەبەردێکی تۆمار کرد، لەوانە شەڕی ئاوباریکو شەڕی کەناروێو شەڕی سورداش. بەڵام پارسەنگی هێزە عەسکەریی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە لەبەرژەوەندی کورد دا نەبوون، بۆیە شێخ مەحمود لەساڵی 1931دا کەوتە دەست دوژمنانی کوردو بە دەستبەسەری لەبەغداو ناوچەکانی تری عێراقدا خرایە ژێر چاودێرییەوە. بەڵام لەبەر ناهاوکوفی لەچەکو تەقەمەنی و هێزی شەڕکەر بۆیە شێخی نەمر ناچاربوو لە رۆژی 1931.05.13دا خۆی بەدەستەوەبدات، پاشان دورخرایەوە بۆ بەغداو سەماوەو لەدواییدا بۆ ناسریە، دواتر گەڕێنرایەوە بۆ بەغدا، تاکو لەساڵی 1941دا لەکاتی شەڕەکەی رەشید عالی گەیلانی لەدژی بریتانیا خۆی لەژیانی دەستبەسەری لە بەغدا رزگارکردو گەڕایەوە کوردستانو چوو لە گوندی "داری کەلی" دانیشت.
ئەم گەورە پیاوەی کورد جگە لەوەی کە جێپەنجەی بەسەر هەموو رووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانو عێراقەوە هەیە، شەخسیەتێکی کۆمەڵایەتی گەورەش بوو. خوێندەوارێکی بەسەلیقەو شاعیرێکی بەهرەداریش بوو. پێکهاتەو حکومەت و دەزگا ئیدارییەکانی تری شێخ مەحمود نیشانەی ئەوەن کە ئەم پیاوە هەڵکەوتووە بایەخیداوە بە خەڵکی رۆشنبیرو زۆربەی ئەفسەرو شاعیرو رۆشنبیرانی کورد پەیوەندییان

بەشۆڕشو حکومەتەکەیەوە کردووە .
شێخی نەمر لە خەباتی پارتیزانیشدا ڕۆڵی خوێندەوارو ڕۆشنبیری بەرز نرخاندووە، بۆیە چاپخانەکەی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی لە ئەشکەوتی جاسەنە-دا جێگیر کرد.
بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستانو ناوچەکە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت کە لەرووی ئیداریی و عەسکەریی و دیپلۆماسییەوە شێخ مەحمودی نەمر هیچی کەمتر نەبووە لەو پاشاو ئەمیرانەی کە لەدەورو پشتی کوردستاندا پشتگیرییان لێکراوە .

مەلیکی کوردستان شێخ مەحمود ڕۆژی 1956.10.09دا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بەغدا کۆچیدوایی کردو تەرمی پیرۆزی بەڕێزێکی زۆرەوە لەناو ئاپۆرەی خەڵکانی دڵسوزی شێخی نەمرو کوردو کوردستان لە تەنیشت گۆری کاک ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بەخاک سپێردرا.
ڕێو ڕەسمی پێشوازیکردن لەتەرمەکەی و بەخاک سپاردنی بوونە پریشکی هەڵگیرسانەوەی ڕاپەرینو خۆپیشاندان لەکوردستاندا.
کۆچیدوایی شێخ مەحمودی حەفید زیانێکی گەورەی بە بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی خەڵکی کوردستان گەیاند، بۆیە زوربەی شاعیرانو نووسەرانی کورد شیعرو بەرهەمیان بۆ نووسیوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1928
**شێخ نافیع مەزهەر - شپرزە**
http://www.kurdipedia.org/?q=200912131523092980



ساڵی 1336 ی ک. بەرانبەرساڵی 1292ی ە لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی یەوە لە شاری سەقز لەدایک بو وە بە پێی باوی سەردەم لە حوجرەولای مەلاکانی ئەوکات چوەتە بەر خوێندن کە بۆ ئەم مەبەستە گەلێ گوندوشاروناچەو ئەمدیوەو ئەودیوی کردوە کە لەوشوێنانە ئەتوانین ئاماژە بکەین بە:سەقز، گوندی ساحێب،لای سەقز گوندی حەمامیان،گوندەکانی باخچەو سەر باخچە لەلای بۆکان،.....ولەساڵی 1313 چو وەتە گوندی تاڵە جەڕ لە سەرشیوی سەقز لە خزمەت مامۆستا شێخ محەمەدی مەردووخ قزلبلاخی سەرف ونەحوتەواوئەکا هەرلە رێگەی ئەو مامۆستایەشەوە بو وتە هۆگرو خولیای شێعرو ئەدەبیاتی کوردی،کە ئەومامۆستا مەردووخ ە وەک شێخ نافێع باسی لێ دەکا ئاغاکانی تاڵەجەڕ بەتایبەت ئاغەساڵەی سوڵتان پەنا زۆرڕێزوحورمەتیان ئەگرت،یەکیک لە هاندەرەکانی شپرزەی شاعیرە. هەر لە ساڵی 1313داپەڕیوەی کوردستانی ئێراق ئەبێت لە وێ لە گەڵ شاعیرانی وەک : پیرەمێرد،فایەق زیوەر، قانع،موفتی پێنجوێنی،شێخ لەتیف، و...... ئاشنا دەبێت وسەردەمێک هاوکاری رۆژنامەی "ژیان "و"ژین " ە کەی پیرەمێرد ئەکا لە ساڵی 1936زاینی دەبێتە سەربازی سپای ئێراق ولە وێ دادەمەزرێ ولە ساڵی 1320قەزیەی (شەهریوەری20 ئەگەڕێتەوە کوردستانی ئێران و دوای زیندان بوون ژیانی ئاسایی دەسپێ ئەکاتەوە و لە شێرو خورشیدی ئەوکات دادەمەزرێ. شێخ نافێع تەنیا شاعیر نەبوو وە بەشی زۆری چالاکی یەکانی رێکخەروهاندەری هۆگران وئەویندارانی شێعروئەدەبی کوردی بەگشتی بووە ئەویش لەسەردەمە تاریک وبێ دەرەتانەکەی شاهەنشاهیدا کە ناکرێ ناوی لێ نەبرێ وەک خۆی باسی لێ دەکرد :لە تارکستانێکدا ئەوان شەمعی شێعری کوردی یان دائەگیرسان باس کردنی باسی سەربوو.......
لە بەرهەمی ئەدەبی دا ئەوەی لەبەردەست دابێت دیوانە شێعرێکە بەناوی(گردوکۆ)کە ساڵی 1995زاینی لە وڵاتی سوید چاپ کراوە مخابن ئەم کۆڵەکە وهاندەرودڵسۆزی ئەدەب وهونەری کوردی یە لە رۆژی چواری بەفرانباری 1377 لە شاری سەقز ماڵاوایی لەژیان وماڵ وخێزانەکەی کرد.
سەرچاوە: ماڵپەری چەمەڕا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1929

**شێخ نوری شێخ ساڵح**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100617135950443 8



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1930

## شێخ نەجمەدینی شێخ عەبدولڕەحمانی قەرە حەسەنی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112822520874019

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1931

## شێخ کەماڵ شێخ نوری شێخ بابەعەلی قەرەداغی - گێلە

http://www.kurdipedia.org/?q=20090115153146995



لەرۆژی 15ی شوباتی ساڵی 1934 لەگوندی تەکیەی سەر بەناحیەی قەرەداغ لەدایکبووە، هەر لەوێ لەگەڵ منداڵانی گوندەکە لای یەکەم مامۆستای کە ناوی شێخ کاکە حەمەی شێخ عەبدولکەریم بوو فێری ئەلفو بێو قورئان خوێندن بووە، پاشان لای شێخ عەبدوڵڵای شێخ حەسەن هەندێک کتێبی فارسیو عەرەبیو کوردی خوێندووە.
ساڵی 1940 لەدوای کۆچی دوایی زانای پایەبەرز، عەلامەی سەردەمی خۆی، شێخ باباعەلی کە باپیری خوالێخۆشبووە، هاتوونەتە سلێمانیو باوکی کە شێخ نوری شێخ باباعەلییەو ئەمیشیان بەهەمان شێوە عەلامەی سەردەمی خۆی بووە، لەجێگەی باوکی دانیشتووەو بووە بەئیمامو مودەڕریسی مزگەوتی شێخ ئەبوبەکر (کە ئێستا ناوەکەی بووە بەمزگەوتی شێخ باباعەلی). ساڵی 1942 خوالێخۆشبوو چووەتە قوتابخانەی خالیدیەی سەرەتاییو پاش ماوەیەک خوێندن لەو قوتابخانەیە بەفەرمانی باوکی لەقوتابخانە دەرچووە بۆ ئەوەی خوێندنی ئاینی

بخوێنێت لەمزگەوتەکانداو ساڵی 1947 بەپڕیارێکی مەجلیسی ئەو سەردەمە توانیوێتی بچێتە تاقیکردنەوەی پۆلی حەوتەمو لەو تاقیکردنەوەیەدا دەربچێتو دواتر پروانامەی دبلۆمو دواتریش پروانامەی دبلۆمی باڵا بەدەست بهێنێت.
دوای بەدەستهێنانی پروانامەی دبلۆم گەڕاوەتەوە بۆ گوندی تەکیەو لەوێ لای مامۆستای خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی شێخ عەبدوڵلای شێخ ئەحمەد کتێبی (سویگی) خوێندووەو هەر لەوێ بووە بە(مستعید). پاشتر گەڕاوەتەوە بۆ خزمەتی حاجی شێخ نوری باوکی بۆ سلێمانی، دواتر چووەتە خزمەتی خاڵی، شێخ مستەفای شێخ نەجیبی قەرەداغ، لەشارۆچکەی قەرەداغو لەوێ لەخزمەتی ئەودا خوێندوویەتیو دواتر چووەتە گوندی مەسۆییو لەخزمەتی مامۆستا مەلا حسێنی مەسۆییدا درێژەی بەخوێندن داوەو جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانیو لای سەید غەفوری حاجی مامەندی لەمزگەوتی سەید حەسەن (گەلەنبەوی)و (ئاداب)ی خوێندووە. لەدوای ئەوەش چووەتە مزگەوتی مەلا حەکیم بۆ وەرگرتنی زانستی زیاترو لەوێوە ملی ڕێی گرتووەتەبەر بەرەو بیارەو لەوێشەوە چووەتە گوندی پریس لای مامۆستا مەلا عوسمانی پریس خوێندنی زانستە ئاینییەکانی تەواوکردووەو دواجار گەڕاوەتەوە بۆ خزمەتی باوکی ئیجازەی مەلایەتی لەخزمەتیدا وەرگرتووە، هەروەک چۆن ئیجازەی لەخزمەتی شێخ مستەفای شێخ نەجیبی خاڵیشیدا وەرگرتووە .
دوای کۆچی دوایی حاجی شێخ نوری کرا بەجێنشینی لەهەمان مزگەوتداو بەئیمامو خەتیبو مودەڕریس لەمزگەوتەکەیدا دامەزرێنراو هەر لەوێ دەستی کرد بەتەدریس هەتا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی پێشوو. لەو سەردەمەدا لەگەڵ چەند هاوەڵێکی خۆی گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی دەنگی فەقێ کە سکاڵای فەقێکانی ئەو سەردەمەی تیادا بەیان دەکرا، لەوانەش (حەمەی مەلا کەریمی مودەڕریس)و (مەلا عەلی توتەقاجی)و (مەحمودی مەلا عەزیز)و..تاد. چەند جارێک لەشەستەکاندا مامۆستا لەسەر هەڵوێستی سیاسیو نیشتمانیو نەتەوایەتی لەگەڵ گۆرانی شاعیرو مامۆستا حەمە ساڵح دیلانی شاعیر تووشی زیندانیکردن هاتووە. هەتا دواجار دوورخراوەتەوە بۆ شارۆچکەی ئەسکەندەرییە لەباشووری بەغداو لەوێ بووە بەئیمامو خەتیبی مزگەوتی گەورەی ئەو شارەو درێژەی بەکاری خۆی داوە وەک مودەڕریسێکی ئاینیو چەندین کەس وانەی ئاینییان لەخزمەتیدا خوێندووە.
ساڵی 1973 جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانیو بۆ ماوەیەکی کەم بوو بەئیمامو خەتیبی مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی. بەڵام هێندەی نەبرد لەساڵی 1974دا جارێکی تر دوورخرایەوە بۆ شاری ڕانیەو لەوێ کرا بەئیمامو خەتیبی مزگەوتی گەورەی ڕانیەو بۆ ماوەی دە ساڵ تیایدا مایەوە کە ئەو ماوەیە ماوەی زێڕینی مامۆستا بوو لەڕووی چوستو چالاکیو توانای بەخشینی زۆرترین زانست بەژمارەیەکی زۆری فەقێو مامۆستایانو بەخشینی ئیجازەی مەلایەتی پێیان.
ساڵی 1979 بۆ یەکەمین فەرزی حەجی بەجێهێناو لەمەدینەی منەوەرە لەخزمەتی فەخری عالەمدا بەسیفەتی باوکو کوڕ دەستی نزای بەرزکردەوە تا شەفیع بێت بۆی لەڕۆژی حەشردا. هەر لەشاری ڕانیە بوو کە مامۆستای پایەبەرز بووە پێشەنگی خەڵک بۆ سازدانی خۆپیشاندانە مەزنەکەی ساڵی 1982ی ئەو شارە کە دەستپێکی زنجیرەیەک خۆپیشاندانو ڕاپەڕین بوو لەسەر ئاستی کوردستان، بۆیە خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕانیە وەک مەرجەعێکی شۆڕشگێڕی دەهاتنەلایو پرسو ڕاوێژیان پێدەکرد.
ساڵی 1983 جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانیو لەمزگەوتە

کۆنەکەی خۆیدا (مزگەوتی شێخ باباعەلی) درێژەی بەکاری تەدریسو خوداپەرستی داو ژمارەیەکی زۆر فەقێ لەسەر دەستی فێربوونو زانستەکانیان وەرگرت. دوای ساڵێک بەسەر گەڕانەوەیداو لەساڵی 1984دا کورە گەورەکەی مامۆستا کە پێشمەرگەیەکی ئازاو ناسراوی دەڤەری بیتوێن بوو، لەگرتووخانەکانی رژێمی بەعسی فاشی لەسێدارەدرا، خەڵکی دەڤەری بیتوێن بەگشتی شاهیدی ئازایەتیو چاونەترسیو لێهاتویی شەهید مەلا شۆڕشی کورەگەورەی مامۆستای کۆچکردوون.
لەکاتی راپەڕینە مەزنەکەی کوردستاندا مامۆستا هانی خەڵکی دەدا بۆ بەفیڕۆنەدانی کاتو دەرامەتو وازهێنان لەتەقەی خۆشیو لەو کاتەدا دەستەواژەیەکی ئەو هەبوو کە زۆر جێگەی خۆی گرتبوو لەئێزگەو کەناڵەکانی راگەیاندندا زۆر دووبارەدەکرایەوە، کە دەیفەرموو: "لەبری ئەو بەفیڕۆدانە با بەردێک بخرێتە سەر بەردێک تا گوندەکانی کوردستان زووتر ئاوەدان بکرێنەوە."
دواتر ئەم زاتە لەگەڵ هاوەڵانی کەوتە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو دوای هەوڵو ماندووبوون دواجار لەکارەکەیاندا سەرکەوتوو بوونو ئەو رێکخراوەیان زیندووکردەوە کە هەتا ئێستا لەچالاکیدایە. لەهەمان کاتدا دەستی دایە دروستکردنەوەی مزگەوتی تەکیەی قەرەداغ کە وەک هەموو مزگەوتە دێرینەکانی کوردستان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتبوو، ئەوەش وەک وەفایەک بۆ پیرۆزیی ئەو شوێنەوارەو زیندووکردنەوەیەکی ئەو جێگەی عیلمو زانستە کە خۆیو باووباپیرانی هەر لەوێ دەستیان کردبوو بەوەرگرتنی زانستە ئاینییەکانو لەوێش زانستیان بڵاوکردبووەوەو سەردەمانێک لەهەموو لایەکی کوردستانەوە ئاشقانی فێربوونو زانست روویان تێدەکرد. هەر لەو ماوەیەدا مامۆستا بێجگە لەکارەکەی خۆی وەک ئیمامو مودەرریسی مزگەوتی شێخ باباعەلی، لەمزگەوتی شێخ نەجیبی قەرەداغیشدا لەشارۆچکەی قەرەداغ کاری وتاربێژیی پێ سپێردرابوو.
ساڵی 1993 بوو بەئیمامو خەتیبی مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید هەتا ساڵی 1996و دوای ئەوە بوو بەئیمامو خەتیبو مودەرریسی مزگەوتی گەورەی سلێمانی (مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ)و سەرۆکی لیژنەی زانستی سەر بەوەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی، کە هەتا ساڵی 2006 لەو پۆستەدا مایەوە، لەهەمان کاتدا هەڵبژێردرا بەسەرۆکی لیژنەی باڵای یەکێتیی زاانایانی ئاینی کوردستان.
لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا مامۆستا وەک نوێنەری زانایانی ئاینی کوردستان لەدوو کۆنگرەی جیهانی لەتارانی پایتەختی ئێران بەشداریکرد بەناوی (مؤتمر التقریب بین المذاهب.(
شایانی باسە لەماوەی مانەوەیدا لەمزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ، ژمارەیەکی زۆر فەقێو مەلا لای مامۆستا وانەیان خوێندووەو زانستە ئاینییەکانیان وەرگرتووە.
مامۆستا دامەزرێنەرو راگرو بەڕێوەبەری (پەیمانگای کوردستان بۆ پێگەیاندنی پێشنوێژو وتاربێژ) بوو کە ئێستا بووە بەکۆلێژ. هەروەک ئەندامی لیژنەی راستکردنەوەی مادده ئاینییەکانی مەنهەجی خوێندن بوو کە دوو لیژنەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرابوونو بەرێوەبەری خولی زانستی بوو کە لەمزگەوتی کانێسکان ئەنجامدراو کۆمەڵێکی زۆر مامۆستای ئاینی لەو خولەدا خوێندیانو کۆمەڵێکیان پروانامەیان تیادا بەدەستهێنا.
ساڵی 2004 بۆ جاری دووەم چووەتە حەج ئەو فەرزەی بەجێهێناوەتەوەو ساڵی 2006 خانەنشینکرا.
مامۆستا شێخ کەمالی حاجی شێخ نوری کەسێکی لەرادەبەدەر زاناو

بەتوانا بوو لەبوارەکەی خۆیداو لەهەموو زانستە ئەقڵیو نەقڵییەکاندا شارەزایی تەواوو دەستێکی باڵای هەبوو، بەتایبەت لەزمانی عەرەبیدا کە توانایەکی لەراددەبەدەرو بێوێنەی هەبوو و وەک مەرجەعێکی بوارەکە پرسی پێدەکراو پەنای بۆ دەهێنرا. لەهەمان کاتدا کەسێکی زۆر سەربەرز بوو کە لەهەموو ژیانیدا سەری بۆ دوژمنانی نە دین نە وڵات شۆڕنەکردووەو مێژوو شاهیدی ئەو راستییەیە، بێجگە لەوەش کەسێک زۆر سادەو ساکارو بێ تەکەبورو هەواو خۆنەویست بوو و گرتەی رێبازی فەخری عالەمو دواکەوتەی پەیامە پیرۆزەکەی بوو. مامۆستا دەستێکی باڵای هەبوو لەنووسینو داڕشتنو ئەدەب بەشێوەیەکی گشتیو شیعر بەتایبەتیو چەندین نووسینی هەیە لەبوارەکانی شەرع، نەسەب، مێژوو، ئەدەب، وتاری دینیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو.. تاد، کە بەشێکی ئەو نووسینانەی چاپو بڵاو کراونەتەوەو بەشێکی تریان لەچاپکردندان، لەوانە دیوانێکی شیعر بەناوی (دیوانی گێلە.(

ئەم شێخە زاناو خواپەرستە پاش ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ نەخۆشیداو سەفەرکردن بۆ وڵاتی ئوردون بەمەبەستی چارەسەرو دوای گەڕانەوەی لەو سەفەرە کە دواسەفەری بوو لەژیاندا، رۆژی 2009/1/13 کاتژمێر شەشو نیوی سەرلەبەیانی بەفەرمانی خودا دڵی گەورەی لەلێدان کەوتو ئەو چرایە کوژایەوەو بەرەو ژینی نەبڕاوەو بێکۆتایی سەفەری کردو مەزارەکەی لەگردی سەیوانە لەنزیک مەزاری باووباپیری خودا بەهەشت بکاتەجێیانو لەوێ کۆیان بکاتەوە.

بەرهەمەکانی شاعیر

چاپکراوەکان:

1پەراوێز و لەسەر نوسینی سەرچاوەی بێگەرد بۆ ناسینی مەرد.

2ئەم دیوانەی بەردەستت.

دەستنوسەکان:

1وتاری رۆژانی هەینی .

2بیرەوەریەکان بەزمانی عەرەبی .

3کلیلەو دمنە بەشیعر.(وەرگێران(

4چەند نامیلکەیەک لە بوارەکانی شەریعەتی ئیسلامدا.

5ـ چەندین وتاری هەمەچەشنە بە کوردی و عەرەبی.

6الحب ينتصر على الجشع والدجل فى النهايه. شانۆنامە بە زمانی عەرەبی.

7دروس المحبه والوفاو كى لا تتحول السعاده الى الشقاو .

8الحسين سيد الشهداو و امام المجاهدين.

9خوێندنگەی تەکێی قەرەداغ لە مێژووی کورددا.

10ژیاننامەی زانایانی کورد.

11حقيقه الإسلام.(الصوم، الصلاه، الإستقامه، التوبه، الصدقه، الحسد، التربيه، حقيقه الدين(

هەندێک لەوانەی ئیجازەیان لە خزمەت مامۆستا وەرگرتوە:

1ـ مامۆستا مەلا عوسمان صۆفی عەبدوڵڵا .

2مامۆستا مەلا مەغدید.(ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی بوو شەهید کرا.

3مامۆستا مەلا حەمید مەلا محەمەدامین.

هەندێک لەوانەی لە خزمەت مامۆستا خوێندویانە:

1مەلا رزگار

2مەلا محسن تاوگۆزی.

3مەلا محسن حسێن.

4مەلا تەها مەلا محەمەد.

5مەلا ڤاهر عەبدولڕەزاق.

6مەلا عمر نزامی.
7ئیسماعیل حەسەن عیێد.
8عەبدولڕەحمان ابوبکر وەجاخی.
9ماجد الشمری.
10مەلا حەمە ئەمین ئاشوری.
11مەلا هاوکاری مەڵکەندی.
12مەلا هیوا.
13مەلا شێخ عمر پیسکەندی.
14مەلا حەسەنی پێنجوێنی.
15مەلا قادری وڵوبە.
16مەلا عەبدولقادری پیر مەمکی.
17مەلا عبدالهادی فەتحوڵلاالله.
18مەلا تەهای بەردانگەیی.
19مەلا عوسمانی حاجی داروی.
20مەلا شێخ خدری وەرتێ.
21مەلا عەبدوڵلا عبدالعزیز هەرتەلی.
22مەلا هیوا پێنجوێنی.

سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز ئاسۆ کەمال بۆ کوردیپێدیا سەبارەت بە ژیاننامەی شێخ کەمال شێخ نوری شێخ بابەعەلی قەرەداخی - گێلە لە 2010-10-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1932

## شێخ یوسفی مامش

http://www.kurdipedia.org/?q=20101130123915111157

شیخ یوسف کوری ئە حمە د مامش ساڵی(1162)ی کۆچی لە گوندی " ئە شنۆزە نگ"شاری"لاهیجان" لە دایک بووە،هە ربە منداڵی خە ریکی فێربوونی علومی سە رتایی بووە،بو زیاتروە رگرتن و فیربوونی حە دیس و علومی قورئانی کە وتە گە ران و بە ینێک لە مە هاباد و سولیمانیە و هە ولێر ماوە تە وە پاشان چوە تە سە ر ئیشی باوکی دە ستی داوە تە ئیرشاد و رێنموونی خە ڵک تاساڵی (1254)ی کۆچی کە ماڵئاوای لە ژیان کردوە شیخ یۆسب لە هونینە وە ی شێعرا هە ستێکی ناسکی بووە.
سە رچاوە: دایرە المعارفی کوردی بۆرە کە یی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |

جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1933
## شێردڵ ئێڵ پوور
http://www.kurdipedia.org/?q=20101130101445111112
کرماشان
بەشداریی نۆهەمین خولی ڤیستیڤاڵی سەرتاسەری چیرۆکی بانەی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڤیستیڤاڵی سەرتاسەری چیرۆکی بانە

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: چیرۆکنووس
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1934
## شێرزاد ئەحمەد نەجار
http://www.kurdipedia.org/?q=20140608170012100653
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1935

## شێرزاد حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20081112172043326



شوێنی لە دایک بوون: هەولێر گەڕەکی خانەقا.
ساڵی لە دایک بوون: دیار نییە چونکە دایک و باوکی ناکۆک بوون لەسەر ساڵی لە دایک بوونی، هەموو جار دەبووە شەڕیان لە سەر بەرواری لە دایک بوون، یەکێکیان دەیوت کە (شێرۆ) لە دایک بوو جوولەکە لە هەولێر رۆشتبوو، ئەوی دیکەیان بەرپەرچی دەدایەوە دەیووت نەخێر جولەکەکان نەڕۆشتبوون، هەر لەبەر ئەوە ساڵی لەدایک بوون دەکرێت 1951 بێت یان 1952.
لەشاری رەواندز چوار ساڵی قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی پاشای گەورە خوێندووە، پاشان پۆلی شەشی سەرەتایی چوونەتەوە هەولێر لە قوتابخانەی (ئیبن خەلەکان) بووە، تا قۆناغی بەر لە زانکۆ خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە.
پلەی زانستی: بەکالۆریس لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی/ زانکۆی بەغداد ساڵی 1974-1975.
لە ئابی 1977 لە ئامادەیی پیشەسازی کارەبا و ئەلکترۆنی سلێمانی دامەزراوە، پاشان لە کۆتایی ساڵی 1978 گواسترایەوە بۆ ئامادەیی بازرگانی سلێمانی تێکەڵ.
.1لە ساڵی 1994 ە وە تا حوزەیرانی 1997 لە رێکخراوی نا دەوڵەتی سەر بە بەریتانیا کە ناوی MGA بوو کاری کرد لە بەشی پەروەردە و راگەیاندن بۆ ماوەی 2 ساڵیش سەرنووسەری گۆڤاری ئاوات وهێڤی بوو کە رێکخراوەکە دەریدەکرت بۆ منداڵان و قوتابیان، ئامانجی ئاگادار کردنەوە بوو لە بەرامبەر ترس و هەڕەشەکانی (مین- لوغم).
.2لە هاوینی 1997 بە بانگهێشتێکی ئەدەبی چووە وڵاتی فنلەنداو لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا لە کۆنفرانسێکی جیهانید لە بەردەم ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا موحازەرەیەکی ئەدەبی پێشکەش کرد لەسەر (زمان و کەسێتی نووسەر).
بۆ دە مانگ وەک پەنابەر لە شاری (تامپێری) ژیا و پاشان چیرۆکی پەنابەرییەکەی بەتاڵ کردەوە و لە بەهاری 1998 گەڕایەوە کوردستان.
داوەتە ئەدەبییەکە لە لایەن (یانەی قەڵەمی جیهانی) ییەوە (Pen Clup) بە رێوە چوو..
.3لە حوزەیرانی 1998 ە وە لە رێکخراوی (UNESCO) تا هاتنی ئەمریکا لە ساڵی 2003.
کاری سەرەکی پەیوەندی بە هاوکاری نێوان رێکخراوەکە لە گەڵ دەزگای پەروەردەی کوردستان و قۆناغی خوێندنی باڵاوە هەبوو، ئەندامی کارای پرۆگرامەکان بوو
.4لە هاوینی ساڵی 2003 تا هاوینی 2007 وەک سەرپەرشتیاری پسپۆری کاری کرد.
.5لە مانگی ئەیلوولی 2007 تا هەنووکە تەکلیف کراوە بە راپەڕاندنی کاروباری راگەیاندن و بە و بە دوادا چوونی کێشەو گرفتەکانی پەروەردە لە پارێزگای سلێمانی..
.6وەک چاپکردنی کتێب، خاوەنی چوار کۆمەڵە چیرۆک بە ناوی (تەنیایی، گوڵی رەش، گەڕەکی داهۆڵەکان، پیرە پەپوولەکانی ئێواران) و دوو رۆمان و سێ نۆڤلێت (پێدەشتی کارمامزە کوأراوەکان، تەمی سەر خسند، حەسار و سەگەکانی باوکم، خەونی جاڵجاڵۆکەکان، ژنێکی منگن) و پتر لە بیست کتێبی وەرگێران لەبواری شیعر، چیرۆک، رۆمان، شانۆگەری، دەروونناسی، هونەر، راگەیاندن، کۆمەڵناسی و سیاسەت هەیە کە لە ئینگلیزیەوە کراوون بە کوردی.
.7بەشداری ڤیستیڤاڵی هاوینەی ئەدەبی (ئەدنبرە Bookcase -) بوو لە

هاوینی 2007 لە سکۆتلەندا.
.8سەربارى ئەوەى كەلە بیست ساڵی رابردوودا لە بواری بەرگری کردن لە مافی منداڵان و ژنان و پەروەردە و پاراستنی ژینگە لە کۆڕو کۆبوونەوەی زۆر بەشدار بووە لە تەک نووسین لەو بوارانەدا. سەرباری بەشداریکردن لە کۆرس و سیمیناری پەروەردەیی لە عەممان، بەریتانیا و چین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1936

## شێرزاد شێخانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010917545622084



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1937

## شێرزاد عومەر مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=201006111100204377



سەرنووسەری رۆژنامەی ئەمڕۆی دووبز/2003
بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری نووهات 2007
سەرنووسەری گۆڤاری ئێوە/2010
بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ئیسرائیل کورد 2011
دانیشتووی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەری ماڵپەڕی
http://www.kurdkurdistan.com
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (شێرزاد عومەر مەحمود) سەبارەت بە (شێرزاد عومەر مەحمود) لە: 29-12-2012 1:48:38

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📰رۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1938

## شێرزاد فەقێ عەلی مستەفا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150527124726121219



لە دایکبووی 1951/02/01 دەرگەزین سلێمانی
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سولەیمانی قوتابخانەی ئامادەیی سولەیمانی & وەتەن
خوێندنی دانشگا لە بەغداد لە ساڵی 1975/1969 کۆلێژی ئابووری
مامۆستا لە ئامادەیی بازرگانی 1978.1981
مامۆستای کاری دەست لە قوتابخانەکانی ستۆکهۆلم 1987.1999
خوێندنی دەروناسی بە مراسەلە 2000/1990
sherzad_ mustafa@ hotmail.com
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (شێرزاد فەقێ عەلی) سەبارەت بە (شێرزاد فەقێ عەلی) لە 27-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1939

## شێرزاد نائف

http://www.kurdipedia.org/?q=2012020522501164179

لە رۆژی 8-5-1972 لە دایک بوویە، دەرچووی کولێژی سەربازی یە، لە رۆژنامەی وار و ئەڤروی دهوک دا گوتار نوسیەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | دهۆک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1940

## شێرزاد هەینی

http://www.kurdipedia.org/?q=2009110400044012426



لە ساڵی 1955 لەهەولێر لە دایکبووم، بەشی رووپێویم لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواوکردووە و هەتا لە وڵات دەرچووم لە شارەوانی هەولێربووم، شەش منداڵم هەیە، پێنجیان لە خوێندنی زانکۆ قۆناخی باشیان پریوە، لەنێوان هەولێر و ستۆکهۆلم دەژیم.

چاپکراوەکانم ...

.1لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی (هەولێر) م ئامادەو چاپکرد.
.2هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی (هەولێر) م دەرکرد.
.3کەلاوە... 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
.4دیوەخانی فلێن... رۆژانەیە، لە 1999 لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی ی بڵاوکرایەوە.
.5هەولێر... تا دبلن...... 2000 ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.
.6بەغدا.... بۆ هەولێر!..... 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.
.7مەملەکەتی فارگۆنەکان.....2001 ریپۆرتاژ، سلێمانی.
.8کاکە، ئەبو ئیسماعیل... 2001، سلێمانی.
.9بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 رۆمانی گابریل مارکیز.

10.ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.
11.سارد، یان گەرم (12) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی.
12.فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لەهەولێر2005 بڵاوکرایەوە.
13.مەملەکەتی کەلاوە، وەک نامیلکە لەوەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر بڵاوکرایەوە.
14.کۆریا پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر 2007.
15.هولۆکۆست... وەرگێڕان... سەنتەری نما هەولێر 2007.
16.دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ.. هەولێر دەزگای ئاراس 2008.
17.مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008 .
18.بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراک، روایال، سارکۆزی... و: خانەی وەرگێڕان 2008 .
19.سێکس و پۆلیتیک، دیوێکە لەژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ...و: سەردەم 2008
20.تەها حوسین، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن.. دۆسیەیەک لە گۆڤاری نما 2008
21. 955دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە... دەزگای نما 2008
22.دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە...و: دەزگای ئاراس 2008
23.مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە... سلێمانی 2008
24.من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2009
25.مۆساد.. وەرگێڕان.. لە بڵاوکراوەکانی ئاودێر چ1و 2 هەولێر 2009، 2010
26.دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ.. لە بڵاوکراوەکانی ئاودێر هەولێر 2009
27.ترێنە خێرایەکی خۆرهەڵات... وەرگێڕان دەزگای موکریانی 2009
28.نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە... وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری 2009
29.کاکە ئەبو خەلیل... بەسەرهات... رەخنەی چاودێر سلێمانی 2009
30.برادەرە جوانەکە، رەشیدە داتی... دەزگای ئاراس وەرگێڕان 2009
31.سارا پالین... ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان.. وەرگێڕان دەزگای ئاراس 2010
32.دەسەڵات و نەخۆشی... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2010
33.سیاسەتی دڵ... وەرگێڕان دەزگای ئاراس 2010
34.جیهان لە دیدی کۆشنێر... وەرگێڕان دەزگای نما 2010
ئەتۆش دەرحەق بە من زۆر بێ موبالات
تاکو شاعیر لە کۆتایی غەزەلەکەیدا دەڵێ:

ئەگەر تۆ(عاصما) وەسڵی گوڵت بێ،
ئیتر بۆچیتە وەسڵی حۆری جەننات؟!
شاعیر لە غەزەلێکی دیکەیدا بە ناونیشانی(زۆر خەفەت بارم) لەبەر هیجرانی یارە خۆشەویستەکەی کارو پیشەی هەر گریانەو هاواری خودای پەروەرگار دەکات دەرمانو چارەیەکی بۆ بنێرێو دەڵێ:

دڵ لەبەر هیجرانی یارم کاروپیشەی زارییە
رۆژو شەو هەم ماهو ساڵ هەر پیشەیی هاوارییە
ئەی خودا چی بکەم دڵم شێوا لەبەر هیجرانی یار
دڵ میسالی سەنگی خارا رۆیی بەم نازدارییە!!
زۆر خەفەتبارم لەبەر زوڵمی رەقیبی سەگ سیفەت
سیرەتی زومرەی رەقیبان حیلەو مەککارییە
تاکو لە کۆتایی غەزەلەکەیدا دەڵێ:
)عاصی) سابەسیە ناڵەوە قورپێوان و شین و زار
کاری تۆ گەربێ رەوابێ هەرلەخزمەت بارییە

عاصم و شیعری وەسف:
عاصم وەک لەغەزەلدا سەرکەوتوو بووە، لە شیعری وەسف و دەربرینی هەستی دەروون بەهرەدار بووە.
لەهۆنراوەیەکیدا بەناوی (گەنجی تۆ لەکوێیت) دا دەڵێ:

بەهاری عومرم رۆیی بەجارێ
وشک و گەندەڵ بووم وەک پیرەدارێ
)گەنجی) تۆ لە کوێیت بۆ کوێ هەڵاتی
نەمزانی دەڕۆی لێم دەبیە قاتی ؟
گەنجیم وەک دوێنێ رۆیی لەدەستم
ئێستاش بەیادی گەنجیەتی مەستم
گوڵاڵەی بەهار وا روواپەوە
بەهاری گەنجیم نەگەڕایەوە
ئەی یاری دێرین گوڵی بابردوو
وەرە بۆم بکە باسی رابردوو
باسی کوێستانی کۆنە هەواران
ئاخۆ هەرماوە بەوێنەی جاران ؟
ئاخۆ قاسپەی کەو، چریکەی مەلان
ماون لەکێو و لەدۆڵ و تەلان ؟

شاعیر لەهۆنراوەیەکی دیکەیدا وەسفی رابواردنی سەردەمی لاویی دەکات کەچۆن بەشەرابی خودایی دڵی خۆی مشتوماڵ دەکات و گیزەی سەماوەریش دەبێتە مۆسیقای گیان و دڵ و (چا) دەبێتە دەرمانی دڵ و لەم رووەوە دەڵێ:

ئەو شەرابی ئەرخەوانی، دڵ دەکاتن مشتوماڵ
مەجلیس و دیوان بەجارێ جوان دەکا وەک لالەزار
گیزە گیزی دێ سەماوەر، مۆسیقای جان و دڵە
بۆنی عەتری ئەم شەرابە هەروەکو عەتری گوڵە
)چا) بەراستی چاکە دەرمانی دڵە ئەی چاوی من
تێکە پەی پەی چاوەکەم وەک کەوسەرە ئەو ئاوی من
تاڵ و شیرین نەمدیوە ئەوها بەخۆشی یەکگرن
قەت نەمانزانی بەلەحزە دەست لەیەکدی هەڵگرن
کاتێ ئەو قۆریە لەسەر تاجی سەماوەر جێگرە

هەروەکو بووکی بەهارە جوان و ڕێک و دڵگرە!
قەت بووە یەک تاڵ و ڕەش بێ یەک سپی و شیرین برا
پشتی یەک بگرن لەمەیدانا وەکو جووتە برا
هەر مەگەر (عاصم) بزانێ خۆشەویستی شەکرو چا
یا ئیلاهی بەردەوام بن خاتری غەوسی بەغا!

عاصم و شیعری سۆفیگەری:
عاصم شێخێکی ڕێبازی سۆفیگەری قادری بوو، لە سۆفیگەریشدا سۆفی دەبێ لەناو خۆشەویستی شێخ و پێغەمبەرو خودا دا بتاوێتەوەو لەلای شێخو دەروێشانی ڕێبازی قادریشدا گەرخۆیان بکەن بە سەگی غەوسی گەیلانی مایەی دڵنیایی و سەربەرزییانە، هەروەک لە هۆنراوەیەکدا بەناونیشانی (کەلبی قاپی غەوسی گەیلانیم) دەڵێ:

لەکونجی بێکەسیدا ماتو حەیرانم دەناڵێنم،
ئەمن ماتەمزەدەی عەشقم چ چارە ئەی ڕەقیبانم؟
نەماوە هۆشو عەقڵم بێ نەوا کەوتوومو مەحزوونم
وەکو بولبول دەخوێنم بۆ گوڵی ڕووباری پەنهانم!
ئەگەرچی (عاصم) ێکی ڕووسیاو بێ یارو یاوەرمام
ئومێدم زۆرە چونکە کەلبی قاپی غەوسی گەیلانیم!!

شاعیر بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ محییەدینی باوکی کە شێخ و ڕابەری ڕێبازی سۆفیگەریی قادری بوو لە کۆیەو هاتنی شێخ نەجمەددینی برای کە دەکاتە مامی شاعیر وەک جێنشین، هۆنراوەیەکی بەناونیشانی (ئەی موریدان) داناوەو دەڵێ:

ئەی موریدان
ئەی موریدانی تەریقەت دەسکەنە ناڵەوفیغان،
چونکە ڕۆیی لەم جیهانەی پرجەفا شێخی زەمان!
ڕەبی ئەم دنیایە کاول بێ لەدوای ئەم زاتەیە
هادی بوو بۆ ڕێی حەقیقەت بۆ موریدو سالیکان
جێگەی مەعلومە باخی جەننەتە قەسرو قسوور
وا ئەسەف پشتی شکاندین ڕۆیی نووری چاومان
ئەی خەلیفەو ئەی موریدان قوربەسەرکەن دایما
چاکە پرکات ناڵەتان هەفت ئەرزو هەم هەفت ئاسمان
ئێوە نازانن کە ئەم شێخە چ ناوێکی هەبوو؟
مووحییبی دینی موبین، دڵ پر لەنوورو میهرەبان
جێگەی خاڵی نییە ئەلحەمدو لیللا ئێستەکێ
شەیخی (نەجمەددین) خەلیفە جێنشینە لەومەکان
دەست بڵندکەن ئەی موریدانو بڵێن ڕەببی فەلەک
بەرقەرارکەی ئەم وەلی عەهدە لەبۆمان موستەعان

خوێنەری بەڕێز لەم بابەتەدا هەوڵمانداوە (عاصم) تان پێ بناسێنینو چەند نموونەیەک لە شیعرەکانیتان پێشکەش بکەین، هیوادارم شتێکمان بەشتێک کردبێ.

سەرچاوە:
دیوانی عاصم – لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی دکتۆر کەمال مەعروف – هەولێر 2012 لەچاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوانی هەرێمی کوردستان.

خەم بۆتەوە:چەماوەتەوە.
تا: مەبەستی لە(هاوتا)یە.
ڕۆژی جەزا: ڕۆژی قیامەت.

سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (سەرهەد عەبدوڵڵا) سەبارەت بە (عاصم) لە: 2015-6-29 8:40:23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2020

## عاسی

http://www.kurdipedia.org/?q=201007301634224596



عاسی نازناوی شاعیری کورد (مەلا مستەفای کوری مەلا رەسولی کوری مەلا محەمەد ئەمین کوری مەلا عوسمان)ە لەسەردەمی باب و باپیرانی بنەماڵەکەیان لە گوندی(خرابە)ی سەر بە قەزای کۆیە کە ئێستا مەڵبەندی ناحیەی ئاشتییە دادەنیشتن، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی جێگەی خۆیان بەجێهێشتووەو چوون بۆ ئەوبەری زێی کۆیەو لە دێی(تەلان)ی نزیک(دوکان) جێگیربوون.
مەلا عاسی لەو گوندەدا لە ساڵی 1310ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی 1892ی زایینی لەدایک بووەو هەر لەو گوندەشدا گەورە بووەو خوێندنی ئایینی وەرگرتووەو بووەتە مەلاو ژنی هێناوەو چەند ساڵان مەلای دێهاتەکانی دەوروبەری دوکان بووەو لەدواییدا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهاندا رووی کردۆتە شاری کۆیەو لێی جێگیر بووە.
عاسی لەسەردەمی لاوییەوە بەهرەی شاعیرییەتی تیا سەرهەڵداوەو دەستی بە شیعر هۆنینەوە کردووەو وەک خۆی دەیگوت شاعیری لێهاتووی وەک تایەر بەگی جاف و نالی کاریان تێکردووەو بەرەو مەیدانی شیعریان بردووەو ئەمەش نموونەیەکە لە غەزەلەکانی سەرەتای شاعیرایەتی و چەند دێڕێکی لێ دەخەینە روو:
ئەی پرتەوی رەنگت کە درەخشانی حەیاتە
لێوت بە مەسەل چاهی زەنەخ ئاوی حەیاتە

یاران ئەوە تەعریفی جەمالی ئەوە دەیکەم
کولمی گوڵە، چاوی قەدەحە، لێوی نەباتە!!
ئینجا عاسی هەر لە مەیدانی غەزەلدا ئەسپی هونەری شیعری تاو دەدات و دەنگی خۆی لەناو شاعیران پەیدا دەکات و لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا دەڵێ:
فیدای باڵای بڵندت بم، دەڵێی سەروی خەرمانە
بەسەر گەردی جەمالت بم دەڵێی خورشیدی تابانە!

نەخۆش بووم بۆ شیفا پێم گوت: کەرەم فەرموو کە بۆنی کەم

گوتی: ئەو جوتە سێوانەم مەزەی سەرخۆشیو مەستانە!

کە دەستم گەییە سەر سینەی بە غونچەی لێوی سەرمەست بووم
گوتم: گەر دەمکوژی فەرموو، گوتی: ئەمجارە ئیحسانە!!
عاسی جگە لە شیعری غەزەل، لە شیعری هەجوو وەسفیش دەست
رۆیشتوو بووە، دەبا بزانین لە وەسفی شاری کۆیەدا چی گوتووە؟
فەسڵی زستان کۆچی کردو خیوەتی هەڵدا بەهار
مەنزەرەی شادیو سەروەر، دەشتو کێوو دێمەکار
وەک بەهەشت رازانەوە هەر چوار تەرەفمان لالەزار
عاسیا بێرە تەماشاو نووکی خامەت بێتە کار!!
هەر لە سەد یەک وەسفی دەرخە بێ وەفا با دەرنەچین!
عاسی لە رۆژانی رەشی کورد لەو دەمەی کە هێزی حکومەتی بەعس
بەر لە رێککەوتننامەکەی 11ی ئاداری 1970 لە دواییشیدا میللەتی بێ
تاوانی کوردی لەناودەبردو هێرشی دڕندانەی دەکردنە سەر، دەکەوێتە
سەر وەسفێکی وردی ئەو شەڕو کوشتارەو دەڵێ:
گرمەگرمی تۆپو ساروخ، ناڵەیی منداڵو ژن،
کوڕ دەڵێ ئەی دایە هاوار.. داک دەڵێ هاوار لە من

زیرە زیڕی چەرخی دەبابەش لەسەر خاکی وەتەن
روو لە کوێ کەین یا ئیلاهی دێنە دوومان کون بە کون

قونبەلەو تیزابو بۆمبا، جەرگی سووتاندین خودا
قەت پەناو مەلجەو نەماوە، لوتفو رەحمی تۆ نەبن
بەم جۆرە شاعیر هۆنراوەیەکی دوورو درێژی لە وەسفی ئەو کارەساتەی
میللەتی کورد داناوەو دوا بەدوای رێککەوتننامەکەی ئاداری 1970ش
هۆنراوەیەکی دیکەی داناوەو گرنگی ئەو رۆژەو رێککەوتننامەیە دەردەبڕێو
دەڵێ:
قەومی کورد جا ببنە یەک دڵا، بێ غەرەزبین، سەیری کەن
چۆن لەسەر بورجی سەعادەت، رۆژی هیوامان هەڵات

ئێمە گشتمان هەر برا بووین، رۆڵەی یەک خاکو وەتەن
دوژمنی بەدخوایی ئێمە با لەداخا گیان بدات

بۆ هەموو تەنگانە دایم پشتیوانی یەکترین
دەستی دەبڕین هەر کەسێ دەستی درێژ کا بۆ وڵات!!
عاسی هەر بە بۆنەی جاڕدانی رێککەوتننامە مێژووییەکەی 11ی ئاداری
1970 لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولو حکومەتی بەغدا وە
دەڵێ:
حەمدوللا کوندی نەگبەت وا لە ناو کوردان فڕی،
بازو پیرۆزە کە هاتن ورگی شوومیان هەڵدڕی!

رووحو ویجدانو شەرەف هات، گەییە سەر ئەوجی ئومێد
دەستی دا شمشێری عەدلو ساختە کاری گوێ بڕی

وەک زەمانە بوو بە بازاڕ بابەتی دانا تەواو
مشتەری فەزلو شەرەف بوو کاکی کورد هەردووی کڕی

فورسەتە کەوتۆتە دەستتان سەد دەخیل خۆ راگرن
ئەو کەسە مەرد بوو لە مەیدان زوو نیفاقی سەربڕی

واز نەهێنن دەستو برد کەن پشتی یەکتر بەرمەدەن
هێزی یەک رەنگی بەهێز کەن رۆژی رۆیی‌و تێپەڕی

لێک ببوورن مەردی خوابن تا نیفاق سامتان نەبا
چاو لە یەکتر زوو بپۆشن وەک پڵنگ بن بۆ دڕی
تاکو لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:
تەبعی(عاسی) چون خەیاتە وا لە یەک پارچە غەزەل
هەر بە ئەندازەی شەجاعەت ئەم کەوا جوانەی بڕی
عاسی شاعیرێکی کلاسیکی بەتوانابوو، بۆیە لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا نازناوەکەی دەرخستووەو هەموو هۆنراوەیەکی خۆی بە غەزەل داناوە.
شاعیر لە لاواندنەوەی مەلا محەمەد ئەمین رۆڵەی دڵسۆزی کە بە گەنجی‌و لەناکاوی کۆچی دوایی کردو کۆڵێک خەمو تاڵی بۆ باوکی جگەر سووتاوی بەجێهێشت!..
هۆنراوەیەکی پڕ سۆزی داناوەو بەم جۆرە دەستپێدەکات‌و دەڵێ:
قووەتی نوتقم نەماوە، بیرو هۆشم کەم بووە
ئاگری مەرگی عەزیزە وا لە جەرگم بەربووە

گەر دەپرسن بۆچی ئەمڕۆ سینەکەم وێرانەیە
قونبولەی فرمێسکی چاوم بوردومانی کردووە

نووری چاوم قووتی رۆحم، هێزی ئەندامو دڵم
نەوجەوانی جوانەمەرگم کۆچی دوایی کردووە

یادی دەرناچێ لە دڵما دیمەنی روخسارەکەی
دڵ وەکو ئاوێنە عەکسی قەددو باڵای گرتووە!

بای ئەجەل هات‌و لەناکاو مەدرەسەی ڕێچایەوە،
حوجرەکەی تەدریسی ئێستا تۆزی غەم لێی نیشتووە
ئینجا عاسی هاوار دەکاتە پێغەمبەری خوداو حاڵی دەروونی خۆی بۆ دەردەبڕێ‌و دەڵێ:
یا رەسولەڵڵا لە دڵما ئیشتیاق پەیدا بووە،
مەزرەعەی سەبرم بەجارێ ئاگری تێبەربووە!!
مەلا عاسی تەمەنێکی درێژی پڕ کارەساتی 83 ساڵی بەسەر برد تاکو لە رۆژی 22ی مانگی ئەیلوولی ساڵی 1975دا لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردو بەڕێزێکی زۆرەوە بە خاکی نیشتمان سپێردراو دیوانێکی گەورەی شیعری کلاسیکی لەپاش بەجێماو لەم ساڵانەدا بەسەرپەرشتی دوکتۆر عەزیز گەردی‌و دیاری کردنی پرگەی شیعرەکانی بە کێشی عەرووز لە هەولێر بەچاپ گەیەنراو ئەوەی شایانی باسیشە کتێبی(گوڵستان)ی سەعدی شیرازی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی‌و بەدەستنووسی ماوتەوەو چاوەڕوانی چاپکردنە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (سەرهەد عەبدوڵڵا) سەبارەت بە (ژیاننامەی (عاسی) لە: 8-6-2015 8:18:24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |

شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2021

## عاسی عەلی تیلەکۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121010533074278

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2022

## عدنان ڕەفیق عەبدولکەریم حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580371241

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2023

## عربعەلی شروە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050709140857536



سالآنێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی کوردستان خزمەتێکی بەرچاوی بە هونەری کوردی کردووە لە زۆربەی بوارەکانی وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، گۆزەگەری، هەروەها لە بواری ئەدەبیشدا کاری وەرگێرانی کردووە و خاوەنی زیاتر لە 140 بەرهەمی نووسین و وەرگێرانی کتێبە.
هونەرمەند عربعلی شروە خەڵکی (قروە)ی سەر بە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لە رێکەوتی 2011/5/4 کۆچی وایی کرد.
سەرچاوە: ماڵپەری رووبەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هونەرمەند

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: وەرگێر

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سنە

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2024

## عرفان عوسمان محەمەد امین شاسوار

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165803712602

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2025

## عسمەت خابوور

http://www.kurdipedia.org/?q=20130206104616756515

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2026

## عفرینا کوردا

http://www.kurdipedia.org/?q=20130109131527747 83

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2027

## عوزێر حافز نەزیر

http://www.kurdipedia.org/?q=20081120115107416



لە زمانی خۆیەوە:
لە شارۆچکەی تەوێڵەی ناوچەی هەورامان ساڵی 1957 لە دایک بووم، سەرەتای خوێندنم هەر لە تەوێڵە لە خزمەت باوکی ڕەحمەتیمدا بوو لە هەڵەبجەو سەرگەت و گوڵپ و سلێمانی خوێندوومە، ساڵی 1988 – 1989 کۆلێژی شەریعەی زانکۆی بەغدام تەواو کردووە، هەڵگری دوو پروانامەی ماستەرم لە هەردوو بواری (تەفسیرو فیقە) دا، ئێستا قوتابی دکتۆرام.
یەک خێزانم هەیەو خاوەنی 5 منداڵم، دووکچ و سێ کور لە ساڵی 1985ەوە بە کاری دەعوەو بانگەوازەوە خەریکم، چەندین نوسراوو نامیلکەم بە چاپ گەیاندووە بە زمانی شیرینی کوردی، لە چەندین کۆنگرەو سیمیناردا بەشداریم کردووە لەناوەو دەرەوەی کوردستاندا، ئەندامم لە یەکێتی زانایانی ئیسلامی جیهانیدا، سێ حەج و دوو عەمرەم کردووە، لە ساڵەکانی 1988و سەرقاڵی وتار بێژی و پێش نوێژیم، لەم ماوەیەدا زیاتر لە 30 جار بانگ کراوم و زیندانی کراوم و دوورخراومەتەوە لە کاری خۆم.

سەرچاوە: محەمەد بەرزنجی - ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ☪ئیسلامی سیاسی |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2028

## عوسمان ئەبوبەکر سەعید فەرەج

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580471278

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2029

## عوسمان جوامێر

http://www.kurdipedia.org/?q=2012010310495063650

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2030

## عوسمان حاجی مەحمود یاخیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052509371283018

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2031

## عوسمان حەسەن شاکر

http://www.kurdipedia.org/?q=2013011913002074967

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2032

## عوسمان حەسەنزادە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031316175311970



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: پیرانشار - خانە

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2033

## عوسمان حەمە ڕەشید گورون

[http://www.kurdipedia.org/?q=2013011912593274966](http://www.kurdipedia.org/?q=2013011912593274966)

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2034

## عوسمان حەمەد ئەحمەد

[http://www.kurdipedia.org/?q=2013033010015882638](http://www.kurdipedia.org/?q=2013033010015882638)

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2035

## عوسمان حەمەد خدر - عوسمان دەشتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100216224403483



ساڵ و شوێنی لەدایک بوون/ 1952 هەولێر
پروانامە/ دکتۆرا لە فەلسەفە
پسپۆری/ مافپەروەر و نووسەر و رۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ
بڵاوکراوە و نووسین و وەرگێران/ دەیان باسو وتاری سیاسی، یاسایی، ئەدەبی، رۆشنبیری بە هەردوو زمانی کوردییو عەرەبی لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە، پێنج کتێبی چاپکراوی هەیە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنوسان و فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانییە.
کاندیدی لیستی گۆڕانە لە شاری هەولێر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق لە 2010دا.
سەرچاوە: ماڵپەری سبەی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2036

## عوسمان خواکەرەم

http://www.kurdipedia.org/?q=20140827132528115513

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |

نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2037

## عوسمان دانش

http://www.kurdipedia.org/?q=20110509105200057581



عوسمان کوڕی شەریف کوڕی سەعیدە. "شەریف ئەفەندی" ی باوکی، کەسێکی ناسراوی خەڵکی سلێمانی و موختاری گەڕەکی "گۆیژە" ؛ حەفسە محەمەد ئەفەندی " دایکیشی، لە بنەماڵەیەکی دیاری شار بووە. ساڵی 1920 لە دایک بووە. بە منداڵی چووەتە قوتابخانە،تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی تەواو کردووە. لە لاویدا، هەر زوو تێکەڵی سیاسەت و چالاکی حیزبی بووە. پێش دامەزرانی لقی کوردستانی عێراقی کۆمەڵەی ژ.کاف/ پێوەندیی پێوە هەبووە.کە حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد دامەزرێندرا،چووەتە ئەوێ و بووە بە مامۆستا لە قوتابخانەی گەلاوێژ. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، درێژەی بە تێکۆشانی سیاسی خۆی داوە و هەمیشە لە بەرەی گەل و نیشتمان دا ماوەتەوە.سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی لە بەر شێعری نیشتمانی خوێندنەوە بەند کراوە، لە گوڵلە بارانی ساڵی1953ی بەندیخانەی (کووت) بەر کەوتووە.
ناسناوی دانش، لە کۆماری کوردستان پێی بەخشراوە،وەک ئینسانێکی کوردپەروەری دڵپاک و سادە و خۆش مەشرەب و بێ تەماع بووە، حەزی لە کتێب و خوێندنەوە کردووە. لە "ژیان" و "ژین" یشدا نووسین و شێعری بڵاو کردووەتەوە. عوسمان دانش لە ساڵی 1950 لە تەمەنی 50 ساڵیدا لە سلێمانی ماڵاوایی لە ژیان کردووە.
سەرچاوە: وتاری نامەیەکی ڕەحیمی قازی بۆ عوسمان دانش - حەسەنی قازی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
جۆری کەس: چالاکی سیاسی
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2038

## عوسمان رواندزی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110412102211519522

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2039

## عوسمان سەلیم محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165803712377

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2040

## عوسمان سەنگەسەری

http://www.kurdipedia.org/?q=20140330171951674577

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: ڕانیە

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2041

## عوسمان شارباژێری

http://www.kurdipedia.org/?q=20110805082754605552




-عوسمان کوری حاجی عەلی حاجی (مارف)ە.
-لە ساڵی 1940 لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی چوارباغ لە دایک بووە.
-قوتابخانەی سەرەتای لە شارۆچکەی چوارتا تەواو کردوە.
-لە شاری سلەیمانی قوتابخانەی ناوەندی و مامۆستایانی تەواو کردوە.
-لە ساڵی 1963 بووە بە مامۆستاو چۆتە شاری خۆشەویستی رواندز جێ ی مێرنشینی پاشای (کۆرە-گەورە) و جێ ی مەزارگەی گۆڤاری زاری کرمانجی.
-لە شەقڵاوەو پیرزین مامۆستا بووە.
-لە ساڵی 1969-1970 لە هە ولێر لە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان مامۆستای وانەی سروودو مۆسیقا بووە.
-لە سلێمانی لە قوتابخانەکانی (خەبات،سەلاحەدین،ڕاپەڕین،مەولاناخالید،گۆیژە) مامۆستای وانەی سروودو مۆسیقا بووە.
-لە سالآنی 1956 لە گۆڤاری هە تاو و رۆژنامەی ژین هۆنراوەی بڵاو کردۆتەوە.
-لە ئێستگەی کوردی لە 1960/8/16 یەکەم گۆرانی تۆمار کردووە،تا ئەمرو نزیکەی 30 گۆرانی بۆ ئەو ئێستگەیە تۆمار کردووە.
-لە تەلەفزێۆنی کەرکوک 21 گۆرانی رەش و سپی و 7 گۆرانی رەنگاو رەنگی هە یە.
-ساڵی 1973 مۆسیقاری جیهانی دانیمارکی (یۆرکان پلێتنەر) هاتە عیراق بۆ کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی نەتەوەکانی رۆژهەڵات جێ ی شانازی بووە کە ئەو رەوایەی داوە بە مامۆستا عوسمان شارباژێری چەند گۆرانیەکی بۆ تۆماربکات،لەگەڵ خۆی گۆرانیەکان بەرێتەوە بۆ وڵاتی دانیمارک.
-چاپکراوەکانی مامۆستا عوسمان شارباژێری:

-1دیاری و یادگاری-هۆنراوە-1962
-2ئەستێرەی بەیان-هۆنراوە- 1969
-3کاروان-هۆنراوە-1969
-4هە زارو یەک پەند-پەندی گەلان-1969
-5لێدوانێکی کورت لە مۆسیقاومەقامی کوردی-تۆژینەوە-1972
-6بەستە و مەقام-1979
-7گەوهە رێ -گۆرانی یەکانی حەسەن زیرەک-1982
-8گەنجینەی گۆرانی کوردی-1985
-9کوردنامە-هۆنراوە-2006
-10دڵ و دەولەت-هۆنراوە-2011
-11کتێبی (نوسینەوەی مێژووی کۆن و نوێی گۆرانی و میوزیکی کوردی)...ئامادەیە بۆ چاپ.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (دیلمان عوسمان

شاربازێری) سەبارەت بە (عوسمان شاربازێری) لە: 28-4-2012 7:15:08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2042

## عوسمان شێخ محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2011012609404633033

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | تیرۆرکراو |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2043

## عوسمان شەیدا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150209001149119297



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2044

## عوسمان عەلی - ئازاد گەرمیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101107131705510595



لەدایکبووی ساڵی (1955)ی گوندی لەیلان، کەرکووک، عێراق، سەر بەهۆزی کافرۆشی کوردییە.
ـ خوێندنی ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە، دواتر لە بەشی زمانی ئینگلیزیی کۆلیژی ئادابی زانکۆی موسڵا دەرچووە .
ـ لە زانستی سیاسییی (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) لە زانکۆی (جویلف) لە کەنەدا ماستەری تەواو کردووە .
ـ دکتۆرای لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامیی لە زانکۆی تۆرینتۆی کەنەدا تەواو کردووە .
ـ ئێستا وانەبێژە لە بەشی مێژوو، پەیمانگای (رایرسۆن) لە کەنەدا .
ـ مامۆستا بووە لە بەشی مێژووی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەددین .
ـ لە ساڵانی (1995- 1999) مامۆستای مێژوو و مێژووی شارستانییەت بووە لە زانکۆی ئیسلامیی جیهانیی لە مالیزیا.
ـ بە هەردوو زمانی ئینگلزیی و عەرەبیی خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لە بابەت مێژوو و کاروباری کورد.
سەرچاوە: چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، نووسینی: دکتۆر عوسمان عەلی، وەرگێرانی: کامەران جەمال بابان زادە، چاپی یەکەم 2010، چاپخانەی ڕێ نوێ.
سەرچاوە: نامەیەکی (ئیدریس محەمەد) سەبارەت بە (عوسمان عەلی - ئازاد گەرمیانی) بۆ کوردیپێدیا لە 06-11-2010

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کەرکوک

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2045

## عوسمان عەلی وەیسی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140620163820100938

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2046

## عوسمان محەمەد هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020610211475610

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2047

## عوسمان مەلا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010921041422116

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🖎نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2048

## عوسمان هورمزیار

http://www.kurdipedia.org/?q=2011041022450619486



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🖎نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2049

## عوسمان یاسین

http://www.kurdipedia.org/?q=2013041808055982692

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🖎نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2050

## عومران شێخ موس

http://www.kurdipedia.org/?q=2008110710263174

سالّی 1967 لەشاری قامشلی- رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە و سالّی 1988 چۆتە مۆسکۆ و لەسالّی 1989وە لەئالّمائاتا لە ولّاتی کازاخستان دەژی و وەک ئەندازیاری نەوت کار دەکات.
هونەرمەند عومران هەر لەمندالّیەوە خەریکی نەقاشی بووە و لەسالّی 1985 هەتا 1988 لەئاکادێمی گرافیک لەدیمشق بەشی گرافیکی تەواو کردوە. بەرهەمەکانی زۆرتر لەرۆن و ئاکریل پێک دێن و بەشێک لە بەرهەمەکانی کاری گرافیکە. تێم و بابەتی کارەکانی بیریتین لەمندالّی، بیرەوەری و کۆمەلّگای کوردەواری. عومران جگە لەکاری نەقاشی هۆنراوە و کورتەچیرۆک بەزمانی عەرەبی دەنووسێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | پەیکەرتاش |
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| ولّات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2051

## عومەر ئیسماعیل مارف

http://www.kurdipedia.org/?q=20120826205333364272



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆلّەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| ولّات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2052

## عومەر ئەمین عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110422100442568050



له دایکبووی 1956 له ناحیەی میرزارۆستەم له بناری کۆسرەت، نەوەی یەکەمی ئامادەیی هەلکەوت بووە له سلێمانی، نەوەی یەکەمی پەیمانگای تەکنۆلۆجی بووە له سلێمانی، شارەزاییەکی باشی هەیە له ئەندازەی مەدەنی، دانیشتووی رانییە کەسێکی بێ لایەنە، ئەرشیفێکی دەولەمەندی شیعری هەیە و جەند کتێبێکی چاپکراوی هەیە وەکو تەفسیری دیار، بوون له سێبەری فەلسەفەو زانستدا، یاسای زەکات، ئیرهاب و کورسی دەسەڵات، جەندین بەرهەمی تریش لەژێر چاپدان وەک (کێلکەی ئازەلەکان) جورج ئوریول، لەسەر کوردایەتی له هەموو مافێکی بە هاوولاتی بوون بێبەش کراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2053

## عومەر جەلال

http://www.kurdipedia.org/?q=20110228121459194 30



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2054

## عومەر چنگیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081214150017655



عمر چنگنیانی لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو لە شاری سلێمانی/ باشووری کوردستان لەدایک بووە.

·لەبنەڕەتدا خەڵکی دێی(چنگنیان)ـە، کەلادێیەکی سەربەناوچەی شارباژێڕە، هەربۆیە ئەو نازناوەیشی بۆخۆی هەڵبژاردووە.

·ئەلف و بێ ی خوێندنی لە حوجرەو مزگەوتەکانی سلێمانی و دەورو بەری دەست پێکردووە، هەر بەفەقێیاتی تادووایین پلەکانی خوێندنی حوجرە رۆیشتووە.پاشان چۆتە پەیمانگای خوێندی ئیسلامی (مزگەوتی گەورە) لە سلێمانی و ئەو پەیمانگایەی بە پێشکەوتوویی، تەواوکردووە.

·وەک ئەندامێکی فەقێیانی، سەربە یەکێتی زانایانی ئایینی، کەئەوکات سەرۆکەکەی مامۆستا مەلاعوسمان عبدالعزیز بوو، بەژداری لە شۆرشی مەزنی ئەیلول کردووە.

·بۆماوەیەک بەر لە خوێندنی زانکۆ لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، لەمزگەوتی گەیلانی، لەبەغدا خوێندویەتی.

·بەهۆی حەزی خۆیی و هاندانی مامۆستا ئەحمەدی برای بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس چۆتە مەدینە و هەر لەوێ لە کۆلێژی (الدعوە وأصول الدین) لە ساڵی 1980ز، بەپلەی(جید جدا)تەواو کردووە.

·لەسەرەتای هەشتاکان، دوورخراوەتەوە بۆ شاری هەولێر، پاش چەند ساڵ لە ئیمام و خەتیبێتی لە مزگەوتی شیخ عەبدولقادری گەیلانی و رازی نەبوونی بە پابەند بوون بە فەرمانەکانی دەسەڵات و دوعانەکردن بۆ سەرۆکەکەی.

·بەژداری لە راپەرینە مەزنەکەی کوردستان کردووە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، هەر لەپاش راپەڕینیش راستەوخۆ دەستی بەبانگەوازی خۆی کردووە لە مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی و قوتابخانەیەکی بەناوی عومەری کوری خەتتاب داناوە. لەبەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان و شەڕەکانی کورد کوژی، بەر ئەو شاڵاوە کەوتووە و قوتابخانەکە لەکار خراوە و کتێبخانە تایبەتییەکەیشی سوتێنراوە.

·چەند جارێک بۆ پلەی ماستەر خوێندوێتی لە وڵاتە عەرەبێکان، بەڵام بۆ هەرجارێکیان لەدووا ساتەکاندا نەیانهێشتووە ئەو پلەیە وەرگرێت، گرنگترین هۆکارەکانیشی کوردزمانی ئەم و رەگەزپەرستی ئەوان بووە.

·هەفتانە لەرۆژانی شەممە لە رۆژنامەی خەبات و چوارشەممان لە رۆژنامەی ئەڤرۆ، بەزاراوەی کرمانجی ژوورو(بادینی) بابەتی جێگیری خۆی هەیە، جگە لەچەندین بڵاوکراوەی لە رۆژنامە و گۆڤارە جیاجیاکانی کوردستان.

عمر چنگنیانی بۆماوەی چەند ساڵێک دەبێت، راوێژکاری ئایینی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ئەندام و راوێژکاری کۆربەندی هزری ئیسلامیە کە بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەختە و پێشکەشکاری بەرنامەی (ئایین و کۆمەڵ)، لە زاگرۆز تی ڤی و پێشکەشکاری بەرنامەی (ئایین و ژیان)ـە لە رادیۆی زاگرۆس.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2055

## عومەر حەسەن عەلی ئەسغەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818092447125313

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2056

## عومەر حەمەد مەولود حەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165803712 45

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2057

## عومەر خامۆش

http://www.kurdipedia.org/?q=20120219230006642 64



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2058

## عومەر ڕەشید ڕەسوڵ غەفور

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580471272

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2059

## عومەر سەید

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022720294580603

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2060

## عومەر سەیدە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011091322263461216



عومەر حەسەن سەیدە
29/9/1977کەرکوک
پێنج کتێبم کەوتوەتە بەر دەستی خوێنەر
1.پەریسا/ شیعر 1999
2.بەرەو شێتبوون/ شیعر 2005
3.گەمە لەگەڵ دڕندە / کۆمەڵە وتار 2005
4.ژیان بە درۆوە جوانە / شیعر (ئەم کتێبەیان تەنها لە ڕێی ئینەرنێتەوە بڵاو بووەتەوە)
5.شێتبوون/ شیعر 2008

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2061

## عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042920284476016

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2062

## عومەر عینایەت حەمە سەعید - عومەری حاجی عینایەت هەڵەبجەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100218100759349б



ساڵ و شوێنی لەدایک بوون/ 1953 هەڵەبجە
پروانامە/ دبلۆمی باڵا لە ئەندازیاریدا
پسپۆری/ ئەندازیاری رێگاوبان
کاری ئێستا/ سەرپەرشتیاری گشتی کاروباری ئەندازیاری لە بەرێوەبەرێتی گشتی شارەوانیەکان لە سلێمانی
بڵاوکراوەو نووسینو وەرگێران/ 2 کتێب بە ناوەکانی هەڵەبجە توێژی منەو هەڵەبجە شارو شارستانیەت جگە لە دەیان وتارو نوسین بۆ رۆژنامەکان.
چالاکی/ دیزاینو جێبەجێکردنی دەیان پرۆژە لە سنوری پارێزگای سلێمانی لەگەڵ رێکخراوی UN و حکومەتی هەرێمو کەرتی تایبەت وەک پرۆژەی ئاوی سەرچنارو زەڵمو هەڵبجەی شەهید.
کاندیدی لیسی گۆران لە شاری سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق لە 2010دا .
سەرچاوە: ماڵپەری سبەی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆران |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2063

## عومەر عینایەتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150118040536118895



لەساڵی 1960 شاری بۆکان لەدایکبووە.
لەساڵی 1977 دەستی بە چالاکی سیاسی کردوە لەگەل تەشکیلاتی زەحمتکیشان (اتحادیەی کمونیستها) لە ساڵی 1980 بۆ ماوەی 5 ساڵ زیندانی کراوە.
سەرچاوە:ماڵپەری بۆکان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
جۆری کەس: زیندانی سیاسی
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: بۆکان
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2064

## عومەر عەبدولعەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=200907241428361901

لەساڵی 1911 زایینی لە گوندی پریسی سەر بە قەزای هەڵەبجەی شەهیدان لە داییک بووە، یەکەمین مندالی بنەماڵەکەی بووە، هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە وانە ئاینیەکانی تەواو کردووە. ناوبراو ئێستا دوو کور و سێ کچی هەیە کە مەلا محەمەد عمر عەبدولعەزیز کورە گەورەیەتی و لە 2008/7/19 بویە رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆتایی بە فەراغی رابەر لەو بزووتنەوەیەدا هێنا و دوای هەردوو مامی بووبە سێەم رابەری ئەو بزووتنەوەیە.
مەلا عومەر لە لەمانگی ئازاری ساڵی 2006 لەگەڵ براکەی مەلا عەلی عەبدولعەزیز کە ئەو کات رابەری بزوتنەوە بوو، لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە دەستگیرکرا و پاشان ئازاد کرا .
لە 2008/8/8 لەشاری سلێمانی و لەتەمەنی 97 ساڵیدا کۆچی دواییکرد. لە گۆرستانی گۆلان لە تەنیشت ئارامگەی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز و مامۆستایانی دیکەی رابوونی ئیسلامیی تەرمەکەی بەخاک سپێردرا .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ستاندەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئایینی
جۆری کەس: ئیسلامی سیاسی
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2065

## عومەر عەبدولڕەحیم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122814440287023

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2066

## عومەر عەبدولکەریم کەسان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061709252685566



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2067

## عومەر عەبدوڵلا حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020316594175564

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2068

## عومەر عەبدوڵلا عەبدولڕەحیم مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165801712O1

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2069

## عومەر عەبدوڵلا فەتاح محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165804712 97

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2070

## عومەر عەلی سید

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165803712460
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2071

## عومەر عەلی غەفور

http://www.kurdipedia.org/?q=20120513211840647010



نووسەر و ڕوژنامەنووس، بایەخ بە بابەتە فیکری و سیاسی و ئەخلاقی-ئینسانییەکان دەدا. سەدان وتار و لیکولینەوەی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بلاو کردووەتەوە. تا ئیستە 8 کتیبی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ئەوانیش:

-1مافی ئافرەت لە نیوان رەگەزسالاری و مروڤسالاریدا، 1997.
- 2بەئایدیولوژیاکردنی ئاین، 2001.
-3جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی، 2002.
-4ئەخلاق لە سیاسەتدا،2002.
-5مروڤایەتیمان لە بوسەی ئایدیولوژیادا، 2009.
-6ئاین لە فیکری مەسعود محەمەددا، 2009.
-7گوتاری ئاینی لەژیر وردبیندا، 2010.
-8ئافرەت وەک خۆی، 2011 .
-9ئیسلام و دیموکراسی (وەرگێران).
-10موبارەک و سەردەمەکەی (وەرگێران).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێر

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2072

## عومەر عەلی کەریم - مەلا عومەر

http://www.kurdipedia.org/?q=200910041638202068



لە دایک بووی یەکێک لە گوندەکانی بناری بەمۆ سەر بە باشووری کوردستان.
پروانامەی دیبلۆمی بەدەست هێناوە لە زانستەکانی کۆمپیوتەردا لە بەریتانیا.
دەرچووی کۆلێژی شەریعەو خاوەن پروانامەی بەکالۆریۆس لە بەریتانیا.
خاوەنی پروانامەی مەلایەتی ئیجازەی عیلمی1.
دیبلۆمی باڵای لە زمانی ئینگلیزی و مامۆستایی ئینگلیزیدا بەدەست هێناوە (English with TEFL) لە بەریتانیا زانکۆی وەیلز University of Wales.
پروانامەی ماستەری لەسەر ڕەوشی خوێندنی ئینگلیزی لە کوردستاندا بە دەستهێناوە لە زانکۆی وەیلز.University of Wales
خاوەنی دەیان پروانامەی جیا جیا وەک بەشداری کردنی خول لە بوارەکانی کۆمپیوتەر، زمانەوانی، ڕۆژنامەوانی، ژمێریاری...هتد.
بە سەدان نوسراوو بابەتی هەمەجۆرو لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە لە بوارەکانی ئاینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی...هتد.
خاوەنی کتێبی (وەڵامی پرسیارەکانتان لە ژێر ڕۆشنای شەریعەتدا.(
خاوەنی دەیان کتێب وناملکەی چاپ کراو و چاپ نەکراو.
خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری بوار.
بەڕێوەبەری ڕێکخراوی بوار بووە بۆ ماوەی ساڵێک لە بەریتانیا.
ئەندامی ڕێکخراوی WEA بۆ فێرکاری.

ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید(چاک)ە لە بەریتانیا.
سەرنووسەری پێشووی گۆڤارو سایتی دەریای نوور.
پێش نوێژو ووتار خوێنی پێشووی مزگەوتی نوور لە شاری بێرمینگهام بەریتانیا.
ووتار خوێنی مزگەوتی سەیرانگای سەرتەکی بەمۆیە لە ئێستەدا بە خۆ بەخشی.
وانە بێژ بووە لە پەیمانگای تەکنیکی دەربەندیخان و پێنج مادەی جیاوازی ووتووەتەوە.
ئێستە لە کۆلێژێک بەناوی ئی دی سی چەند کارێکی جیاوازی تێدا دەکات لە بەریتانیا.
خێزاندارەو دوومنداڵی هەیە کوڕو کچێک بەناوەکانی محەمەد و مەروە.
-1سەرەتایی خوێندنی دینی لای مامۆستا مەلا عەزیز مەلا عەبدوڵلا بە خوێندنی قورئان دەستپێکردووە لە بناری بەمۆ. هەر لە بناری بەمۆ لەبەر حەزکردنی لە زانستی ئاینی لای مامۆستا جاسم محەمەد و دکتۆر حسێن خوێندوویەتی بەتایبەت بیروباوەڕی ئیسلامی و لەبەرکردنی قورئان، لە هەمان جێگە مامۆستا کاوە عەبدوڵلاو کامەران عەبدوڵلاش ڕۆڵیان لە فێرکردنیدا هەبووەو بەردەوام هانیان لەسەر خوێندن داوەو یارمەتیان داوە لەسەر وانەکانی و وانەشیان پێ ووتووەتەوە، مامۆستا عومەر باخەهەنارەی و کاک ئەکرەم عیزەت بۆ ماوەیەکی کەم وانەیان پێ ووتووە، دواتر بۆ لای مامۆستایان مەلا کەریمی مزگەوتی شافعی لە حەمەی کەریم لەکەلارو مامۆستا مەلا فەرەج و مامۆستا حەسەن حاجی ساڵح کەلاری ڕۆشتووە، لە ژێر چاودێری مامۆستا مەلا کەریمدا بۆ لای مەلا موسای سلێمانی و مامۆستا ئەحمەدی شافعی نێردراوەو دوای دەرچوونی لە تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندی ئاستی زانستی لەلایەن مامۆستا مەلا موساو مامۆستا ئەحمەدی شافعی دواتر لە هەڵەبجە لە

قوتابخانەی زانستە شەرعیەکان بەناوی ئیبن سەڵاحی شارەرزووری لای مامۆستا حەسەن شەمێران و شێخ ئیبراهیم و مامۆستا شەهاب هەورامی و مامۆستا مەحمود و مامۆستا عەبدولخالق و مامۆستا ئەبوبەکری تاسلوجەی شارەزوو و چەند مامۆستایەکی تر لە زانستە سەرەکیەکانەوە دەستی پێ کردووە لەوانە جوان خوێندنەوەی قورئان، فیقهی ئیسلامی، قەواعیدی نەحو سەرف و زۆر لە زانستە ئیسلامیەکانی تر. هەر بۆ فێربوونی زیاتر بەژداری لە زۆر کۆروو سیمیناردا کردووەو خۆشەویستی کەسایەتیە ئاینیەکانی زۆر لابووەو بەردەوام سەردانی کردووە لەوانە مامۆستا محەمەدی هۆرێنی و مامۆستا عەبدولقادر سۆڵاوەی و زۆر مامۆستایانی تر.
لە بەریتانیا لای کۆمەڵێک مامۆستاو دکتۆری ناوداری وڵاتانی عەرەبی خوێندوویەتی لەوانە، پرۆفیسۆر عەباس تۆفیق کوردی، پرۆفیسۆر مەوئیل عێراقی، دکتۆر کازم راوی عێراقی، شێخ عەبدوڵلا جودەیع عێراقی، دکتۆر وەنیس مەبروک لیبی، شێخ سالم لیبی، شێخ شوشان جەزائیری، دکتۆر موحسین میسری، دکتۆر عیزەدین عەبدلڕەحمان ئوردنی، دکتۆرە عاتیفە فەلەستینی.
جگە لەوانەی باسکران زۆر مامۆستاو کەسایەتی تر رۆڵیان لە پێگەیاندن و فێرکردنی مامۆستا عومەر عەلی دا هەبووە لەوانە مامۆستا مەلا عادل ئەمین، مامۆستا عوسمان هەڵەبجەی، مامۆستا عومەر رەحیم، مامۆستا محەمەدساڵح، مامۆستا یاسین گەلاڵی. مامۆستا ئیحسان ساڵح یش دەوری سەرەکی نا راستەوخۆی لە پێگەیاندنیدا هەبووە بە تایبەت کار ئاسانکردنی بۆلای ئەو کەسایەتیانەی کە باسکران لە بەریتانیا.
وەک خۆشی ووتی لە رێگەی گوێگرتن لە ووتاری فێرکاریەوە سودم لە زۆر زاناو کەسایەتی گەورە وەرگرتووەو تا ئێستەش بەردەوامم لە گوێگرتن لێیان لەوانە: شێخ ئەبوبەکر جابر جەزائیری، شێخ عوسەیمیین و هەندێکی تر.
ئەو زانستانەی کە بە وانە لە خزمەت پرۆفیسۆرو دکتۆرو شێخ و کەسایەتیەکاندا خوێندوویەتی بریتین لەمانە.
-1قورئانی پیرۆز. 2-جوان خوێندنەوەی قورئان. 3-قورئان لەبەرکردن. 4-زانستەکانی قورئان. 5-زانستەکانی فەرموودە. 6-چۆنێتی دەرهێنانی فەرموودە. 7-تەفسیری قورئانی پیرۆز. 8-لێکدانەوەی فەرموودە. 9-تەفسیری تەحلیلی قورئانی پیرۆز. 10-تەفسیری تەحلیلی فەرموودە. 11-ئایاتی ئەحکام. 12-ئەحادیسی ئەحمام. 13-بیرباوەڕی ئیسلامی. 14-فیقهی ئیسلامی. 15-چۆنێتی بەحس نوسین و مەختوتات. 16-دەرگایەک بۆ چوونە ناو شەریعەتەوە. 17-زانستی نەحو. 18-زانستی سەرف. 19-بەلاغە. 20-ئەدەبی عەرەبی. 21-مەقاصیدی شەریعە. 22-میرات دابەشکردن. 23-ئوسوڵی فیقە. 24-سیاسەتی ئیسلامی. 25-کەسایەتیە ناودارە ئیسلامیەکان. 26-حیزبە ئیسلامی و نا ئیسلامیەکانی جیهان. 27-دینەکانی تر، مەسحی و یەهودی وەک ئاینی ئاسمانی و هەندێک لە ئاینیە دروستکراوەکانی تر. 28-ژیانی پێغەمبەری مەزن. 29- مێژووی ئیسلامی. 30-ئابووری ئیسلامی. 31-مەناهجی موفەسیرەکان.
بەڕێوەبەری پەیوەندیەکانی دەرەوەی زانکۆی لەندەن بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (هەردی شێخانی بەڕێوەبەری پێگەی عومەر عەلی) سەبارەت بە (عومەر عەلی کەریم - مەلا عومەر) لە: 4-5-2012 17:06:31

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ☪ئیسلامی سیاسی

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

رەگەزی کەس: 👨پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2073

## عومەر فارس عەزیز - مام هۆمەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20091031435182304



رۆژنامەوان و بەرپرسی ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰رۆژنامەنووس

جۆری کەس: 🎭ئەکتەر

رەگەزی کەس: 👨پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2074

## عومەر فاروقی

http://www.kurdipedia.org/?q=2009090915263020002



ساڵی 1325ی هەتاوی لە شاری سەقز لەدایک بووە. پاش وەرگرتنی پروانامەی دیپلۆم لە دائیرەکانی دوخانیات بۆ ماوەیەک بووەتە فەرمانبەر و مووچەخۆر و دواتر بەرێوبەری خانووی "فەرهەنگ وهونەر"ی ئەوکات لە ئەستۆ دەگرێ و پاشان وەک بەرپرسی بەشی شوێنەوارە دێرینەکان و ئاسەوارە مێژووییەکانی شاری سەقز دیاری دەکرێت.
دوای شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1357ی هەتاوی لە کاروباری ئیداریدا نەما و لە دووکانەکەی خۆیدا وەک زمان حاڵی خەڵک و بە مەبەستی رەوانە کردن بۆ دادگا، نامە و سکاڵای بۆ خەڵک ئەنووسی و لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبیشدا بە دوو زمانی کوردی وفارسی بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە کە کتێب وبەرهەمە فارسی یەکانی بریتین لە:
1ـ کومەڵە شێعری (فصل سنگین غربت) دەزگای چاپی روزبهان تاران

1357
2ـ آوازهای جنبش تاران ساڵی 1358 مێژوویی
3ـ یاداشتهایی از کردستان مێژوویی
4ـ نگاهی به تاریخ و فرهنگ کردستان مێژوویی
5ـ نظری به تاریخ و فرهنگ سقز (له 2 بەرگدا) مێژوویی
6ـ پنجاه سال مبارزه در کردستان بیرەوەرییەکانی نوری شاوەیس مێژوویی
7ـ سردار دانا، بیوگرافی مرحوم ملا مستەفا بارزانی مێژوویی
8ـ کردستان در مسیر تاریخ به روایت اسناد مێژوویی
9ـ تذکره سادات و ساڵحان منطقه سقز مێژوویی ئایینی
10ـ مروری بر اسناد تاریخی و فرهنگی سقز کردستان مێژوویی
هەروەها ئەو بەرهەمانەیش کە وەک کتێب و نامیلکە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوی کردونەتەوە بریتین لە:
1ـ بانگەواز هەڵبژێراوی هەڵبەستەکان ساڵی 1358ی هەتاوی
2ـ رێگەی ژیان نەزمی کوردی
3ـ ئەوێستانامەی مینەوی زەردەشت چاپی هەولێر
4ـ وەرزنامەی ئاژوان 5 ژمارە سەقز
5ـ خولیای یار شێعر ئامادەی چاپ
6ـ گەنجینەی کوردەواری زنجیرەی وتارە چاپ کراوەکان
7ـ کارنامەی ئەردەشێری بابەکان مێژوویی
8ـ چاپی 62 وتار لە گۆڤاری سروەدا
9ـ چاپی 10 وتار لەگۆڤاری گوڵان دا
10ـ چاپی 35 وتار لە گوڤاری ئاویەردا
11ـ چاپی 29 وتار لە هەفتەنامەی سیروان دا
12ـ چاپی 16 وتار لە گوڤاری ئاوێنەدا
13ـ چاپی 5 وتار لەگۆڤاری مەهاباد دا
14ـ چاپی 4 وتار لەگۆڤاری گەلاوێژدا
15ـ هاوکاری بۆ چاپی کتێبی سمکۆی شکاک لە گەڵ مامۆستا محەمەد رەسووڵ هاوار سوید
16ـ وەرگێرانی نووسینەکانی شێخ محەمەد رەئوف زیایی سەقزی
17ـ کوردستان و بیرەوەریەکانی من مەرحومی میرزا کەریم بارام بەگی مێژوویی
18ـ بۆ ماوەی خولێکی دوو ساڵە بەرپرسێ ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبی مەولەوی کورد بووە لە شاری سەقز
سەرچاوە: ماڵپەڕی سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍️نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | 👨‍💼پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2075

## عومەر مارف بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=200911031626582337



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2076

## عومەر محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150317110706119767

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چالاکی ئەنفال |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2077

## عومەر محەمەد ئەمین

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121211240089361



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2078

## عومەر محەمەد قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=20141215153023118325



ساڵی 1968 لە دایکبووە.
دەرچوی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆیە.
ماوەی هەشت ساڵ بەرێوەبەری ناوەندی چاک بووە لەکوردستان.
خاوەنی بڵاوکراوەی سپێدە بووە.
خاوەنو سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستانە- کە تایبەتە بەتاوانی ئەنفالو جینۆساید.
شەرەفی ئەندامی فەخری لە رێکخراوەو کۆمەڵەکانی ئەنفالوکیمیاباران پێبخشراوە.
بۆردی رێکخراوی سپی یە بۆناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان.
راوێژکاری هەردوو فیلمی (من بەکرێگیراوی سپی و هەزارو یەک سێوە) لە دەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو تەهای کەریمی.
خۆبەخشانە سەرپەرشتی چەندین پرۆژەی فریاگوزاری خێراو هوشیاری بۆ قوربانیان لە گوندە کیمیابارانکراوەکانو ئەنفالکراوەکان کردووە.
چەندین کاری گرنگی خێرخوازی، پەروەردەیی، یاسایی، بۆکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال ئەنجامداوە .
بەردەوام لەرۆژنامەو گۆڤارومالپەرەکان دەربارەی تاوانی جینۆساید دەنوسێ .
چوار کتێبی چاپکراوی هەیەدەربارەی ئەنفال. بەناوەکانی (ئەنفالی گەرمیان سیاسەتێک و دوو ئامانج ساڵی 2010، هاشم دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژی ئەنفال ساڵی 2012، پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لەهەشت قۆناغدا ساڵی 2013، دیدێکی نوێ بۆیادەکانی تاوانی جینۆساید ساڵی 2014 ) لەمیانەی چالاکییەکانیدا نوسەر خاوەنی چەند بیرۆکەیەکە، گرنگترینیان بەکلتورکردنی (سەرنەبرین) لە ڕۆژی یادەوەری ئەنفالدا. واتە سەرنەبرینی ئاژەڵ وپەلەوەران ونەبونی هیچ جۆرە گۆشتێک لەخواردنگەو چێشتخانەکانی کوردستان لەورۆژەدا، یەکەم نوسەر بووە کە تاوانی جینۆسایدو کارەساتی سروشتی لەیەک جیاکردووەتەوەو وشەی کارەسات و پاشماوەی ئەنفالی لە نوسینەکانیدا یاساغ کردووەو هەڵیداوە میدیاو میدیاکاری کورد خۆیانی لێ بەدوربگرن.
ئەم کتێبانەشی ئامادەی چاپن :
)هەناسەی شەیتان، خوێندنەوەیەک بۆ کارێکی ژەهراوی ئەمریکاو عیراق و گازبارانی هەڵەبجە یوست هێلتەرمان، بارزانیەکان بەئەنفال ناوبەرین یان بەجینۆسایدکراو، بەکاڵاکردنی ئەنفال وبەکەلوپەلکردنی قوربانی، تاقانەکانی

ئەنفال کێن و دەبێت چیان بۆ بکرێت، ئەنفالی هەڵەبجە، هەمووشتێک دەربارەی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی.(
http://www.sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=9214&AuthorID=8
http://xendan.org/drejaWtar.aspx?NusarID=49&Jmara=3301

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2079

## عومەر مەرگەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140906174224115640



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2080

## عومەر مەعروف بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150415101725120900

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2081
## عومەر هەمزە ساڵح
http://www.kurdipedia.org/?q=20130313230130825569
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2082
## عومەر کەریم ئەحمەد
http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165805713222
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2083
## عومەری خەزان
http://www.kurdipedia.org/?q=20150410110539851077



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: هەڵەبجە

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2084

## عومەری سوڵتانی وەفا

http://www.kurdipedia.org/?q=20081107172547112



عومەری سوڵتانی وەفا ساڵی 1941 لەیەکێک لەکۆنترین گەڕەکەکانی شاری بۆکان لەدایک بوو. لەبەندیخان شیعر لەئامێز دەگرێت. وەفا لەرۆژگارانی کپ و بۆگەنی سەردەمی پاشایەتیدا شیعری دەگاتەرادیۆ دیهلی لەهیندوستان و خەڵاتی یەکەم لەمێهرەجانی شیعری فارسیدا وەردەگرێت و لێی دەگێرنەوەکەبچێت بۆ وڵاتی هیندوستان بەڵام بۆی نالوێ و لەتاران لەباڵوێزخانەی هیندوستان خەڵاتی تایبەتی و 5 کتێب بەئیمزای جەواهیر لەعل نەهرۆ وەردەگرێت.

عومەر سوڵتانی ناسراو بەوەفا یەکەم کتێبی شیعری کەبەزمانی فارسییەبەزێوی سرووودی پەرەستوو بڵاو دەکاتەوە.

بەداخەوەهەم ئەو شۆرشەی کەئەو ساڵی 1953 بەشداری تێداکرد شکستی هێنا، هەم ئەو شۆرشەی کەئیمەلەساڵی 1979 بەشداریمان تێداکرد. بەڵام شۆرشی دووهەم کەئەو یەکێک لەرابەرانی بوو، واتەشۆرشی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و فارسی سەرکەوت، بەوەش "وەفا" دەبێ پڕ بەدڵ شانازی بەخۆی بکات.

ئەم شاعیرەرۆژی 2005/11/22 بەهۆی نەخۆشی ماڵئاوایی لەزێد و نیشتمانەکەی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: بۆکان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2085

## عیرفان ئاکتان

http://www.kurdipedia.org/?q=20101014110412100064



یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی لەباکووری کوردستان بەردەوام سەرقاڵی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردییە و دەربارەی کۆچبەری، پەنابەری، ژن و کێشەی کورد لەچەندین رۆژنامەو گۆڤار دەنووسێت.
سەرچاوە: ماڵپەری رووبەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2086

## عیرفان ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=201001091656453184



لە 31ی ئابی 1963 لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو دوا ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواوکردوە. دواتر لە پەیمانگای تەکنۆلۆژی کەرکوک درێژەی بە خوێندن دا. بەڵام ئەو کاتانەی ئەو لە پەیمانگا بوو شەڕی عێراقو ئێران بوو. ئەوەبوو رژێمی بەعس بە زۆر خەڵکی عێراقی لەو شەڕەوە گلاندبوو. راپێچکردنی خەڵک بۆ بەرەکانی جەنگو بەزۆر بردنیاسن بۆ جیش الشعبي بوبەوە مۆتەکە بسەر شانی خەڵکەوە. خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان لەو حەملەیەی رژێم رزگاریان نەبوو. بەلام عیرفان بەشداری جیش الشعبی نەکردو بەوهۆیەوە لە پەیمانگا فەسڵ کرا. ئەوەبوو بۆ ماوەیەک بە فیراری لەناو شار مایەوە. دوای دەرچوونی پریاری 936و 937 تایبەت بە سەربازی هەڵاتوو لەساڵی 1988 عیرفان توانی بەر لێبوردن بکەوێ و دەست بکاتەوە بە خوێندن بەڵام ئەمجارەیان لە پەیمانگای پزیشکی سلێمانی. ئەوەبوو لە ساڵی 1990 پەیمانگای تەواوکرد بوە یاریدەدەری پزیشکی. ساڵی ساڵی 1994یش ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوەو کچێکی هەیە بەناوی پەیڤینەوە.

هەر لەوکاتانەدا کە خوێندکاری پەیمانگا بوو لێهاتویی و توانای ئەدەبی عیرفان بەدیار کەوت بەتایبەتی لەبواری شیعرنوسیندا.ئەوەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی دیکەدا بەهرەی ئەدەبییان پەرە پێدەدەنو لە ماوەیەکی کەمدا عیرفان وەکو شاعیرێکی بەتواناو بەرجەستە دەردەکەوێ.

ساڵی 1962 لەکرماشان لەدایکبووە، لەتەمەنی دوو ساڵیدا چووەتە تاران و قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە، پاشان چووەتە کۆلێژی ماف، بەڵام دواتر لەزانکۆ دەرکراوە. لەبەرئەوەی بچووکترین ئەندامی خێزانەکەیان بووەو خوشکەکەی و هەر چوار براکەی لەخۆی گەورەتربوون و جیاوازی تەمەنیان زۆر بووە، زۆر نازیان کێشاوە. کاتێ ئەم بەمناڵی چووەتە تاران، عەلی ئەشرەفی برا گەورەی لەزانکۆ بووە بەو هۆیەوە زۆر نووسەرو شاعیر هاتوچۆی ماڵی ئەمانیان کردووە. میترا مناڵێکی زیرەک بووە، وێنەی ڕوخساری ئەو نووسەرو شاعیرانەی کێشاوە کەهاتوونەتە ماڵیان. هەر لەسەرەتاوە کەدەستی بەنووسین کردووە هەوڵیداوە بەجوانیی و ناسکیی بنووسێت، بۆیە لەقۆناغی سەرەتاییدا جوانترین داڕشتنی نووسیووە، لەتەمەنی 11 ساڵیدا بابەتێکی لەسەر کتێبی (هرزەگیاە ماجراجو) نووسیووە کە لەکتێبی مانگانەی (جهان نو)دا بڵاو بۆتەوە. لەم بارەیەشەوە عەلی ئەشرەفی برای زۆر هانیداوەو داوایلێکردووە بەردەوام بێت. چیرۆکی مناڵانی نووسیووەو لەرۆژنامەو گۆڤاری مناڵاندا بڵاویکردۆتەوە. لەو ساڵانەدا زۆر حەزی کردووە وەکو سەمەدی بیهرەنگی بنووسێت. دوایی کە گەورە بووە حەزی کردووە وەکو شاعیری جوانەمەرگ و داهێنەری ئێرانی فروغی فرخزاد بنووسێت، بەڵام نەیتوانیووە. میترا لەم بارەیەوە دەڵێت: (حەزم دەکرد نووسینەکانم وەکو نووسینەکانی فروغی فرخزاد بێت، بەڵام نەمتوانی لەبەرئەوەی خۆم سانسۆرم لەسەر خۆم دانابوو، ئێستاش هەروام، بەڵام، بەڕاستی سادەنووسین لەوەوە فێر بووم، هاندەری سەرەکیم دایکم بوو کەدادەنیشت و شتەکانی خۆم بۆ دەخوێندەوە، جاریوابوو دەگریاو لەباوەشی دەگرتم و هانیدەدام.)

چیرۆکی ژیانی غەمگینە

میترا ژنێکی زۆر هەست ناسکە، لەبەرئەوەی چیرۆکی ژیانی زۆر غەمگینە، حەوسەڵەی ئەوەی نییە باسی بکات. تەمەنی دوو ساڵ بووە کە باوکی کۆچی دواییکردووە بۆیە نازانێ سۆزی باوکایەتیی چییە؟ هەتا تەمەنی شەش ساڵان وایزانیووە عەلی ئەشرەفی براگەورەی باوکێتی،

لەم بارەیەوە لەسایتەکەیدا نووسیوویەتی: (لەسەرەتای هاتنە دنیامەوە باوکم کۆچی دواییکردووە، بۆیە بەعەشق و خۆشەویستی دایکم گەورە بووم، مرۆڤدۆستی و مرۆڤبوون لەبراگەورەکەمەوە فێربووم، شەیدای کتێبم و عاشقی نووسین، وەکو کتێبێک وام کە تەنیا بەخوێندنەوەی دێرەکانم پەی بەناخم و بیروبۆچوونم دەبەی، لەدایکمەوە فێری ئەوە بووم وەکو دەفتەرێک سەراپای رازونیازی هاورێیانم تۆمار بکەم و لەسندوقی خنجیلانەی دڵمدا بیانشارمەوە. لەسەرەتای گەنجیمدا دایکیشم لەدەستدا کەپشتیوانێکی بەهێزو داکۆکیکارێکی سەرسەخت بوو لێم، ئیدی ئەوە فێربووم کە دەبێ پشت بەخۆم ببەستم و لەسەر پێی خۆم بوەستم(

کتێبەکەی بێناز کەوتووە!!

میترا دەروێشیان کورتەچیرۆکی زۆرەو بەردەوامە لەنووسین، ساڵی 2005 کۆمەڵە چیرۆکێکی بەچاپ گەیاندووە بەناوی (شهر، رام- شاری دەستەمۆ). ئێستاش کتێبیکی ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام توانای چاپکردنی نییە. میترا لەم بارەیەوە دەڵێت: (حاڵی حازر کتێبێکم ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام هێشتا چاپم نەکردووە، لەبەرئەوەی نزیکەی 13 ساڵە لەهەندەرانم و لەئەلمَانیا دەژیم، هاورێ و ئاشنایەکم نییە کە لەچاپکردنی کتێبەکەمدا یارمەتیم بدات، چاپکردنی کتێب لێرە خەرجییەکی زۆری دەوێت و منیش ئەو توانایەم نییە، بۆیە جارێ ناتوانم کتێبەکەم چاپ بکەم). جارێ کتێبەکەی میترا بیناز کەوتووەو چاوەڕێی چاپە .

میترا لەزۆربەی شارەکانی ئەڵمانیا چیرۆکی خوێندۆتەوەو لەسویدو نەرویج و دانیمارکیش بانگهێشتکراوە بۆ چیرۆک خوێندنەوە، بەڵام لەبەر خەرجی زۆری سەفەری ئەو وڵاتانە نەیتوانیووە بچێت. لەئەلمَانیا هەندێ لەچیرۆکەکانی لەگۆڤارێکی فارسیدا بڵاو دەکاتەوە بەناوی (گاە نامە)، باقی چیرۆکەکانی بۆ دەنێرێت بۆ سایتە جیاوازەکان. وەکو سایتی (دینگ دانگ) لەتاران، سایتی (ریشەها) لەسوید، سایتی (ناصر نوری) و سایتی (بندە عشق) کە لەدوو شاری ئەڵمانیان. میترا سایتێکی تایبەتی خۆشی هەیە، لەوێشدا چیرۆکەکانی بڵاو دەکاتەوە.

چیرۆکەکانی میترا

چیرۆکەکانی میترا زیاتر رۆمانسین و سەرچاوەی هەر هەموویان عەشقە، لەم بارەیەشەوە دەڵێت: (ئەنجامدانی هەر کارێک یەکەم هەنگاو یان یەکەم قۆناغی هەر عەشقە، بەڕای من بۆ هەر ئامانجێک یان ئایدیایەک یان حەزێک ئەگەر هەنگاو هەڵبگیرێت دەبێت عەشقی لەگەڵدا بێت، دەنا ئەو کارە ناگاتە ئەنجام.(

میترا بەزمانێکی زۆر ناسک و جوان دەنووسێت، لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکانیدا هەست دەکەی قەسیدەیەکی ناسک و تەڕو پاراو دەخوێنیتەوە. لەوێنەکێشانی کارەکتەردا بەوشە زۆر شارەزایەو کاتێ چیرۆکەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەی تەماشای فیلمێکی رۆمانسی دەکەیت و بەجوانی سیمای کارەکتەرەکان دەبینی. کارەکتەری چیرۆکەکانی میترا ئاوێتەی سروشتن و لێی جیانین. جگەلەوەش زۆربەی کارەکتەری چیرۆکەکانی کەسانی غەمگین و تێکشکاو و بەمراد نەگەیشتوون، بەئاسانی دەتوانی بۆنی هەناسەی ساردیان بکەی. رەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوە بێت میترا خۆی ژنێکی شەکەت و ماندووی ناخۆشییەکانی ژیانە، بۆیە لەپشت زۆربەی کارەکتەرەکانییەوە تارماییەکەی دەبینی.

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکانی میترا ئەوەیە کە کورتن و زیادەڕەویی و درێژدادڕییان تێدانییە، زۆبەی چیرۆکەکانی ناگەنە هەزار وشە چەند چیرۆکێکی نەبێ کە لەهەزار وشە زیاترن و وەکو چیرۆکی (چشمهایش-چاوەکانی). کورتی چیرۆکەکانی میترا لەبەرئەوەیە دەیەوێ

چڕ بنووسێت و خۆی باوەڕیوایە دەبێ کورتەچیرۆک کورت بێت و درێژدادڕیی تێدا نەکرێت. جگەلەوەش میترا شارەزای شێوازەکانی تەکنیکە، دەزانێت چ شێوازێکی گێڕانەوە بۆ بابەتی چیرۆکەکەی لەبارەو بەپێی بابەتی چیرۆکەکەی شێوازی گێڕانەوەی بۆ دیاری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شێوازەکانی گێڕانەوەی لەچیرۆکەکانیدا بەکارهێناوە.
میترا لەهەڵبژاردنی دیمەن و وێنەدا بۆ چیرۆکەکانی سەلیقەیەکی باشی هەیە. کاتێ سەیری سایتەکەی دەکەی لەگەڵ هەر چیرۆکێکیدا وێنەیەکی جوان یان دیمەنێکی جوانی داناوە کە هەم لەگەڵ چیرۆکەکەدا گونجاوەو هەم زاخاوی چاوی بینەر دەدات و وایلێدەکات حەزنەکات سایتەکە دابخاتەوە.
ژمارەیەکی زۆر کورتە چیرۆکی هەیەو لەسایتەکاندا بڵاویکردوونەتەوەو خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکێکە بەناوی (شەهر، رام- شاری دەستەمۆ).
ناونیشانی سایتەکەی: http://www.mitradarvishian.blogfa.com
سەرچاوە: محەمەد کەریم - ماڵپەڕی کوردستنی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2746

## میخائیل سیمۆنەڤیچ لازەریف - لازاریف

http://www.kurdipedia.org/?q=20100313093937389



لەساڵی 1930 دا لەمۆسکۆ لەدایک بووە. زانستی مێژووی لەزانکۆی مۆسکۆ تەواو کردووەو لەساڵی 1956 دا دوکتۆرای وەرگرتووە. هەر لەتەمەنی لاوێتی و سەرەتای ژیانی خوێندکارییەوە، خولیای شارەزابوونی دەربارەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی مێژووی نەتەوەی کورد لەلا دروست بووە. لەساڵی 1964 دا دوکتۆرای دووهەمی بەدەست هێناوەکەکارنامەکەی بریتی بووەلەلێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و زانستی لەسەر مێژووی کورد بەناوی (کوردستان و مەسەلەی کورد، 1890-1917) کەشیکردنەوەی بارودۆخی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد و کوردستان بووەو سەرکەوتنێکی گەورەی تێدا بەدەست هێناوە. لەساڵی 1970 دا نووسەر خۆی هەندێک گۆرانکاریی تێدا کردووەو ئەو پەرتووکەگرنگەی لەژێر سەرناوی (مەسەلەی کورد)، لە400 لاپەڕەدا بەزمانی رووسی بڵاوی کردووەتەوە. ئەو پەرتووکە بەهەردوو شێوەزمانەسەرەکییەکەی زمانی کوردی، (کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی خواروو)، لەرووسییەوە وەرگێردراوە و بڵاوکراوەتەوە .
لازەریف یەکێک بووەلەکوردناسەشارەزا و بەناوبانگەکانی سۆڤێتی جاران و ئەندامی بەشی کوردیی بووەلەزانستگای ڕۆژهەڵاتناسیی سۆڤێتی.
لازەریف شارەزا و پسپۆر بووەلەمێژووی بزووتنەوەرزگاریخوازەکاندا. شایانی

باسەکەبەرهەمەکانی لازەریف پلەیەکی بەرزی ئەکادیمی و زانستییانەی هەیەو خۆیشی وەکوو کەسایەتییەک و مێژوونووسێک هەتا دوا هەناسەکانی ژیانی پێوەندییەکی دۆستانەو پتەو و بەویژدانانەی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتیدا هەبووە. زۆرتر لە140 بەرهەمی مەزنی بڵاوکردۆتەوەلەشێوەی پەرتووک و ناملکەو وتاری مێژوویی و رامیاری و رۆشنبیریدا کەبەشێکی بەرچاو و گرنگیان لەسەر کورد و کوردستانە.
شایانی ئاماژەپێدانەکەبەسەدان خوێندکار لەبەردەستی لازەریف، بەسەرپەرشتی و رێنیشاندان و هاوکاریی دڵسۆزانەی ئەودا، کارنامەیان نووسیوە و دوکتۆرایان وەرگرتووە کە دەیان خوێنکاری کوردیشیان تێدا بووە.
بێگومان لازەریف بەیەکێ لەدۆستەدڵسۆزەکانی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دادەنرا کە لەراستیشدا هەر وابووە.
لە 09-03-2010دا کۆچی دوایی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | مێژوونووس |
| جۆری کەس: | )ئەکادیمی( |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | بێگانە |
| وڵات: | RUیەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2747

## میر جەلالەدین کەزازی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101001092557973



لە یەکەمین مانگی زستانی ساڵی 1948 لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگیی لە شاری کرماشان هاتە دونیا. بە هۆی باوکییەوە کە پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، تامەزرۆی کتێب خوێندنەوە بوو. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئالیانس لە شاری کرماشان تەواو کرد.
دواتر بۆ قۆناغی دواناوەندی چووە قوتابخانەی رازی لە کرماشان. ئینجا بۆ درێژە پێدان بە خوێندنی باڵا چووە کۆلێژی ئەدەبیاتی فارسی و زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی تاران و لەوێ چەندین خولی جۆراوجۆری فێرکاری تەواو کرد. ساڵی 1991 لە زانکۆی تاران پروانامەی دکتۆرای زمان و ئەدەبیاتی فارسی وەرگرت.
دکتۆر کەزازی هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە دەستی بە نووسین و شیعر و هەڵبەست کرد و لەو ساڵانەدا بەرهەمەکانی خۆی لە هەفتەنامەکانی کرماشاندا چاپ دەکرد.
دکتۆر "میرجەلالەدین کەزازی" ئێستاکە ئەندامی لێژنەی زانستییە لە کۆلێژی ئەدەبیانی فارسی و زمانە بیانییەکانی سەر بە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی لە شاری تاران. ئەو نێشتەجێی شاری کەرەجە و شارەزایی لە گەڵ زمانەکانی فەرەنسی، ئیسپانیا، ئەڵمانی و ئینگلیزی هەیە.
تا ئێستا زیاتر لە دەیان کتێب و نزیکەی 200 وتاری زانستی ئەدەبی نووسیوە و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی زانستی و فەرهەنگی لە ناوخۆی ئێران و لە وڵاتانی دیکەدا سەبارەت بە بوارەکانی ئەدەبیات و زمان و نووسین و شاعیرانی گەورە باس و لێدوانی پێشکەش کردووە.

هەروەها ماوەیەک لە وڵاتی ئیسپانیا وانەکانی ئێرانناسی و زمانی فارسی دەگوتەوە. ئەو ناو بە ناو شیعریش دەهۆنێتەوە و نازناوە هونەرییەکەی لە شاعیریدا "زۆروان"ـە.
دکتۆر "میرجەلالەدین کەزازی" بە وەرگێڕانی کتێبی "ئانە ئید" بەرهەمی "ویرژیل" بۆ سەر زمانی فارسی ساڵی 1990 خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵی وڵاتی ئێرانی بەدەستهێنا.
هەروەها بە نووسینی کتێبی "نامەی باستان" کە لە 9 بەرگدا چاپ کراوە، پلەی یەکەمین توێژینەوەکانی بنەڕەتی لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی خارەزمی بەدەستهێنا.
ساڵی 2005 وەکوو سیمای هەرمان لە بواری فەرهەنگ و ئەدەب لە ئاستی وڵاتی ئێران دەستنیشان کرا. هەر لەو ساڵەدا وەکوو سیمای هەڵبژاردەی پارێزگای کرماشان دیاریی کرا. لە هەمان ساڵدا لەوحەی سوپاسی ئەنجومەنی پرپایەخی ئەدەبی پارناسۆس لە وڵاتی یۆنان پێی بەخشرا.
ساڵی 2006 وەکوو توێژەری هەڵبژاردەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی عەلامە تەباتەبایی هەڵبژێردرا. ساڵی 2008 بووە سیمای هەرمانی ناوچەی کەرەج. هەر لەو ساڵەدا وەکوو مامۆستای نموونەیی زانکۆی ئازادی ئێران دەستنیشان کرا.
هەروەها ساڵی 2009 لەبەر نووسینی کتێبی 9 بەرگی "نامەی باستان" خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵی لە لایەن دامەزراوەی دەزگای چاپ و پەخشی زانکۆی تاران پێبەخشرا. هەر لەو ساڵەدا وەکوو توێژەری نموونەیی پارێزگای مەرکەزی لە ئێران دیاریی کرا.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئەدیب |
| جۆری کەس: | وەرگێڕ |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی لوڕی، کەڵهوڕی و فەیلی |
| شارەکان: | کرماشان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2748

## میر شوکروڵڵای دیناوەردی فەیلی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011082813423859219

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | ♔میری کورد |

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
نەتەوە: کورد
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2749

**میران ئابراهام**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150211233916119344



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2750

**میران حسێن**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110109184330022102



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2751

**میرزا ئەحمەد داواشی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110519091116580047



نەمر و هۆنەری بلیمەت میرزا ئەحمەدی داواشی کوڕی محەمەدە و ساڵی 1127ی هەتاوی بەرامبەر بە 1318ی کۆچی مانگی لە یەکێک لە لادێکانی شاری روانسەردا لەدایک بووە. دوای خوێندنی سەرەتایی لەگەڵ باوکی خەریکی کاری چوتیاری بوو. ناوبراو یەکێکە لە هۆنەرە باشەکانی بواری هۆنینەوەی هۆنراوی حەماسی و تاریف کردن و پێداهەڵگوتنی شەڕ و بەرخۆدان، هەر بۆیە لە نێو خەڵکی دەوەری کرماشاندا میرزا ئەحمەد کەسێکی ناودار و رێزدارە و وەک هۆنەرێکی کوردی زان و کوردیبێژی زۆر باش سەیر دەکرا و رێزی لێ دەنرا.
بۆ رێز لێنان لەم هۆنەرەی کورد، ساڵی 1356ی هەتاوی لە تالاری شاری کرماشان کۆڕێکی پێکهات کە ئوستاد فەرەشید یوسفی لە کتێبەکەی خۆی "باغ هزار گل"دا کە بەرگێکیشی بەلای منەوەیە و خۆی بەڕیوەبەری ئەم کۆڕە بووە باسی دەکا. لەم کتێبەدا باسی ئەوە کراوە کە دیوانی میرزا ئەحمەد بە خەتی زۆر خۆشی "مەلا محیەالدین سالحی" نووسراوەتەوە و هەر لەوێدا هیوای دەربڕیوە کە ئەم دیوانە لە چاپ بدرێ. بەداخەوە چوار ساڵ دوای ئەم کۆڕیادە میزا ئەحمەد کۆچی دوایی دەکا و بە پێی وەسیەتی خۆی لە نزیک بەناو مەرقەدی وەیسی قەرەنی بەخاک سپێردراوە.
لێرەدا دەبێ باسی ئەوەش بکەم کە ئەم میرزا ئەحمەدە خۆشکێکی هۆنەریشی هەبووە کە دەستی کەمی لە خۆی نەبووە ناوی "خوەرەشیدنمای داواشی" بووە کە ساڵی 1320ی کۆچی مانگی لە روانسەر لە دایکبووە و ساڵی 1385ی کۆچی مانگی کۆچی دوایی کردووە. بەداخەوە لە کەم شوێندا بینراوە کە باسی ئەم ژنە هەڵکەوتووەی گەلەکەمان بکرێ.
ساڵی 1389ی هەتاوی دوای نیوسەدە دیوانەکەی لە ئێراندا چاپ کرا. ئەم دیوانە لە لایەن حوسەین محەمەدی یەوە کۆ کراوەتەوە و حەبیبئەڵلا کەریمیش پیاچووەتەوە.
سەیر ئەوەیە کە هەر لە رووبەرگی دیوانەکەوە هەتاکوو کۆتایی ئەم دیوانە بە دەگمەن لاپەڕەیەک بێ هەڵە دەبینی یان هەر نابینی! جا هەڵەی چاپی و رێزمانی تاکوو بگا بە هەڵەی ناوی شوێن و جێگاکان! ئەوەی کە زۆر جێگای داخە ئەوەیە کە لە لاپەڕە 18دا نووسراوە کە گوایە میرزا ئەحمەد ئەم هۆنراوانەی بە تیشکێک زانیوە لە عالەمی باڵاوە و بە هۆی خەونێک کە لە ئەشکەوتی "مەڕ کەیوانۆ"ی شاهۆ لە نزیک گوندی "چرۆسانە" نسیبی بووە!
ئەمە نە تەنیا یارمەتی بە بەهێزی و خۆشەویستی هۆنراوەکانی میرزا ئەحمەد ناکا بەڵکوو لە توانایی هۆنەری ئەویش کەم دەکاتەوە، شاعیر دەبێ خولقێنەر بێ و گاڵتە و گەمە بە وشەی کوردی بکا، دەبێ دەیان و سەدان وشەی مانادار و هاومانا بزانێ کە لە توانا و رادەی کەسانی ئاساییدا نەبێ. هەر وەک لە هۆنراوەکانیدا دیارە زۆر جار هەورامی و جافی تێکەڵ کردووە، ئەمەش بلیمەتی و زانایی ئەو لە هۆنینەوەدا دەردەخا، ئیتر چ پێویست دەکا کە بوختان بۆ میرزا ئەحمەد هەڵبەستن کە گوایە لە غەیبەوە ئەم هۆراوانەی بۆ هاتووە!
بێجگە لەمەش ئەو ئەشکەوتە کە گوایە ناوی "مەڕ کەیوانۆ" یە لە راستی دا وا نییە و ناوە راستەکەی "کەورگ پیرەژنە" رەنگە ماناى هەورامییەکەی وابێ کە ئەوان نووسیویانە بەڵام من خۆم دەیان جار بە منداڵی و ساڵانێک دواتریش کە گەورەتر بووم چوومەتە نێو ئەم ئەشکەوتە، کە بە هیچ جۆرێک جێگای خەوتن نیە و پڕە لە قەلە رەشکە و مار و مۆری دیکە. کە مرۆڤ دەڕواتە خوارەوە بە جارێک هەزاران شەمشەمە کوێرە لە ترسان دەفڕن و روو لە کونی ئەشکەوتەکە دەکەن، ئەم شەمشەم کوێرانە لەبەر ئەوەی لە ئاسمانی ئەشکەوتەکەوە هەڵدەنیشن، هێندە پیساییان

لەسەر ئەرزەکە کردووە، مرۆڤ هەست دەکا پێ لەسەر سابوون دادەنێ. کەسێکیش شارەزای ئەم شوێنە نەبێ تاکوو دەڕواتە بەر درگاکەی نازانێ ئەشکەوتێک بەو قووڵییە لەوێ هەڵکەوتووە. هیچ کەسیش تاکوو ئێستا نیتوانیوە و نەیوێراوە لە چەندین میتر زیاتر بچێتە ژوورەوە، لە چلەی هاویندا کە لە سەرەوە پلەی گەرما نزیک 40 دەبێتەوە، لە ژێرەوە لەو ئەشکەوتەکەدا کەس ناتوانێ لەبەر سەرما لە 10 خولەک زیاتر خۆی رابگرێ! ئیتر میرزا ئەحمەد لە کوێ توانی هێندە خۆی رابگرێ کە دیوانێکی بەو گەورەییە هۆنراوە لەبەر بکا!؟

دروستە ئەم ئەشکەوتی "کەورەپیرەژن"ە لە هاوپنەهەواری خەڵکی ئاوایی "چرۆسانە" واتە "چاڵاوە" هەڵکەوتووە، بەڵام ئەسڵەن نزیکی گوندی چرۆسانە نییە و چەندها کیلومیتریش لەوێ دوورە.

زۆر سەیرە کە تەنانەت پشتناوی عەشیرەتی "دڕۆیی" کە لە راستیدا شەڕی هەڵاڵە زەرد (یەکێک لە قەسیدە هۆنراوەکانی نێو دیوانەکە)ئەوان کردوویانە و زۆربەی دێری هۆنراوی "هەڵاڵە زەرد" بە بەژن و باڵا و چەک و رەخت و تفەنگی ئەواندا هۆنراوەتەوە، بە هەڵە نووسراوە!

پێم سەیرە کە لەو شارەی میرزا ئەحمەددا چەند بنەماڵەی ئەم تایفە دەژین کەچی ئەم دوو بەڕێزەی ئەم دیوانەیان کۆ کردوەتەوە نەیانکردووە زەحمەت بە خۆیان بدەن و بگەڕێن و ناوی دروستی شوێن و پشتناوەکانیان لێ بپرسن!

لە ژێر قەسیدە هۆنراوەی "شەڕنامەی هەڵاڵە زەرد" هاتووە:

خەباتی گەلی کورد بە سەرکردایەتی "سەردار رەشید ئەردەڵان" دژ بە حکوومەتی "رەزاخان" لە شاخە بەرزەکانی "شاهۆ"ی "کوردستان" (تەنانەت کوردستان بە کوردوستان نووسراوە!). میرزا ئەحمەد داواشی ئەم جەنگ نامە مێژووییە لە کاتێکدا کە خۆی و باوکی لە خەباتگێرانی هێزی سەردار رەشید بوون، بە شێوەی هۆنراوە دەرهێناوە کە پێشکەشی دەکەین بە رێبوارانی ئەویندار و بە غیرەتی رێی ئازادی گەل و نیشتمان.

لە شوێنێکی دیکە لە شەڕنامەکەی هەڵاڵە زەرد دا هاتووە:

"فرجالله بەگە"، دانا وە تەدبیر
چەنی "عەلی بەگ" زەنندەی دلێر
"ئیبراهیم مەنمی" دەس وە تفەنگ بی
چابک و چالاک، داخڵ وە جەنگ بی
"عەلی عەلی میرزا"، شەنگدان بەست وە پوشت
وەخنجەر دوشمەن، لە سەنگەر مەکوشت
"عەلی عەلی میرزا" و "ئەورەحمان عەیز"
هەردوو چون پەڵەنگ، چالاک و توند خێز

ئەوانەی خراوەنەتە نێو گیومەوە هەموویان لە شەڕی هەڵاڵە زەرد دا نەقش و رۆڵی کارگێڕان هەبووە کە یەکەمیان لە سەری دایکییەوە باپیری منە و ئەوانیتریش ئامۆزا و خزمن کە بەداخەوە ئێستا هیچیان لە ژیاندا نەماون.

لەبەر ئەوەی بە پروای من ئەم هۆنراوانەی هۆنەری نەمر میزا ئەحمەد، مێژووی ئەو کاتی خەباتی چەکداری میللەتەکەمان لەو پارچەی کوردستاندا باس دەکا، دەبێ بە شێوەیەکی دروست و رێکوپێک و بێ هەڵە دیسانەوە لە چاپ بدرێتەوە. با ئێمەش لە میللەتەکانیتر فێر بین کە کتێبێکمان چاپ کرد بێ هەڵە بێ، یان لانی کەم هەڵەکان بگەییەنە

کەمترین ئاستی خۆیان.
بێجگە لەمانەی کە من باسم کردن، دەستی سانۆری ئێرانی گەیشتووە بەم دیوانە و 6 لاپەڕەی کە بە پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان و بارزانی و چەندین کەسایەتی شۆڕشگێری ساڵەکانی 44 تا 46ی هەتاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وتراوە، دەرهاویژراوە و بەر دوارد کەوتوون.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (حامید درودی)
سەبارەت بە (میرزا ئەحمەد داواشی) لە: 18-5-2011 23:20:04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2752

## میرزا ئەولقادری پاوەیی - قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=20081118154858365



میرزا قادر یا عەبدولقادر (ئۆلقادر یا ئەولقادر لەکۆمەڵی گۆرانەکاندا) کوڕی کوێخا محەمەدی پاوەییە. لەساڵی 1849 لەشاری پاوەی هەورمانی لهۆن لەدایکبووە.
ناوی خۆی کە قادرە وەک نازناو لەهۆنراوەکانیدا بەکاریهێناوە. خوێندنی لەمەڵبەندی زیندەگانی باب و باپیرانی بووە.
عەودالی زانیاری بووە، لە هەموو جێیێک بۆی گەڕاوە و لەهەموو سەرچاوەیێکیش وەریگرتووە، تا گەیشتۆتە پلەیێکی دیار لەخوێندەواری و ڕۆشنبیریدا، هەر لەبەر ئەوەش میرزای پێ وتراوە.
ڕەوشتی خێڵایەتی کاری گەورەی کردۆتە سەر ژیانی و لە ئەنجامدا تووشی تەنگوچەڵەمەی کردووە و ناچار بووە مەڵبەندی خۆی بەجێ بهێڵێ و ماوەیێکی ژیانی لە کاشتەر بباتە سەر. هەر کەوێشەوە نامەهۆنراوەییەکەی کە بەناوی "شەماڵ" بووە بۆ دلبەر نازەنینەکەی خۆی پەریزاد ناو ناردووە.
قادر ماوەی دوو ساڵێک لەقەڵای جوانڕو نووسەری (سکرتێری) دیوانی محەمەد بەگی جوانڕۆیی بووە. ماوەیێکیش لەکرماشان ژیاوە و ئاشنایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ سەید ساڵحی نیعمەتوڵلاهی (1834 - 1905) شاعیری ڕەندی کورد بووە.
قادر لە دوا ساڵانی ژیانیدا تووشی کەم بینایی بووە تا لەساڵی 1910 هەر لە پاوە کۆچی دوایی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |

ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2753

## میرزا حەسەنی سەیفولقوزات

http://www.kurdipedia.org/?q=20081215115302681



ئەم شاعیرە بەناوبانگەی کورد ناوی حەسەنی کوڕی میرزا قاسمی قازییە. ساڵی 1876 لە شاری سابڵاخ (مەهاباد) لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ناسراو لەدایک بووە. بە منداڵی لای باوکی دەستی داوەتە خوێندن و شارەزایی لە زانستە ئاینییەکان و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا پەیدا کردووە. بۆ تەواو کردنی خوێندن و بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر گەلێ شار و شارۆچکەی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەکیش لە شاری سلێمانی و لە شارۆچکەی بیارە لای مامۆستا گەورەکانی ئەو سەردەمە فیقهی ئیسلامی خوێندووە. سەیف جگە لەوەی کە شەخسیەتێکی کۆمەڵایەتی بەهێز و مامۆستایەکی ئایینی شارەزا بوو، لە هۆنینەوەی شیعریشدا دەستێکی باڵای هەبووە. لە بەکارهێنانی وشەی ساکاری کوردی و خۆ پاراستن لە وشەی بێگانەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەم شاعیرە بەهرەمەندە هەستێکی نیشتمانی بەرزی هەبووە و هەوڵی داوە هەموو کەس لە شیعر و بەرهەمەکانی تێ بگەن. حاجی قادری کۆیی و نالی ئەو دوو شاعیرەن کە سەیف وەک دوو سەرچاوەی گەورە سوودی لێ وەرگرتوون و لە شیعرە نیشتمانی و دڵدارییەکانیدا هەوڵی داوە بچێتەوە سەر ڕێچکەی ئەوان. میرزا حەسەن ڕووداوە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیشی بە شیعر تۆمار کردووە و وەک هونەرمەندێکی وردبین گەلێ باس و ڕووداوی ناوچەکەی لە قاڵبی شیعری جواندا بۆ پاراستوین. ئەم شاعیرە بە سەلیقەیە، کە لە زوربەی بەرهەمەکانیدا خەڵکی هان ئەدات خۆیان ڕۆشنبیر بکەن، بە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبیش گەلێ شیعری جوانی نووسیوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: مەهاباد
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2754

## میرزا شەفیی جامەڕیزی دەلۆیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20121125095832739001

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2755

## میرزا عەلی کیتابی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140410204244695231

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2756

## میرزا مارف

http://www.kurdipedia.org/?q=20121212221344743261

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2757

## میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری

http://www.kurdipedia.org/?q=2009011910312310060



ساڵی 1910 لە قەڵادزی لەدایکبووە، سەرەتای خوێندنی لە حوجرەی (مەلا محەمەد دێلوویی) دەستپێکردووە، پاشان نێردراوەتە خوێندنگە و تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، پاش ماوەیەک چۆتە سلێمانی و وەک پۆلیس دامەزراوە.
لە تەمەنی هەرزەکاریدا دەستی داوەتە شیعر نووسین، ساڵی 1937 بە هۆی بڵاوکردنەوەی کتێبی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن) لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوسای عیراقەوە بۆ ماوەی شەش مانگ بەند دەکرێت و لە پیشەکەیشی دوور دەخرێتەوە، پاش ئازادکردنی بۆتە فەرمانبەری شارەوانی و دواتریش لە فەرمانگەی ئاوی چوارتا دامەزراوە.
بەهۆی رۆڵی بەرچاوی لە پێکهێنانی کۆماری مەهاباد دا، ساڵی 1946 کراوەتە جێگری فەرماندەی هێزی بۆکان.
ساڵی 1971 دوای ئەوەی کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)ی بەچاپ گەیاند، بە هاندانی چەند کۆلکە مەلایەکی ئەوسا لە بیتوێن شاربەدەر کرا و، رووبەڕووی چەرمەسەرییەکی زۆر بووەوە.
شەوی 1988/1/12 کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوان بە خاکسپێردرا، دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ لە بەرواری 19ی حوزەیرانی 1992دا گۆڕەکەی گواسترایەوە بۆ بەرزایی گۆڕمریەم لە چیای کێوەڕەش.
لە ماوەی تەمەنیدا چەندین کتێبی بەنرخی نووسیوە، کە بە داخەوە هێشتا ژمارەیەکیان ماوە بە چاپ بگەیەنرێن، بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

-1بەسەرهاتی ئەرمەن – مێژوویی – دوای مردنی ساڵی 1992چاپکراوە.
-2چیرۆکی زێرینای ئامێدی – مێژوویی – ساڵی 1971 چاپکراوە.
-3فەرزۆ خانی پشکۆ – مێژوویی – ساڵی 1971 چاپکراوە.
-4ماهراکۆ – مێژوویی –ساڵی 1971 چاپکراوە.
-5بوکێکی ناکام – کۆمەڵایەتی – ساڵی 1971 چاپکراوە.
-6کۆنگرێسی دورندە و مەل – دوای مردنی ساڵی 1992 چاپکراوە.
-7هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن – ساڵی 1937 چاپکراوە.
-8گەشتی ئەستێرەی مەریخ – ساڵی 1971 چاپکراوە.
--9بەهەشتی دڵداری – شیعر – دوای مردنی ساڵی 2006 چاپکراوە.
-10دوو بەرگی کتێبی بەسەرهاتی سیاسی کورد.

ئەوانەیشی کە تا ئێستا چاپ نەکراون بریتین لە:

-1مێژووی کورد و کوردستان لە سەردەمی ئیسلامەوە تا ساڵی 1971.
-2ئاران پور – مێژوویی.
-3نەریمان بەختیاری – مێژوویی.
-4ئاسورییەکان – مێژوویی.
-5بەسەرهاتی ئارات پور – مێژوویی.
-6خەونی چوونە بەهەشتی مەنگوری.
-7جیهانێکی ئازاد.
-8دەستوری ژیان – شیعر.
-9جیهانێکی بە پێکەنین – شیعر.
-10شەوێک لە عوسبەتول ئومەم – شیعر.
-11خالیق و خەلیقەت.

میرزا خاوەنی هەڵوێستی بەرزی نەتەوەیی بووە و هیچ کاتێکیش سازشی لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی نەکردووە، ساڵی 1978 لە فێستیڤاڵی شیعری یەکێتی نووسەرانی کورد لە سلێمانی بەشداری کردووە و، یەکێک بووە لەو شاعیرە بەشداربوانەی فێستیڤاڵەکە کە وێرای بوونی ژمارەیەک لە پیاوانی بەعس لەنێو هۆڵەکەدا زۆر نەترسانە شیعری

نیشتیمانی خوێندۆتەوە.
هێندە حەزی بە ئازادی وڵاتەکەی کردووە وەسیەتی کردووە هەر کاتێک لە دوای مردنی ئەو، شەوەزەنگی ژێردەستیی لە وڵات ڕەویەوە، لە گۆڕ بیهێننە دەرەوە و سەر لەنوی لاشەکەی بشۆنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: چیرۆکنووس
جۆری کەس: مێژوونووس
جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: قەڵادزێ
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2758

## میرکۆ جوامێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110112091624267 42



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2759

## میقداد مەدحەت بەدرخان

http://www.kurdipedia.org/?q=20081118150248345



دامەزرێنەری رۆژنامەی کوردی "میقداد مەدحەت بەدرخان کوڕی میر بەدرخان پاشا"یە.
ساڵی لەدایک بوون و کۆچی دوایی نەزانراوە. میقداد مەدحەت بەدرخان ناوێکی ئاوێتەیە، ئەم شێوەناوانەعوسمانییەکان و کوردەکانی ئەو سەردەمە لە فەرەنسییەکانیان وەرگرتووە بۆ ناونانی رۆڵەکانیان.
ساڵی 1891 هاتۆتەمیسر، ساڵی 1898 لەقاهیرە پێنج ژمارەی رۆژنامەی کوردستان بڵاو ئەکاتەوە. پاش ئەوە لەترسی هەڕەشەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی ئەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم براکانی تووشی ئەشکەنجە و زیندانی کردن نەبن.
ساڵی 1899 لەگەڵ عەلی بەگی برایدا هەوڵ ئەدەن زەمینە بۆ شۆرشێکی نەتەوەیی خۆش بکەن، بەڵام سەر ناکەون. هەندێک لەمێژوونووسەکان ئەڵێن میقداد مەدحەت بەدرخان یەکێ بووە لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی "ئیتحاد و تەرەقی". ساڵی 1906 لەسەر ئەو هەڵوێستەی لەتورکیا نەفی کرا. ساڵی 1910 و ماوەیەک پاش راگەیاندنی حکومەتی دەستووری لە ئەستەمبوڵ بەشداری ئەکا لەدامەزراندنی "جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی" بەپێی هەندێ سەرچاوە ماوەیەک کراوە بە موتەسەریفی شاری دەرسیم. بەڵام لەو ساڵە بەدواوە هیچ شتێک دەربارەی ژیانی نازانرێت، میقداد مەدحەت بەدرخان جگەلەوەی کە یەکەمین رۆژنامەنووس و دامەزرێنەری بزاڤی کوردییە چاپخانەیەکیشی بەناوی "چاپخانەی رۆژنامەی کوردستان" لەقاهیرە دامەزراندووە، کەبەیەکەمین چاپخانەی کوردی ئەژمێردرێ.
ئەم رابەرە مەزنە جگە لەزمانی خۆی و زمانی تورکی و عەرەبی زمانی فەرەنسیشی بەباشی زانیوە، بۆیەلەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستاندا کارتێکی بەزمانی فەڕەنسی بڵاوکردۆتەوە کە شارستانیبوونی عەقڵی میقداد مەدحەت بەدرخان نیشان دەدات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | کەسایەتی |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2760

**مینە جاف**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100114140231327



شاعیری ناوداری گەرمیان حەمە ئەمین بەگی کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشای جاف، ساڵی 1911 لە قەڵای شێروانەدا (لە کەلار) هاتۆتە دونیاوە و، لە سایەی کەریم بەگی باوکی (سەرۆکی عێلی جاف) و بنەماڵە ناودارکەیدا لەسەر دابونەریتی کوردەواریی رەسەن و خەسڵەتی بەرز و نیشتمانپەروەری گۆشکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2761

## مێهڤان حسێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20120618100741701470

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2762

## مێهڤان فەتاح

http://www.kurdipedia.org/?q=20120618100741701330

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2763

# مەبەست هەڵەبجەیی - مەبەست شینکی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101203235454412303



ناوی تەواوی (مەبەست عوسمان)ە و لای زۆر کەسیش بە مەبەست شینکی ناسراوە و، وەک خۆی دەڵێت : ناوەکەم کوردییەکی پەتییەو پێویست بە لێکدانەوە ناکات کە دەبێت لە هەوڵدا بم، چونکە لەو ناوەدا وەستان و وازهێنان جێگەی نابێتەوە،
هەرچەندە تەمەن شتێکی رۆتینییەو نابێت بە پێوەربۆ شتەکان چونکە تەمەن رادەی لێزانین و دانایی مرۆڤەکان دیاری ناکات بەڵکو ئەوەی لەمەدا جێگە دەگرێت بەرهەمی مرۆڤە کە چی بە کۆمەڵگەو دەوروبەرەکەی پێشکەش دەکات....!!! بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەمەن بووە بە ژمارەیەکی پێویست و دەبێت بوترێت منیش تەمەنم 23 پایزە و لە 1/1ـی 23 ساڵ بەر لە ئێستا دا لە سەرزەمینێکی ئەوکاتی بێ ناسنامەو بێ ئاڵادا کە کوردستانە لە دایک بووم و بوم بە بارگرانیەکی تر بۆ سەر شانی دایکە گەورەکەم کە کوردستانە !...
پیشەی ئێستام بەرپرسو سەرپەرشتیاری کۆمپانیای چوارستارمو..
حەزی (هۆنراوە) نوسین یشم هەیە و ئەمەوێت لەو رێگەیەوە خزمەت بکەم
هەندێک زانیاری تر هەن رەنگە باسکردنیان زۆر پێویست نەبێ،بەڵام من دەمەوێت بە چەند وشەیەکی کەم کۆتایی بە هەمووی بێنم ئەویش ئەوەیە هەتا ئێستا ناتوانم بڵێم کەسێکی بەختەوەر بووم لەوانەیە رۆژە خۆشەکانی ژیانم بە پەنجەکانی تەنها دەستێک بژێررێت بۆیە ئەمەش ئەڵێم هەتا راستگۆیانە بدوێم ئەگینا هەموو کەسێک رەنگە بتوانێت بە خەیاڵ ژیانێکی خۆش و نایاب بۆ خۆی دروست بکات و پاشان بینوسێتەوە،، بەڵام گرنگ ئەوەیە کامە راستە ئەوە بڵێین!
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (مەبەست) سەبارەت بە (مەبەست هەڵەبجەیی) لە: 3-12-2010 23:49:24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2764

## مەتین
http://www.kurdipedia.org/?q=201004201506074171



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2765

## مەجید ئاسنگەر
http://www.kurdipedia.org/?q=20141227031036118532



تێکۆشەری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کورد مەجید ئەحمەد ئەمین ناسراو بە (مەجید ئاسنگەر) لەساڵی 1932دا لەگەڕەکی بەفریقەندی لەشاری کۆیە، شاری ئەدەب و هونەر و خەباتی کوردایەتی لەدایکبووە و چاوی بەدیمەنە جوانەکانی چیاکانی باواجی و هەیبەسوڵتان کراوەتەوە و گوێچکەی بەئاوازی کۆتر و بولبولانی باخ و سەیرانگاکانی ئەو شارە گۆشبووە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەساڵی 1948دا تەواوکردووە و قۆناغی ئامادەییشی لەساڵی 1950دا لەشاری هەولێری دێرین تەواوکردووە و ساڵێک لەبەر کاری حزبی لەپارتی دیموکراتی کوردستاندا نەیخوێندووە تاکو لەپایزی 1951دا چووەتە بەغدا لەکۆلێجی (خانەی باڵای مامۆستایان)دا کەئێستا پێی دەڵێن (کۆلێجی پەروەردە) وەرگیراوە و لەبەشی زمانی ئینگلیزی خوێندوویەتی و هەموو ساڵێک بەزیرەکی دەرچووە، تاکو لەهاوینی 1955دا خوێندنی تەواوکردووە و پروانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە و بۆ پایزی ئەو ساڵەی (1955) بەمامۆستای زمانی ئینگلیزی لەدواناوەندی هەولێر دامەزراوە و نموونەی مامۆستای پەروەردەکار و زانا بووە.

ژیانی حزبایەتی مەجید ئاسنگەر:

ئەم زاتە لەساڵی (1948)ەوە چووەتە پاڵا نێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کورد کەلەدواییدا لەکۆنگرەی سێیەمی حزب لەشاری کەرکوک لە 1953/1/26دا ناوەکەی بووە (پارتی دیموکراتی کوردستان) و لەپەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوودا دەورێکی دیاری بووە لەچالاکی نواندن لەریزەکانی پارتی و لەدوای شۆرشی 14ی تەمووزی 1958یشدا بووەتە بەرپرسی رێکخستنی شاری هەولێر لەو حزبەدا و بۆ رۆژی 9/شوباتی 1960 پارتی مۆڵەتی فەرمی کارکردنی ئاشکرای لەحکومەتی عەبدولکەریم قاسم وەرگرت و لقەکانی پتر کەوتنە چالاکی نواندن و مامۆستا مەجید وەک بەرپرسی لقەکە لەچالاکی نواندن بەباشی ناسرا، تاکو لەپایزی 1960دا عەبدولکەریم قاسم لەبەڵێنەکانی بۆ میللەتی کورد و کێشە رەواکەی وردە وردە پاشگەز بووەوە تا وای لێهات. دەستی

بەگرتنی ئەندامە چالاکەکانی پارتی کرد و مامۆستا مەجید ئاسنگەری بەفەرمانی حاکمی گشتی عەسکەری گیرا و رەوانەی گرتووخانەی بەسرا کرا و ماوەیەک گیرا، تاکو لەدەرفەتێکدا خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەد جەلیزادە لەدیدەنیەکی لەگەڵا (زەعیم عەبدولکەریم قاسم)دا تکای ئازادکردنی مامۆستا مەجیدی کرد و ئەویش فەرمانی رەهاکردنی دا و گەڕایەوە هەولێر و زۆری پێ نەچوو دوورخرایەوە بۆ خوێندنگای دواناوەندی قەزای (سوێرە)ی سەر بەپارێزگای کووت (واسیت) و وانەی ئینگلیزی گوتەوە. تاکو لەساڵی 1964دا رێی پێدرا بگەڕێتەوە پارێزگای هەولێر و لەوێش کرا بەبەڕێوەبەری خانەی مامۆستایانی سەرەتایی و سەردەمێکیش کرا بەبەڕێوەبەری پەیمانگای مامۆستایان هەر لەشاری هەولێردا. ئەو زاتە لەهەموو هەڵسوکەوتێکی رێبازی کوردایەتی بەرنەداوە و وەک تێکۆشەرێکی کورد ناسراوە.

چالاکی لەسەندیکای مامۆستایاندا:
لەدوای هەڵگیرسانی شۆرشی 14ی تەمووزی 1958دا سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عێراق مۆڵەتی دامەزراندنی پێدرا. لەهەولێر دەستەیەک لەمامۆستایان پێکهات بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی دامەزرێنەری مامۆستایانی کۆماری عێراق لەپارێزگای هەولێر. مامۆستا مەجید وەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێک بوو لەدەستەی ئامادەکار.لەمانگی کانوونی دووەمی 1959دا هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەولێر بۆ کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان ئەنجامدرا و ئەم زاتانەی خوارەوە بەزۆرینەی دەنگ هەڵبژێدران:
-1مامۆستا جەلال شەریف.
-2مەجید ئاسنگەر.
-3کەریم شارەزا.
-4ئەنوەر تاهیر.
-5حەیدەر عوسمان.
-6مووسا خەلیل.
-7پەترۆس گورگیس.
-8خالص جەواد.
-9عەبدوڵڵا زێباری.
-10خەلیل حەمەد خۆشناو.
-11خاتوو نەبلوفەر وجدی.

-12بورهان نەجمەدین.
-13محەمەد عەبدوڵڵا رۆستەم.
-14محەمەد عەلی دزەیی .
بەو حسابەی هەر نوێنەری تەمسیلی 50 مامۆستای دەکرد، واتە پارێزگای هەولێر لەسەرەتای 1959دا 700 مامۆستای هەبوو.کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کۆماری عیراق لەرۆژی 1959/2/2دا لەهۆڵی گەل لەبەغدا بەچاودێی زەعیم عەبدولکەریم قاسم کرایەوە و چەند لێژنەیەکی دامەزراند یەکێک لەوانە (لیژنەی نەتەوەکان) بوو، لەمامۆستایانی کورد مەجید ئاسنگەر و حوسین حەسەن عەقراوی و کەریم شارەزا و محەمەد ساڵح سەعید و چەند مامۆستایەکی تورکمانی کەرکوک و یەک دوو مامۆستای عەرەب بەشدارییان تێداکرد سەرۆکی لیژنەکەش مامۆستایەکی شیوعی بوو بەناوی (عەلی شوک) نوێنەرەکانی کورد

توانیان دوو دەسکەوت بەدەست بێنن یەکەم: دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی لەوەزارەتی پەروەردەی کۆماری عێراق بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) و دووەم: بەستنی کۆنگرەیەکی ناوخۆی ساڵانە بۆ مامۆستایانی کورد، تاکو بەرنامەی خوێندنی کوردی لەکوردستان پێشبخات لەگەڵا خوێندنی زمان و مێژووی کورد لەئامادەییەکانی هەموو کۆماری عێراقدا و کۆنگرەش لەدانیشتنی کۆتاییدا هەردوو راسپاردەکەی پەسەند کردن.

بەپێی ئەم دوو بڕیارە وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی دامەزراند و لەئەیلوولی 1959شدا کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لەشەقڵاوە بەسترا، بڕیاربوو لە 10ی ئەیلوول دەست بەکارەکانی بکات بەڵام لەبەر ناکۆکی نێوان لایەنگرانی حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژێک کردنەوەی کۆنگرەکە دواکەوت، لایەنی پارتی دەیانگوت: دەبێ ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی خوێندنی کوردی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانیاری کوردستان) بێ و شیوعیەکانیش دەیانگوت: جارێ با ناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) بێ وەک لەکۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کۆماری عێراق بڕیاری لەسەر دراوە. لەئەنجامدا هەردوولا رێککەوتن لەسەر ئەوەی ئێستا با ناوەکەی وەکو خۆی بێت و لەدواڕۆژدا هەوڵی بۆ بدرێ بکرێت بە (زانیاری کوردستان) و بەیاننامەیەکی هاوبەش دەرچوو، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان مامۆستا مەجید ئاسنگەر واژۆی کرد و لەلایەنی حزبی شیوعییەوەش مامۆستا حاجی حەیدەر عوسمان واژۆی کرد و لەبەیانی رۆژی 11ی ئەیلول کۆنگرەکە کرایەوە و مامۆستا مەجید

بەپێی ئەم دوو بڕیارە وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی دامەزراند و لەئەیلوولی 1959شدا کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لەشەقڵاوە بەسترا، بڕیاربوو لە 10ی ئەیلوول دەست بەکارەکانی بکات بەڵام لەبەر ناکۆکی نێوان لایەنگرانی حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژێک کردنەوەی کۆنگرەکە دواکەوت، لایەنی پارتی دەیانگوت: دەبێ ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی خوێندنی کوردی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانیاری کوردستان) بێ و شیوعیەکانیش دەیانگوت: جارێ با ناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) بێ وەک لەکۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کۆماری عێراق بڕیاری لەسەر دراوە. لەئەنجامدا هەردوولا رێککەوتن لەسەر ئەوەی ئێستا با ناوەکەی وەکو خۆی بێت و لەدواڕۆژدا هەوڵی بۆ بدرێ بکرێت بە (زانیاری کوردستان) و بەیاننامەیەکی هاوبەش دەرچوو، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان مامۆستا مەجید ئاسنگەر واژۆی کرد و لەلایەنی حزبی شیوعییەوەش مامۆستا حاجی حەیدەر عوسمان واژۆی کرد و لەبەیانی رۆژی 11ی ئەیلول کۆنگرەکە کرایەوە و مامۆستا مەجید چالاکیەکی زۆری تێدا نواند و 3 رۆژی خایاند و گەلێک بڕیار و راسپاردەی سوودبەخش لەبارەی پێشخستنی خوێندنی کوردی و زمان و مێژوو کوردەوە پەسندکران و بەرزکرانەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ جێبەجێکردنی و وابوو لەئەنجامدا زۆر لەو بڕیارانە پەسندکران.کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لەرۆژانی 15-17ی ئابی 1960 هەر لەشەقڵاوە و قوتابخانەی کاوێس بەسترا و مامۆستا مەجید دەورێکی دیاری بینی

لەپێشکەشکردنی بەرنامەکانی کۆنگرەکە و خوێندنەوەی بڕیارەکانی.
کاتێکیش کەیەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە 1962/5/15دا دامەزرا مامۆستا مەجید ئاسنگەر بووە ئەندامێکی چالاکی ئەو رێکخراوە کوردستانییە و لەکۆنگرەی سێیەمدا لەدوای رێککەوتننامە مێژووییەکەی 11ی ئاداری 1970ی نێوانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی بەغدا لەناوپردان لە 1970/8/5 بەسترا مامۆستا مەجید دەورێکی دیاری گێرا لەبەڕێوەبردنی کۆنگرەکە و پێشکەشکردنی بەرنامەکانی.
مەجید ئاسنگەری شاعیر و نووسەر و وەرگێر:مامۆستا مەجید ئاسنگەر شاعیرێکی هەست ناسکی ئەندێشە قوولا بوو، کۆمەڵێک شیعری پر سۆزی دڵداری و نیشتمانی دانا، هەندێکیان لەلایەن گۆرانیبێژەکانی کوردی وەک تایەر تۆفیق و فوئاد ئەحمەد و هی تر گوتراون و لەئێستگەی رادیۆی کوردی بەغدا و کەناڵی تەلەفزیۆن تۆمارکراون.لەشیعری نیشتمانی و کوردایەتیشدا دەستێکی باڵای بووە و خۆ هۆنراوە ناودارەکەی (کوردە ئەم هەلە) بوو بەدروشمی خەباتی نەتەوەی کورد و لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991دا تەنانەت لەئەنجومەنی وەزیرانیشدا لە 1992دا هەڵواسرا.مامۆستا مەجید دیوانێکی خنجیلانەی دەسنووسی لەپاش بەجێماوە چاوەڕوانی هیممەتی رۆڵەکانی و وەزارەتی رۆشنبیری کوردستانین بەچاپی بگەیەنن. جگە لەو دیوانە شیعریەیشی زنجیرەیەک چیرۆکی پتەوی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە. لەوەرگێرانیش لەزمانانی عەرەبی و ئینگیزی گەلێک دەست رۆیشتوو بوو.مامۆستا ئاسنگەر لەسەرەتادا بەرهەمەکانی بەناوی (مەجید حەداد) بڵاودەکردەوە، بەڵام کاتێک ویستی بابەتی ئەدەبی لەگۆڤاری (هەتاو) کە لە 1954/5/15دا لەلایەن مامۆستای نەمر گیوی موکریانییەوە دەرچوو، بڵاوبکاتەوە مامۆستا گیو گوتبووی تا نازناوەکەت نەکەیتە کوردی بۆت بڵاوناکەمەوە و واباشە نازناوی (حەداد) بکەیت بە (ئاسنگەر) و ئەویش بەگوێی دەکات بەناوی (مەجید ئاسنگەر) بابەتە ئەدەبییەکانی بڵاودەکاتەوە و تاکو کۆچی دوایی کرد هەر بەمەجید ئاسنگەر ناسرا.مامۆستا مەجید بابەتەکانی لەگۆڤارەکانی (هەتاو)، (هیوا)، (بەیان)، (کاروان) و (رامان k21 (بڵاودەکردەوە و سەرنجی خوێنەرانی رادەکێشا.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:
مامۆستا مەجید ئاسنگەر لەماوەی ژیانی هەشتا ساڵیدا شەش کتێبی بەنرخی بڵاوکردۆتەوە کەئەمانەی خوارەوەن:
-1سیستەمی فیدراڵی لەچەند وڵاتێکی فرە زماندا- وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە مامۆستا تاریق جامباز بەچاپی گەیاندووە و لەساڵی 2005 لەهەولێر دەرچووە.
-2خود موختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لەچین- وەرگێران لەئینگلیزییەوە، مامۆستا تاریق جامباز ئامادەی کردووە بۆ چاپ و لەساڵی 2006 لەهەولێر دەرچووە.
-3سیستەمی فیدراڵی لەچەند وڵاتێکی جیهاندا- وەرگێران لەئینگلیزییەوە- لەساڵی 2008دا لەهەولێر چاپکراوە.
-4چیرۆکی (جوانە و جانەوەر) یان (نازدار و ناڕەجا) نووسینی جینی دوولی- وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە، لەساڵی 2010دا لەهەولێر چاپکراوە.
-5بۆند سرات- ئەنجومەنی فیدراڵی کۆماری ئەلەمانیای فیدراڵ- نووسینی د. کۆنراد رۆیتەر- بەڕێوەبەری بۆند سرات- وەرگێران

لەئینگلیزییەوە.
-6کۆیە لەرەوتی شارستانیەتدا- نووسینی کەریم شارەزا، مەجید ئاسنگەر، نازم حەوێزی، عوسمان مستەفا خۆشناو- لەساڵی 2009دا لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانەوە چاپکراوە.

بەرهەمە دەسنووسەکانی:
-1دیوانێکی دەسنووسی شیعری سیاسی و دڵداری.
-2لەئەدەبیاتی رۆژئاواوە- تێکۆشان بۆ سەرکەوتن- نووسینی ئۆلیڤەر گولدسمس (وەرگێران لەئینگلیزییەوە.(
-3چیرۆکی مەمۆ- لەساڵی 1970دا نووسیویەتی.
-4چیرۆکی زارا- لەساڵی 1964دا نووسیویەتی.
-5جوا غەردی- لەساڵی 1970دا نووسیویەتی.
-6کچی ماچە- نووسینی پۆشکین- وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە- شاری سویرە/ 1962.
-7دڵداری لەلادێدا- چیرۆک.
-8شێت- شانۆنامە، ساڵی 1958.
-9رزگاری- شانۆنامە.
-10شەوی چەقۆ درێژەکان- شانۆنامەیە و لەئینگلیزییەوە وەرگێردراوە.
-11لەشانۆی ئەفریقییەوە- گەڕانەوەی ناکاوەکان- نووسینی گانی مارتن ئۆیۆسیۆ- وەرگێرانی لەعەرەبییەوە.
-12کلکە سەگ- نووسینی عەزیز نەسین- وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە .

مامۆستا مەجید ئاسنگەری پێشمەرگە:
مامۆستا مەجید کەسایەتییەکی نەتەوەپەروەری کورد بوو، هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوولی، رزگاریخوازی کورد لە 1961/9/11دا دڵی لەگەڵا شۆرشگێرانی ئەو شۆرشە مەزنەی کورد بووە، بەڵام بۆی نەلواوە لەسەرەتاوە بچێتە پاڵا شۆرشگێرانەوە، تاکو لەساڵی 1974دا، لەگەڵا دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوانی سوپای عێراقی بەعسی فاشی و شۆرشگێرانی کورد چووە پاڵا شۆرش و دەستی لەمامۆستایی ناو حکومەت هەڵگرت و لەناو شۆرشدا دەورێکی فیداکاری و پەروەردەیی نواند و کرا بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ سەر قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، تاکو نسکۆی ئەو شۆرشە مەزنە بەکاریگەری پەیمانە شوومەکەی جەزایری 1975/3/6ی نێوان صەدام حوسێن و محەمەد رەزا شای بەهلەوی شاهەنشای ئێران. ئینجا گەڕایەوە کوردستان و لەشاری کۆیە دانیشت و دوای کەمێک خۆی خانەنشین کرد.

مامۆستا مەجید و ژیانی خێزانی :
مامۆستا مەجید ئاسنگەر لەساڵی 1964دا هاوسەرگیری کرد لەگەڵ خاتوو پەرژین خانی کچە گەورەی شاعیری نیشتمانپەروەری کورد عوسمان عەونی و کچێک و دوو کوڕی لێ بوو، خاتوو (رۆژان)ی کچی لەساڵی 1965دا لەدایکبووە و ئێستا لەسویدە و شووی کردووە و بڕوانامەی ماجستێری لەپزیشکی بەیتەری هەیە و (جۆشان)ی کوڕە گەورەی لەدایکبووی (1967)ە و بڕوانامەی ماجستێری هەیە لەکشتوکاڵ و (بۆتان)ی کوڕە گچکەی لەدایکبووی (ساڵی 1971)ە و دوکتۆرای لەئەندازیاری شارستانی لەبەریتانیا تەواوکردووە و ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و مامۆستایە لەپەیمانگای تەکنیکی و کۆلێجی ئەندازیاری سەر بەزانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر.

ماموستا مەجید و پەرلەمانی کوردستان:ماموستا مەجید ئاسنگەر
لەپایزی 1992دا لەگەڵا هاورێیانی کەریم شارەزا و کەمال عەبدولقادر
نەشئەتدا بەگرێبەس لەبەشی کاروباری پەرلەمان دامەزرا بۆ رێکخستنی
پرۆتۆکۆلەکانی دانیشتنەکانی پەرلەمان. لەدواییدا کاک مەجید لەلایەن
(دوکتۆر رۆژ نوری شاوێس)ی سەرۆکی ئەوسای پەرلەمان بەراوێژکاری
راگەیاندن لەساڵی 2002دا دامەزرا تاکو رۆژی 2010/2/1 ئینجا بەو پلەیە
خانەنشین کرا و ئەو ماوەیەی خانەنشینی بەنەساغی بەسەربرد و بۆ
چارەسەرکردن ماوەیەک چووە سوید و بەریتانیا کەچی سوودی نەبوو و
لەرۆژی 2012/4/9 لەشاری هەولێر بەنەخۆشی شێرپەنجەی سنگ
کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی بەرێورەسمێکی شایستە لەگۆرستانی
(کەسنەزان)ی سەر بەهەولێر بەخاک سپێردرا و پرسەیەکی گەرمی بۆ
سازدرا.
هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەم تێکۆشەرە نیشتمانپەروەرەی کورد و
ئەم نووسەر و شاعیرە شیعرە ناسکە هەڵکەوتووەی کوردستان
سەرچاوە. گۆڤاریk21

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2766

## مەجید خەچر سەلیم

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818095339125335

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2767

## مەجید دڵنیا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010209380721317



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2768

## مەجید ساڵح عەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072909115789399

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2769

## مەجید عەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=2011051410595357917



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2770

## مەجید نیزامەدین گلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140716164138770l9



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2771

## مەجید کاکەوەیسی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101008110456988l



مەجید کاکەوەیسی، لە کوردستانی ئێران " ڕۆژهەڵات"، لە ناوچەی سەلاسی سەر بە هۆزی قوبادی لە پارێزگای کرماشان، لە دایک بووە.
-ناو براو چەند قۆناخێکی خوێندنی پریوەوە، و پیشەیی مامۆستایی سەرەتایی لە دەرسوتنەوەدا،چەندین ساڵ درێژە پێداوەوە.
-چالاکی بواری سیاسیە، و ساڵانێکی زۆرە لەو بوارەدا چالاکە.
-نوسەرە، و دوو کتێبی تا ئیستا بە چاپ گەیاندوون، کە لە سەر کۆمەڵایەتی و بواری پەروەردەو فێرکردن بە بەرهەم هاتوون.
-زۆر بابەت و نوسراوەی هەن لە بوارە جۆربەجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، کە بەشێکی زۆریان لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بڵاو بوونەتەوە.
-دەکرێ بێژین شاعیرە، " هۆزانڤان" ە و لە بواری ئەدەبیات و شێعردا دەستی باشی هەن و زۆر پەخشان و شێعری کلاسیکی و نوێی هەن کە بەشێکیان بڵاو بوونەتەوە، لە ڕۆژنامەو کۆڕەکاندا، و نامیلکەیەکی شێعری هەن کە تا ئیستا بە چاپ نەگەیشتوون.

-تا ئیستاش لە هەوڵ و چالاکیە جۆراوجۆرەکان بەردەوامە، و خۆی بە خزمەتکاری گەل و نیشتمان و نەتەوەکەی دەزانێت و هیوا دەخوازێت کە زۆر لەوە زیاتر خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتمان بکات، بە تایبەت لە بوارەکانی ئەدەبی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، رامیاری......
جارێکیتر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز و هیوادارم کە ئەم نوسراوەیە بە کورت ناردوومە خزمەتتان بڵاو بکەنەوە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (کانی) سەبارەت بە (مەجید کاکەوەیسی) لە: 20-6-2011 22:08:58
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (مەجید کاکەوەیسی) سەبارەت بە (مەجید کاکەوەیسی) لە: 10-9-2011 15:05:08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| شارەکان: | کرماشان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2772

## مەحمود بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011031820405419057



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2773

## مەحمود حمە شەریف رەحیم

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580371238

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📰ڕۆژنامەنووس |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2774

## مەحمود ڕەزا

http://www.kurdipedia.org/?q=201001112133403240



-لەدایکبووی ساڵی 1954 .
-نووسەرە. لەساڵی 1981ەوە بابەت و وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسیی دەنووسێ .
-لە ساڵی 1973ەوە بەشداریی حزبایەتی و سیاسەت و پێشمەرگایەتی و کوردایەتی کردووە، هەتا ئێستا.
-خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکییە لە بەروبومی ئاژەڵدا.
-ئێستا وەک هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان درێژە بەخەباتی سیاسیی خۆی دەدات.
سەرچاوە: ستیڤان شەمزینانی - ماڵپەڕی کلاورۆژنە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| جۆری کەس: | پەڕلەمانتار |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2775

## مەحمود زامدار

http://www.kurdipedia.org/?q=200904070923141700



زامدار ساڵی 1944 لەشاری هەولێر لەدایکبووە، ساڵی 1970 – 1971 بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواوکردووە، 3 ساڵ و نیو فەرمانبەر بووە لە فەرمانگەی زەریبەی گشتی، 32 ژمارەی خەباتی قوتابیانی بڵاوکردۆتەوە، 7 ساڵ لە ئێستگەی کوردی بەرنامەی هەبووە، 144 ژمارەی گۆڤاری منداڵانی بە هاوکاری هاوسەرەکەی بڵاوکردۆتەوە، 46 بابەت و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە، لە ژمارە 9 تا ژمارە 545 ئەندامی دەستەی نووسەران و بەرپرسی بەشی هونەری رۆژنامەی هاوکاری بووە، 7 ساڵ لە گۆڤاری بەیان سکرتێری نووسین بووە، 1 ژمارەی گۆڤاری شمس کوردستانی بە تەنها دەرکردووە، 2 ساڵ مامۆستای کوردی بووە، 750 کۆری جیا جیای لەبەغدا و شارەکانی کوردستان ئەنجامداوە، 8 مانگ لاپەرەی "التقافە الکوردیە"ی رۆژنامەی عێراقی ئامادەکردووە، 1970 بۆ 1981 لە هەرسێ گۆڤار و رۆژنامەی بەیان و رۆشنبیری و هاوکاری بە 937 بەرهەمی بڵاوکراوە، توانیویەتی پلەی یەکەمی بەدەست بهێنێت، ئەندامی چەندین دەزگا و سەندیکا و رێکخراوی رۆژنامەنووسی و هونەری نووسەرانی کوردستانی و عێراقی و عەرەبیە، تائێستاش زیاتر لە 30 کتێبی بەچاپ گەیاندووە.
رۆژی 08-09-2011 لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: بەختیار مەلا ئەحمەد -ماڵپەری پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | 📰رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2776

## مەحمود عەبدولرەحمان عەبدولقادر (خولە کەشکۆڵ)

http://www.kurdipedia.org/?q=20150811135734125130



مەحمود عەبدولرەحمان عەبدولقادر، ساڵی 1946 لەشاری هەڵەبجەی شەهید هاتووەتە دنیاوە. لەئەنجامی خۆشەویستی بۆ چەند بوارێک، نازناوی (خولە کەشکۆڵ)ی لێ نراوە. دواتریش لە پێشمەرگایەتییدا، ناوی نهێنیی (شێخ عەلی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە. بەشداری شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی کردووە. شەرەفی یەکەم کادری خۆتەرخانکەری کۆمەڵەی هەبووە. (ساڵی 2014 کۆچی دوایی کردووە(
سەرچاوە: ئەرشیفی ڕێبوار حەمە تۆفیق

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان - باشوور |
| جۆری کەس: | پێشمەرگەی دێرین |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2777

## مەحمود مەلا عێزەت

http://www.kurdipedia.org/?q=20081221194730908



لە ساڵی 1939ی زایینی، لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە و لە ساڵی 1962دا، لە زانکۆی بەغدا لە بەشی مێژوو بەکالیۆرسی وەرگرتووە و پاشان بووە بە مامۆستای مێژوو.
لە ساڵی 80-1981دا، بە تاوانی چالاکیی سیاسی دژ بە ڕێژیم گیراوە و دوای ئەوەیکە بە سەربەرزی نەجاتی بووە، ڕێی ئاوارەیی گرتووەتەبەر و لە وڵاتی سوێد وەک پەنابەری سیاسی نیشتەجێ بووە. لە ساڵی 1987 وە لە ئەرشیفی هەرێمی شاری ئوپسالا دامەزراوە و تا گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە کارەکەیدا بەردەوام بووە.
کاک مەحمود، وەک نووسەرێکی بە توانا لە زۆربەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئاشکرا و نهێنییەکاندا هاوبەشی کردووە و گەلێک باس و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە کە سەرەڕای چەند بەرهەمی وەرگێردراو، ئەو کتێبانەی خوارەوەی چاپ و بڵاوکردووەتەوە:
_دیپلۆماسێتیی بزووتنەوەی کوردایەتی، 1973
_کۆماری میللی مەهاباد، چاپی یەکەم 1984، چاپی دووەم 1987
_ڕەگ و ریشەی مێژووی تەقەلای بەعێراقیکردنی کورد و مەسەلەی کوردستان، 1986
_کورد و ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، 1988
_دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دۆکومێنت)، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆڵم 1992
_دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دۆکومێنت)، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم 1995

_ دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دۆکومێنت)، بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم 1997.
شیاوی گوتنە کە لە بواری رۆژنامەوانییشدا کەسایەتییەکی چالاک بووە و سەردەمێک وەک سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کردووە و، هەربۆیەش لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری گزینگ، یەکێک لە بەشدارانی دنەدەر و هاوکارانی یارمەتیدەری گۆڤارەکە بووە کە لە ریزی ئەو نووسراوانەدا دەکرێ بە وتووێژێک لە ژێر عینوانی (ئەقڵییەتی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد) (گزینگ، ژمارە8) و، هەروەها لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە کۆماری کوردستان: (با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان راست بکەینەوە) (گزینگ، ژمارە13 _ بەشی1؛ گزینگ، ژمارە14 _ بەشی2) ئاماژە بکرێ.
مامۆستا مەحمودی مەلا عێززەت کە لەم دواییانەدا، بە نیازی مۆداوای نەخۆشییەکەی لە کوردستان را گەڕابۆوە وڵاتی سوێد، بەداخەوە لە رۆژی 2005-05-04 لە شاری ئۆپسالا بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە ژیان و کەسوکار و گەلەکەی دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🖎نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | مێژوونووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2778

## مەحمود نەجمەدین

http://www.kurdipedia.org/?q=20110123224256329844



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2779
## مەحمود یاسین کوردی
http://www.kurdipedia.org/?q=2010111119583510684



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2780
## مەحوی
http://www.kurdipedia.org/?q=20081111145423293



نموونەی ژمارەیەک لە پەرتووکە بەنرخەکانی بەزمانی کوردی ئەمانەن: یادی مەردان و دووبەرگ، بنەماڵەی زانیاران، ژمارەیەک پەرتووک لە بارەی شەریعەت و ئیسلامەوە، کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، تەفسیری نامی حەوت بەرگ، مەکتوباتی کاک ئەحمەدی شێخ چوار بەرگ، عەقیدەی مەرزیەی مەولەوی، دیوانی نالی، دیوانی مەولەوی، دیوانی مەحوی و چەندین پەرتووکی دیکە بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوەو بڵاویکردۆتەوە.

دیارە جەنابی مامۆستا "مەلا عەبدولکەریمی مودەریس"، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی عێراقیش بە زانایەکی گەورە ناسرابوو و خاوەن فتوای ئایینی بووە، بۆیە چەندین ساڵ پۆستی سەرۆکایەتی "رابطە علما و العراق"ی بەدەستەوە گرتبوو، لەوەش گرنگتر لەم ساڵانەی دوایی 3 هەزار زانای ئایینی سوننی ڕێرەو کە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق هاتبوون و لە بەغدا کۆبوونەوە، بەبێ بەشداریکردن و ئاگاداری خۆی

جەنابی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بە سەرۆکی (الامانه العلیا للافتا و و التدریس و البحوث و التصوف) هەڵبژێراو، بەڵام لەبەر ئەوەی باری تەندروستی نالەباربووە رەتیکردبۆوە. سەرەڕای ئەوەی ماوەیەک ئەندامی کارای کۆری زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بووە، هەروەها باوەڕپێکراوی کۆری زانیاری وڵاتی ئوردون بووە.
کەسایەتی گەورەی ئایینی و ئەدیب و زانای گەلەی کورد مامۆستا "مەلا عەبدولکەریمی مودەریس" لەتەمەنی 104 ساڵیدا لە کاژمێر 12ی شەوی 29 لەسەر 2005.08.30 لە شاری بەغدای پایتەختی وڵاتی ئێراق کۆچی داوییکرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | ئەدیب |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2847

## مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی

http://www.kurdipedia.org/?q=201010061013249814

مەلا عەبدوڵڵا فەرهاد مەولود مەمانە، ناسراو بە مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی لەساڵی (1922) لەگوندی لـهێبان لەدایک بووەو پاشان چووەتە گوندی گرد عازەبانو لەوێ زۆربەی ژیانی بەسەر بردووەو لەتەمەنی دوو ساڵیدا باوکی وەفاتی کردووەو پێنج برابوونو هیچ خوشکیان نەبووە، ئەو برا بچووکی خێزانەکەیان بووەو لەسەر وەسیەتی باوکی سەرجەم برایەکانی بوون بە مامۆستای ئایینی. مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی یەکەم مامۆستا کە لەلای خوێندووە مامۆستا مەلا صادقی برای بووە، پاشان زۆر شارو گوند گەڕاوە بۆ خوێندن، ئیجازەی مەلایەتیشی لەلایەن مامۆستا مەلا عیززەدینی مەلا فەندی وەرگرتوە، ئیجازەیەکی تریشی لای مامۆستا شێخ ئەمجەد زەهاوی وەرگرتوە لەبەغداد لە ساڵی (1930)، ئیجازەی علومی حەدیسیشی لەلایەن مامۆستا مەلا سلێمانی تورکی ئەرزە رۆمی کە لەبەغداد بووە وەرگرتوە .
لەسەر دەستی چەندین مامۆستا پێگەیوە ناودارترینیان ئەمانە بوون:مامۆستا مەلا عەلی بیرعارەبان و مامۆستا مەلا عەزیزی مزگەوتی قادر بلە و زۆربەی مامۆستایانی شاری هەولێر لای ئەو دەرسیان خوێندوەو لای فەقێ بوونە. مامۆستای ناوبراو جگە لەزانستە ئیسلامییەکان لەگەڵ مێژوو شیعرو پەخشاندا بەینی باش بووەو هەرلەسەرەتای گەنجیەوە دەستی شیعری هەبووەو شیعری نووسیوە، بەڵام برایەکانی نەیانهێشتوەو گوتویانە ئەگەر واز لەشیعر نەهێنی ئاگات لە زانستە ئیسلامییەکان نامێنێ، پاشان لەتەمەنی پیری گەڕاوەتە سەر شیعر نووسینو سەرجەم شیعرەکانی لەسەر ئایینو نیشتیمان بووە و دیوانێکی شیعری هەیە بەناوی (مێرخوزارەکەم) و هەروەها خاوەنی(20) کتێبە.
مامۆستا لەساڵی (1976) لەپێشبڕکێی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بەشداریی کردووە کە لە وڵاتی

سعودیە و خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە هەر بەو هۆیەوە بۆ ماوەی یەک مانگ لەسەر خەرجی مەلیک خالید لەوێ ماوەتەوە. ناوبراو لە ژیانیدا (14) حەجی کردوە.
کۆچی دوای مامۆستا مەلا عەبدوڵلای فەرهادی خەسارەتێکی گەورەبوو بۆ میللەتەکەمان و پڕکردنەوەی شوێنی ئەستەمە چونکە زۆربەی ژیانی بۆ خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و رۆشنبیرکردنی میللەتی کورد تەرخان کردبوو بۆیە کۆچی دوایی ئەو پیاوە مەزنە زیانێکی گەورەیە.
مامۆستا مرۆڤێکی زاناو بلیمەت بووەو خاوەن بیر و باوەڕێکی زۆر بەتین و خواناسێکی بەتەقواو زۆر زۆر(متوازع) بوو، ماوەی چەندین ساڵ بوو بە دەست نەخۆشی دەیناڵاند و هەر بەهۆی ئەونەخۆشییە کۆچی دوایی کرد .
مەلا عەبدوڵلای فەرهادی لەدیدارێکی رۆژنامەی(کۆمەڵ)کەسێ مانگ لەمەوبەر لەگەڵی سازداوە هەموو ئەو دەنگۆیانەی رەتکردووەتەوە کە هەندێک لایەن دەڵێن: ئێمە یەکێتی زانایانمان درووست کردوە و بەناڕاستی داناوەو وتویەتی:"من بۆ یەکەمین جار یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامییم لەساڵی (1959) دامەزراندووە ."
رۆژی 04-10-2010 کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئیسلام پایک

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ☪ئیسلامی سیاسی |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2848

## مەلا عەلی زالیاوی - زالواوی

http://www.kurdipedia.org/?q=200911041430382446



کوری مەلا محەمەدی کوری مەلا فەقێ کریمی کوری کویخا شاسواری کوری محەمەد خان گەورەی زەنگنەیە لە ساڵی (1890) لە گوندی زالیاوی سەر بە ناحیەی سەنگاو لە دایک بووە، بنەماڵەکەیان بە ئەشرافی (ئال عەبدولڕەحمان ئاغای زەنگنە) ناسراون پشتاوپشت دەچنەوە سەر ئاغاکانی زەنگنە، دایکی لە بنچینەدا (مسریە) و ناوی (ئامینە کچی کویخا قادری کوری مەلا محەمەدی کوری مەلا ئیبراهیمی کوری مەلا حسێن) ە کە (خلیفەی مێر) بۆ کاروباری ئاینی ناردویەتی بۆ کوردستانی عێراق و هەر لەوی ماوەتەوە زانایەکی ئاینی گەورە بووە ئێستا گوندێک بە ناوی ئەوەوە هەیە لە سنوری قەزای چەمچەماڵ ئەویش گوندی (مەلا حسین) ە، مەلا علی زالواوی وەکو لە هەندی یاداشتەکانی خۆی دا، ئەڵێ باپیرە گەورەی ئێمە (کویخا شاسوار) لە گوندی زالواو مزگەوت و مەلا ومەدرەسەی بووە ئەو مزگەوت و مەدرەسانە مابوو تاکو ساڵی هەشتاکان بەڵام بەداخەوە حکومەتی بەعس روخاندی، زالواوی لە نووسینەکەیدا ئەڵێ لە تەمەنی (7) ساڵیدا لە مزگەوت و مەدرەسەی خۆمان لە گوندی زالواو خوێندومە لە لای باوکم (مەلا محەمەد). زالواوی زمانەکانی (عەرەبی و تورکی و فارسی) زۆر بە باشی زانیوە، وە لە تەمەنی (14) ساڵیدا لە هونەری خۆشنوسی کاری

کردوە و دەیان دەست خەتی ماوەتەوە لە پاش خۆی، زالواو خوێندنی ئاینی لە شاری سلێمانی تەواو کردوە لە مزگەوت و خانەقای کاک ئەحمەدی شێخ، هاورێکانی دیراسەی ئەم کەسانە بوونە وەکو (خوالێخوشبوو مەلا مستەفای بارزانی و شاعیری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا قانیع و شێخ عبدالوهاب جاف ومەلا عەبدوڵڵا) دوای تەواو کردنی خوێندن شێخ زالواوی دەگەرێتەوە گوندەکەی خۆیان و لەوی ئەبێتە ئیمام و خەتیب وقازی گوندی زالواو و ناحیەی سەنگاو بە گشتی، لە هەموو گوندەکانی دەوروبەر پرسیاری ئاینی ئاراستەی دەکرێت و ئەویش زۆر بە جوانی وەڵامیان دەداتەوە. خاوەنی دەیان کتێبی ئاینیە و هەر وەها کتێبیکی زۆری وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە (تنبیە الغافلین)، (تفسیر الاحلام)، (قێێ الانبیا و) وە کتێبیکی تایبەتی بە مێژووی بنەماڵەکەی خۆیان لە ژێر ناونَشانی (مێژووی بنەماڵەکەمان لە سەنگاو) نووسیوە کە تەنها (12) لاپەڕەی ماوەتەوە بەداخەوە زۆری فەوتاوە، ئەم کتێبە باس لە مێژووی هۆزی زەنگنە دەکات لەگەڵ سەرجەڵەی عەشیرەتی زەنگنەی بان سەنگاو. زالیاوی لە بەرە بەیانی رۆژی 1989/3/18 کۆچی دوایی کردوە و لە گۆرستانی شۆریجەی کەرکوک بە خاک سپێردرا.

سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز (فریاد زەنگنە) سەبارەت بە (ژیان و کارنامەی مەلا عەلی زالیاوی) بۆ کوردیپێدیا لە 25-11-2010

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2849

## مەلا غەفوری حافزی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130508222420828OO

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2850

## مەلا مارف کۆکەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=2015033111475385075



مەلا مارف کۆکەیی لە ساڵی 1253 هەتاوی ڕێکەوتی 1293ی کۆچی مانگی لە گوندی حاجی خۆش لە ناوچەی شارویران لە دەوری شاری مەهاباد لە دایک بووە. بنەماڵەکەیان بە پەڕبڵاو ناودارە. مەلا مارف لە 25 ساڵیدا لە بەرواری 1278ی کۆجی هەتاوی لە ئامینە خانمی کچی مەلا رەزای بانەیی خەڵکی گوندی سوتوو و بەردەڕەش لای شاری بانە خوازبێنی کردووە و مارەی پریوە و گوێزراوەتەوە بۆ گوندی قولغە تەپە هەرێمی ئیل تەیموری لای مەهاباد کە لەوێ مەلای مودەریس بوە و ماوەی 38 ساڵ پێکەوە ژیاون.
ئامینە خانمی هاوسەری مامۆستا لە ساڵی 1317 ی کۆچی مانگی لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی ئەکات و مەلا مارفیش لە 73 ساڵی دا لە 19 ی رەمەزانی 1364 ی کۆچی مانگی لە کاتژمێر 6ی سەر لە بەیانی لە ریکەوتی ساڵی 1324 کۆچی هەتاوی دا لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی ئەکات و هەر لە وێش نێژراوە. لە رێو و رەسمی بە خاک سپاردنی تەرمی مەمۆستا دا خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستان و مامۆستایانی ئایینی و و کەسایەتیەکانی ئەو دەم بەشداریان کروە، کەسانێک وەک مامۆستا سدیق سدقی و مەلا محەمەد لاهیجی و سەید عەبدوڵلا ئەتهەری کوری جەنابی شێخ عەبدولقادر بەرزنجی و هتد بەشداری رێورەسمەکەیان کردووە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەهاباد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2851

## مەلا محەمەد شارەزووری

http://www.kurdipedia.org/?q=201002011034243374

محەمەد سالح ساڵی (1946) لە گوندی (کەچەڵی) ناوچەی شارەزوور لەدایک بووە، سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووەو پاشان چۆتە هەڵەبجەو درێژەی بە خوێندن داوە، ساڵی (1971) لە تاقیکردنەوەکانی پەیمانگای ئیسلامیی پلەی (زۆر باش)ی بەدەست هێناوە، لە چەندین گوندو شارۆچکە مەلایەتی کردووەو رۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی گەنجاندا بینیوە، چەند جارێک لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوەو ئازارو ئەشکەنجەدراوە، وتاریێژو نووسەرێکی بەتوانا بوو، چەند بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە (رێکەوت لە تەرازووی ژیریدا، سروشت لە تەرازووی ژیریدا، داروین لە تەرازووی ژیریدا، فرۆید لەتەرازووی ژیریدا،...) لە (1987/7/25) کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە: ئیدریس سیوەیلی: رەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان، چاپی دووەم، 2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئایینی

جۆری کەس: زیندانی سیاسی

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

رەگەزی کەس: 👨پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2852

## مەلا محەمەد عەلایی - سووتاو

http://www.kurdipedia.org/?q=20091210102352296



لەناوچەی سەرشیوی سەقز دوو دۆستی دێرین و بەفرین، واتە "نەکەرۆز" و "شاخی رووش" لە نێوان خۆیاندا جۆلانەیەکی سەوزەچنی ژیانیان بۆگوندێکی شەرمەون ودڵ پرلەهەست و سۆز هەڵخستوە کە پێی دەڵێن کەس نەزان،
کەس نەزان ئەو گوندە پرجۆش و خورۆشەیە کە بەدرێژایی مێژوو ئەدیب و مامۆستا و زانا و سەرداری مەزنی وەک شێخ ئەسعەدی لە لانکەی خۆیدا پەروەردەکردوە کەیەکێکی دیکە لە بەرەی دیمەنی ئەورەزوباغ وهەردونزارەی ئاوایی کەس نەزانی سەرشیوی سەقز بەڕێزمامۆستامەلامحەمەدی "سووتاو"ە کە خاوەن هەستێکی زەریفی شاعیرانەوخو ورەوشتێکی پاک وبی خەل وغەشی کوردەواری یە .
مەلامحەمەدعەلایی"سووتاو"کوری مامۆستامەلاشێخ نەجمە دینی کەس نەزانە وساڵی 1324هەتاوی لە گوندی کەس نەزان هاتوتە دونیاوە وەک خۆی باسی دەکا بابی کەلەگەڵ شاعیری سەقزی مەرحووم مەلاکەریمی زاری دۆست وبرادەری گیانی گیانی ئەبێت کاتێک مامۆستا لەدایک ئەبێت مەلاکەریمی زاری لەپشت یەکێک لە کتێبەکانی باوکی مێژووی لەدایک بوونی بەم شێوەدەنووسێتەوە کەدەڵێت:
"چون لەدایک بوو لەقوربانەدا
شێوەی زەیێحی هەس لەشانەدا
خسووس کەهاوناوفەخری عەرەب بێ
ئەبێ سەرچاوەی عیلم وئەدەب بێ
خاتربۆتاریخ واخەبەریدا
باخی ئومێدم بەدڵ بەریدا"
کە بەحیسابی ئەبجەد ئەکاتە 1361کۆچی مانگی
بەرانبەربە1324هەتاوی.
مامۆستا دوای فەوتی یەک لەدوای یەکی دایک و باوکی بۆفێربوونی عیلم وزانین بەپێی باوی سەردەم بەتایبەت بۆ منالانی هەژاروبێ دەرەتان رووی کردوەتە حوجرەولای مامۆستایان بوەتە فەقێ ویەکەم گوندی

دەسپێکی ژیانی فەقێەتی مامۆستا گوندی "پیرۆمەران" بوە لەناوچەی گەورکی سەقز پاشان چوەتە گوندی "مامەشا"ودواترگوندەکانی ناوچەی بانەوسەردەشت وتەنانەت ئەودیوکەکوردستانی عێراق بێت شاروناوچەکانی ئەوێش گەڕاوە یەک لەوانەشاری کۆیە بوە کەلەوێ لەخزمەت زۆرمامۆستادا وەک باوکی بەڕێزدوکتورفوادمەعسووم وباوکی بەرێزعەدنان موفتی داشانازی فەقێیەتی بوە وپاشان لەساڵی 1344هەتاویداگەڕاوەتەوە ناوچەی سەردەشت لەگوندی "قوڵتێ"لەخزمەت مامۆستایەک بەناوی "حەیاتی" بوەتەفەقێ وهەستیشی بەهەستیاری لەخۆیدا کردوە هەربۆیە شێعری هۆنیوەتەوە هەتائێستادوودەفتەری لە گەنجینەی ماڵی خۆدائامادەوچاەوڕوانی چاپکردن داناوەونازناوی سووتاویشی بۆخۆی هەڵبژاردوە لەبەرئەوەی دەڵێ: لەگوندی کوڵەسێی سەروو هاوین بوو حوجرەکامان گواستبەوەسەربانی ماڵێک لەوێداچەند فەقێ بووین کەپرێکمان سازکردبوو رۆژێک لەبەرکەمتەرخەمی خۆمان ئاگری گرت ئەمنیش کتێبەکانمی تێدابوو بەهەرشێوەیەک بوو هەندێکیانم رزگار کرد بەڵام هەردوودەستم سووتا لەورۆژەوە لای هاورێیانم بوومەتە"سووتاو"!...دواتر لەگوندەکانی باسکی کۆڵێ فەقێیەتیکردوەومامۆستایش بو وە جیا لەمەلایەتی مامۆستا،بۆبژێوی ژیانێکی سەربەخۆ لەماڵەکەی خۆیدا ئێستایشی لەگەڵ بێت خەیاتی کردوەلەساڵی 1357دا لەلایەن برادەرێکی زیندانی یەوە فێری کڵاو چنینیش بوە، لەساڵی 1351دا بۆدووهەمین جار ژیانی هاوبەشی پێک هێناوەوخاوەنی سێ کوروسێ کچە وبەخۆشی یەوە ئێستایش هەرهەیە ولەگوندی "هێجانان" دادەنیشێ ومامۆستای مزگەوتی هەرئەوگوندی "هێجانان"یەلەبناری شاخی رووشی سەقز.

مامۆستالەبیرەوەریەکانیداباسی دەکاودەڵێ: لەساڵی 1345 داکەلەگوندی "کۆڵەسێی ژووروو"بووم دۆستێکی برادەرم بووکە قاوخانەی هەبوو وخەڵک بەتایبەت غەریبەهاتووچۆی دەکردودەچوونەئەوقاوەخانە کە خاوەنەکەی ناوی شێخەی حاجیلە بوو تازە زەفت وگرامافۆن وشتی وابە وڵات داهاتبوو کە ئەوشریتی گۆرانی وێژانی هێنابوو وبۆ خەڵکی ئەگرت وگوێیان لێ دەگرت، رۆژێک کورێکی بوو منداڵ بوو بەناوی عومەر"کەپێم وابێ ئێستەلەوڵات دانەبێت" ناردیە شوێنم وگوتی: کاک محەمەدی ماملێ هاتوە ئەتۆیش کەشێعران دەڵێی یان بۆخۆت وەرە یان چەند شێعرێکم پێ بدە هەتا بۆێ ببەم... ئەمنیش دووشێعرم پێ دا وبردیەلای هونەرمەند،خوالێخۆش بوو کاک محەمەدی ماملێ کە دواتر هونەرمەند سەی عەلی سەردەشتی یەکێکیان بەناوی "کاروانی شادی" دەکاتە گۆرانی وبڵاوی دەکاتەوە وکاک محەمەدی مامڵێش شێعرەکەی دیکە بەناوی"یارەکەی بێ مروەتم" دەکاتە گۆرانی وبڵاوی دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چەمەڕا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2853

## مەلا محەمەد عەلیاوەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141201234217118187

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🖎نووسەر & لێکۆڵەر |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2854

## مەلا محەمەدی شارەزووری

http://www.kurdipedia.org/?q=20130726222245489454



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | 🖎نووسەر & لێکۆڵەر |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2855

## مەلا محەمەدی شڵماشی

http://www.kurdipedia.org/?q=20091206104214282 8



یەکێکە لەو مەلا دەگمەنانەی کوردستان، کە هاوشانی نووسین لە بواری زانستە ئیسلامییەکاندا بوارەکانی تری وەرگێران و ڕۆمان و فەرهەنگ و کەلەپوور و فەرامۆش نەکردووە، ئەو لە ساڵانی هەشتاکاندا ڕۆمانی (بێسەرپەرشتان و بێنەوایان) ی لە فارسییەوە بۆ سەرزمانی کوردیی وەرگێراوە، کە تائێستاش کاریگەری (بێژەن) لە هەست و نەستی خوێنەرەکانیدا ماوەتەوە، ناوبراو دۆستێکی نزیکی دکتۆر قاسملوو سەرانی تری حزبی دیموکرات بووە، ئێستاش لە وڵاتی فینلەندا پەنابەرە و کاتەکانی ژیانی تەرخانکردووە بۆ خوێندنەوە و نووسین.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان پرێس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: وەرگێر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2856

## مەلا محەمەدی مەلا عوسمانی باڵخی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130313123600082565

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئایینی

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2857

## مەلا محەمەدی هەزارمێردی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081215114936677

یەکێکە لەزانا ئایینی یە بەناوبانگەکان و شاعیرە گەورەکانی کورد. ناوی محەمەدی کوری حاجی حەسەنی سنجوێیەو بەئیبنولحاجب ناسراوە. زوربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئەڵێن ساڵی 1698

لەگوندی (سنجوێ)ی ناوچەی سەردەشت لەدایک بووە. بە منداڵی لای باوکی دەستی داوەتە خوێندن و دواتر لە حوجرەی فەقێیان درێژەی بەخوێندن داوە. هەر لەم پێناوەشدا تەواوی ناوچەی موکریان گەڕاوەو ماوەیەکی زۆریش لە سلێمانی و قەڵاچوالان ماوەتەوە. پاش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی رووی کردۆتە ناوچەکەی خۆی و سەرقاڵی دەرس وتنەوە بووە، بەڵام لەدوای چەند ساڵێک چۆتە گوندی (هەزارمێرد)ی نزیک شاری سلێمانی و پاشماوەی ژیانی لەوێ بەڕێنمایی کردنی خەڵکەوە بەسەر بردووە. ئەم پیاوە خوێندەوارە گەلێ زانای گەورەی پێگەیاندووە، لەوانە مەلا عەبدوڵڵای پێتووشی و شێخ مارفی نۆدێ و کاک ئەحمەدی شێخ، سەرباری ئەمانەش، مەلا محەمەدی هەزارمێردی مامۆستایەکی ناسراوی زانستە ئایینییەکان بوو. چوار کتێبی گرنگیشی لەو بوارانەدا بەزمانی عەرەبی نوسیووە و لەساڵی 1755یشدا کتێبی (مەهدی نامە)ی بەزمانی کوردی نوسیووە کە لە (256) دێڕە شیعر پێکهاتووە. مەلا محەمەد ساڵی 1778 لەگوندی هەزارمێرد کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ بەخاک سپێردرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2858

## مەلا محەمەدەمین رواندزی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130225203101823 79

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | رواندز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2859

## مەلا موختاری زەردۆیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130305141800824590

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2860

## مەلا مەحمود کزەڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20130210194824756960

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2861

## مەلا مەحمودی بایەزیدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130219210557823310

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2862

## مەلا مەعسومی هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081215124833711

ناوی مەعسومی کوری مەلا خدرە، لە 1900لە شاری کۆیە لەدایک بووە و هەر لەوێ قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە. پاش ئەوەی باوکی کۆچی دوایی ئەکات و هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا خیزانەکەیان چۆتە کەرکوک و ئەویش لەوێ خوێندنی لەخوێندنگای (دار الخلافە) تەواو کردووە کە لەئاستیخوێندنگا ناوەندییەکانی ئەم سەردەمەدایە. دوای تەواو کردنی ئەو قۆناغەی خوێندن ماوەیەک خەریکی کاسپی و بازرگانی بووە. لە 1925دا دەست ئەداتە خوێندنی ئایینی و لە کۆتایی ئەو خوێندنەدا لای مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە) ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێ. مەلا مەعسوم یەکێک بوو لەخوێندەوارە ناودارەکانیسەردەمی خۆی و عەرەبی زانێکی زۆر بەتوانا بوو. لەتورکی و فارسیشدا شارەزاییەکی زۆری هەبوو. ئەم پیاوە ئایینیە روناکبیرە لە 1955 کرا بە جێنشینی مەلای گەورە لەکۆیە. مەلا مەعسوم شەخسیەتێکی نیشتمانپەروەر و کوردێکی خاوەن هەڵوێست بوو. کەشۆرشی ئەیلول لە 1961 دا بەرپابوو، مەلا مەعسوم پشتگیری تەواوی لێکردو گوێی نەدایە گوشارەکانی حکومەتی بەغدا، کە داوای لێکرا بەبروسکە پشتگیری لەسیاسەتی حکومەت بکات دژی شۆرش، مەلا مەعسوم داواکەی رەت کردەوە و ئامادە نەبوو فەتوا بدات بۆیە رژێمی ئەو کاتەی بەغدا فەرمانی زیندانی کردنی دەرکرد و ماوەی یەک ساڵ لەبەندیخانەی (فچیلیە) زیندانی کرا. ساڵی 1963 پەیوەندی کرد بەشۆرشەوە و لە 16/ 12/ 1964 دا کۆچی دوایی کرد. خوالێخۆشبوو لەپاش خۆی کتێبخانەیەکی بەنرخ و گەلێ دەستنووس و پەراوێزی گرنگی لێ بەجێما، بەڵام بەداخەوە ئەو سامانە بەنرخە لەرووداوەکانی 31ی ئابی 1996 لە هەولێر تالان کرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | زیندانی سیاسی |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2863

## مەلا مەنسووری گرگاشی

http://www.kurdipedia.org/?q=2010081911254647771



هۆزانڤانی کلاسیکی یێ بەهدینان مەلا مەنسووریَ گێرکاشی، ژ ناڤێ وی دیارە کو خەلکێ گوندێ گێرگاشێ یە، کو گوندەکێ بچوکە دکەڤیتە سەر سینگێ چیایێ گارەیێ سەر بلند، بەرامبەر کەلها ئامێدیێ یا دێرین ل لایێ رۆژهەلات کو گوندەکێ هەلکەڤتی یە و گەلەکێ جوان و بلندە، نەمازە ل بهارا و مرۆڤ ل گوندێ گێرکاشێ هنداڤ ریبارێن زێ ی و سپنێ بەهدینان و دەڤەرەکا ناڤدارە ب دەشتازێ، ڤی جهێ هەرسێ دەمێن سالێ یا کەسک و خەملاندی یە ب کەسکاتی و جوانیێ و لڤی جهێ هەلکەڤتی ل بن گوپکا چیایێ گارەی ب رەخ گوندێ گێرکاشێ ل بانیا ب رەخ گوندی ڤە دبێژنێ (خەلفو) کو خەلفو و گێرکاشێ وەکی خەلکێ گوندێ گێرکاشێ دگوت (خانیەک و دوو دەرگە) پشتی چوینە گوندێ گێرکاشێ و سەر کانیا وێ یا تەزی رونشتین ئەوا نخافتی ب دارێن گویزا و ل بەردا زەڤیێن پان و بێ شینکاتی ئەزو چەند گوندێین سپینداریَ و گێرکاشێ ل شینواریَ هۆزانڤانێ مەزن (مەلا مەنسووریَ گێرکاشی) گەریاین و چووینە کاڤلە گوندێ خەلفو و ئاڤ گۆرستانا گوندی گەریاین یا پر دارێن کەڤنار چووینە مزگەڤتا مەزن ئەوا ب رەخ گۆرستانێ ڤە کو مەلا مەنسووریَ گێرکاشی ل ڤێ مزگەڤتێ خاندنا خو یا فەقاتیێ دەست پێ کریە و باش هاتیە ل خواندێنگەهێن ئامێدیێ میرگەها بەهدینان خواندی یە و بوویە مەلایەکێ (دوازدە علم) و پاش چووینە شینەوارێن قەسرا وی کو تا نوکە ب هشکە بەری مایە. ئەو دەمێ هۆزانڤان مەلا مەنصوریَ گێرکاشی تێدا ژیایی: تا نوکە ب درستی ژیاناما هوزانڤان مەلا مەنصوریَ گێرکاشی نەهاتیە تومارکرن ژبلی ناڤێ وی کو (مەنسوورە) و ناڤێ بابێ وی نەهاتیە زانین و ناڤێ گوندی وی کو (گێرکاشە) ل دیڤ ناڤێ وی دهێت و ل سالێ دایک بونێ و مرنێ نەیا دیارە ژ بلی کو هەڤچاخێ هوزانڤان مەلا حسێنێ باتەیی یە ئەوێ هندەک تۆرەڤانا گوتی ل سالا (820) ێ مشەختی یان ل سالا (1417) ێ زاینی ژ دایک بوویە ل دویف بیروباوەرێن کو هەین ل سالا (900) ێ مسشەختی یان ل سالا (1495) زاینی ئانکو ل سەدێ پازدێ وەغەرکریە، ئەڤ چەندە ب وێ چەندێ دهێتە زانین کو هۆزانڤان مەلا حسێنێ باتەیی بەریکانەکا هۆزانێ دگەل مەلا مەنسووریَ گێرکاشی هەیە و ئەڤ جەندە بومە دیەر دکەت کو هەڤجاخێن ئێک بوینە و مەلا مەنسوور ل سەدێ پازدێ ژیایە، گۆرێ وی نەهاتیە زانین کو ژبلی هندەک کەس دبێژن گۆرێ وی ل باژێرێ ئامێدیێ یە و ل ناف مزگەفتا (شێخ مەنسیر) هاتی یە ڤەشارتن و ئەڤ مزگەفتە تا نوکە مایە و ب ناڤێ (شێخ مەنسیر). گێرکاشی ژ هۆزانڤانێن بەرکەڤتی و بناڤ و دەنگ بوویە ل دەڤەرا بەهدینا وچارنکارێت وی وەکی هەکاری و بوتان ئەو ژی وەکی باتەیی بوویە دڤەهاندن و دارێتن و لێک ئینان و سەنگاندن و کێشانێ، هەروەسا دبیر تیژی، ئاشوپ فرەهی و ئاواز سازو خوش و دلڤەکەریێ دا، ئەڤ بسپۆرێ شەرەزایێ و مەلەڤانی رەوانی ژ هەلبەست و هوزانێت کوردی دا کو چەندین لایەنێن کرنگ بەحس کری یە.

سەرچاوە: محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی - ماڵپەڕی ئامێدی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2864

## مەلا نوری هەساری

http://www.kurdipedia.org/?q=2011012808524033058

د سالا 1934 ل گوندێ هەسارێ ژ دایک بیە، ل رێکەفتی 25 کانونا دوێ 2011 وەغەرا داویێ کریە و ل گۆرەستانا قادر بەگ هاتە بن ئاخکرن.
نقیسەری و هۆزانڤان، هن بەرهەمێن چاپکری و دەستنڤیس هەنە، ژ بلی پەرتوکێن هۆزانان، پەرتوک د بوارێ فەرهەنگا کوردی و ئۆلی و وەرگێرِانێ دا هەنە.
سەرچاوە: ماڵپەری پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2865

## مەلا کەریم زاری

http://www.kurdipedia.org/?q=201001262257373333



مەلا عەبدولکەریمی سائێب ساڵی 1905 لە گوندی "ئارەبوغڵوو"ی ناوچەی فەیزوڵلابەگی سەقز لەدایک بوە لە 27 جۆزەردانی ساڵی 1360هەتاوی بەرانبەر 1982زاپینی کۆچی دوایی کردوەو هەرلە گۆندەکەی خۆی واتە "ئارەبوغڵووی سەرو" ئەسپەردەی خاک کراوە.
مامۆستا لەژیانی هابەشی دا دووجار ژنی هێناوەو خاوەنی شەش کوروکچێک بەناوەکانی : مەرحووم مەلاخالید،کاک عابید، کاک زاهید، کاک تاهیر، کاک ماجید، کاک سادق، وخوشکە سەعدیە کە لە بنەماڵەی مامۆستا کورەزاکانی بەناوەکانی :سروە سائێب، سەعیدە سائێب لە بواری هەنەری شێوەکاریدا چالاک هەن وهەروەها حەمیدە سائێب لە فووتباڵی ژنان دا قارەمانێکی ناسراوە .
مامۆستا "زاری"دیوانە شێعرێکی بە300 لاپەرەوە بەجێهێشتوە کە پێکهاتوە لە هەشتاوهەشت غەزەڵ و پەنجاوشەش قەسیدە و هەڤدە پێنج خشتەکی و بیست ویەک مەسنەوی و چواردە شێعری نێشتمانی وشەست وشەش شێعری ئایینی وهەڤدە شێعریشی فارسی یە، هەروەها بەسەرەهاتی لەیلێ ومەجنوونی هەربەناوی"لەیلێ ومەجنوون" بە داڕشتنێکی دیکەوە هۆنیوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەری شار نیوز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2866

## مەلا کەریمی ساردەکوێستانی (ڕاوچی)

http://www.kurdipedia.org/?q=20150209205311119305



مامۆستا ڕاوچی کە لە شاعیرانی دیاری ناوچەی موکریان و هاوسەردەمی هەژار و هێمن بووە، ساڵی 1927 لە دایک بووە و لە ساڵی 2002 دا کۆچی دوایی کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2867

## مەلا کەریمی فیدایی

http://www.kurdipedia.org/?q=20121225103836744452



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2868

## مەلاقادر مودەڕڕسی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150316202803848880



(1279،2/1/1371ی هەتاوی)
مەلاقادر مودەڕڕسی یەکێک لە کەسانێک بوو کە سالآنی کۆماری کوردستان خزمەتی زۆری بەو بزاڤە کرد. لە چالاکیەکانی خوالێخۆشبوو مەلاقادر مودەڕڕسی دەتوانین بەمانە ئاماژە بکەین.
(1بەرپرسی چاپخانەی کوردستان
(2گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد 1946) یەکەمین گۆڤاری منداڵانی کوردە، لە مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد دا، بە زمانی شیرینی کوردیمان لە ساڵی (1946) دا، لە سەردەمی (کۆماری کوردستان) لە مەهاباد دەردەچوو. گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد لە (چاپخانەی کوردستان) لە شاری مەهاباد چاپ دەکرا.
(3نووسینی بیرەوەریەکانی خۆی لە سەردەمی کۆماری کوردستان(چاپ نەکراوە(
(4کورتەیەک لە مێژووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی شاری مەهاباد(چاپ نەکراوە )
(5ڕۆژمێری بەرباخەڵ، ساڵی 1322(1943ز) لە لایەن کۆمەڵەی ژ،کاف چاپ کراوە.
(6دەستخەتێکی جێێ باوەڕی وەفایی لە لا بووە.(1317ی هەتاوی(
(7نووسینی وتار لە گۆڤاری نیشتمان و ڕۆژنامەی کوردستان(8 وتار) بە نازناوی(ق.م.ڕەوادی(
سەرچاوەی وێنەکە: گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە 14، ل48، بەهاری 1992ز.فەرەیدوون حەکیم زادە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| پارت / لایەن: | ژێ کاف - ژ. ک |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەهاباد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2869

## مەلای باتێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081124104801462



مەلا ئەحمەدی باتێ خەڵکی باتێی هەکارییە لەساڵی (836)ی ک هاتۆتە دنیاوە شاعیرێکی ئیسلامی بووە دەربارەی لەدایک بوونی پێغەمبەر هۆنراوەی نووسیوە. ساڵی (911)ی ک لەدنیا دەرچووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | ئایینی |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | هەکاری |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2870

## مەلای جزیری

http://www.kurdipedia.org/?q=20081119100014382



ناوی تەواوی شێخ ئەحمەد کوری شێخ محەمەد جزیری یە، یەکێکە لەو شاعیرانەی بناغەی شیعری کوردیان داناوە، شاعیر بە مەلای جزیری بەناوبانگە ئەمەش بۆ جزیرەی بۆتان دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە کەناری روباری دیجلە لەنزیک شاخی "جودی" کە بە ناوی "نیشانی" دێت کەلە هەندێ لە قەسیدەکانیدا ناوی هاتووە چەندبۆچوونێک هەیە بۆ مێژووی ژیانی ئەم شاعیرە.

ساڵی 1407 لە جزیرەی بۆتان هاتۆتە دنیاوە کە سەردەمی "ئەمیر شەرەفخانی کوری میر ئەبدال" بووە. لە تەمەنی دە ساڵییەوە لەلای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە و پاشان چۆتە لای زانا بەناوبانگەکانی جزیرە و فێری زانست بووە.

بەفەقێیەتی هەموو ناوچەکانی جزیرە و هەکار ی و ئامێدی و دیار بەکر و عەمادیە گەڕاوە و لە تەمەنی (32) ساڵیدا ئیجازەی مەلایەتی پێدراوە پاشان بۆتە مەلا و زوربەی کاتی بۆ وانە وتنەوە تەرخان کردووە.

شێخ محەمەدی باوکی لە بنەماڵەیەکی شێخی بەرماڵی بووە و زۆر حەزی بە خوێندەواری کردووە.. رۆژهەڵات ناسی ئەڵمانی "فون هارسمان" لە ساڵی 1904 دیوانەکەی مەلای جزیری لە بەرلین چاپ کردووە و خۆی پێشەکی بۆ نوسیوە، لە پەرتووکی "مێژوی کورد و کوردستان"ی ئەمین زەکی بەگ دا هاتووە "مەلای جزیری ناوی شێخ ئەحمەدە و لە جزیرەی "ئیبن عمر" لە نیوەی دوایی سەدەی شەشەمی هیجری لە دەوری "عیمادەدین" حاکمی موسڵدا ژیاوە.

شێخ ئەحمەد چۆن شاعیرێکی کوردی بووە هەروەها زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی بەباشی زانیوە. مەلای جزیری سۆفی بووە و لەسەر رێ و شوێنی "نەقشبەندی" بووە. زۆربەی زۆری شیعرەکانی تەڕ و پاراو و شیرین و رەوانن هەروەها دەربارەی دڵداری و تەسەوف و راستی و

خواپەرستی بووە و بەمەبەستی دڵداری و خواناسی و سروشت هۆنراوەی داناوە، دەستێکی باڵای هەبووە لە لێکدانەوەی قورئان و فەلسەفە و لێکدانەوەی و ئەستێرەناسی و زانستی کیمیا و فیزیا و پزیشکی دا.
مەلای جزیری ساڵی 1481 لە جزیرەی بۆتان کۆچی دوایی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | جزیرە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2871

## مەلای گەورەی کۆیە

http://www.kurdipedia.org/?q=201002010952323356



موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی ئەسعەد جەلی کۆیی، ساڵی (1876ز) لە کۆیە لە دایک بووە، دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لە جێگەی باوکی دەبێتە پێشنوێژو وتاربێژ، ساڵی (1912ز) دەبێتە موفتی کۆیە، چاکسازێکی گەورەی ئاینی بووە، ساڵی (1915ز) ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵو ساڵی (1925ز) ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق بووە، نزیکەی (22) بەرهەمی چاپکراوو دەستنووسی هەیە لە بوارەکانی تەفسیر، زانستی ئوسوڵ، فیقهی ئیسلامی، بیروباوەڕ، چیرۆکو هۆنراوە. لە (11 تشرینی یەکەمی 1943ز) کۆچی دوایی کردووە.
سەرچاوە: ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامیی لە باشووری کوردستان، چاپی دووەم، 2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئایینی |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2872

## مەلک حوسێن خان کولیایی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101130124502111160

ساڵی لە دایک بوون و کۆچی دوایی "مە لک حوسێن خان"روون نییە،هە رئە وە ندە زانراوە کە لە "سە دە ی 13ی کوچی" لە گوندی (گوداڕپە هە ن)ی ناوچە ی کولیایی لە دایک بووە ولە حوجرە ی فە قێیان برێک فارسی و وردە ڵە کتێبی خوێندوە تە وە،ژیان و گوزە رانی لە ڕێگای کشتو کاڵە وە بە ر ێوە چووە.

بە هۆی خوێنددنە وە ی کتێب و تە فسیرە ئایینی یە کان پلە ی زانیاری خۆی بردووە سە رێ. دە ستێکی باشی لە هۆنینە وە ی شێعر داهە بووە. شێعرە کانی پتر لە مە دحی خوداو پێغە مبە رو ئیمامان و مە سایلی ئە خلاقی دایە.

شێعرە کانی خۆی لە (538)بە یت دە دات بە زاراوە ی هە ورامی تێکە ڵبە کە ڵهوری هۆنیویە تە وە .

شاعێر لە نە جە ف کۆچی دوایی کردووە و هە رلە وێش بە خاک سپێردراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئاییینی |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2873

## مەلیکە مەزان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140823132906666610



خەڵکی مەغریبە و بەرەگەز ئەمازیغییە، لە کاتی ڕووداوەکانی شەنگالدا ڕایگەیاند کە جیهادی نیکاح لەگەڵ پێشمەرگەدا دەکات، ئەم خانمە ئەم بانگەوازەی تەنها بۆ پشتگیریی کورد و پێشمەرگە بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | )دۆست(ی کورد |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | بێگانە |
| وڵات: | دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2874

## مەم میرخان

http://www.kurdipedia.org/?q=2011041213065322771



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2875

## مەمۆ شاهین

http://www.kurdipedia.org/?q=2011052013241058067



نووسەر و لێکۆڵەر و چالاکی کورد لە بواری کاری لۆبیدا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2876

## مەنسور تەیفوری

http://www.kurdipedia.org/?q=2010121615063212885



نووسەرو ڕۆژنامەنووسی سەقزی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |

ولّات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2877
## مەنسوور جیهانی
http://www.kurdipedia.org/?q=201009250932129622
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: رۆژنامەنووس
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
ولّات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2878
## مەنفی
http://www.kurdipedia.org/?q=20081119094922380



نازناوی مەلا رەسوڵ کوری مەلا مەحمودی بێتووشییە، باوکی لەبێتووشەوەهاتووەبۆ کۆیەو لەوێ نیشتەجێ بووە، ئینجا مەلا رەسوڵ لەکۆیەلەدایک بووە، باوکی لەمزگەوتی منارەمەلا بووە، رەسووڵی کوری لای ئەو خوێندوویەتی، لەدوای مردنی باوکی جێنشینی ئەو بووەو حوجرەی خوێندنی داناوەو زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی فێری قوتابیان کردووە.
مەنفی زمانی فارسی زانیوە، لەبەر ئەوەلەسەردەمی داگیرکردنی کۆیەلەلایەن ئینگلیزەوەبووەبەوەرگێری داگیرکەرەئینگلیزەکان چونکەهەندێ لەو ئەفسەرەئینگلیزانەرۆژهەڵاتناس بوون زمانی فارسییان لەکوردی باشتر زانیوە.
مەنفی لەبنەماڵەی بێتووشییە، لەو خێزانەدا زانا و شاعیری گەورەهەڵکەوتوون، لەوانەمەلا عەبدوڵڵای بێتووشی ناودار، شاعیری ئەم ناوەپێوەندی بەکاک مستەفای هیران "سافی" بووە، نێوانیان خۆش بووە، شیعری بەسەر سافیدا هەڵداوە.
لەساڵی 1919 مەنفی کراوەبەبەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی لەکۆیەکەناوی "ئوولا" واتە"یەکەم" بووە.
مەنفی لەساڵی 1921 لەکۆیەکۆچی دواییکردووەو هەر لەوێش نێژراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2879

## مەنیژە میرموکری

http://www.kurdipedia.org/?q=20140831214004115558



خاتوو (مەنیژە میرموکری) مەستەری زمان ناسی و (لیسانسی) زمانی ئینگلیسی هەیە و 25 ساڵ مامۆستای زمانی ئینگلیسی لە قوتابخانەکانی ئێران بووە. سێ کتێبی لە زمانی ئینگلیسیەوە هێناوەتەوە سەر زمانی کوردی،کە بە وتەی خۆی ئەم سێ کتێبە (مەسخ) فرانتس کافکا، (دادخوازان) ئاپێر کامۆ و (دیاری لمەکان)ی جولیا جانسۆنە. زۆرترین ئەزمونی خاتوو میرموکری لە ئەدەبیات دایە و جگە لە بەرهەمی وەرگێڕانەوە کۆمەڵە شیعری بە زمانی فارسی هەیە کە تا هێستا بڵاوی نەکردۆتەوە. ئەزموونە زانستیەکانی میرموکری توێژینەوەی لە سەر زمان و شیکاری فیلم و بەرهەمی ئەدەبیە. خاتوو مەنیژە میرموکری شانۆی (نەبی باشتر)ی دوکتور قوتبەدین سادقی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتەوە لەسەر کوردی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: وەرگێر
ڕەگەزی کەس: خانمان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2880

## مەهاباد قادر (هەنارە)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141218091359118349

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2881

## مەهاباد قەرەداغی

http://www.kurdipedia.org/?q=200910301151472149



لە شاری (کفری)، لە باشووری کوردستان، لەدایک بووم .
)شاعیر) و(نووسەر)و (لێکۆڵەر)م و تا ئەم ساتە 27 کتێبی چاپکراوم هەیە لە بوارەکانی شیعر، کورتەچیرۆک، ڕۆمان، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و بیرەوەری .
پاشخانی زانستیم :
لە پەیمانگای کەرکووک و زانکۆی ترۆلهێتان ئابووری، لە زانکۆی ستۆکهۆڵم هاوتەریب رشتەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی پەروەردە م خوێندووە و، ئێستاش لە زانکۆی سایێس، کۆلێژی پەروەردە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی دەخوێنم.
ئەرک و ئارەزوو و ئاواتەکانم:
بێجگە لە سەرقاڵیم بە نووسینی ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەکانم، لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاردا وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بڵاودەکەمەوە.
لە چەندین رادیۆ و تیڤی هەموو بەشەکانی کوردستاندا بەشداری گفتۆگۆکانی ئەو بوارانەم کردووە دەکەم، لە پێناوی گەیاندنی ئەو پەیامەی کە پێم وایە لە پێناویدا درووست بووم.
بە تیۆری و بە کار، چالاکێکی بەردەوامی مافی مرۆڤم و بە تایبەتیش بۆ دادپەروەری، یەکسانی، ئازادی بیرورا، چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراسی، ڕۆشنبیری لێبوردەیی و ئاشتیخوازی تێدەکۆشم .
لە مێژە پەیامی خۆمم لە دووتوێی دروشمی (وەرن با هەموومان یەکتریمان خۆش بوێت) لە بەرهەمەکانمدا ڕاگەیاندووە و ئاواتەخوازم مرۆڤی کورد بتوانێت هەرچی وزەی نێگەتیڤە لە خۆی بتەکێنێتەوە و خۆی بە خۆشەویستی ڕابهێنێت. با جیاوازی بیروڕامان ببێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی یەکتری. با رق پروخێنین!
هاورێیانی خۆشەویست ..
لەم پەنجەرەیەوە دەڕوانمە گەردوون و ئێوەش لە هەرکوێیەکی ئەم گەردوونەن سڵاوی گەرمی منتان لێ بێت و ئاسوودەیی بۆ دەروونتان دەخوازم.

سەرچاوە: فەیسبووکی مەهاباد قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: چالاکی مافی ژنان

ڕەگەزی کەس: 👩خانمان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: قەرەداغ

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2882

## مەهاباد کوردی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081202214021558



لەساڵی 1964 لەگوندی تاڵەبانی گچکەی سەر بەشارۆچکەی تەقتەق لەباشووری کوردستان لەدایکبووە .
تەمەنی منداڵی ولاوێتی خۆی لەگوندی مورتکەی گەورەی دەشتی هەولێر بەسەر بردووە .
خانەی مامۆستایانی کوڕانی لەشاری هەولێر تەواو کردووە.
لە1985 کوردستانی جێهێشتووەو لەئێران وپاکستان، دوایش وەک پەنابەر لەساڵی 1986 گەیشتۆتەسوێد .
لەوڵاتی سوێد بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ سەرقاڵی کاری مامۆستایی بووە .

تاوەکو ئێستا چەندین بەرهەم "کتێب"ی چاپکراوی نووسراو و وەرگێڕدراوی خستۆتەبەردەم خوێنەران. سەدان بابەت و وتاری بەزمانی کوردیی وعەرەبیی لەرۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: چاودێری سیاسی

ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2883

## مەهجووری

http://www.kurdipedia.org/?q=20081215115440682

ناوی عەبدول حەکیمی کوری سەیید عەبدولرەحیمی سەیید میرزاییە کە لە نەوەی پیر خدری شاهۆیە .
ئەم شاعیرە گەورەیە ساڵی 1808 لەگوندی (گەون توو) ی سەر بەشاری سنە لەدایک بووە.
بەمنداڵی لای باوکی دەستی داوەتە خوێندن و پاشان لەحوجرە و مزگەوتەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا درێژەی بەخوێندن داوە.
دوا وێستگەی خوێندنی مەهجووری شاعیر مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی بووە لەوێ و لەسەر دەستی شێخ مارفی نۆدێ دا خوێندنی تەواوکردووە .
پاشان چۆتە خانەقای مەولاناو ماوەیەکی زۆر وەک موریدێکی رێبازی نەقشی دەرسی خوێندووە.
دواتر گەڕاوەتەوە زێدی باوو باپیرانی و هەموو تەمەنی خۆی بۆ دەرس وتنەوە و رێنمایی کردنی خەڵکی تەرخانکردووە.
مەهجووری بە یەکێک لە زانا ئاینیە گەورەکانی سەردەمی خۆی ئەژمێردرێ، لەبواری ئەدەب و نووسینیشدا شاعیرێکی بەسەلیقەو بەهرەدار بووە، بەشی زۆری هۆنراوەکانی تایبەتن بە ئامۆژگاری و روونکردنەوەی مەسەلە ئایینیەکان.
ئەم پیاوە رۆشنبیرە نووسین و بەرهەمی تریشی هەبووە کە گەلێکیان فەوتاون و هێشتا دیوانە شیعرییەکەشی چاپ نەکراوە.
مەهجووری شاعیر ساڵی 1884 کۆچی دوایی کردو هەر لەگوندەکەی خۆی بەخاک سپێردراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2884

## مەهدی ئەبوبەکر

http://www.kurdipedia.org/?q=20101124140714108666



ڕۆژنامەنوس مەهدی ئەبوبەکر
هەڵگری پروانامەی ماستەر لە بواری زانستە سیاسییەکان و مامۆستای کۆلیژی یاسا لە زانکۆی هەڵەبجە .
لە ساڵی 1992 یەکەم وتاری لە کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە، دواتر وەکو کارکردنی پیشەیی لە بواری رۆژنامەنوسیدا بووە بە ئەندامی دەستەی نووسەران لە رۆژنامەی هەرێمی کوردستان، پاشان بە هۆی داخستنی رۆژنامەکەوە لەلایەن بەرهەم ساڵح سەرۆکی ئەوسای حکومەتی هەرێم لەسلێمانی رووی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ کردووە لە 2002 تا نیسانی 2004، موحەریری بەشی سیاسی رۆژنامەکە بووە.
لە نیسانی 2004 لە رۆژنامەی(ئاسۆ) ی دامەزراوەی خەندان وەکو موحەریر کاری کردووە، دواتر بۆ ماوەی 2 ساڵ جێگری سەرنووسەری هەمان رۆژنامە بووە.

له حوزەیرانی 2007 یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی رۆژنامەی (رۆژنامە) ی کۆمپانیای وشە و یەکەم بەڕێوەبەری نوسینی رۆژنامەکە بووە تا کۆتایی 2007 تێیدا ماوەتەوە.
له حوزەیرانی 2008 یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری (هەفتانە) ی دامەزراوەی خەندان و یەکەم بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤارەکە بووە تا مانگی تشرینی دووەمی 2009 کاری تێدا کردووە. لە مانگی کانونی یەکەمی 2009 تا داخستنی وەکو راوێژکاری رۆژنامەوانی لە رۆژنامەی (رۆژنامە) کاری کردووە.
ئێستا وەکو مامۆستای زانکۆ و رۆژنامەنوسێکی سەربەخۆ کاردەکات.

تاکو ئێستا سەدان وتاری سیاسیی و رێپۆرتاژی سیاسیی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکاندا بڵاوکردۆتەوە و چەندین وتاری سیاسیشی بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامە (الاتحاد) و سایتی ئیلاف و رۆژنامەی (النبأ) و گۆڤاری (الاسبوعیە) بڵاوکردۆتەوە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (مەهدی ئەبوبەکر) سەبارەت بە (مەهدی ئەبوبەکر) لە: 24-11-2010 13:12:12
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (مەهدی ئەبوبەکر) سەبارەت بە (مەهدی ئەبوبەکر) لە: 28-5-2014 23:17:59

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2885

## مەهدی ئەحمەد قادر سەعید

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165803712 50

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2886

## مەهدی خالید خەمبار

http://www.kurdipedia.org/?q=2013050620300178664



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2887

## مەهدی خەجر عەبدولڕەحمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818100227125343

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2888

## مەهدی زریان

http://www.kurdipedia.org/?q=2012030120275164336



بەرپرسی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئەدیب

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2889

## مەهدی مەجید عەبدوڵلا

http://www.kurdipedia.org/?q=2010122413135411826

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2890

## مەهدی کاوانی

http://www.kurdipedia.org/?q=200904061755461699



لەگوندی کاوانیانی سەر بەشەقلاوە لەدایکبووەو کوری حەمید کاونی یەکەم شەهیدی شۆرشی ئەیلوولە.
لەساڵی 1973 لەرێی ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی مارکسیزم لێنینزم لەبەغداد، پەیوەندیی کردووە بەکۆمەڵەوە.
ساڵی 1976 پروانامەی زانکۆی لەبەشی ئابووری، لەزانکۆی موستەنسەرییە وەرگرتووە.
لەسەر سیاسەت دووجار زیندانیی کراوە، جاری یەکەم ساڵی 1976، دووەم جاریش لەساڵی 1979.
ساڵی 1981 تاکاتی راپەرینی ساڵی 1991 وەک پێشمەرگەی یەکێتی بەردەوام بووە لەخەبات.
لەهەرسێ کۆنفرانسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەشداریکردووە.
لەساڵی 1983 بەسەختی برینداربووە لەئەنجامی دانانی بۆمبێک لەژێر ئۆتۆمبیلی هێزی پێشمەرگە.

لەجیابوونەوەی ئاڵای شۆڕشدا بەشداربووەو لەپلینۆمی ئاڵای شۆڕشیشدا دیسان بەشداربووە.
لەدوای ڕاپەڕینەوە تاوەکو ئێستا وەک نووسەر ورۆژنامەنووس کاردەکات وکتێبێکیشی ئامادە چاپە.
لەساڵی 2000ەوە ڕوویکردۆتە هەندەران وئێستا لەوڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیە.
سەرچاوە: ستیڤان شەمزینانی - ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | پێشمەرگەی دێرین |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | 📰ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2891

## مەهۆش خانعەلزادە

http://www.kurdipedia.org/?q=20101130101446111125

دیواندەرە
بەشداریی نۆهەمین خولی ڤیستیڤاڵی سەرتاسەری چیرۆکی بانەی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڤیستیڤاڵی سەرتاسەری چیرۆکی بانە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | دیواندەرە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2892

## مەهین کوهزادی

http://www.kurdipedia.org/?q=20120508134552646741

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2893

## مەوجود سامان

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102216524710192

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2894

## مەولود ئافەند

http://www.kurdipedia.org/?q=200912061423012845



ساڵی 1984 بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاری مهاباد لە داێکبووە.
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی لە شاری میاندوواو تەواو کردوە.
لە بەشی ڕاگەیان خەرێکی خوێندنی بەکالۆریسە
پێشەی سەرەکی کاری ڕۆژنامەنووسیە
لە شاری هەولێر نیشتەجییە
لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی- هەولێر، ئاسۆ و هەر وەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەڵبوون بووە، بەرپرسی لاپەرەی کوردستانی ڕۆژنامەی بارزان بووە، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەی سڤیل بووە، ئێستاش سەرنووسەری گۆڤاری ئیسرائیل-کورد لە کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئیسرائیل-کوردستان لە ئۆرشەلیمە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (حەسەن باغستانی)
سەبارەت بە (مەولود ئافەند) لە: 13-12-2010 11:39:31

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: رۆژنامەنووس
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2895
## مەولود ئیبراهیم حەسەن
http://www.kurdipedia.org/?q=20100317091226397



ـ مامۆستای زانستگای سەلاحەدین/ هەولێر
ـ پسپۆر لە ئەفسانەی مێژوو و ئەفسانەی کوردی تا ئیستا ئەم بەرهەمانەی چاپ کراوە.
بەرهەمەکانی لێکۆلەر:
1ـ وریابن خەوتان لێ نەکەوێ، کورتە چیرۆک بۆ منداڵان – 1981.
-2خۆت لە من بزر مەکە ! شیعر – 1985
-3قەدەغە شکێنی 1 لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی کوردی – دەزگای سەردەم – 2000
-4بەردە ژن !! کورتە رۆمان – 2001
-5گەڕان بە دوای نەمریدا. دەزگای ئاراس – 2002
-6پیری کێوان – کورتە رۆمان – وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی – 2004
-7هێلکەی نامی – بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم – ئەنیستیتۆی کەلەپووری کوردستان- 2006
-8هێلکەی نامی – بەرگی یەکەم، بەشیدووهەم – ئەنیستیتۆی کەلەپووری کوردستان- 2006
-9پیکهاتەی ئەفسانەی کوردی، دەزگای رەنج – 2007.
-10تێر نەخۆر- بەرگی – یەکەم – بەشی سێهەم – دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخان – 2008.
-11زیاتر لە عیشقێک – بەرگی یەکەم – بەشی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخان 2008.
-12ئینسکلۆپیدیای هەولێر – 10 بەرگ – بەڕێوەبەری گشتی ئینسکلۆپیدیا- دەزگای جاپ و بڵاو کردنەوەی بەدر خان 2009 .
-13ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟!! دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخان 2012.
-14نەورۆزی کورد.. لە ئەفسانەوە بۆ بە جیهانی بوون – چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەفسانەیی مێژوویی کولتوورییە - دەزگای جاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخان – هەولێر 2012.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2896
## مەولود بەهرامیان
http://www.kurdipedia.org/?q=200907151214501828



ناسراو بە بارام، رۆژنامەنووس، وەرگێر و چالاکی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە مەولوود لە ساڵی 1974 لە گوندی گوندەوێڵە سەر بە شاری شنۆ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ماماوەندی لەدایک بووە.
مەولوود ئیشی رۆژنامەنووسی لە ساڵی 2000 بە کار کردن لە هەفتەنامەی داهاتوو لە شاری بۆکان دەست پێکرد و سەرپەرەشتی بەشی کولتوری ئەم بلاڤۆکەی بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بە ئەوستۆ وەبووە.
مەولوود دوای داخرانی رۆژنامەکان و سەرکەوتنی مەحموود ئەحمەدینەژاد لە ساڵی 1384ی هەتاویدا، دەستی بە نووسین و وەرگێران لەسەر تۆری ئەنترنێت کرد و و بۆ ماوەی 14 مانگ سەرپەرشتی ماڵپەری جوانەمەرگی نیشتمانی کردوە کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی وەکوو میدیایەکی راگەیاندنی کوردی سەربەخۆ چالاکی دەنواند.
هەروەها لە مانگی گوڵانی 1384 مەولوود بلۆگێکی لەژێر ناوی کێلەشین کردۆتەوە و بە دوو زمانی کوردی و فارسی سرنجەکان و یادداشتەکانی خۆی تێدا دەنووسێ.
هێندێک لە نووسینەکانی:
حمایت 1500 نفری از "اعدام بس کودکان human-rights-iran.org":
یادێک بۆ شاعیری نەتەوەیی مامۆستا هێمن
بیانیه جمعی از فعالان مدنی و طرفداران حقوق بشر کردستان در رابطه با معضل مین
چارەسەرکردنی کێشەی نێوان شیعەو سوننی لە نێوان وەهم و واقیعدا
دیمۆکراسی خەساوو لاوازی گەشەی کولتوری سیاسی کۆمەڵگەی کوردی
رێبازی پێشەوا قازیو چەند تێبینییەک، سایتی بەیان
پرۆژەی بەختەوەری لەهەڤپەیڤین لەگەڵ بەرێز مامۆستا حاجی کاروان
سایت بەختەوەری
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: 📰رۆژنامەنووس
جۆری کەس: چالاکی مەدەنی
رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: شنۆ
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2897

# مەولەوی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081109151126166



مەولەوی شاعیری ناوداری کورد لەساڵی 1806 لەدێی "سەرشاتە" ی سەر بەناوچەی تاوەگۆزی لەخێزانێکی باوەردار لەدایک بووە.
مەولەوی ناوی سەیید عەبدولڕەحیمی کوری مەلا سەعیدی تاوەگۆزییە.
لەجیهانی شیعردا مەولەوی بەمەعدووم و لەناو خەڵکیشدا بەمەولەوی ناسراوە.
لەسەرەتادا مەولەوی لەحوجرەکەباوکی دەست دەکات بەخوێندن و دواتریش بۆ درێژەپێدان بەخوێندنەکەی روو لەخوێندنگەبەناو بانگەکانی ناوچەی ئەردەڵان و بابان دەکات.
پاشان چۆتە سلێمانی و لەلای مەلا عەبدولڕەحمانی نۆتشەییدا خوێندنی تەواو کردووەو مۆڵەتی وانەوتنەوەی وەرگرتووە.
دیسان گەڕاوەتەوەبۆ گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجەو دواتیش لەسەرشاتەخۆی بەمەلایەتی و پێگەیاندنی قوتابیان و نووسینەوەخەریک کردووە .
مەولەوی جگەلەزمانی زگماکی خۆی، زمانی عەرەبی و فارسیشی باش زانیوەو بەهەردوو زمان شیعری نووسیوە.
دیوانەشیعرەکەی بەزاراوەی "هەورامی"یەو شیعرەکانی پایەیەکی بەرزیان هەیەلەنێو شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا.
مەولەوی بەشی زۆری تەمەنی بەهەژاری بەسەربردووە، ئەو کاتەی لەسەرەتای خوێندندا بووەباوکی مردووە، ناچار بۆ بەخێوکردنی خوشک و براکانی وازی لەخوێندن هێناوەبۆ ماوەیەک و پاشان گەڕاوەتەوەسەر خوێندنەکەی.
مەولەوی خۆشەویستیەکی زۆری هەبووەبۆ هاوسەرەکەی "عەنبەر خاتوون"
عەنبەرخاتوون بەحەوت ساڵ بەر لەکۆچی دوایی مەولەوی مردووە، ئەمەش کارەساتێکی گەورەبووەو کاریگەری زۆری بەشیعرەکانی مەولەوییەوەبەجێهێشتووە.
مەولەوی لەدواساڵەکانی ژیانیدا کوێر بووەو ئەمەش کاری زۆر کردۆتەسەر دەروونی و لەچەندا پارچەشیعرێکدا دەردەکەوێت.
هەروەها کارەساتێکی دیکەش کەبەسەر مەولەویدا هاتووە، سووتانی کتێبخانەکەی بووەو گومانیش لەوەدا نیەکەبەشێک لەکارو بەرهەمەکانی تێیدا سووتاوە.
مەولەوی لەساڵی 1882 لەتەمەنی 76 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو هەر لەگوندەکەی خۆی، لە"سەرشاتە" نێژراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2898

# مەڵبەند غازی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013012920012175423



ناوی تەواو: مەڵبەند غازی سلێمان
لە دایک بووی ١٤/١٠/١٩٨٧ ی شارۆچکەی دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی .
بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە دووکان ژیانی بەسەر بردووە و دواتر لە ١٠/١١/٢٠٠٠ بەو پێیەی باوکی ئەندازیار (غازی سلێمان) کارەکەی گواستەوە بۆ سلێمانی تا ساڵی ٢٠٠٦ و لەو کاتەوە لە شاری رانیە نیشتەجێن .
بەو پێیەی زۆر ئارەزووی کۆمپیوتەری هەبوو ، هەر لە سەرەتای چونی بۆ سلێمانی بەشداری خولەکانی کۆمپیوتەری کردووەو لە ساڵی ٢٠٠١ لە کازیوەی سەرا و لەوێوە دەستی کردووە بە کارکردن لە کۆمپیوتەرداو تا ئێستاش بەردەوامە.

هەر لە شاری سلێمانی بەشداری خولی فێربونی موزیکی کردووە بۆ ئامێری پیانۆ لە سەنتەری چالاکی گەنجانی سلێمانی لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستا ( شەهرام جاسم ) ، دواتریش لە شاری رانیە لە سەنتەری چالاکی گەنجان رانیە بە سەرپەرشتی مامۆستا ( هێمن حسن )بەردەوام بووە لەسەر ئامێری پیانۆ تا ساڵێ 2008

لە ١/٩/٢٠٠٦ وەک مامۆستای کۆمپیوتەر لە سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە دەست بەکار بووە و چەندین کەسی لەو بوارەدا پێگەیاندوە و زیاتر لە 1500 کەس بەشداری خولەکانی کردووە...

لە ساڵی ٢٠٠٧ وە کاری رۆژنامەنوس دەکات و ئێستا ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانە.

سەرەتا لە رۆژنامەی لێدوان دەستی بە کاری رۆژنامەنوسی کردووە لەژێر سەرپەرشتی چەند ( خالید قادر ، سدیق عەلی ) ، چەندین ریپۆرتاژی ئامادە کرد بۆ ئەو رۆژنامەیە، هەروەها وەک دیزاینەرێک کاری لەم رۆژنامەیەدا کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٩ دا توانیویەتی بۆیەکەم جار لە دەڤەری راپەرین رۆژنامەیەکی تایبەت بە بواری کۆمپیوتەر دەربکات بە ناوی ئێف وەن ( f1 ) کە ژمارە متمانەی ژمارە (٩٨) ی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانی پێدراوە، لە ئێف وەندا هەموو کارەکانی لە ئەستۆدا بووە ، خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر دیزاینەری رۆژنامەکەش بووەو هەروەها لەسەر پارەی گیرفانی خۆی بە چاپی گەیاندووە و بڵاو کردۆتەوە بەبێ بەرامبەر لە هەندێک گۆڤارو رۆژنامەدا بابەتی بڵاوکردۆتەوە
ئێستاش لە خزمەتکردنی بواری رۆژنامەگەری بەردەوامە و وێبسایتێکی کردۆتەوە بە ناونیشانی. http://malband.net/
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (مەڵبەند غازی)

سەبارەت بە (مەڵبەند غازی) لە: 31-1-2013 7:53:06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2899

## مەینەتی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012010316294563656



محەمەد حەسەن ڕەزایی کوری مو حەمەد و ئیساف لەساڵی 1304 لەئاوایی شاوانی لەدایک بووە. لەساڵی 1308 کۆچی کردووەبۆ زاخەی خوار سەر بەشاری دیواندەرە. لەتەمەنی شەش ساڵیدا لای مامۆستا مەحیەددین دەستی بەخوێندنی قورئانی پیرۆز کرد. لەدوایی دا دەستی بەخوێندنی کتێبێک بەزێو (ناگەهان کەئەو سەردەمەقوتابیان ئەم کتێبەیان لەکنار قورئان و گولستان و بوستانی سەعدی ئەخوێند) کرد کەدوای ماوەیێ چون بۆ کەوڵەو دوو ساڵ لەوێ مانەوەو لەپاش دوو ساڵ گەڕانەوەزاخە. لەساڵی 1327 ژنی هێنا. و لەساڵی 1388لەشاری سنەکۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە:ماڵپەری زاخە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2900

## ناتیق

http://www.kurdipedia.org/?q=20081118155246367



مەلا کەریم کوری مەعروفی ئاغای وەسمان ئاغایە ناسراوەبە "ناتیق" لەساڵی 1868 زایینی لەدایکبووە، ئەم شاعیرە لەو سەردەم بۆ خوێندن پەنای بردۆتەبەر حوجرە.
هاورێیەتی لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمر هەبووەبەیەکەوەلەمزگەوتی گەورەی سلێمانی وانەو قورئانیان خوێندووە .
ناتیق لەسەر دەستی تورکەکان زۆر ئازاری دیووە، بەڵام لەسەر کوردبوون و نووسینی خۆی کۆڵی نەداوەو بەگژ هەموو دوژمنێکدا چۆتەوە. ناتیق وەکو شاعیرانی بەر لەخۆی وەکو نالی مەحوی و سالم لێهاتوویی خۆی لەسەر رێبازی کلاسیک شیعری نووسیوە، شیعرێکی زۆری هەبووە، بەڵام ئەوەی هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد رووبدا روویدا لەکارەساتێکدا دیوانەشیعرییەکەی سووتا.
وەکو مێژوونووسان باسی دەکەن لەساڵی 1963 هەڵەبجەلەلایەن دوژمنانی کورد لەسەر دەستی (زەعیم سدیق) تووشی سووتان و کاولکاری بۆتەوەیەکێک لەم تاوانەسووتاندنی بازاڕ بوو بەهۆی ئەم سووتانەدوکانەشڕۆڵەکەی ناتیقی شاعیریش بەردەکەوێت و دەسووتێ و دیوانەکەی لەترسی دەسکەوتنی دوژمنان لەم دوکانەحەشار دابوو، بەڵام تەواوی دوکانەکە بووەبە خۆڵەمێش، ناتیق هەموو بەرهەمەکانی کەبەشێک بوو لەژیانی سووتا.
ناتیق ئەوەی دەیویست لەژیانی بەچاو نەیبینێ و هەر بەم داخەلەساڵی 1967ی زایینی چاو لێک دەنێ و کۆچی دوایی دەکات بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی ناتیق دوای ماندووبوونێکی زۆر هەریەک لەمامۆستا ساڵح هەژار و کاکەی فەلاحی شاعیر دیوانەکەیان بۆ چاپکرد لەپێناوی نەفەوتانی شیعرەکانی، بەڵام ئەوەی ئەو مەبەستی بوو نەهاتەدی ئەوەی ئەو بۆ گریا دوای چەند ساڵێک لەکۆچی هاتەدی و دیوانەکەی بۆ چاپکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2901

**ناجی تازیک**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140717131955115021

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەریوان |
| نەتەوە: | کورد |

ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2902
## ناجی سەعید ئەرگوشی
http://www.kurdipedia.org/?q=20121205155543474146
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هۆزانەوان
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی
نەتەوە: کورد
ووڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2903
## نادر فەتحی (شوانە)
http://www.kurdipedia.org/?q=20150118041732118896



نادر فەتحی(شوانە) لە ساڵی 1336 ی هەتاوی واتە 1957ی زایینی لە شاری بۆکان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی تا وەرگرتنی دیپلۆم هەر لەشاری بۆکان بووە و فوقی دیپلۆمی بواری وەرزشی لە شاری ورمێ وەرگرتوە. لە ڕاپەڕینی خەڵکەکانی ئێران بە دژی دیکتاتۆرەکانی حاکم چالاکی بووە و هەر بەو بۆنەیەوە دوور لە کوردستان و لە هەندەران دەژی. لە ساڵی 1986ی زایینیەوە لە وڵاتی ئاڵمان ژیان بەسەر دەبا و لەوێ لە بواری ئلکترۆنیک و دوابیش کامپیوتر درێژەی بە خوێندن داوە. لە پەنا کارکردن بۆ هەڵسوراندنی ژیان، نووسین و وەرگێری و دروستکردنی سایتی ئینترنێت، کاتی ئەویان پڕ کردۆتەوە.
سەرچاوە:ماڵپەری بۆکان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس
ڕەگەزی کەس: پیاوان
شارەکان: بۆکان
ووڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2904

## نادر نیروومەند - بۆران

http://www.kurdipedia.org/?q=2011060410090360194



ناوی باوکی ئاورەحمانبەگ کوری عەبدوڵلاخان (ئاواڵ) کوری ئەحمەدبەگ کوری سوڵتانبەگ برای ئاغا فەیزوڵلابەگە کە کوری ئاغا ئاورەحمان بەگی موکری بەگزادەیە، لە عەشیرتی بەگزادە کە ئێستا بە فەیزوڵلابەگی ناسراون. (پروانە شەجەرەنامەی ماموستا سۆران)
ساڵی 1346 لە سلێمانکەندی بەشی بەگزادە لە دایک بووە و لە ساروقامیش لە سەر جەغەتوو، گەورە بووە، خوێندنی سەرەتایی لە مەدرەسەی ئاواییەکەیاندا و دواتر، بە شێوەی ئازاد دیپلۆمی وەرگرتووە. پاشان چووەتە زانستگا و دوایە بە نیوەچڵی، لە بەر هەندێ هۆ زانستگای بەجێهێشتووە.
هەر لە تەمەنی حەو ساڵیدا و لە پڕچی یەکەمی کایەکانی مناڵیا لاقەکانی ون بووە و ئێستاش لێیان دەگەرێ، خۆی پێی وایە ئەو شتە هێمایەکی تێدایە. بە مناڵی زۆری لە جەغەتوودا مەلە کردووە، جارێکیش لە هەیوان بەربۆتەوە، دەمێکە بریارە هەستێ، رۆژێ لە سەر پێی خۆی راوەستێ!
کارەکانی :
1ـ لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (سروە) بووە.
2ـ بەرپرسی بەشی شەورن، لەحەوتەنامەی (داهاتوو)دا.
3ـ بەرپرس و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری خوێندکاری (هەوار) لە زانستگا پەیامی نووری بۆکان.
4ـ بەرپرسی یەکەمین بوولەتەنی کوری کوچیلانی بۆکان بە ناوی (هاواری کۆچیل) لە بۆکان.
بەرهەمەکانی:
1جەغەتووی فرمێسک شێعر:چاپی 1378 تاران
2بووکی بۆران شێعر
3زاوا زێرینە شێعر
4+9 شین شێعر
5دوازدە پەند بۆ مناڵان شێعر
6یاماڵی سەید تەهای شەمزین: کورتە چیرۆک
کتێبی زاوازێرینە، نادر نیروومەند
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (محەمەدئەمین شاسەنەم) سەبارەت بە (ژیاننامەی نادر نیروومەند "بۆران") لە: 4-6-2011 10:03:12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | بۆکان |
| نەتەوە: | کورد |

ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2905

## نادری قازی

http://www.kurdipedia.org/?q=20091151644022578



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەهاباد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2906

## ناری

http://www.kurdipedia.org/?q=20131216192601871



ناوی کاکە حەمەیە و کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانە. لەساڵی 1874 دا لە گوندی کیکن لە ناوچەی مەریواندا هاتۆتە دنیاوە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا لای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە، قورئان و پەرتووکە وردەڵەکانی تەواوکردووە، ئینجا بەفەقێتی بەدوای خوێندن لە مەریوان، سنە، پێنجوێن، سلێمانی، بانە، سابڵاغ، وان، باشقەڵا، هەولێر و ڕەواندز گەڕاوە. لە ڕەواندز لای مامۆستا ئەسعەدە فەندی خەیلانی ئیجازەی مەلایەتی لە ساڵی 1879 وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ کیکن. پاشان بە داوای حسێن بەگ مالکی بێلوو چووە گوندی بێلووی نزیک بە مەریوان و بە دەرس وتنەوەوە خەریک بوە تا ساڵی 1944 کۆچی دوایی کردووە و هەر لە بێلوو بەخاک سپێردراوە.
ناری لە ئەو کەسانەیە لەگەڵ ئەوەدا کە هۆنراوەی ئایینی و غەرامیی هەیە، گەلێک هۆنراوەی نیشتمانیشی هەیە. لە دۆستانی بە ناوبانگی ناری ئەتوانین ئاماژە بکەینە سەر تاهیر بەگی جاف و شێخ مەحموودی حەفید کە گەلێک هۆنراوە و پەخشانی زۆر جوانی بۆ داناون.
سەرچاوە: ناری، مەلا کاکە حەمە، دیوانی ناری، کۆکردنەوە و پێشەکیی کاکەی فەلاح.
سدیق بۆرەکەیی-سەفی زداە، مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2008.
بولبولی دڵ بۆ خەیاڵی نیکتە پەروازی ئەکا

تۆ خودا کێ وا دەزانێ خونچەدەم رازی ئەکا
لەشکری شاماتی زولفەینی لە گەردوش دا دەڵێی
عەسکەری سوڵتانی رۆمە و مەشقی سەربازی ئەکا
موغ بەچەی خاڵی لە سەر گوڵ ئاتەشی لێوی لەلادەم
ساحیری هیندوستانە ئاتەش ئەندازی ئەکا
سوحبەتی ئەمشەو پەشێوی روومەتی گیراوییە
ئەو حەبەش زادەی قولە،هەر کەسبی غەممازی ئەکا
بۆلەسەر دانم هەمیشە،تێخی عیشوەی حازرە
من بە قوربانی،بە شەهدی لێوی شانازی ئەکا
قازیی و موفتی دەڵێن:یانی حەرامە سوحبەتی
رووی ئەوە رەش بێ بە قەوڵی موفتی و قازی ئەکا
بێتە سەر رەوتی کومەیتی بەیتی خۆش تەعلیمی من
هەر کەسێ وا ئەسپی تەبعی فێرە رمبازی ئەکا
وا ئەزانم بێ ئەدەب نابێ ئەگەر"ناری"بڵێ
ئەم غەزەڵمانە لە لەهجەی شێخی شیرازی ئەکا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2907

**نارین**

http://www.kurdipedia.org/?q=200912102157042967



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2908

**نارین جاف**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051911513478522

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2909

## نارین عومەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110503153608572522



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: خانمان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2910

## ناز ئەحمەد سەعید

http://www.kurdipedia.org/?q=20140906182547115643

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: خانمان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2911

**ناز جاف**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150220010741119421



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: راگەیاندکار

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2912

**ناز عەبدوڵڵا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20120410141711164456



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: راگەیاندکار

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2913

**ناز محەمەد**

http://www.kurdipedia.org/?q=20101118102618107771



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2914

## نازم جەبار جەلال محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580371269

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2915

## نازم دڵبەند

http://www.kurdipedia.org/?q=2010120609494412414



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هونەرمەند

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2916
**نازەنین سەپان**
http://www.kurdipedia.org/?q=20131205142012874l5
...



تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: خانمان
نەتەوە: کورد
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2917
**نازەنین عوسمان**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140831163235115553
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: خانمان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2918
**ناسح ئیبراهیم دزەیی**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130206103757756l3
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: وەرگێر

ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: ♜هەولێر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2919
## ناسح عوسمان محەمەد قادر
http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580571343
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2920
## ناسح کامکاری
http://www.kurdipedia.org/?q=200902271432521451

ساڵی 1964 لە شاری سنە لە دایک بووە. مەستەری ئەدەبیاتی شانۆیی لە کولێژی هونەرە جوانەکانی تاران وەرگرتووە. ساڵی 1988 بە یاریدەدەری شانۆ دەستی بە چالاکی هونەری خۆی کردووە و تاکوو ئێستا لە بەشی شانۆنامەنووسی، دەرهێنەری و دیزاینی شانۆ ئەم شانۆگەریانەی پشکەش کردووە، کە بریتین لە :
ـ شانۆنامەنووسی: "در فراغ فرهاد" واتە "لە دووری فەرهاد"، "سی اسفندد سال کبیسە" واتە "سی مانگی ڕەشەمە ساڵی کەبیسە"، "نخل و کوسە" واتە "داری نەخل و کوسە"، "سر بە ازای سرنیزە" واتە "سەر بە جیاتی سەرنێزە" و هەروەها چەندین سەحنەی شانۆنامەی دیکە.
ـ دەرهێنەری: "در فراغ فرهاد" واتە "لە دووری فەرهاد"، "پیش از حزور یلدا" واتە "پێش لە حوزوری یەڵدا" ساڵی 2000 و 2001، "سر بە ازای سرنیزە" واتە "سەر بە جیاتی سەرنێزە" ساڵی 2004، شانۆگەری "تانگوی تخم مرغ داغ" واتە "تانگۆی هێلکەی کوڵاو" لە نووسینی "ئەکبەر ڕادی" ساڵی 2002 و شانۆگەری "لاموزیکا" ساڵی 2003.
ـ دیزاینی سەحنەی زیاتر لە 20 شانۆگەری لەوانە: "چیزی یادم نمی اید" واتە "شتێک نایەتەوە یادم"، "هفت کردار" واتە "حەوت کردار"، "لچک

گلی" واتە "لەچکە گوڵی."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭شانۆکار |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2921

## ناسر ئیبراهیمی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013012715335175373

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2922

## ناسر حکمەت ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20140728113153115342

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2923

## ناسر حەفید

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041213403372464

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2924

## ناسر ساڵحی ئەسڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=200912062253302893



سکرتێری گشتیی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: چالاکی خوێندکاران

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2925

## ناسر سینا

http://www.kurdipedia.org/?q=200904271715161734



لە زمانی خۆیەوە:

باوکی رەحمەتیم خەڵکی حەمامیان بوو و دایکی رەحمەتیم خەڵکی مەلّلالەرە. هەر دوو لە مەحالّی بۆکان، بەلّام پێنج کور و دوو کچەکانیان هەموو سابلّاغین. ئەو دوو برایەشم هەروا، کە بەر لەوەی بە خزمەتیان بگەم، مردن! گۆیا لە چلەی هاوینی ساڵی 1962دا لە گەڕەکی سێئاشانی مەهاباد لە دایک بووم. باوکم زۆر حەزی لێبوو ببمە مەلای دوازدە عیلم، بەختەوەرانە نەبووم. خۆم حەزم لە مۆسیقا بوو کە پێی نەگەیشتم. هەروەها لە رۆژنامەوانی، کە ئەویش هیچ!

دوازدە ساڵە بووم کە بە کتێبێکی بیست سی لاپەڕەیی کە پێم وایە محەمەدامینی میسری نووسیبووی و هەر خۆشی دەیفرۆشت، بووم بە کوردیزان! زۆر زوو زەندەقم لە نووسەرەکەی چوو چونکە پاش ئەوەی کتێبەکەی پێفرۆشتم، ترساندمی کە نەکا ساواک بەم نهێنییە بزانێ کەوا پاڵەوان پەمۆ شتی قاچاغی دە ماڵێدایە. منیش لە ترسان هەموو رۆژێ هەر لە ئاودەستخانەی ماڵێدا هەڵدەترووشکام و تا ئەژنۆم دەتەزین و بۆگەنیو قڕی دەکردم، دەمخوێندەوە. کەچی خۆم پتر لە دوو هەفتە پێڕانەگیراو گرم رازەکەم بۆ برا گەورەکەم گێرایەوە. ئەویش چون زۆر زیرەک و میهرەبان بوو گرم بەلّام سووک، بیرازی کردم. دوایەش وەک پیاوان ئەو کتێبە گرانباییەی لە کونی ئاودەستخانەکەدا ئەنجنی. ورد ورد. دوو سێ مەسینەشی ئاو پێدا کرد.

لە گەرمەی شۆڕشی ئێراندا، ئەو کاتەی کەس تاقەتی دەرس خوێندنی نەبوو کاکی خۆت دیپلۆمی علوومی تەجروبی لە تەورێز و ساڵێک دواتر ئەدەبیاتیشی لە مەراغە وەرگرت. خێری لە هیچیشیان نەبینی. بۆیەش ماڵێ هەڵیانداشتمە تەورێز و مەراغەی، تا بەشکی خودێ لە بەڵای لابەلا بەدوور بم. ساڵی1981 وەک کەران چوومە سەربازی و دوای دوو ساڵان بە بریندار لە بەرەی شەڕی ئێران و ئێراق گەڕامەوە. رێک لەو کاتەدا بوو کە وەکی برێی بە عوکمی خودای، گەلەکی حەزم لە ژنهێنانێ بوو بەلّام کەس گووی بە کلّاوان نەپێوام. منیش دەسنوێژم هەروا بە نەشکاوی مایەوە.

هاوینی 1984 لە بەشی کوردیی رادیۆ مەهاباددا دەستم بە کار کرد. لە چیرۆکی شەودا دەورم دەگێرا، بەرنامەم بۆ منداڵان و قوتابیان و پەککەوتان و کابانانی ماڵێ دەنووسی. هەموو رۆژێ دەیان لاپەڕە قۆڕیاتم

له فارسییه‌وه ته‌رجومه ده‌كرده‌وه و بۆ عاله‌مێم ده‌خوێنده‌وه، یان ئه‌وه‌ی ده‌یاندا قوربه‌سه‌رێكیتر بیانخوێنێته‌وه. بووبووم به مامۆستای هونه‌ر و دین و دنیا و ئه‌ده‌ب و كۆمه‌ڵناسی و كشت و كاڵ و زانست و هتد. هه‌ڕه‌م له پره‌ی هیچیش نه‌ده‌كرد. هه‌ر وه‌ك ئێستا. پاییزی 1985 بووم به مامۆستای ده‌وره‌ی راهنومایی قوتابخانه‌ی مه‌لا جامیی مه‌هاباد به‌ڵام چونكه سه‌رۆكی به‌ڕێزی ئیداره‌ی فێركردن و بارهێنان پێی وابوو زۆر زلقسه‌م له شاره‌وه بۆ دوو گوندی گوێكته‌په و كۆسه‌كه‌رێز دووری خستمه‌وه، دوای ساڵێكیش وه‌ك پیاوان به یه‌كجاری ده‌ریكردم!
پاییزی 1986 چوومه تاران و هاوكات له‌گه‌ڵ ده‌رسخوێندنم له زانستگا، له به‌شی ده‌ره‌وه‌ی سنووری رادیۆ تله‌فزیۆنی كوردیی تاران درێژه‌م به كاری رادیۆیی دا. له‌وێش كار نه‌بوو نه‌یكه‌م. له نووسین و وه‌رگێران و وێژه‌ری و ده‌ورگێران، هه‌تا به‌ڕێوه‌به‌ریی دۆبلاژ و تۆماركردنی ده‌نگ و ئاماده‌كاریی به‌رنامه. له حه‌زلێكردوویی و ئه‌و شته‌ی پێم وابوو كوردایه‌تیی ناوه هه‌تا به‌ڕێوه‌بردنی كۆڕی چه‌ند هه‌زار كه‌سه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی و ئه‌ده‌بیی خوێندكاران. یه‌ك دوو ساڵیش له تله‌فزیۆنی كوردی كارم كرد. له‌وێش جاروبار جلكی فه‌قێیانم ده‌كرده به‌ر و ئه‌ده‌بی ئایینیی كوردیم ده‌وه‌شانده‌وه. یان مۆنتاژی فیلمم ده‌كرد و كاری بیلامانێ ده‌رهێنان و شتی وا. سه‌ر له ئاخر به چله‌ی هاوینی ساڵی 1993 له رادیۆ تله‌فزیۆنی كوردیی تارانێش ده‌ریان كردم. ره‌ببی خودا خێریان بۆ بنووسێ و ماڵیان سه‌د جار ئاوه‌دان بێ!
ساڵی 1992 به‌شی ئه‌ندازیاریی سینه‌ما، لقی سیناریۆنووسیم له زانكۆی سینه‌ما و شانۆی زانستگای هونه‌ری تاران ته‌واو كرد. جا سینه‌ما چی به ئه‌ندازیاری داوه، مه‌گین خودا هه‌ر بۆخۆی بزانێ وه‌ڵڵا، له من مه‌پرسن! زستانی 1993 په‌ڕیوه‌ی وڵات بووم و به توركیه‌دا هاتمه ده‌رێ و له ستۆكهۆلم گیرسامه‌وه. له سایه‌ی رێنوێنیی وه‌ستایانه‌ی كابرای قاچاغچی، دوو ساڵ و نیوی ره‌به‌قی خایاند تا ئیقامه‌تم وه‌رگرت. له‌و ماوه‌یه‌دابۆ ئه‌وه‌ی له به‌ر بێكارییان پیاو نه‌كوژم له گه‌ڵ یه‌ك دوو براده‌ری له خۆم بێكارتر رادیۆیه‌كی كوردیی ناوچه‌ییمان دامه‌زراند به‌ناوی په‌نجه‌ره كه هه‌فته‌ی پازده سه‌عاتان وه‌شانی ده‌كرد و سه‌ری خۆ و خه‌ڵكمان پێ گه‌رم ده‌كرد. دوایه‌ش جه‌نابم له ترسی قه‌رز و قۆڵه، تێم قوولاند و رادیۆكه‌م به میرات بۆ هاوكارانم به‌جێهێشت. دوو ساڵانیش وه‌ختی خۆم به فیرۆدا و كۆمپیۆته‌ر و ماڵپه‌ڕچێكردن و ئه‌و به‌زم و هه‌ڵڵایه‌م خوێند و هه‌وه‌ڵین و ئاخرین چه‌قه‌خانه‌ی كوردیم دانا و یه‌كه‌م ماڵپه‌ڕی كوردی سۆرانیش كه له به‌ر ئه‌وه‌ی هیچ ناوێكیترم بۆ نه‌دۆزراوه هه‌ر به ماڵپه‌ڕ نێوكیم پری. ئێستاش وا له‌و ماڵپه‌ره وه‌ڕه‌ز بووم كه ئه‌وا دوو ساڵ زیاتره ته‌نانه‌ت به‌رگه شڕه‌كه‌شیم لێنه‌گۆڕیوه.
چونكه تازه ئاوی رادیۆ تله‌فزیۆنم وه وێ كه‌وتبوو خۆم پێرانه‌گیرا و دیسانیش گه‌ڕامه‌وه ئه‌وێ. ئه‌وه بوو كه هاوینی 1996 بووم به هاوكاری به‌شی فارسیی رادیۆی نێونه‌ته‌وه‌یی سوید و له به‌هاری 2000دا به‌رنامه‌ی كوردیی ئه‌م رادیۆیه‌م دامه‌زراند. ئێستاش چونكه هیچ كارێكیتر نازانم هه‌ر تێیدا به‌رده‌وامم. دیاره كاری كولتووریم پێ ناكرێ بۆیه حه‌زم چۆته سه‌ر ده‌نگ و باسی سیاسی. نه‌ك سیاسه‌ت، كه ته‌نانه‌ت رازی نیم سووكه مه‌له‌یه‌كیشی تێدا بكه‌م. هۆیه‌كه‌شی ئه‌وه‌یه كه ژنێكم هه‌یه زۆرم خۆشده‌وێ و كچێكم هه‌یه پێنج ساڵی ته‌مه‌نه و بێچوه كتكێكی ره‌شی سێ مانگانه‌ش. به‌م حاڵه خاوێنه‌وه، كوا وه‌خت بۆ سیاسه‌ت!
چه‌ند سیناریۆ و شانۆنامه‌م به فارسی و كوردی نووسیوه، دوو سێ كاسێتیی چیرۆكم بۆ منداڵان بڵاو كردۆته‌وه، چه‌ند شتێكم له فارسی و سویدییه‌وه وه‌رگێراوه‌ته سه‌ر كوردی، له‌وانه‌شه به پێچه‌وانه. هه‌روه‌ها

هەندێ ورکە فەرمایشتیتریشم لێر و لەوێ چاپاندووە کە هەر هیچییان
تمەنێکی رەش ناهێنن.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | راگەیاندکار |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2926

## ناسر سەڵاحی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020614105975621

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2927

## ناسر عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011041412150513196



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2928

## ناسر فەتحی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150811182546125134



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2929

## ناسر وەحیدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130125222570675326



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چیرۆکنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2930

**ناسرحەفید**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013013013033975433

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2931

**ناسری ئەمین نژاد**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013053023440283035

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2932

**ناسری حیسامی**

http://www.kurdipedia.org/?q=200904271706411733



له زمانی خۆیەوە:
دوایین مانگی هاوینی 1338ی هەتاوی، سێپتامبری 1959 لە شێخاڵی لە ناوچەی موکریان لەدایک بووم.
لە شێخاڵی، کۆنەمەڵڵالەر، بۆکان، نەغەدە و کەرەج خوێندم.
ساڵی 1978 بوومە ئەندامی یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری ئەو یەکیەتییە بە زمانی فارسی.
ساڵی 1980 وەک هاوکاری "جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی موبارز" لە بۆکان، لە بەڕێوەبردنی چەند خولی فێرکردنی خوێندن و نووسینی زمانی کوردیدا بەشداریم کرد. لە گەڵ کاک جەماڵی مفتی ئاهەنگی نەورۆزمان بۆ خوێندکارانی خوێندنگەکانی بۆکان بەڕێوەبرد. لە گەڵ تیپی شانۆی "شۆڕش" چەند بەرهەمی شانۆییمان لە بۆکان و شنۆ، ئەوکاتەی هەرتک شارەکە ئازادکراو بوون، پێشکەش کرد .
ساڵی 1982 لە "جەمعییەتی موعەلیمان..." بوومە لێپرسراوی "دەستەی نووسینی کتێبەکانی خوێندنی سەرەتایی". دواتر بە پێکهاتنی "کۆمیسیۆنی فیرکردن و بارهێنان"ی کۆمەڵە، کاری نووسینی کتێبەکانمان لەوێ درێژە پێدا. کتێبی "ئەلف وبێ" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی و "خوێندنەوەی کوردی" بۆ پۆلی دووهەم و سێهەمی سەرەتایی لە ساڵی 1982 نووسران. هەر لەو ساڵەدا و هەروەها 1983، لێپرسراوی بەڕێوەبردنی چەند خولی پەروەردەکردنی مامۆستایان بووم و هەروەها لەو خولانەدا فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردیم لە ئەستۆ بوو. لەو چەند خولەدا، نزیکەی 60 کەس لە ئەندام و پێشمەرگە و لایەنگرانی کۆمەڵە بەشدارییان کرد و دواتر، وەک مامۆستا رەوانەی خوێندنگەی ئاواییەکانی ناوچە رزگارکراوەکان کران.
ساڵی 1983، بوومە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. پاییزی هەمان ساڵ، بوومە ئەندامی "گرووپی تەرجومە"ی کۆمەڵە و لە هەمانکاتدا وەک دەستیاری دوکتورجەعفەری شەفیعی لە ئامادەکردنی گۆڤاری "پێشڕەو"دا کارم دەستپێکرد.
بەهاری ساڵی 1985، وەک ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر لە پێکهێنانی "کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان"دا بەشداریم کرد. ئەندامی دەستەی نووسەرانی "پێشەنگ" و بۆ چەند ژمارەش سەرنووسەری گۆڤارەکە بووم.
لە ساڵی 1985 بەم لاوە، لەگەڵ رادیۆی کۆمەڵە هاوکاریم وەک بێژەر و ئامادەکاری بەرنامەی "تریبوونی ئازاد" و "ئێمەوگوێکرەکان" دەست پێکرد.
ساڵی 1989 کۆمەڵەشیعری "تا شکۆفەی سووری کراسێک" وەرگێردراوی چەند شیعری ئەحمەدی شاملووم بڵاو کردەوە .
لە ساڵی 1993 بەولاوە بەڕێوەبەری رادیۆی کۆمەڵە و بەڕێوەبەری نووسینی "پێشڕەو" ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵە بووم. ساڵی 1995، لە کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵەدا، بوومە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە. هەمان ساڵ کتێبی "لەودیووەوەی رەنگوپەردە"م بڵاو کردەوە. کتێبەکە، رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە و چوار وتاری گرتووەتە خۆ .
ساڵی 1998 هاتمە سوێد.
ساڵی 1999 لە سوێد رادیۆی "ئاوێنە"م دامەزراند. ئەو رادیۆیە نزیکەی ساڵێک لە ستۆکهۆلم، لە هەفتەدا دووسەعات بەزمانی کوردی بەرنامەی بڵاو دەکردەوە .
هاوینی ساڵی 2000 لە گەڵ هاتنەدەری کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لەو حیزبە هاتمەدەرەوە. لەو کاتەوە، ئەندامی رێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووم.
ساڵی2000 وەک مامۆستای زمانی دایک لە خوێندنگەکانی ستۆکهۆلم

دەستم بەکار کرد. هەمان ساڵ کتێبی "دەشتی ئاسکان"م بڵاو کردەوە. دەشتی ئاسکان، بۆ خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە خوێندنگەکانی سوێد ئامادە کراوە.

ساڵی 2001 بوومە سەرنووسەری "شۆڕش" ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵە.
ساڵی 2005 بەڕێوەبەرێتیی "ڕۆژهەڵات تیڤی"م گرتە ئەستۆ .
ساڵی 2006 لە گەڵ بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە، کە دواتر بە "کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی" ناسرا، لە ڕەوتی ریفۆرم و چاکسازیی کۆمەڵەدا بەشداریم کرد. مانگی مارسی 2007 ئەو ڕەوتە بە ناوی "کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی" پلاتفۆرمی چاکسازیی ڕاگەیاند. ئەو ڕەوتە پاییزی ساڵی 2007 لە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان جیابووەوە و، ساڵی 2008 لە کۆنگرەی دوازدەهەمدا، ناوی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"ی بۆ خۆی هەڵبژارد. لە دوای کۆنگرەی دوازدەهەمەوە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بووم.
مانگی ئاپریلی 2009 کشانەوەی خۆم لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕاگەیاند.
بەرهەمە چاپنەکراوەکان:
-شیعرەکانم
-وەرگێردراوی شیعری 5 شاعیری ئێرانی: نیما، شاملوو، سایە، کەسرایی، موشیری
-وەرگێردراوی شیعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانی
-دیوانی وەفایی (ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە)
-کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)
سەرچاوە: ماڵپەڕی ناسری حیسامی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەهاباد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2933
**ناسری ڕەزازی**
http://www.kurdipedia.org/?q=20081108164954143



لە زمانی خۆیەوە:
من مانگی پووشپەڕی ساڵی (1334)ی هەتاوی، ساڵی (1955)ی زایینی، لە شاری (سنە)ی کوردستانی بندەستی ئێران، لە دایک بووم، جگە لە خۆم چوار برا و چوار خوشکی دیکەم هەبە، سەردەمی منداڵییم، پڕ بوو لە کێشەی زۆر، بە هۆی پێکهاتەی گەڕەکەکەمانەوە، (پیشە)ی باوکم بەرگدروو بوو، دوای خوێندن لە قوتابخانەش دەگەڕامەوە بۆ دووکان بۆ لای باوکم بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم. دووکانی باوکم لە ناو مەیان میوەفرۆشیدا بوو، ڕۆژان لەبەر خەڵک و پەرژینی هەبێ، حەیوان و بار و چەرخ و داشقەی حەمباڵ و هیدیکە، ئەوەندە قەرەباڵخ و جەنجاڵ بوو، ڕێ نەبوو هەنگاو هەڵگری، لەو سەردەمەدا رادیۆ تەنیا لە گەورەماڵان و چایخانەکاندا هەبوو، من کە حەزم لە هونەری گۆرانیی بوو، ڕۆژان رووم دەکردە قاوەخانەکان بۆ ئەوەی بە هۆی گرامافۆن و رادیۆی پیلیی ئەو سەردەمەوە گوێ لە گۆرانیی گۆرانیبێژە کوردەکان بگرم.
لە تەمەنی شەش ساڵاندا لە خوێندنگەی (هەدایەت)، لە شاری سنە لە بەر خوێندنیان دانام، خوێندنیش دیارە فارسی بوو، لە پۆلی دوودا بووم، لە پەنای خوێندنگەکەماندا مەلایەکی پیری خوێنشیرین، دووکانێکی دانابوو کە قەڵەم و کاغەز و دەوات و شیرینیجاتی وەکوو (ئاودوونان و کەشکەتونە و کونجیگەزۆ و گۆچانقەن و رەحەت و کولیچە و هیدیکە)ی دەفرۆشت و دەرسی قورئانیشی دەگوتەوە.
بەڵێ باوکم دەستی گرتم و بردمی بۆ لای ئەو مەلایە و بەڵێنی لەگەڵ بەست، کە پاش تەواوبوونی خوێندن، قورئانم پێبڵێ، منیش هەرچەندە دڵکاو (راضی) نەبووم، دەستم پێکرد، جا وەرە دوو قوربەسەریی گەورە، بۆ منی ژێردەستی داماو، دەبوو دوو زمانی بێگانەی بە زۆر بەسەرماندا سەپێنراو بخوێنین و زمانەکەی خۆشمانیان لێ کردبووین بە قورقوشم و ژەقنەمووت، بۆیە ئێستاش کوردی وامان هەیە خۆی ناناسێ و نازانێ کێیە!. ئەگەر خوێندن تەواو دەبوو و خوێندنگە دادەخرا، منداڵان بەردەبوونە کووچە و کۆڵان بۆ کایە و، منیش دەبوو بچمە خزمەت مەلا، بۆ دەرسی قورئان، مەلا ئەوە خەریکی گوتنەوەی (ئەلف سەر ئا، لام زەنە ئەل) بوو، منیش بیر و هۆشم لە لای منداڵان بوو، کە جار و بار بە شووڵەکەی دەستی، حەسیری سەر عەرزەکەی دادەگرت و ئێمەش بە شەقە و شریخەی شووڵەکە رادەچڵەکاین، تەنیا چاکەیەک کە هەیبوو، قەت لە کەسی نەدەدا، تەنیا حەسیری سەر زەویەکە نەبێ، حەسیریش وای لێهاتبوو، ئەگەر گیان و هەستی هەبا، شکاتی دەبردە بەر خودا و پێغەمبەر، چونکە ئەوەندەی پێدا کێشابوو، شڕی کردبوو .
چارم نەبوو، حوکمی حاکم بوو و مەرگی موفاجات، منداڵیش بووم، لە فێڵ و تەڵەکەی وا رانەهاتبووم کە خۆم بدزمەوە و نەچم، ساڵی دوایی دەستم کرد بە گغنیدان و درۆ و دەلەسە، تا پێمدەکرا نەدەچووم، هەندێ جار مەلا بۆ ئەوەی پووڵەکەی نەفەوتێ لە پەنا دیواری دووکانەکەی کە پاڵی وە دەروازەی خوێندنگەکەوە دابوو، خۆی حەشار دەدا و دەیگرتم و دەیگوت: بێرەو قورئانەکەو بخوێنە زوریەت، ئەنا ئەیژم بە باوکۆ داتپلۆسێ، هاااا! منیش ئیتر چارەم نەمابوو، چونکە دیواری مەدرەسەی هەدایەتیش وا نەبوو کە بە سەریدا باز دەم و خۆم دەرباز بکەم، ناچار دەچووم بەڵام چوونی چی؟ چی پێدەگوتم لەم گوێچکەمەوە دەچوو، لەوی دیکەمەوە دەهاتەوە دەرێ، پاش ماوەیەک (مەلا)، کە لە سنەی ئێمەدا پێیان دەڵێین (مامۆسا، یان مەڵا) و یرێ جاریش هەر دوو وشەکە پێکەوە بەکار دێنن، وەکوو مامۆسا مەڵا ئەحمەو. شکاتی خستە بەر باوکم کە گوێنادا و، خۆی دەدزێتەوە و هیدیکە، باوکیشم دوای لێدانێکی قورس و قۆڵ، ئەمجارەیان بردمی بۆ لای (مامۆسا مەڵا ئەحمەد)ی خەڵکی تاڵش، بۆ درێژەپێدان و خوێندنی قورئان، ئەو مەلایە ئەگەر بە هەڵە نەچووبێتم،

ئیمامی مزگەوتی کەریم رەئووف بوو، لە پشت دووکان (حاجی ماشەڵای رەنگڕێس)ەوە، چەن برا بوون، هەر هەموویان مەلا بوون، نازانم چۆن و لە بەر چی، ئەو مەلاگەلە تەرای وڵاتی ئێمە بووبوون؟. من پێم وایە لە بەر ئەوە بوو، کە تاڵشییەکان سوننین و لە وڵاتی ئێمە واتە کوردستان، تەگەرەیان نەدەهاتە سەر رێ و دەحەسانەوە، بەڵێ لەوێش لە بەر هەیکەلی ناقۆڵا و ناحەزی مامۆستا و چێوفەڵەک و لێدان لە قوتابییەک، ئەو هەڵاتنە هەڵاتم نەگەڕامەوە، تا ئەم جارەیان لە گەڕەکی خۆمان لە (کانی کەمێزی) لە لای مەلا عەبدوڵڵای ئیمامی مزگەوتی (حەمە حسەین بەفری) دایاننام، مەلای ئێوبراویش لە خانەقای شێخ سەلام، یان تەکیەی حاجی سەی وەفا، لەوێ وانەی پێدەگوتینەوە، لەوێ ئیتر چونکە گەڕەکی خۆمان بوو و هاوسەر و هاوماڵی خۆمی تێدا بوو، داکاسرام و حەوت جزمی قورئانم لە ماوەیەکی کورتدا تەواو کرد و مامۆسا لە خۆشی ئەم زیرەکییەی من و گەیشتن بە سوورەی: تەوابەن، مامرە کوڵە سەوابەن، بۆ مامۆسا کەبابەن، میوانییەکی بە باوکم سازدا و منیان هاندا کە لەبەر ئەوەی دەنگم خۆشە لە مزگەوتیشا بانگبدەم، باوکیشم کەیفی پێدەکرد .

لە پۆلی شەشی سەرەتاییدا بووم، دیارە لە پەنای قورئانخوێندندا، باوکم بە زۆرەملیی، هەمیشە لە گەڵ خۆی دەیبردم بۆ نوێژ و، رەمەزانانیش نەیدەهێشت رۆژووم بفەوتێ، بۆ ماوەیەک بووم بە بانگبێژی مزگەوتی گەڕەکی خۆمان، خادەمی ئەو مزگەوتە نێوی (شامحەمەو) بوو، هەرچی بانگی دەدا، لە بەر پێکەنین کەس خۆی پێرانەدەگیرا، دەنگی ناخۆش بوو، بانگگوتنەکەی بە جۆرێ بوو، دەتگوت بێگاری پێدەکەن، خوای لێخۆش بێ، پیاوێکی بەڕێز و خواناس بوو. لە پۆلی شەش دەرنەچووم و داکەوتم و مامەوە بۆ ساڵێکی دیکە، لە بەر باوکم نەمدەزانی چیبکەم، لە ترسان کونەمشکم لێ بووبوو بە کۆشک و سەرا، چوومەوە بە دایکمم گوت: رفووزەم. دایکی داماویشم، لە تاو مێردی زاڵم، لە خەفەتا واقی دابوو، چونکە دەیزانی باوکم وام لێدەکا، کە بە لۆکە ئاو بتکێننە دەمم .

باوکم زانی لە پوولی شەش دەرنەچووم‌ە، هاتە جەستەم و غەشی بێکاریی و منالزۆریی و کۆڵەواریی خۆی پێرژاندم، لێشمنەدەگرت، چونکە لە گەڕەکێکی نالەبار و رەپۆشەخەراپدا پەروەدە بووم، گەڕەکێک، بێژگە لە کرێکار و زەحمەتکێش و کاسبکار، پیشەیێکی باڵای تێدا نەبوو، ئەو گەڕەکەی ئێمە لە دێهاتێکی دوورەدەست دەچوو، بەو مێگەل و وڵاخدار و پێکهاتەسەیرەی خۆیەوە کە هەیبوو. منیش ئیتر وام لێهاتبوو کە دەربەستی کوشتن و لێدان نەدەهاتم، وەک کوردەکە دەڵێ: بووبووم بە چەرمی ئاوەسوو! بە جێگای ئەوەی کە چاک بم، ئەوەندەی دیکە لاسار و سەرەڕۆم لێدەرهات، چونکە دەمگوت لە لێدان بەو لاوە، چیدیکە هەیە؟.

ئەوەندە رقم لە خوێندن هەڵگرتبوو، کە هەر رۆژێ دەچوومەوە بۆ خوێندنگە، حەزم دەکرد بڵێن: مامۆستاکەتان نەخۆشە، یان کەوتووە و برینداره و ملی شکاوە و هیدیکە، بۆ ئەوەی لە دانیشتن و گوێگرتنی ناو پۆل رزگار ببم !

سەرتان نەیێشێنم، پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە رشتەی وێژە (ئەدەب)دا، بووم بە مامۆستای خوێندنگەی سەرەتایی لە دێهاتێ لە نێوان سنە و مەریوان بە نێوی (بزان)، کە بەداخەوە هەر بزانیشم بەچاو نەدیت، لەبەر بەسەرداهاتنی راپەڕینی گەلانی ئێران و شۆڕشی کوردستان، چونکە ئیتر نەمتوانی مامۆستایەتییەکە درێژە پێبدەم و کەوتمە زیندان، پاش بەربوون لە زیندان لەگەڵ کۆچکردوو مەرزیە و دوو مندالەکانمان، دڵنیا و ماردین، چووینە شاخ و بووین بە پێشمەرگە.

وەکوو گۆرانیبێژێکی کورد، تا ئێستا نزیک بە (40 کاسێت)ی گۆرانیی فۆلکلۆر و ئەویندارانەم لە وڵات تۆمار کردووە و بڵاو کراونەتەوە، لە

شۆڕشی کوردستانیشدا چەندساڵ وەکوو پێشمەرگەیەک خەباتم کردووە و، کۆمەڵێک گۆرانیی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانە و سروودی سیاسییم لە 4 کاسێتدا بڵاو کردۆتەوە، گۆرانیی و سروودەکانی من، وێردی سەر زمانی خەڵک و پێشمەرگە و رادیۆکوردییەکانی شۆڕشی کوردستانە و هاندەریانە بۆ خەبات دژی زوڵم و زۆر و بانگەوازە بۆ ئازادی و رزگاری کوردستان. دوای وازهێنان لە پێشمەرگایەتی، لەگەڵ مەرزیە و منداڵەکانمان، دڵنیا و ماردین، هاتینە وڵاتی سوێد و وەکوو پەنابەر ماینەوە، لێرەش بووین بە خاوەنی کورێکی دیکە بە نێوی کاردۆ .
لێرە، لەم چەند ساڵەی ژیانی هونەریماندا لە هەندەران، وێرای بەشداریی لە زۆر ئاهەنگ و جێژنی نەتەوایەتی و سیاسیی کوردیی، لە دەرەوەی وڵات، بە چەرمەسەری توانیومە (7 سیدی)ی دیکەی گۆرانیی تۆمار بکەم و بڵاوی بکەمەوە، هەرچەند کاری سەرەکیم، گۆرانیگوتنە، بەڵام وەکوو نووسەرێکی کوردیش، چوار کتێبیم بە نووسین و وەرگێران بڵاو کردۆتەوە، لەو ماوەیەشدا کتێبێکم لەلایەن چاپخانەی موکوریانەوە دێتە بازاڕ، کە بەرهەمی چەندینساڵ پرسوجۆ و یاداشتی سەردەمی پێشمەرگایەتیمە کە نێوی کوردیم تێدا کۆکردۆتەوە. هەروەها چەندین وتاریشم لەسەر مووزیکای کوردیی و گۆرانیبێژەبەنێوبانگەکان و گیروگرفتی هونەرمەند لە دەرەوەی وڵات و کێشەی زمانی کوردیی و پرسگرێکی کوردستان، لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە .
ساڵی 2004 لەگەڵ مەرزیە بڕیارماندا کە لە سوید نەمێنین و بڕۆینەوە بۆ ئەو پارچرزگارکراوەی نیشتمانەکەمان. ئەوە بوو رۆشتینەوە بۆ کوردستانی باشوور و لەوێ لە شاری دووکان ماینەوە، بۆئەوەیکە ئەو چەندساڵەی کۆتایی تەمەنمان لەوێ بەرینە سەر، بەداخەوە ساڵی 2005/09/18 مەرزیە، بە هۆی نەشتەرگەرییەکی ناسەرکەوتوو کۆچی دوایی کرد و منیش تووشی سەرلێشیوایی بووم. دوای ئەوەی کە زانیم ناتوانم بەتەنیا بژیم، دیسان هاوسەرگیریم کرد و لەگەڵ (ئێران)ی هاوسەرم گەڕاینەوە بۆ سوید و ئێستا لە ستۆکهۆڵم دەژین.
لەم ماوەی ئەم چەندین ساڵەی کە لە سوێد ژیاوم، (چەندین گەشتی هونەریی)م بۆ وڵاتانی: ئوتریش، ئیتالیا، ئاڵمان، فەرانسە، ئینگلیس، هولەند، بلژیک، دانمارک، فینلاند، نورڤێژ، سویس، ئامریکا، کانادا، ئوسترالیا، سۆڤیەتی جاران، ئازەربایجانی بندەستی سۆڤیەتی کۆن، یۆنان، بولغارستان، قبرس، رۆمانیا، ئێراق، تورکیە، کوردستانی بندەستی تورکیە، کوردستانی ئازادکراو و هی دیکە کردووە، کە بۆ هەر وڵاتێکیان، چەندین جار سەفەرم کردووە و ئاهەنگم گێراوە. لەبەر ئەوەش کە پێشمەرگە بووم و ناوچەکوردنشینەکانی کوردستان گەڕاوم و دیالێکتەکوردییەکان فێربوومە و شارەزای زمانی کوردییم، بە چوار زاراوەی کوردیی گۆرانیی دەڵێم: هەورامی، کەلهوری، کرمانجیی، سۆرانیی، کە مەبەستیشم لەمکارە، تەنیا ئەوە بووە کە خزمەتێک بە کورد و نزیککردنەوەی زاراوەکان بکەم. هەروەها لە چەندین (فستیڤاڵ و گاڵا)دا لە ئورووپا بەشداریم کردووە، بۆ نموونە: کۆنگرەیەک بۆ کورد لە سویس لە شاری ژنێڤ، ساڵی 1990. فستیڤاڵی ووْمەد Womad FESTIVAL لە هامبوورگ، بەنێوی Weltbeat ساڵی 1991. گاڵایەک بۆ رەوەکەی کورستان لە ستۆکهۆڵم ساڵی 1991. فستیڤاڵی World Root Festival لە هولەند ساڵی 1992. فستیڤاڵی Sacred voices دەنگە پیرۆزەکان لە ئینگلیس، لە شاری لەندەن ساڵی 2000. کۆففرانسێک لە سەر مێژووی مووْسیقای کوردی لە لەندەن ساڵی 2000. هەروەها چەندین فستیواڵی دیکەی گەورە لە سپانیا و ئینگلیس و فەڕانسە و سوێد و ئامریکا. درێژەی هەیە....
سەرچاوە: ماڵپەڕی ناسری رەزازی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: پێشمەرگەی دێرین

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سنە

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2934

## ناسک حسێن

http://www.kurdipedia.org/?q=201208201540477297



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2935

## ناسک سەعید خدر سەعید

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580471290

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2936

**نافع ئاکرەیی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130309112941825l3



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | ئاکرێ |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2937

**نافع دیبەگەیی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131218212837871 66

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەخموور |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2938

**نالی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20081108163825139



نالی ناوی خدر (خضر)ه و کوری ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی مکایەڵییە. لەگوندی "خاک وخۆڵ" لەدەشتی شارەزوور هاتوەتەژیانەوە. بەپێی ڕێبازی خوێندنی ئەو سەردەمەلەسەرەتاوەقورئانی پیرۆزی و وردەپەرتووکی فارسی خوێندوەو چووەبۆ فەقێیەتی و لەپێناوی وەرگرتنی زانستەئاینییەکاندا شار و دێهاتەقوتابخانەدارەکانی بەشێکی کوردستان گەڕاوەو دوا پلەی ئەو خوێندنەی پریوەو مۆڵەتی مەلایەتیی وەرگرتوە .
ئەو شوێنانەی نالی بۆ ماوەیەکی زۆر تێیاندا مابووێتەوە: "سنە"، "سابڵاغ"، "زەردیاوای قەرادغ"، "هەڵەبجە" و "سولەیمانی". لەقەرداغ لای "شێخ موحەممەدی ئیبنولخەییاط" خوێندویەتی. لەتەکییەی قەرەداغیش ماتماتیکی لای "شێخ عەلیی مەلا" خوێندوە. لەسولێمانی لەمزگەوتی "سەیید حەسەن" لای "مەلاعەبدوڵڵای ڕەش" بووە. زۆرترین کاتی موستەعیددیی لەخانەقای "مەولانا خالید" لەسولێمانی بەسەربردووە. هەروەها گەلێکیشی لەهەڵەبجەو سولەیمانی لای "شێخ ئەوڵای خەرپانی" خوێندوە.
سەبارەت بەتەمەنی نالی چەندین بۆچوونی جیاواز: خوالێخۆشبوو "موحەممەد ئەمین زەکی بەگ" دەڵێت: نالی لەساڵانی 1273-1215دا کۆچیکردووەو 1800-1856 زاییندا ژیاوە. دکتۆر "مەعروف خەزنەدار"یش هەر هەمان مێژوو دیاری دەکات، هەروەها دکتۆر "کەمال فوئاد"یش هەمان بۆچوونی هەیە. مامۆستا "عەلائەددین سەجادی"یش دەڵێت: "لە1797ی زاییندا هاتوەتەدنیاوەو لە1855دا مردووە".
هەموو ئەم مامۆستایانە، بێجگەلەمامۆستا سەجادی نەبێ، مێژووی لەدایکبوون و مردنی "نالی"یان وەک یەک دانا و بەو پێیەنالی 56 ساڵ ژیاوە. تەنها بەپێی بۆچوونەکەی مامۆستای سەجادی تەمەنی بووە58 ساڵ.
ئەم جیاوازیەش وەکو سەرنجی بۆ دراوەقسەی مامۆستا سەجادی لەلایەک و دکتۆر خەزنەدار و دکتۆر کەمال فوئاد لەلایەکی ترەوەدەربارەی تەمەنی و ساڵی لەدایکبوونی نالی ئەو بەراوردکردنەی کوردی و مەریوانی و بەدوای ئەوانیشدا مامۆستا عەلی موقبیلە، ئەوەی لەپێشەکی دیوانەکەیاندا ساڵی 1215ی کۆچییان لەگەڵ ساڵی 1797ی زاییندا بەراوردکردووە. جا ئەگەر وەها بێت، ئەوا وەک کوردی و مەریوانی و موقبیل و سەجادی ئەفەرموون نالی 58 ساڵ ژیاوە. بەڵام لەڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنیی ی"وسف ئەبگارەڤێچ ئۆربێلی"دا ساڵی 1215ی کۆچی لەگەڵ ساڵی 1800-1801ی زایینی بەرامبەر کراوە. بەپێی ئەمەوەک دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر کەمال فوئاد لەسەری ڕۆیشتون، ساڵی لەدایکبوونی نالی دەکاتە1800ی زایینی و تەمەنیشی دەبێتە56 ساڵ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2939

## نالی پێنجوێنی

http://www.kurdipedia.org/?q=201006270821304524



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2940

## نامۆ عەبدوڵڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050810093069831



نامۆ عەبدوڵڵا هەڵگری پروانامەی ماستەرە لە بواری رۆژنامەگەری لە زانکۆی کۆلۆمبیایی شاری نیویۆرک. پسپۆرییەکەی رووماڵکردنی سیاسەتی ئەمریکایە.
لە ماوەی شەش ساڵ کاری رۆژنامەگەریدا، نامۆ راپۆرتەکانی لە چەندین دەزگای راگەیاندنی ناودار بڵاوکردۆتەوە لەوانە رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز، ئاژانسی هەواڵی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان، و پەیمانگای رۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی کە بنکەکەی لە لەلەندەنە.
نامۆ دامەزرێنەر و سەرنوسەری پێشووی سایتی ئینگلیزی رووداوە.
نامۆ دوو خەڵاتی جیهانی لە بواری رۆژنامەگەریدا بردۆتەوە. یەکەم، سکۆلەرشیپی کۆمەڵەی رۆژنامەنوسانی کۆشکی سپی-بوو کە لەلایەن خوودی سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما و خانمی یەکەمی وڵات میشێل ئۆباما لە واشنتن ساڵی 2012 پێدرا. نامۆ تاکە خوێندکاربوو لە زانکۆکەیدا ئەو خەڵاتە وەرگرێت. دووەم، خەڵاتی "باشترین و قوڵترین نوسین" بوو کە کۆمەڵەی رۆژنامەنوسانی کاتۆلیکی کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمان ساڵ پێیان بەخشی.
نامۆ ئێستا پەیامنێری سەرەکی رووداوە لە واشنتن دی سی، پایەتەختی ئەمریکا، و پێشکەشکاری بەرنامەی "لەواشنتنەوە" یە، ئەو پرۆگرامەی کە تێیدا گفتوگۆ لەسەر پرسە جیهانییەکان دەکرێت و هەفتانە لە تەلەفزیۆنی رووداو دادەبەزێت.
نامۆ لەدایکبووی شارۆچکەی کەلاری باشووری کوردستانە و خوێندنی سەرەتایی لەهەمان شارۆچکە تەواوکردووە. خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە. بروانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی کوردستان-هەولێر بەدەستهێناوە.
سەرچاوە: ماڵپەری رووداو

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2941

## نامیق هـەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=200909221713202038



نووسەرو رۆژنامەنووس و چالاک لەبواری داکۆکی کردن لە قوربانیانی جینۆسایدی کورد
لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە، سەرەتایی و ناوەندی و بەشێکی ئامادەیی لەو شارەدا تەواوکردووە.
لەکار ەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەشێک لەخانەوادەکەی شەهید دەبن و باوکو دایکی و خۆشی بریندار دەبن و دواتر ئەوانیش شەهید دەبن.
نامق ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی جیهانە.
چەندین کتێبی چاپکراوی هەیە لەوانەش:
-1شکانی ئاوێنەکان..... شعر 1997
-2ستران و موزیکی کوردی -هەورامان....... بەهاوبەشی لەگەڵ جەمیلە جەلیل لە روسیا چاپ کراوە
-3یەریڤان خەڤەر ددە....2008 هەولێر
ئەم کتێبانەشی ئامادەی چاپن
-1دارستانیک لە شمشاڵ.... شعر
-2دوای ئەنفال... لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال
-3هەورامان پیرشالیار.... ئەلبوم و لێکۆڵینەوە
-4دیوانی بابا سەرهەنگی دەودانی.... ساغکردنەوە
-5لاپەڕەیەکی نادیار لەمێژوی قەڵەمی ژنانی کورد... ساغکردنەوە
-6سای کەمەر... رۆمان بە هەورامی
-7کۆمەڵە وتار
ئێستاش بەڕێوەبەری پەیوەندیەکانی وەزارەتی رۆشنبیریە لەگەڵ ئێراندا و ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەی (رەسەن) ە لە تەلەفزیۆنی نەورۆز.
سەدان وتارو دیمانەو نوسین و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەدا بلاو کردوەتەوە
تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (نامق هـەورامی) لە: 21-9-2009 23:09:29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
جۆری کەس: چالاکی ئەنفال
ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی هەورامی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2942

## ناهید حسەینی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012020216055564160



ناهید حسەینی (ناهید مێهران حوسام الدین) لەدایکبووی1967/8/17 بەرانبەر بە 1346/5/26ی هەتاوی لە گوندی "دۆزەخدەرە" سەر بە شاری سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. لە ساڵی 1996ـەوە سەرقاڵی چالاکیو نووسینە.
پلەی خوێندن: دیپلۆمی تەجروبی(زانستی)ـیە
چالاکی:
ـ شاعێر، وەرگێر، رۆژنامە نووس
ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب
ـ ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ـ ماوەی 2 ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانو بەرپرسی لاپەڕی ئەدەبی بووە لە رۆژنامەی ئاسۆ لە شاری سنە
ـ ماوەی یەک ساڵ دەستەی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی مەولەوی کورد بووە لە شاری سنە
ـ ماوەی دوو ساڵ مامۆستای رێنووسی کوردی بووە لە شاری سنە
ـ 3 ساڵ سەرپەرەشتیاری یەکەی دۆبلاژ لە PUK tv بووە
ـ ماوەی 4 ساڵ ستافی کاراو بەرپرسی 2 لاپەڕەی "لە رۆژهەڵاتەوە"ی رۆژنامەی چاودێر لە سلێمانی بووە
ـ کۆمەڵێک کۆڕی شیعری لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانو دەرەوەی کوردستان بەڕێوە بردووەو لەوانە:
ـ نەورۆزی 2007 لە دیاربەکرو ئیستامبول کۆڕی شیعری هەبووە (پرۆژەی شاەماران چاپخانەی ئاڤێستا)
ـ بەشداری لە فێستیڤاڵی شیعری ئیستامبولو وەرگرتنی خەڵاتی نازم حیکمەت بۆ شیعر ساڵی 2010
ـ خاوەنی خەڵاتی سەید برایم بۆ ئەدەبو هونەرو کەسایەتی ساڵی (2009) لە کۆیە
بەرهەم:
:1کۆمەڵە شێعری کوردی (بە زاراوەی سۆرانی) ئامادەی چاپە بە نێوی "پێکێک لەگەڵ ئەهریمەندا."
:2کۆمەڵە شێعرێک بە ناوی "شەوێک بە شەیتان رە"، کە خاتوو دڵشاد یووسف لە سورانییەوە وەریگێراوەتە سەر شێوەزاری کرمانجی سەروو. لە تورکیا (چاپخانەی ئاڤێستا) چاپ بووە
3ـ کۆمەڵە شێعری "هێڵکاری لە سەر شەو"ی گرانازی مووسەوی لە فارسییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی. لە سلێمانی چاپ بووە (لە زنجیرە بڵاو کراوەکانی فێستیڤاڵی گەلاوێژ(
4ـ شانۆنامەی "قرپۆقی ناوی ئاوێ"، لە سەر بنەمای فولکلۆروبە شێوە

داڕشتنی شیعری بۆ منداڵان لە 316 دێردا. لە شاری سنە بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە سەر شانۆ بوو
5ـ چەند کورتە چیرۆک. بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤارەکانی ناو ئێرانو دەرەوی ئێران
6ـ وەرگێرانی "چیرۆکی مانگو پڵینگ"ی محەمەدی تەیمووری لە فارسییەوە بۆ کوردی، ئامادەی چاپ
7ـ وەرگێرانی ڕۆمانی"دزیرە" لە فارسییەوە بۆ کوردی. کارێکی ناتەواوی خوالێخۆشبوو ژیلا حسەینی، کە ئەرکی پێدا چوونەوەو تەواو کردنی لە ئەستۆ گرتووە.

سەرچاوە: ئەلبوومی وێنەی ژنانی چالاکی ڕۆژهەڵات- میترا ئاریان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | 📰ڕۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | 👩خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2943

## ناهید عرجونی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150422103118120942



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | 👩خانمان |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2944

## ناهیدە حوسێنی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110827121558916



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| رەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2945

## ناهیدە رەشیدیان

http://www.kurdipedia.org/?q=200910091657592077



لەزمانی خۆیەوە:
لەدایکبووی 1955شاری سنە م، خوێندنی سەرەتایی وناوەندی ودواناوەندی هەرلە وشارە تەواوکردەوە. لە زانکو ئەندازیاری کیمیام تە واوکردوە. دووسال لە زانکوی شاری سنە لە بە شی کیمیا وەک مامۆستا وانەم وتووەتەوە،ودوای هاتنی حکومەتی خومەینی منیش هە روەک زور خەلکی شاری سنە لەکار دەرکرام و بەیەکیک لە شارەکانی ئیران دوورخرامەوە. لە دوای چەند سالیک من هاتم بو تاران، وبەهۆی کارکردن لەچەند کارگایەکی کیمیایی شارەزایی زورم هە یە لە دروست کردن جورەکانی رەنگ وەک رەنگی رونی ورەنگی ئاوی ورەنگی دەرگا ودیوار و ئۆتۆمۆبیل ورەنگی پیشە سازی، وهە روەها دروستکردنی جورەکان مەرەکەبی چاپ بو روژنامەکان وکتیب وکارتون وکاغەزی سلفون. بەهوی ئە زمون وکاریگەری تکنولوژی لە سە ر ژیانی مروف، جەندین بابەتی زانستیم لەو بوارەدا بلاوکردوەتەوە.
ئیدی منیش بە هۆی تایبەتییەوە وەک هەزاران کوردی دیکە پەرِیوەی هەندەران بووم و لە ئوروپا گیرسامەوە، لە ئوروپاش لە چەندەی کارەگی تایبەتی دروستکردنی رەنگەکان کە لە سەرەوە باسم کردن و کارم کردوە، ئەم هەموو ئە زموونانە لە بواری کیمیا والێیکردم کەهەستم بەوە بکەم ئەبی لە بواری ئابوورییەوە یارمەتی کوردستانەکەم بدەم، بە خۆشییەوە لەو بوارەدا بە چەندین شێوەی جیاواز کە بە پێویستی نازانم لێرەدا ئاماژەیان پێبکەم یارمەتی وڵاتە داگیرکراوەکەم داوە، و هەروەها چەندین بابەتی زانستیم لەو بوارەشدا بە کوردی نووسیوە. وەک هەر کوردێکی خاوەن هەست بۆ وڵاتەداگیرکراوەکەم، واتە کوردێکی

ناشیونالیست هەمیشه حەزم کردوه بو خەلکی خوم کاربکەم.
لەسەرەتاوه به هۆێ ناشارەزایی له نووسینی زمانی دایکی زۆر ئازاری دەدام، به ختەورانه بەهۆی گیرسانەوەی شوێنی ژیانم لەو وڵاتەی لێێ دەژیم، که زۆربەی دانیشتووانی کوردی باشووری کوردستان بوون، ئاشنابوونم لەگەڵ گەڵیان به تایبەت ئەوانەی که خەڵکی سلێمانی بوون، توانیم به باشی له نووسینی کوردی خۆم فێربکەم، له سەرەتای کاری نووسینم به دوو چیروک دەستپێکرد. بۆخۆم وەک کەسێک که پیویستم به فەرهەنگ هەبوو رۆژانه بۆ کارو نووسینەکانم کەڵکی لێوەرگرم، ئەوه وای لیکردم که بیر له نووسینی چەند فەرهەنگێک بکەمەوه له زمانەکانی بێگانه وکوردی، که خوشبەختانه فەرهەنگەکانم پێشوازی زوری لێکرا.
ماوەی دوسال خەریکی فەرهەنگی یەکەم هوله ندی-کوردی بووم، و دووساڵیش خەریکی فه رهه نگی کوردی-هوله ندی بووم. چوار ساڵیترم بو فه رهه نگی فه رانسی-کوردی و کوردی-فه رانسی ته رخان کرد.
زورتر له فەرهەنگی هه ژار(هه نبانه بورینه) کەڵکم وەرگرتووه، هەوڵمداوه که بتوانم ئاسانکاری بکەم بۆ کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەندا که لەو فەرهەنگه کەڵک وەرگرن .
من 11 ساڵه له هۆلەندا دەژیم وخاوەنی دوو مناڵم که به خۆیندنی باڵاوه سەرقاڵن، شارەزاییان له چەندین زمانی زیندووی جیهان وەک ئینگلیزی وفرانسی وهۆڵەندی هەیه، که وەک زمانی دایکی قسەی پێدەکەن .
له داهاتو بیرم له نووسینی چەند فەرهەنگێکی تر به زمانه کانی ئوروپی کردوەتەوه، و هەروەها لەبواری کیمیای و پیشخستنی ئابووری کوردستان چەندین پرۆژەم هەیه، که له کاتی خۆیدا به گەریان دەخەم.
سەرچاوە: ماڵپەڕی سەربەخۆ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 2946
**ناڵە حەسەن**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110126211508330 46



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2947

## ناڵە عەبدولڕەحمان

http://www.kurdipedia.org/?q=200910210950002102



لە ساڵی (1979) لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لە منداڵییەوە بەر لەوەی بچێتە قوتابخانە خولیای دنیای وێنەکێشان بووە، لە قۆناغی سەرەتایی چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی منداڵانەی نووسیووە، لە قۆناغی ناوەندی چۆتە نێو دنیای شیعر.
لە ساڵی (1991) یەکەم تێکستی شیعری خۆی بەناوی "کوردستان" نووسیووە، لە ساڵی (1996) یەکەم شیعری خۆی بەناوی "بەرائەت" لە ڕۆژنامەی "هەرێمی کوردستان" بڵاوکردۆتەوە.
سەرچاوە: پەسار فایەق - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2948

## نزار ئاگری

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032220563082597

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |

رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2949

**نزار بێجان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082909252289042



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: رۆژنامەنووس
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2950

**نزار پیرۆ**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011032609525324518



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2951

**نزار جاف**

http://www.kurdipedia.org/?q=200904082212501706



لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردووە دەستیکردووە بەنووسین و وەرگێڕان لەبواری ئەدەبیدا.
سەرەتای شیعری هاوچەرخی بۆ سەرزمانی عەرەبی وەردەگێڕاو دواتر دەستیکرد بەنووسین لەبواری شانۆدا.
لەکۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەبواری رۆژنامەگەریی لەئێران دەستیکردووە بەکارکردن.
لەدوای گەڕانەوەی لەئێران، بۆماوەی چوار ساڵ لەرۆژنامەی "برایەتی" کاریکردووە.
ساڵی 2000 کوردستانی بەجێهێشتووەو لەوڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە.
لەئەوروپا بۆ ماوەی سێ ساڵ جێگری سەرنووسەری هەفتەنامەی "پەیامی کورد"بووە.
جگە بەزمانی کوردیی، بەردەوام بۆ رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕە عەرەبییەکانیش دەنووسێت.
سەرچاوە: ستیڤان شەمزینانی - ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 2952

## نزار سابیر

http://www.kurdipedia.org/?q=20120111091442637771



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3147

## هیوا بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011042716023757078

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3148

## هیوا جەمال

http://www.kurdipedia.org/?q=2011032718350923336



له دایكبووی 1978 له سلێمانی
دەرچووی بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی ساڵی 2005-2004
له سەرەتاكانی ساڵی 2000 دەستیكردووه به بڵاوكردنەوەی بابەتی رۆژنامەوانیی ...
له ساڵی 2005و 2006 له رۆژنامەی ئاسۆ كاریكردووه دەستەی نوسەرانی ئەو رۆژنامەیه بووه.. له مانگی سێپتەمبەری 2006 تا سەرەتای 2007 له رادیۆی نەوا وەك بەرپرسی شەفت له ژووری هەواڵ كاری كردووه..
له ساڵی 2007 وەك رۆژنامەنوس داوایلێكراوه له كۆمپانیای وشه بۆ راگەیاندن كار بكات.. لەسەرەتای دامەزراندنی كۆمپانیای وشەو كەناڵەكانی كۆمپانیا سایتی سبەیو رۆژنامەی رۆژنامه كاری كردووەو دوا ئەركی له رۆژنامەی رۆژنامه بەرێوەبەری نوسین بووه.. له كۆتاییەكانی ساڵی 2011 وەك ئامادەكارو پێشكەشكاری بەرنامەی روماڵ له تەلەفزیۆنی تۆری هەواڵی كوردیی (كەی ئێن ئێن)(بەرنامەیەكی رۆژنامەوانییەو رووماڵی رۆژنامه ناوخۆییو عەرەبیو جیهانییەكان دەكات) دەست بەكار بووەو تائێستا لەو ئەركەدا بەردەوامه...
له رۆژنامەو بڵاو كراوە كوردییەكاندا چەندین وتارو شیكردنەوەی هەیه..
ئەوەی جگه لەوەی له سەرەتاكانی ساڵی 2003دا وەك نوسەری تایبەت به سایتێكی شیكاری كاری كردووەو چەند وتارێكی تایبەتی به زمانی عەرەبیو ئینگلیزی بڵاوكردووەتەوه له سایتی (سەروە پرۆجێكت) كه به زمانی عەرەبی ئینگلیزی لەبارەی خۆرهەڵاتی ناوەراستەوه وتارو شیكاری بڵاودەكردەوه
سەرچاوە: تۆمارێكی تایبەت بۆ كوردیپێدیا لەلایەن (هیوا جامال) سەبارەت به (هیوا جەمال) له: 21-12-2011 17:46:41

تایبەتمەندییەكانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری كەس: | ✍نووسەر & لێكۆڵەر |
| جۆری كەس: | راگەیاندكار |
| رەگەزی كەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | كرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەكان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | كورد |
| وڵات: | باشووری كوردستان |
| كویك ریسپۆنس كۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3149
## هیوا حاجی دێلۆیی
http://www.kurdipedia.org/?q=2012120417211374139
...

تایبەتمەندییەكانی بابەت

جۆری کەس: وەرگێڕ
ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3150

## هیوا خەلیل عوسمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110128092229330620



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3151

## هیوا ڕەش

http://www.kurdipedia.org/?q=201004261313564189



ڕۆژنامەوان و چالاکی چەپ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس
ڕەگەزی کەس: 👨پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3152

## هیوا زەندی

http://www.kurdipedia.org/?q=20120427153607764649



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3153

## هیوا سەرهەنگ

http://www.kurdipedia.org/?q=2010122415184219723



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3154

## هیوا سەعید

http://www.kurdipedia.org/?q=20081213011422632



لەدایکبووی ساڵی 1983یە، خەڵکی شاری هەولێرە، لە ساڵی 2002 وە، شیعر دەنووسێت. شیعرەکانی زادەی خۆشەویستین، جا چ خۆشەویستی بۆ ئافرەت چ بۆ نیشتمان، کە هەردووکیان هەوێنی زۆربەی بەرهەمەکانییەتی.

تا ئێستا دوو کتێبی چاپکراوی هەیە، یەکیان بەناوی (ئەشکی تەمەنێک بۆ تۆ) ئەوەی تریان (ناڵەی بەفر و پشکۆی ئاگر).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: ♖هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3155

## هیوا سەلام

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080816331289229



لە 17ی 3 ی 1988 لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کانیوەتمان تەواوکردووە. ساڵی 2007 ڕۆمانی (دەترسم خاک هەڵبێت) بڵاوکردۆتەوە، کە یەکەم ڕۆمانی کوردییە کە تیشکی خستبێتە سەر شەڕی ناوخۆ لە کوردستان. لە ساڵی 2009 وەک یەکێک لە یەکەمەکانی زانکۆ و بەشی کوردی زانکۆی کۆیەی تەواو کردووە .دواتر لە زانکۆی کۆیە وەک توێژەر دەست بەکار بووە. هەروەها بەشداری لە چەندین کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا کردووە و ئەرکی بەڕێوەبردنی هەردوو ڕێکخراوی سۆلیدارێتی و ڕێباز فاوندەیشنی لە کۆیە بە ئەستۆ گرتووە. لە ساڵی 2011 لە چوارچێوەی پرۆگرامی تواناسازی حوکمەتی هەرێمی کوردستان نێردراوەتە وڵاتی بەریتانیا بۆ خوێندن و خوێندنی ماستەری لە زانکۆی ئێکسیتەر/بەریتانیا بەدەستهێناوە. لە ئێستادا وەک مامۆستا لە زانکۆی کۆیە دەستبەکار بووەتەوە و بەردەوامە لە خزمەتکردن. هەروەها خاوەنی کتێبێک و چەندین وتار و توێژینەوەی زانستییە لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان و جیهان .بۆ پەیوەندیhewasalam@gmail.com :
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز (هیوا سەلام) سەبارەت بە (ژیان و کارنامەی خۆی) بۆ کوردیپیدیا لە 01-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: رۆماننووس

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3156

## هیوا شوانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201010031243469759

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3157

## هیوا عومەر

http://www.kurdipedia.org/?q=2011042009015456762

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰ڕۆژنامەنووس

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3158

## هیوا عومەر ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=200907121210521816



ساڵی 1958 لە سلێمانی لە دایک بووە، کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی موسڵ تەواو کردووە و پڕوانامەی بۆرد(دکتۆرا)ی لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە، یەکێکە لە پزیشکە ناسراو و شارەزاکانی بواری (جراح)ی شاری سلێمانی، خاوەنی نەخۆشخانەی تایبەتی خۆیەتی لەو شار بە ناوی نەخۆشخانەی (هەتوان)ەوە و لە ساڵی 2002 ەوە گۆڤارێکی مانگانەی پزیشکی بە ناوی نەخۆشخانەکەیەوە (هەتوان) دەردەکات. لە هەمان کاتدا بەڕێزی مامۆستای کۆلێجی پزیشکی زانکۆی سلێمانیە.

دکتۆر هیوا عومەر یەکێکە لە نووسەر چالاک و بە بەرهەمەکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی نوسین، ئەدەبی، وەرگێران، فەرهەنگ نووسی، توێژینەوە و فۆلکلۆری.. هتد.

تا ئێستا ئەم چاپکراوانەی بڵاوکردۆتەوە:

-1حەسەن زیرەک.. نامیلکەیەک لەسەر ژیان و گۆرانیەکانی ئەم هونەرمەندە ساڵی 1976.

-2ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی، وەرگێران ساڵی 1977.

-3مریشکە سوورە، چیرۆکی منداڵان 1979.
-4دەرونزانی وەرگێران، 1981
-5تۆنێل- چیرۆک وەرگێران مەکسیم گۆرگی 1983.
-6دەرمانگەری کوردی 1983.
-7فەرهەنگی پزیشکی 1997 کوردی عەرەبی ئینگلیزی .
-8فەرهەنگی پزیشکی 1997 ئینگلیزی عەرەبی کوردی.
-9فەرهەنگی پزیشکیی دادوەری.
-10چیرۆکی خەونێکی سەوز.. چاپ نەکراوە .
-11فەرهەنگی هەڵۆی پزیشکی 1997.
-12بەڵێ بە بەهار دەچێت،وەگێرانی 10 چیرۆکی کۆمەڵێک چیرۆکنووسی جیهانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم 2000 .
-13فەرهەنگی پزیشکی خوێندکارانی زانکۆ 2004.
-14ئەتڵەسی رەنگاورەنگی مەمک 2006.
-15ئەتڵەسی رەنگاورەنگی ناوسکبینیی 2009.
سەرچاوە: راگەیاندنی یانەی میدیا لە هۆڵندا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3159
## هیوا عەبدوڵڵا
http://www.kurdipedia.org/?q=20141209194748118233



لەدایک بووی 1959 سلێمانی-سابونکەران
دەرچووی کولێژی میدیا
ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ئەو بوارانەی کە کارم تیا کردوون
-وەک نیگار کیشی کاریکاتۆر - لە پیشانگای هونەرمەندانی هەرێم - پلەی یەکەمم بە دەست هیناوە - لە پێشانگای نێودەوڵەتیەکان بەشداریم کردووە.لە گۆڤار و رۆژنامە کوردی و عەرەبیەکان کاریکاتۆرم بلاو کراوەتەوە.
-وەک خۆش نووس بایەخم بە رێنووسی تازە یان ئازاد داوە و گەلێ بەرگی کتێبم پێ کردووە بۆئەوەی ئێمەش وەک کورد ستایلی نووسینی کوردیمان هە بیت
-وەک نووسەر لە شانۆ و موزیکی جیهانی و بابەتەکانی ناو کەلتووری کوردی ووتارم نووسیوە لەهەمان کاتدا باس و خواستی سیستمی پەروەردەیی و خوێندنی بالا...
-وەک رۆژنامەوان - کارم لەگەل تەلەفزیۆنی ئاساهی ژاپۆن کردووە وەک

تیمی میدیا - هەروەها وەرگێری زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کرواتی بووم-
توێژینەوەیەکی چاپ نەکراوم لەسەر زمانی ئاماژە لە میدیای کەرولاڵان نووسیوە
بۆ ئەنفال شیعرێکم نووسیوەو و کراوەتە لاوانەوە هونەرمەندی جیهانی شاکیرا و هیمن خالد ووتویانە بە زمانی کوردی و ئیسپانی و ئینگلیزی - درامای ئەنفالم نووسیوە لە زانکۆی سلیمانی لەگەل بەشی راگەیاندن نمایش کراوە- خاوەنی گۆشەی - ووردبوونەوە - بووم ماوەی دە ساڵ -لە سایتی ناوخۆ هەروەها لەسەر میدیای وەرزش کۆمەڵێک گۆشەم نووسیوە
سەرجەمی کارەکانم لە گۆڤاری رەنگین - نواڵە - ژنان - خاک و خۆڵ-خاک - سەکۆی تۆ- الافندی - سیخورمە -دیموکراسی - شاکار - شانۆی نوێ و هەندێکی تر و لە رۆژنامەی ئاسۆ- کوردستانی نوێ - خەبات - رێگای کوردستان - ئازادیی - ناوخۆ - سارێژ- ژیانەوە - بازاڕ - ئامانج و زۆریکی تر لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بابەتەکانم بلاو کراوەتەوە
بۆ هەر بۆنەیەکی نیشتیمانی و هەندێک پۆستەرم کردووە
-نیگار کێشی کاریکاتور لەپێشەنگای هونەرمەندانی هەرێمدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لەپێشەنگای نێودەوڵەتێکانی بەشداری کردوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3160

## هیوا فریادرەس

http://www.kurdipedia.org/?q=20100804114020464



هیوا عەبدولکەریم عەزیز ناسراو هیوا فریادڕەس (1978 هەولێر) نووسەرو رۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2009 سەرۆکی لیستی گەنجانی سەربەخۆ بووەو نەیتوانیوە دەنگی پێویست بهێنێ بۆ چوونە پەرلەمان. سەرنووسەری چەند رۆژنامەو گۆڤار و سەرۆک و بەڕێوەبەری چەند رێکخراو بووە لەنێوان 1997 تا 2014، زیاتر لە (11) کتێبی چاپکراوی هەیە لە بواری لێکۆڵینەوەو ئەدەب و رۆژنامەگەری و چەند پێشانگای دۆکیۆمێنتاری کردووەتەوە. چەندین جار لەسەر نووسین و چالاکیە مەدەنیەکانی رووبەرووی گرتن و زیندانی کردن بووەتەوە لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش لە هەولێرو چەند جاریش هەرەشەی کوشتنی لێ کراوە لەسەر کارەکانی.
لە بواری رۆژنامەگەریدا:
-سەرنووسەری مانگنامەی گریانی کوردستان 1998

-ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی میدیا 2001/2000
-بەڕێوەبەری نووسین لە هەفتەنامەی جەماوەر 2004
-بەرپرسی لاپەڕەی کۆمەڵایەتی لە هەفتەنامەی جەماوەر 2005
-سەرنووسەری گۆڤاری هەڵبوون لە 2008/2007
-سەرنووسەری رۆژنامەی ماڵان
لە بواری رێکخراوەییدا:
-سەرۆکی کۆمەڵەی لاوانی هەتاوی بەیان (نهێنی) 1997
-سەرۆکی رێکخراوی بزاڤی ژیان بۆ داکۆکیکردن لە گەنجان 2003 تا 2011
-سەرۆکی پەرلەمانی سەرشەقام لە 2005

لە بواری پێشانگادا:
-کردنەوەی پێشانگای دۆکیۆمێنتاری (نمایشی هەڵفڕینی رۆحەکان) بۆ خستنەرووی رووداوەکانی کوژران و سووتانی گەنجان و ژنان لە هەولێر، 2006 لە زانکۆی سەلاحەدین و لەناو بازاڕی هەولێر و لە 2008 لە هۆڵی ئالا و هۆڵچی سەعد عەبدوڵڵا لە 2008 .
-کردنەوەی پێشانگای (ئاوابوونی خۆشەویستی) لە 2007 لەبەردەم پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێرو لە 2008 لەناو زانکۆی سەلاحەدین.
لە بواری نووسینی کتێب و لێکۆڵینەوەدا:
-ژاوە، شیعر 1997
-تورکمان: کوردی تورکزمان 2001
-بانگ، شیعر 2001
-خەباتێکی تر، ئەزموون و شیکاری 2009
-لەنێوان خۆشەویستی و ئاشوبدا، یاسایی و کۆمەڵایەتی 2010
-کتێبی مەرگ، تەحقیقکاری 2010
-ژن لە رۆژنامەگەری کوردیدا، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی 2012
-ولا!تی بێ ساحێب، باس و خواسی سیاسی 2013
-گۆزەی گەوهەر، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، 2013
-ژن و ئایین، وتووێژ، 2014
-ئەمەیە ژیانی ژن، لێکۆڵینەوەی ئاماری 2014
گرتن و زیندانیکردنەکانی:
-بە تۆمەتی وەستانەوە بەدژی قەدەغەکردنی ئاگری نەورۆز، شەوێک زیندانی کراوە لە هەولێر 1997
-بەهۆی دەرکردنی مانگامەی گریانی کوردستان لە 1998 لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکراوەو چەند رۆژ لە زیندانی ئینفرادی و بە گشتی هەشت رۆژ زیندانی کراوەو مانگنامەکەی لێ قەدەغەکراوە.
-بەهۆی نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێبی (تورکمان کوردی تورکزمان) لە 2002 لەلایەن ئاسایشی گشتی لە هەولێر دەستگیرکراوەو نزیکەی دوو مانگ زیندانی کراوە بەبێ ئەوەی رێگای بدرێت پارێزەرەکەی یان کەس و کارەکەی چاویان پێی بکەوێت.
-بەهۆی مان گرتن لە دژی کوشتنی ژنان لە زانکۆی سەلاحەدین، لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوە.
-بەهۆی سەرپەرشتی کردنی خۆپیشاندانی پەرلەمانی سەرشەقام دژی گەندەلی لە 2005 لەلایەن ئاسایشی گشتی لە هەولێر دەستگیرکراوەو ئازار دراوە.
-لە 2011 لەلایەن بەرێوەبەری ئاسایشی رزگاری لە هەولێر تۆمەتبارکراوە بە هەرەشەکردن و ماوەی پێنج مانگ زیندانی کراوە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (sana karem)

سەبارەت بە (هیوا فریادرەس) لە: 21-9-2014 18:37:47

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📰رۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | چالاکی مەدەنی |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3161

## هیوا قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=20090416151938171717



لە دایکبووی ساڵی 1966ـە لە شاری سلێمانی، لە ساڵی 1992ـەوە کوردستانی بەجێهێشتووە و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە، لە ساڵی 2000ـەوە کاری فۆتۆگرای وەکو ئارەزوومەندێک ئەنجام دەدات، ئەمە جگە لەوەی لە بواری شیعر و ئەدەبدا خاوەنی 15 کتێبە لە شیعر و رۆمان و چیرۆکی منداڵان و وەرگێڕان لە زمانی سویدییەوە بۆ زمانی کوردی. لە بارەی چالاکییەکانی لە بواری فۆتۆگرافیەوەش دوو پێشانگای کردۆتەوە، یەکەمیان پێشانگایەک لە ستۆکهۆڵم (2006)، دووەمیشیان پێشانگایەک لە سلێمانی (2008) .

سەرچاوە: پەسار فایەق - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3162

## هیوا محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20110109210217221



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3163

## هیوا محەمەد جەلال محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20120625165805713

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3164

## هیوا مەجید خەلیل

http://www.kurdipedia.org/?q=20130210124701756

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرگێڕ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3165

**هیوا مەحمود عوسمان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100815110033470



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3166

**هیوا مەلا عەلی سوورەدێیی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121125214213739

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3167

**هیوا مەلا قادر**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100818112721473



سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە سپۆرت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 📰رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: 👨پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3168

## هیوا ناسیح

http://www.kurdipedia.org/?q=20081216001507767



لە ساڵی 1971 لە ناحیەی ئاغجەلەر کە سەر بە پارێزگاری کەرکوکە هاتۆتە دنیاوە .

●ساڵی 1991 یەکەم پیشانگای تایبەتی وێنەو پۆستەری سیاسی لە ئامادەیی پیشەسازی بەکرەجۆ کردۆتەوە .

●ساڵی 1992 یەکەم وتاری لە رۆژنامەی (رێگای کوردستان)دا بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (سکاڵای قوتابیەک بۆ سەرۆکی حکومەتی کوردستان ).

●بەشداری پیشانگای ساڵانەی زانکۆی سەلاحەددین ساڵانی 1992_1995 کردوە .

●ساڵی 1995 بووەتە ئەندامی (دەستەی رۆژنامەنوسانی ئازاد) هەروەها لە هەمان ساڵدا بووەتە ئەندامی رێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان .

●ساڵی 1995 کۆلیجی زانستەکان/ بەشی بایۆلۆجی لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردوە .

●بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا پرۆژەی لێکۆڵینەوەی زانستی، کە بەشێکە لە داواکراوەکانی ساڵی چوارەمی کۆلیجی زانستی، بەزمانی کوردی نووسیوە و ئامادە کردوە کە لە سەر (نەخۆشی شەکرە و چارەسەرکردنی) بووە .

●ساڵی 1996 بووەتە بەرێوبەری رۆژنامەی (رێبازی خوێندکاران)، کە سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دوو هەفتە جارێک لە هەولێر دەریدەکرد. وگۆشەیەکی تایبەتی هەبوو بەناوی (توێشوو ).

●ساڵی 1996 ئامادەکەری بەرنامەی (کۆمەڵەی خوێندکاران)ی کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بووە .

●لە ساڵانی نەوەدەکاندا وتار و کورتە چیرۆکەکانی لە رۆژنامەکانی (ئاڵای ئازادی، کوردستانی نوێ، رێگای کوردستان، گۆڤاری کازیوە و بڵاوکراوەی تردا) دا بڵاوکردۆتەوە .

●چەندان کۆری لە بوارەکانی (جێۆپۆلەتیک و مێژووی کوردستان و سیاسی و رۆژنامەگەری) دا لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی گرتوە .

●لە ساڵی 1998 ەوە پەنابەری سیاسییە و لە وڵاتی سویسرە دەژی .

●لە ساڵی 2000 ەوە بابەتەکانی لە سایتە کوردیەکانی ئینتەرنێت و رۆژنامە و گۆڤارە جۆربەجۆرەکانی ناوخۆی باشوری کوردستاندا بڵاودەکاتەوە .

●چەندان بابەتی لە زمانەکانی عەرەبی و ئەڵمانییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە .
●ئێستا لە شاری ڤینتەرتوور، لە بەشی ئەڵمانیزمانی سویسرە دادەنیشێت.
●سەرپەرشتیاری رێکخراوی (چاودێری کوردۆساید -چآک)ە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3169

## هێدی گۆمەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011031214420813192



ناو: هێدی (محەمەد) گۆمەیی
_ ساڵی 1943 لە شارۆچکەی بەکرەجۆی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە، لە هەشت ساڵییەوە کەوتووەتە شاری کەرکووک .
_ لە 22/ 10/ 1963 تا 11/ 3/ 1964 لەسەر ئەندامبوون لە یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە خولی یەکهەمی حوکمی بەعس گیراو، سەرەتا لە سیخورخانە (أمن)ی کەرکووکو پاشان (معتقل عسكری) واتە ئەو بەنگەڵانەی لە کەرکووک بۆ عەمباری لەشکر درووستکرابوو.
_ لە 2/ 9/ 1965دا پاش بەشداری خولێک بە پلەی بریکاری ئەفسەر بووە بە کارمەند لە ریزەکانی سپای عیراق.
_ لە 5/ 12/ 1965 تا 24/ 10/ 1969 دوورخراوەتەوە بۆ شاری بەسرە لە خوارووی عیراق. لەوێدا درێژەی بە چالاکی کوردایەتی داوەو 3 ساڵ لەسەریەک لە رێکخەرە سەرکییەکانی بۆنەی نەورۆز بووە (بەنهێنی) لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆی بەسرەو فەرمانبەری تری کورد.
_ لە 25/ 10/ 1969دا بەهەمان پیشەی خۆی گوێزراوەتەوە بۆ کەرکووکو پاشان بۆ سلێمانی. لەوێیش وەک ئەندامی کارگێر لە رێکخراوی سەربازگەی کەرکووکو پاشان سلێمانی (پ د ک) چالاکانە سەرپەرشتی رێکخستنی کردووە تا ئەوکاتەی لەلایەن دەزگای زانیارگری سپای عیراقەوە فرمانی دەستگیرکردنی دەردەچێت، لە 22/ 6/ 1972هەڵدێت بۆ دەڤەری ژێر دەسەڵاتی شۆرشی کوردیو لە یەکێک لە بنکەکانی لیژنەی ناوچەی شارباژێری (پ د ک) دەبێتە کادر.
_ لە مانگی 10/ 1972دا دەبێتە بەرپرسی دەزگای پاراستن لە پێنجوێنو پاشان هەڵەبجە تا نیسکۆی پاش رێکەوتنە نگریسەکەی جەزایر ئازاری 1975 لەنێوان شای ئێرانو سەددامی عیراق.
_ کاتی گەڕانەوەی لەگەڵ کۆمەڵێ گەڕاوان (عائدون) بەمەبەستی لێکۆڵینەوە شەش هەفتە بەندکراوە لەبەڕێوەبەرایەتی زانیارگری گشتی

(مديريه الإستخبارات العسكرية) لە بنکەی شالیارگەی سپای عیراق، ئەوە لەکاتێکدا هیچ بەرپرسێکی ڕێکخستنی پارتی یان پلەدارانی هێزی پێشمەرگە لە دوو ڕۆژ پتر نەکەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە. مەبەست لەو زۆر هێشتنەوەی ئەو و جەمالی حاجی سەعید (کاتی ڕێخستنی ناوشار لەگەڵیدا ئەندامی کارگێری ڕێکخراوی سەربازگای سلێمانی بوو) بۆ ئەوەبوو ناوی هەڤاڵە هەڵنەهاووەکانی ڕیزی سپای عیراقیان بدەنێ بەڵام بێهوودە ئازادیان کردن.

ـ پاش نیسکۆی شۆڕشی ئەیلوول گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی، پاش دەرکردنی لەڕیزی سپای عیراق، ماوەی دوو ساڵ لەکەرتی تایبەت کاریکردووەو پاشان بووەتە فەرمانبەر لە کۆمپانیا بازرگانییەکانی میری لە سلێمانی تا ئەو ڕۆژەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانی لە 25/ 9/ 1987دا هەڵهاتوون بۆ ئێرانو لەوێوە بۆ هەندەران. لەو ماوەیەی ژیانی سلێمانیشدا چالاکانە لەڕیزاکانی (پ د ک)دا درێژەی بەخەبات داوە.

ـ پاش 9 مانگ مانەوە لەئێرانو 2 مانگ سووریاو نزیکەی یەک مانگ ڕێگە بەرەو هەندەران، لە 8/ 9/ 1988دا لەوڵاتی سوید گیرساوەتەوە. لەو کاتەوە لە سویدە وازی لە گشت ڕێکخستنێکی رامیاری هێناوە تەنها وەک کوردێکی هزر کوردستانی لە کۆرو کۆمەڵەی کولتووریو کۆمەڵایەتی کوردیدا کاردەکات و دەکۆشێت بۆ پەیداکردنی دۆست بۆ نەتەوەکەی.

بەرهەمەکانی

ـ دادگایی ئەنفال وەرگێران پروانە ماڵپەڕی (کۆشکی کورد(

ـ زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی وەرگێران پروانە ماڵپەڕی (کۆشکی کورد(

ـ گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت وەرگێران پروانە ماڵپەڕی (کۆشکی کورد(

ـ نووسین لە گۆڤارو ڕۆژنامەی چاپیو ئەلیکترۆنی پروانە بەشێکی لە ماڵپەڕی (کۆشکی کورد(

ـ ڕێکخەر، سەرپەرشتیارو خاوەنی ماڵپەڕی کولتووری (کۆشکی کورد http://www.koskikurd.com) ـ

ـ بەشدار لە فلیمی ڤیدیۆیی (ئاسۆ 1989) و (چارەنووس 1991) وەک ئەکتەرو دیکۆریست لەگەڵ کۆمەڵێک کوردی پەنابەرو بە سەرپەرشتی دەرهێنەر سەلمان کاکەیی

سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز (هێدی گۆمەیی) سەبارەت بە (ژیان و کارنامەی خۆی) بۆ کوردیپێدیا لە 12-03-2011

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3170

**هێرش ئەحمەد**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110120215719328883

سەرنووسەری گۆڤاری ئاراستە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📰ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3171

**هێرش ڕەسوڵ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121130140605740051

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3172

**هێرش سەعید**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141208145257118227



ڕاڤەکار و وەرگێری ئەدەبی، لەدایکبووی ساڵی 1982 ـە، لە گەڕەکی سەرکارێزی سلێمانی دەورانی منداڵیی بەسەربردووە. سەرەتا بە شیعرنووسین بەشداریی چالاکیی قوتابخانەکانی کردووە و دواتر پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین پڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزیدا هێناوە. ئێستاش وەک مامۆستا و وەرگێڕێک بەردەوامە لە گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگدا. نووسەر لە بڵاوکراوەکانی وەک (ئاییندە، سەردەم، هەنار، نسێ) بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە. لەم وێبلاگەوە دەتوانن هەندێک لە وەرگێڕانەکانی ببینن.
http://herishsaeed.blogspot.com

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3173

**هێرش شاکر**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012061810074170139

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3174

**هێرش شۆڕش**

http://www.kurdipedia.org/?q=2010103018491410538



لەساڵی 1984 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی خوێندووە، بەهۆی چەند هۆکارێکی تایبەتەوە، نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بکات، بەڵام وەک چۆن لەسەرەتای منداڵییەوە حەزی بەکاری میدیایی بووە، ئەوەبوو لەساڵی 1999 دەست بەکار راگەیاندن دەکات.
سەرەتا وەک کارمەندی بەشی هونەری لەڕادیۆی زەحمەتکێشان دەست بەکارکردن دەکات و دواتریش وەک جێبەجێکاری کاری هونەری بەشی هەواڵ و سیاسەت درێژە بەکارەکەی دەدات.
لەساڵی 2002 بەپێی بڕیارێکی ئەوکاتی مەکتەبی راگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و وەک هەستێک بەزیرەکی و کارامەیی هێرش شۆڕش، دەگوازرێتەوە بۆ رۆژنامەی ئاڵای ئازادی کە زمانحاڵی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە.
سەرەتای کاری رۆژنامەوانی لەئاڵای ئازادی بەکارکردن لەبەشی ئیدارەو بەڕێوەبردن دەستپێدەکات و دواتر لەهەمان ساڵی گواستنەوەیدا دەست بەنووسینی وتار دەکات لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلەکەی.
پاشانیش لەبەشی ریپۆرتاژو چاوپێکەوتن درێژە بەکاری رۆژنامەوانی خۆی دەدات و لەو بەشەش دەگوازرێتەوە کاری رۆژنامەوانی پێدەسپێردرێت.
بەبەردەوام یو تا هەنووکەش لەرۆژنامە سەربەخۆکانی وەک هاوڵاتی و ژمارەیەک رۆژنامەی تر جگە لەرۆژنامە سەرەکییەکی خۆی کە ئاڵای ئازادییەو پاشان بەهۆی چەند گرفتێکی ناوخۆییەوە کە حزبەکەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دروستکران ناوەکەی ئێستای رێگای ئازادییە درێژەی بەکاری رۆژنامەوانی داوە.
لەساڵی 2005 لەسەر داوای بەڕێوەبەری رادیۆو تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان داوای لێدەکرێت وەک بێژەری رادیۆو دواتریش بێژەری تەلەفزیۆن کاربکات.
ماوەی چەند مانگێک دەبێتە بێژەری تەلەفزیۆن، بەڵام تاهەنووکەش درێژە بەکاری میدیایی لەبواری بێژەریدا دەدات و ئێستا لەڕادیۆی ناوخۆ لەشاری سلێمانی وەک بەرپرسی بێژەرەکان کاردەکات.
لەڕووی هەڵوێستی نەتەوەییشەوە، هێرش شۆڕش خاوەن هەڵوێستێکی نەتەوەییەو بەردەوام لەخەمی هاونیشتمانییەکانی خۆیدایە، زیاتریش کارەکانی رووی لە کوردستانیانە لەهەرسێ بەشی باکووری دایکو رۆژهەڵات و رۆژئاوای چەوساوەو بێ ماف.
خاوەنی دیدو بۆچوونو تێڕوانینی زۆر جیاوازە بۆ چارەسەری پرسگرێکی کورد لەو بەشانەی دیکەو پڕوای تەواوی بەسەربەخۆیی کوردستان هەیەو پێیوایە ئەگەر سەرکردەکانی کورد هەوڵی پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی بدەن، "ئەوا چارەسەری پرسی کوردو دواجاریش سەربەخۆیی کوردستان هەرگیز نامومکین نییەو خەونی شاعیرانەش نییە."
هێرش شۆڕشی رۆژنامەنووس، خۆشەویستییەکی بێئەندازەی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستانPKK و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK هەیەو زیاتریش رووی کارە رۆژنامەنووسییەکانی لەو دوو پارتەیە.
بەوتەی هێرش شۆڕش "پێموایە پارتی کرێکارانی کوردستان خاوەن لۆژیکێکی جیاوازو تایبەتە بۆ چارەسەری پرسگرێکی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستانداو بەسیستەمیش کار لەو پێناوەدا دەکات، پارتی ژیانی ئازادیش وەک جێگرێک لەناو سیستەمی پەکەکەدا پڕوای تەواوم بەو پارتەش هەیەو پێموایە هەستی نەتەوایەتی ئەگەر لەئێستادا لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ناوچەکانی کرماشانو ئیلامو تەنانەت لورستانیش جوڵابێت، ئەوا هۆکاری سەرەکی پژاکە."
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (سارا جاف) سەبارەت بە (ژیانی هێرش شۆڕش) لە: 30-10-2010 18:39:00

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📰رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3175

## هێرش عەبدولکەریم

http://www.kurdipedia.org/?q=2012061810074170142

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3176

## هێرش محەمەد ئەمین

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022315262382352

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3177

## هێرش مەغدید

http://www.kurdipedia.org/?q=2011011613263032797

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3178

## هێرش کەریمی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032420331480074



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3179

## هێرۆ جەزا عەبدولعەزیز حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580471312

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ڕۆژنامەنووس |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 3180

## هێرۆ سەردار

http://www.kurdipedia.org/?q=2010122312033119708



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📰رۆژنامەنووس |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3181

## هێرۆ عومەر مەولودی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081210224804604



شاعیرو ڕاگەیاندکار هێرۆ عومەر مەولودی لەساڵی (1981) لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەر لەشاری (بۆکان) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.
لەساڵی2004، ئەوکات کەقوتابی زانکۆی تەهران بووە لە بەشی کۆمەڵناسی، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری تایبەتی سیاسی دێتە باشوری کوردستان. بۆ یەکەمجار لە رادیۆی تەلەفزیۆنی (ئازادی) کاری کردووە، دواتر لە تەلەفزیۆنی هەریم و سەتەلایتی کوردستان و رۆژنامەی هەولێر پۆست، کاری راگەیاندنی کردووە، ئێستاش لەڕادیۆی زانکۆی سەلاحەدین ئامەدەکار و پێشکەشکارە لەبەرنامەکانی (تاوتیۆی کۆمەڵایەتی سەمفونیای شیعر-شەبەنگ)ە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | ڕاگەیاندکار |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3182

## هێرۆ عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041013412969395



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3183

## هێرۆ کوردە

http://www.kurdipedia.org/?q=201005301244214336



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3184

## هێمن

http://www.kurdipedia.org/?q=20081119101925389



مامۆستا هێمن-ی شاعری ناوداری کورد ناوی تەواوی محەمەدئەمین، کوری سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موکرییە، دایکی ناوی زەینەب، کچی شێخی بورهانە.
هێمن لە شەوی 4 لەسەر 5 ی مانگی مەیی ساڵی 1921 لە گوندی لاچین-ی نزیک شاری مەهاباد لەدایکبووە.
هەر بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندنو چەند ساڵ لە قوتابخانەی سەعادەت لە شاری مەهاباد دەخوێنێت. پاشان باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێت و دەینێرێت بۆ خانەقای شێخی بورهان، بە مەبەستی ئەوەی کە لە دواڕۆژدا ببێتە مەلاو جێی مەلا جامی، باپیرە گەورەی، بگرێتەوە.
چوار ساڵ لە خانەقا دەخوێنێت، لەوێ چاو و گوێی دەکرێتەوە. لەگەڵ زۆر

کەس دەبێتە دۆست و ئاشناو گەلێک کەسی رووناکبیرو تێکۆشەرو شاعیر دەناسێت و بە دیداریان شاد دەبێت.
پاشان باوکی دەینێرێت بۆ گوندی کولیجەو لەوێ لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی درێژە بە خوێندن دەدات. ساڵ و نیوێکیش لای فەوزی دەخوێنێت و لەوەوە شارەزایی لە زمانو ئەدەبی کوردیدا پەیدا دەکات و هەستی شاعیریی چەکەرە دەکات. فەوزی خۆشەویستیی نیشتمانو نەتەوە لە ناخیدا دەچێنێت.
ساڵی 1938 کە تەمەنی دەگاتە 17 ساڵی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شیلاناوێ. بە رۆژ لەگەڵ باوکیدا بە کشتوکاڵ و شەوانیش خۆ بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەی فارسییەوە خەریک دەکات .
وردەوردە هاتوچۆی مەهاباد دەکات و لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی هوشیارو ئازادیخواز دەبێتە هاورێ. ئەو لاوانە کتێبو گۆڤارو رۆژنامەی کوردییان گیردەکەوێت و بۆ خوێندنەوە دەیاندەن بە هێمن-یش.
ساڵی 1941 لەپاڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییدا دەست بە شیعرنووسین دەکات و هێدی هێدی شیعرەکانی لە دەفتەرێکدا دەنووسێتەوە. بەڵام باوکی پێی خۆش نابێت کە کورەکەی بە شیعر نووسینەوە خەریکبێت و ببێتە شاعیر، بۆیە کاتێک دەفتەری شیعرەکانی هێمن-ی دەکەوێتە دەست، دەمودەست دەیسوتێنێت و لێی زویر دەبێت و سەرزەنشتی دەکات .
ڕۆژی پێنج شەممە، 1941/8/24 لە کێڵگەکەی خۆیان دەبێت لەپڕێکدا دوو فڕۆکە پەیدا دەبنو بەیاننامە فڕێدەدەنە خوارێ. کاتێک هێمن دانەیەکی لەو بەیاننامەیە دەستدەکەوێت و دەیخوێنێتەوە، دەبینێت بە زمانی کوردی نووسراوە. ئیدی لەخۆشییاندا شاگەشکە دەبێت. لە ناوەرۆکی بەیاننامەکەوە ئەوەی بۆ روونەدەبێتەوە کە فڕۆکەکان هی دەوڵەتی سۆڤییەت بوونو مەبەستیشیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە ئەوەیە کە بە خەڵکی کوردستان رابگەیەنن لەشکری سوور هاتوەتە خاکی ئێرانەوەو وا بەرەو ناوچەکانی کوردستان بەڕێوەیەو با خەڵکی کوردستان بە هێزی داگیرکەریان نەزانو وەک هێزێکی رزگارکەر پێشوازییان لێبکەن. ئیدی یەکێتی سۆڤێت ناوچەکانی سەرووی ئێرانو دەوڵەتی بریتانیاش ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی ئێران دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.
ڕۆژی یەکشەممە، 1942.08.16 دەستەیەک لە کەسە رووناکبیرو چالاکەکانی شاری مەهاباد کۆمەڵەی
'ژ. ک"، (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دادەمەزرێننو حسێن فروهەر بە سەرۆکی کۆمەڵە هەڵدەبژێرن.
لەو رۆژانەدا هێمن لە تەورێز دەبێت. کاتێک بۆ مەهاباد دەگەڕێتەوە، لە رێگای مامۆستاعەبدولڕەحمان زەبیحی-یەوە و لە ماڵی حسێن فروهەر پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ژ. ک. ـەوە دەکات و ناوی نهێنیی "هێمن" بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و ژمارەی ئەندامێتیشی 55 دەبێت.
لە کۆبوونەوەی ئاپریلی 1943دا کە لە بناری چیای خواپەرست سازدەدرێت، کۆمەڵەی ژ. ک. بڕیاردەدات کە ئۆرگانی خۆی بە ناوی نیشتمان دەربکات. هێمن وەک ئەندامێکی بەدیسپیلین و وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر لە دووەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمانـەوە هەتاکو دواژمارەی بە شیعرو وتار بەشدارییدەکات. کاتێکیش لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک. حزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنرێت، هێمن لە ریزەکانی ئەو حزبەدا تێکۆشانی خۆی درێژەپێدەدات. دواتریش لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا وتارو شیعر دەنووسێت و ئەرکە حزبییەکانی خۆیشی ئەنجامدەدات.
هەروەها لە بۆنە و کۆبوونەوەکاندا بەردەوام شیعر دەخوێنێتەوەو جۆشو

خرۆش دەخاتە ئەو بۆنانەوە.
هێمن لە 1946.11.16دا لەگەڵ کچی خاڵی خۆی بە ناوی ئایشە زەماوەند دەکات و خێزان پێکدێنێت. بەرهەمی ئەو هاوسەرییە کورێک دەبێت و ناوی دەنێن سەلاح.
مانگێک دوای زەماوەندی هێمن، کۆماری کوردستان دەڕوخێت. بەوەش نائومێدی باڵ بەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ژێرسایەی کۆماردا بەتایبەتی دەکێشێت .
ڕۆژی 1946.12.17 سوپای داگیرکەری ئێران دەگەڕێتەوە شاری مەهابادو شارو گوندە ئازادکراوەکانی دیکەو وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی دەست بە گرتنو راوانانی تێکۆشەرانو روناکبیران دەکاتەوە.
هێمن لەو دەمەدا خۆ دەگەیەنێتە لای خاڵی، شێخ محەمەدی کوڕی شێخی بورهان،و لە خانەقای شێخی بورهان دەمێنێتەوە. بەو جۆرە لە گرتنو زیندان رزگاری دەبێت.
لە خانەقا تووشی نەخۆشی گرانەتا دەبێت و دوو مانگ لە جێدا دەکەوێت. دوایی تاڕادەیەک باش دەبێت و دەچێتەوە گوندەکەی خۆیانو لەنێو خێزانو کەسوکاریدا ماوەیەک دەگوزەرێنێت.
ڕۆژی 1947.03.31 لە کاتێکدا کە هێمن لە ماڵی خۆی خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبێت، هەواڵ لە گوندەکەیاندا بڵاودەبێتەوە کە قازی محەمەدو سەدری برایو محەمەد حسێن-ی ئامۆزای، لە مەهاباد لەسێدارە دراون. ئەو رووداوە دڵتەزێنە کار لە ناخی هێمن دەکات و ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروستدەکات. سێ رۆژ دواتر لە1947.04.03دا هێمن لەگەڵ کەسێکی هەژار و تێکۆشەری هاوڕێیدا بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ بەڕێدەکەون. کاتێک هێمن دەگاتە ناو قەڵادزێ، دەمودەست پۆلیس دەیگرێت. دوو کەس بەبێ ئەوەی هێمن بناسن بۆی تێدەکەونو لەچنگی پۆلیس رزگاریدەکەن. یەکێک لەو دوو کەسانە مەلایەک دەبێت، هێمن دەباتە لای خۆیو ماوەیەک وانەی پێدەڵێتەوەو لای خۆی دەیپارێزێت.
دوای ماوەیەک بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان تاڕادەیەک ئارام دەبێتەوە. ئیتر هێمن-یش دەگەڕێتەوە بۆناو کەسوکاری خۆیو دەست بە کشتوکاڵو ئاژەڵداریی دەکاتەوە.
لەو دەمەدا حزبی تودەی ئێران بە ئاشکرا خەبات دەکات و گۆڤارو رۆژنامەی جۆراوجۆر بڵاودەکاتەوە. هێمن لەپاڵ ئیشوکاری رۆژانەیدا بە خوێندنەوەی ئەو چەشنە بڵاوکراوانەوە خۆی سەرگەرم دەکات. هاوکات دەستە لاوێک بە هاوکاریو رێنوێنیی حزبی تودەی ئێران، وردەوردە حیزبی دیموکراتی کوردستان زیندوودەکەنەوە. هێمنیش ئەوەندەی دەرفەتی دەبێت هاوکارو هاوبیری ئەو لاوانە دەبێت و پشتیوانیی خۆی بۆیان دوپات دەکاتەوە .
ڕۆژی 1949.02.04 حەمەڕەزا شا بەشداریی لە یادی دامەزراندنی دانشگای حقوق لە تاران دەکات. لە ناوەختێکدا لاوێک بە ناوی ناسر فەخرارایی شا دەداتە بەر گوللەو برینداری دەکات. هاوکات پاسەوانەکانی شا دەستپڕێژ لەو لاوە دەکەنو بە سەختیی برینداری دەکەنو پاش چەند سەعات دەمرێت. هەر ئەو رۆژە بە ئاشکرا حزبی تودەی ئێران تاوانبار دەکرێت و شاڵاوی گرتنو راوانانی رابەرانو ئەندامانی ئەو حزبە لە سەرتاسەری ئێراندا دەستپێدەکات.
گرتن و زیندانیکردنی رووناکبیرانو تێکۆشەران کوردستان-یش دەگرێتەوە. گەلێک کەس دەگیرێنو هەندێکیش دیسان ئاوارە دەبنەوە. هێمن وەک سەدان مرۆڤی ئازادیخوازی کورد ماوەیەک خۆی دەشارێتەوە.
لەو سەروەختەدا لە ئێراندا گرانی دادەکەوێت و ژیانی هەزارەها خێزان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەبرسامردن. هێمن بە چاوی خۆی زۆر دیمەنی تراژیدیو دڵتەزێنی ئەو رۆژانە دەبینێت و ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا

دروستدەکات. خۆی و کەسوکارەکەی ئەوەندەی لە تواناناندا دەبێت بەپیر ئەو خەڵکە برسییانەوە دەچن کە روو لە گوندەکەیان دەکەن؛ فریایان دەکەون و تێریان دەکەن.
ساڵی 1951 بزوتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران بە رابەریی دکتۆر موسەدیق پەرەدەستێنێت و پەل بۆ گشت شار و شارۆچکەیەکی ئێران دەهاوێت. لە 1952.07.22دا دکتۆر موسەدیق دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئێرانو خەڵک پشتیوانیی خۆیان لە حکومەتەکەی دەردەبڕن. بەوەیش جێ بە شا و داروەدەستەکەی لەق دەبێت. وردەوردە هەلومەرجێکی ئازادەیەک ئازاد و دیموکرات لە ئێراندا جێگیر دەبێت. لە کوردستانیش هێدی هێدی چالاکیی سیاسیو رۆشنبیریی دەستپێدەکاتەوەو لاوانو رووناکبیرانی کورد بە نهێنیو نیمچە ئاشکرا دەکەونە کارکردن. هێمن هەمیشە لەگەڵ ئەو رووناکبیرو تێکۆشەرانە هاودەمو هاوبیر دەبێت. بەڵام ئەو لەوەدا لەگەڵیان ناکۆک دەبێت کە ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە بە زمانی کوردی گۆڤار و رۆژنامەو بڵاوکراوە دەربکەنو لەو هەلومەرجەدا بە کارێکی گرنگی نازانن. هێمن رێنوێنییان دەکات و هانیاندەدات هەرچی زووە گۆڤارو رۆژنامە بە زمانی کوردی دەربکەنو لەنێو خەڵکی کوردستاندا بڵاویانبکەنەوە.
سەرەنجام دەستەیەک لەو لاوە تێکۆشەرانە بۆچوونەکەی هێمن دەسەلمێننو بڕیادەدەن کە دەست بە دەرکردنەوەی رۆژنامەی کوردستان بکەن. بەڵام بەر لەوەی کە ئەوان یەکەم هەنگاو بنێن، رۆژی 1953.08.19 کۆمەڵێک ئەفسەر بە پاڵپشتیی ئەمریکا و بریتانیا کودەتایەک لە دژی حکومەتی دوکتۆر موسەدیق بەرپادەکەن و جارێکی دیکە حەمەڕەزا شا بۆسەر حوکم دەگێرنەوە. بە گەڕانەوەی حکومەتی شا، گرتنو راونانی ئازادیخوازان دەستپێدەکاتەوە. هێمن وەک سەدان لاوی تێکۆشەری کورد جارێکی دیکە خۆی دەشارێتەوە. پاشان هەر چۆنێک بێت دەچێتەوە نێو ماڵومنداڵی خۆی. بەڵام هەمیشە لەژێر چاودێریی پۆلیسدا دەبێت و گەلێک جار ئەمسەرو ئەوسەری پێدەکەن. هەر لەو ساڵانەدا دوچاری نائومێدیو رەشبینیی دەبێت و ماوەی چەند ساڵ پێوەی دەتلێتەوە. ئەوەش وای لێدەکات کە هێز و توانای دەربڕین و شیعر نووسینی نەمێنێت و ژیانێکی گۆشەگیرانە بۆخۆی هەڵبژێرێت.
ساڵانی 1967-1968 بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێو دەستەیەک لاوی شۆرشگێر خەباتی سیاسیو چەکداریی پێکەوە گرێدەدەنو لەبەرامبەر لەشکری داگیرکەری دەوڵەتی شادا دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکەن. لە هەندێک لەو شەڕ و پێکدادانانەدا چەند لاوێکی ئازا و رووناکبیر شەهید دەبنو تەرمەکانیان دەکەونە دەست ژاندارمەکانی رژێمی شا و بەسەر جادەو شەقامەکاندا رایاندەکێشنو بێحورمەتییان پێدەکەن. ئەم چەشنە دیمەنە جەرگبڕانە لە چەند ناوچەو شوێنی کوردستان دوبارە دەبنەوەو لە سەرتاسەری کوردستاندا رق و بێزاریی خەڵک دەگاتە ئەوپەڕی .
هێمن وەک هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کورد بەو هەواڵانە خەمو پەژارە دایدەگرێت. هاوکات کۆمەڵێک لاوی هۆشیار خۆ لە هێمنو گەلێک رووناکبیری دیکە نزیک دەکەنەوەو هێزو تین بە بەریاندا دەکەنەوەو بەرەو تێکۆشان هانیاندەدەنەوە. هێمن زوو دێتەوە سەر خۆ و لە جاران شێلگیرتر دەستبە تێکۆشان دەکاتەوە. سەرنجام ماڵومنداڵی خۆی جێدەهێڵێت و روو لە چیاکانی کوردستان دەکات.
ماوەیەک لەگەڵ" هەژار" پێکەوە دەژین. پاشان بریاردەدات کە لەنێو ریزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشانی خۆی بداتەوە. کادیر و ئەندامانی ئەو حزبە بە سنگفراوانییەوە پێشوازیی لێدەکەن.
لە مانگی حوزەیرانی 1969دا کۆنفرانسی دووەمی حزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران لە گوندێکی نزیک قەڵادزێ دەبەسترێت. هێمن یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە دەبێت و لەگەڵ چەند کەسی تێکۆشەری دیکەدا تێدەکۆشێت بۆ وەلانانی کێشە شەخسیو لاوەکییەکانو وەگەڕخستنەوەی حزبەکە.
هەر لەوێیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت. پاش چەند مانگ لە کارکردنو چالاکی، دەست بە دەرکردنەوەی رۆژنامەی "کوردستان" دەکەنەوەو لە کانوونی دووەمی 1970دا یەکەم ژمارەی دەردەکەن. هەر لەو کاتەدا لە باشووری کوردستان-یش "یەکێتیی نووسەرانی کورد" دادەمەزرێت. هێمن وەک شاعیر و نووسەرێکی خاوەن هەڵوێست و کوردپەروەر بە ئەندام وەردەگیرێت و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەو بۆنەکانی ئەو رێکخراوەدا هەڵدەسوورێت و لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانیشیدا شیعر و وتاری ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.
ڕۆژانی 21 - 24 / 6 /1971 لە شاری کۆیە کۆنفرانسی سێیەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبەسترێت. لەو کۆنفرانسەدا هێمن بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییو دەفتەری سیاسیی حیزبەکە هەڵدەبژێردرێت. هاوکات کۆمیتەی راگەیاندنی حزب پێکدەهێنرێت کە هێمن یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی دەبێت.
ساڵی 1973 هێمن دەبێتە ئەندامی "کۆڕی زانیاریی کورد"و چەند کاری بەنرخ ئەنجام دەدات کە یەکێکیان ساغکردنەوەی تێکستەکانی کتێبی "تحفه مظفریه" دەبێت کە کاتی خۆی ئۆسکارمان کۆیکردبووە.
ڕۆژی 1973.09.22 کۆنگرەی سێیەمی حزبی دیموکرات لە شاری بەغداد دەبەسترێت. سەرەتا هێمن وەک بەتەمەنترین ئەندامی بەشدار لەو کۆنگرەیەدا وتارێکی بەنرخ دەخوێنێتەوە. پاشتریش لە کاروبارەکانی کۆنگرەکەدا چالاکانە بەشداریی دەکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.
کۆتایی ساڵی 1973 دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و بەشێکی لێدەخاتە سەر کاغەز. لە 1974.01.24دا لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەبێتەوە. پاشان دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو شیعرەکانی دەخوێنێتەوەو لێکۆڵینەوەیەکی کورت و شایستە دەربارەی ناوەرۆکی شیعرەکانی دەنووسێت. ئیتر هەموو ئەمانە پێکەوە لە هاوینی ساڵی 1974دا لە کتێبێکدا بە ناوی "تاریک و روون" چاپدەکرێن و دەخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد. کتێبی تاریک و روون لەلایەن لاوان و رووناکبیرانەوە دەقۆزرێتەوەو وەک دیارییەکی بەنرخ دەیخوێننەوەو وتووێژی لەسەر دەکەن. هاوکات چەند نووسەر و شاعیر بیروڕای خۆیان دەربارەی دەنووسنو مشتومڕێکی گەرم دەخوڵقێنێت.
سەرەتای ساڵی 1978 جووڵانەوەی جەماوەریی دژ بە رێژیمی حەمەڕەزا شا لەنێو شارە گەورەکانی ئێراندا دەستپێدەکات و زۆر بە خێرایی سەرانسەری ئێران دەگرێتەوەو مەرگی ئەو رێژیمە دیکتاتۆرییە نزیک دەبێتەوە. هێمن وەک هەر تێکۆشەرێکی کوردی ئاوارە، حەزی گەڕانەوە بۆنێو کەسوکارو خێزانی خۆی دەکەوێتە سەری. هەر لەو دەمانەیشدا حزبی دیموکرات دەستە دەستە ئەندامەکانی خۆی رەوانەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە. هەربۆیە هێمن-یش بڕیاری خۆی دەدات و لەگەڵ هاورێیەکیدا بەڕێدەکەوەن.
ڕۆژی 1979.02.18 لە ئۆردوگای بەستەسێنی نزیک قەڵادزێ لە ماڵی دۆستێک دەمێننەوە. بۆ شەوەکەی بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ. رۆژی 1979.02.20 دەگەنە سەردەشت و لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمدا لە ماڵی چەند دۆست و ناسیاو دەمێنێتەوە. هاوکات تەلەفۆن بۆ مەهاباد دەکەنو هەواڵی گەڕانەوەی هێمن بە کەسوکاریو خەڵکی مەهاباد رادەگەیەنن. ئەو هەواڵە خۆشە لەو دەمەدا زۆر بە خێرایی لەنێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە.

دەستە دەستە لاوانو رووناکبیرانو خەڵک خۆ سازدەدەن بۆ پێشوازیکردن لە هێمن. دەمودەست سەلاح-ی کوری لەگەڵ کۆمەڵێک خزمو دۆست بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی 1979.02.21 هێمن لەگەڵ خزمو کەسەکانیو کۆمەڵێک لە خەڵکی سەردەشت بەرەو مەهاباد بەڕێدەکەوێت. کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک بە ئوتومبێل دێن بەپیریەوەو دەیکەنە ڕۆژی شاییو ئاهەنگ. دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە کاتێک کەژاوەی ئوتومبێلەکان دەگەنە "تاقەدار"ی نزیک مەهاباد، تێکەڵ بە کۆڕی شیعرخوێندنەوەو شاییو هەڵپەڕکێ دەبنو هەموو بە چاوی پڕ لە فرمێسکی شادییەوە پێشوازیی لە هێمن دەکەنو بۆنێو مەهابادی دەبەنەوە.
چەند ڕۆژ کۆمەڵ کۆمەڵو دەستە دەستە خەڵک لە شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستانەوە بۆ سەردانی هێمن بەرەو مەهاباد دەچن و بەردەوام ماڵی هێمن پڕ لە میوان و دۆستان دەبێت. ئیدی لەو ساتەوە ماڵەکەی وەک بنکەیەکی ئەدەبیی لێدێت و دەبێتە جێی شیعرو باسی ئەدەبیو شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەدیبانو رووناکبیران.
ڕۆژی 1980.02.19 لە شاری مەهاباد چوارەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی دەبەسترێت. هێمن لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی دەکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بە ئەندامی کۆمیتەی راگەیاندنی حزب هەڵدەبژێردرێت، زۆر نابات هێمن بڕیار دەدات کە خۆ لە کاری حزبایەتی بدزێتەوەو لە بواری ئەدەبهو نووسیندا خزمەتی نەتەوەکەی بکات.
بەدرێژایی ساڵانی 1879-1986 هێمن لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوههو بۆنەکاندا لە شارەکانی سنە، کرماشان، ورمێو مەهاباد...دا چالاکانە بەشداریی دەکات و بە شیعرو وتاری جوان ئەو بۆنانە رازاوە دەکات.
سەرەتای ساڵی 1983 لەگەڵ چەند شاعیرو نووسەردا وتووێژ دەکات و پێیان دەڵێت با بە هەمووما هەوڵبدەین دەزگایەکی چاپەمەنی ساز بکەینو گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی کوردیی تیا چاپبکەین.
هەر بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەندین کاربەدەستی حکومەتی ئێراندا قسەوباس دەکات و هەوڵدەدات کە ڕەزامەندیی ئەوان بەدەستبێنێت. ئەم وتووێژو هەوڵانە درێژەدەکێشێنو حکومەتی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەتدەکاتەوە. بەڵام هێمنو هاوکارەکانی کۆڵنادەن تا سەرەنجام بە ئیمکاناتێکی کەمەوە بنکەیەک بە ناوی "ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی" لە ورمێ دادەمەزرێنن و گۆڤارێک بە ناوی سروە دەردەکەن. هەتاکو هێمن خۆی لە ژیاندا دەبێت، چوار ژمارە لەو گۆڤارە دەردەکەن. پاشتریش کەریمی قەیومیو چەند نووسەرو شاعیری دڵسۆز لەسەر دەرکردنی سروە بەردەوام دەبن. ئینجا دەست بە چاپکردنی هەندێک کتێب دەکەنو وردەوردە کارەکانیان گەشەپێدەدەنو بەنیاز دەبن زیاتریش گەورەو فراوانی بکەن. بەڵام لەگەرمەی کارکردنیاندا شەوی 18 لەسەر 1986.04.19 لە شاری ورمێ هێمن کۆچی دوایی دەکات. بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە 1986.04.19 تەرمەکەی بەرەو مەهاباد بەڕێدەکرێت. پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە مەراسیمێکی پرشکۆداو لەنێو ئاپۆرەی جەماوەردا لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان بەخاک دەسپێردێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: مەهاباد
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3185

## هێمن ئەمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150118000933118890



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هۆزانەوان
نەتەوە: کورد
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3186

## هێمن باقر

http://www.kurdipedia.org/?q=2010110320554310566



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3187

## هێمن باقر عەبدول

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062516580571314

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📰رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3188

## هێمن بەرزنجی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150817130401125294



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3189

## هێمن جەمیل

http://www.kurdipedia.org/?q=201008240952064867

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📰رۆژنامەنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3190

## هێمن حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060413264078362



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3191

## هێمن حەمەجەزا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011011311381732726



لە هەردوو بواری (مۆزیک و شیعر)دا کاردەکات
شیعر: سێ کتێبی شیعری هەیە:
1-سروودەکانی یاخیبوون - 2002
2-هەمیشە ئەم گۆرانییە دڵم پڕ ئەکا - 2006
3-ماڵی من سێبەر و دڵی تۆش باخچە - 2009
مۆزیک: سێ (سی دی) مۆزیکی هەیە:
1-هەناسەیەک بەر لەمەرگ - 2002
2-ووەهای ژەنی زەردەشت - 2006
3-سەفەرێک لە رۆژهەڵات - 2011
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (هێمن) سەبارەت بە (هێمن حەمەجەزا) لە: 23-7-2011 5:39:24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

جۆری کەس: موزیکژەن

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3192

## هێمن خورشید

http://www.kurdipedia.org/?q=20150506121557121054



لە 27ی ئایاری 1979 لە ئاوایی شێخ لەنگەری گەورەی ناوچەی زنگابادی دەڤەری گەرمیان، لە باشووری کوردستان هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی لە ناحیەی ڕزگاری (صمود) و ناوەندییشی لەشاری کەلار تەواوکردووە.
ساڵی 1999 لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەددین (هەولێر)وەرگیراوە و ساڵی دواتر گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆدی سلێمانی و لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە، ساڵی 2007 بووەتە پزیشک.
پاش چەند ساڵ خزمەت، ناوبراو مەیلی بەلای دەروونپزیشکیدا چووە و بڕیاری داوە لەو بەشەدا درێژە بە خوێندن بدات، ئێستا خوێندکاریقۆناغی دووەمی خوێندنی دکتۆرایە لە دەروونپزیشکیدا.
ناوبراو بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆسیشی لە زانستە ئیسلامییەکاندا، لە زانکۆی تەڕابلوسی لوبنان بەدەستهێناوە.
مێژووی سەرەتای نووسینی هێمن خورشید دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەودەم زیاتر بەلای شیعرنووسینداچووە .
لە ساڵی 2000وە بە بەردەوامی نووسین و بابەتەکانی لە بڵاوکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاودەبنەوە. خاوەنی چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییە، هەروەها خۆی لە بابەتەکانیسۆفیگەری و عیرفان و هزری ئایینی و فەلسەفەی بوون داوە. ئەو بەبەردەوامی لە وارگەی (دەنگەکان)دا وتاری سیاسی، وێژەیی، فیکریو ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و چەندین بابەتی تر بڵاودەکاتەوە.
تا ئێستا حەوت کتێبی چاپ و بڵاوکراونەتەوە و چەند کتێبێکی دیکەیشی ئامادەن بۆ چاپ.
ئەو کتێبانەی بڵاوبوونەتەوە:
.1دیوانی شووشە (شیعر) 2007
.2نەخوێندەواری لە زانکۆدا 2009
.3ڕۆشنبیریی بانگخواز (وەرگێران )
.4شادییەکانی ڕووح (وەرگێران)
.5ئاو و ئاور (وەرگێران)
.6فووکردن لە خۆڵەمێش
.7لەنێو ئەم دڕکوداڵەدا مەمدە دەست خۆم
یەکەم دیوانی شیعری خۆی بەناوی (شووشە) لە ساڵی 2007دا بەچاپ گەیاندووە، کە دیوانە شیعرێکی تەژی لە بابەتەکانی عیشق، جوانیی سرووشت و ئازارەکانی مرۆڤە.
لە کتێبی (نەخوێندەواری لە زانکۆدا)، نوسەر تیشک دەخاتە سەررەوشی خوێندنی زانکۆ لە کوردستان و ئاستی زانستی ورۆشنبیریی هەریەک لە خوێندکار و مامۆستای زانکۆ.
)فووکردن لە خۆڵەمێش)یش یەکێکە لە پەرتووکە ناوازەکای نووسەر کەلەبارەی شیعر، هزر و سۆفیگەرییەوە دەدوێت.
دوو خەسڵەت هێمن خورشید لە نووسەرانی تر جوودا دەکەنەوە:
.1هاوسەنگی لە نووسیندا: ئەو گەرچی خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکیمیانڕەوی نوێگەری ئەقڵگەرای ئایینگەرایە، بەڵام لە گشت بوارەکانیفکر و نوسیندا بێلایەنی و لۆژیکێکی تەواو لە بڕیار و لێکۆڵینەوەکانیدادەبینرێت.
.2پەیڕەوکردنی باڵاترین ئاستی ڕیالیزم لە بەرهەمەکانیدا.
نووسینەکانی، خوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆی ژیان و ئاکاری ڕۆژانەنبۆ سەر کاغەز و نێو پەرتووک.

نووسەر لە تازەترین بەرهەمیدا کە کتێبێکە بەنێوی (لەنێو ئەمڕکودالەدا مەمدە دەست خۆم)، دەربارەی چەندین بابەتی وەکجەنجاڵیی جیهانی نوێ و تام و چێژی ژیانی سروشتیی بەر لە گەیشتنی ژاوەژاوی سەردەمی تەکنەلۆژیا و جیهانگەرایی دەدوێت و ئەزموونی مردنیش دەخاتە بەرباس.
نووسەر خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە بە ناوەکانی بارین و ڕەوێن.هەنووکە لە هەولێری پایتەخت ژیان دەگوزەرێنێت.
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز (محەمەد نیزام عەبدوڵلا) سەبارەت بە (ژیان و کارنامەی هێمن خورشید) بۆ کوردیپێدیا لە 12-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3193

**هێمن دلێر میرزا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130416114013826686

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 3194

**هێمن ڕەئوف**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141207010902118214



لە گوندی حاجی مامەندی ناوچەی شارباژێر لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە .
ژیانی منداڵیی و هەرزەکاریی لە سلێمانیدا بەڕێکردووە و بەر لەوەی قۆناغی ئامادەیی خوێندن تەواو بکات کوردستان بەجێدەهێڵێت و دەچێتە ئەورووپا.. دوای دە ساڵ لە وڵاتانی ئیتالیا و ئەڵمانیا و سویسرا، دواجار بە یەکجاری ڕوودەکاتە کەنەدا و ئێستا لە کەنەدادا دەژی ..
زیاتر لە 10 ساڵە وەک شاعیر و نوسەرێکی سەربەخۆ و ڕادیکاڵ دەرکەوتووە. لەم ماوەیەدا لە زۆرێک لە سایت و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەقە ئەدەبی و ووتارە ڕەخنەییەکانی بلاوکردۆتەوە.. لە ساڵی 2007 تا 2010 بەرپرسی کۆمیتەی سویسرای " ڕێخراوی چاک" بووە. لەو ساڵانەدا دەیان چالاکی و پەیوەندیی گرنگی ئەنجام داوە بۆ ناساندنی دۆزی جینۆسایدی گەلی کورد لەسەر ئاساتی وڵاتانی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان .
چوار پەرتووکی چاپنەکراوی ئامادەیە بۆ چاپ و بە ووتەی خۆی لە دەرفەتێکی نزیکدا بڵاویان دەکاتەوە. بەرهەمەکان سێ کتێبی شیعر و کتێبێک سەبارەت بە حەقدەی شوبات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 3195

## هێمن سرێشمەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141210032417118247



لەزمانی خۆیەوە
هێمن موزەفەر عبدولایە، لە 1ی 3ی 1982 لە شارۆچکەی خەلیفان سەربە قەزای سۆران لە دایک بووم، نازاناوی سرێشمەیی ئەگەرێتەوە بۆگوندی باب
و باپیرانمان، تا 1996 لەو شارۆچکەیە ژیام، دواتر بەهۆی شەری ناوەخۆ روومان
کردۆتە هەولێر و دواتر سلێمانی و دواجار لە سالی 2000 لەرانیە نێشتەجێین، قۆناغەکانی خوێندن لەبەر بارو
زروفی کوردستان وەک پێویست بەسەریەکەوە بۆم نەخوێندراوە، ئێستا خوێندکاری
پەیمانگای زانستەکانی کۆمپیوتەرم لەشاری رانیە.
لەسالی 1997
بۆیەکەم جار شیعرم نوسیوە، سەرتای شیعر
نوسینم بەشیعرێک بۆنەوروزی هەمان سال نوسی کە یەکەم سالی دەربەدەریمان
بوو لە زێدی خۆمان. هەر لەو سالەوە 1997 پەیوەندیم بە رێکخراوی

خوێندکارانی پارێزگارانەوە کردووە، 2002 لەیەکەم کۆنگرەی پارتی پارێزگارانی کوردستان بومەتە ئەندامی لق، لە 2011 وە بەرپرسی بەشی جەماوەریەکانی
لقی هەولێری پارێزگاران بووم
وەبەر بژێری
لیستی پارێزگاران بووم بۆئەم خولەی پەرلەمانی کوردسان
2001دەستەی
